**(خەبات)** دەستێکی خۆشنووس نووسیویەتی، لاینۆتایپکەرو رێکخەری لاپەڕەکان و تا چاپکەریش دەکات خەڵکی شارەزای بواری چاپخانە بوون، وەک هەر رۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی نهێنی بابەتەکان ئیمزای کەسی بەسەرەوە نییە.

## لاپەڕە یەک

وەک سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لەلاپەڕەی سەرەکی **(یەک)**ی رۆژنامەکە وا ناونیشانی بابەتەکانی لاپەڕە یەک دەنووسینەوە:

- با ساڵی سێیەمی شۆڕشەکەمان بکەینە ساڵی گۆڕکردنی بەعسی فاشست (**ئەمە مانشێتە**).
- حزبی بەعسی فاشست، دوژمنی هەرە گەورەی نەتەوەی کوردە، پێویستە لەناوبردنی حوکمی بەعس ئامانجی یەکەمی ساڵی سێیەمی شۆڕشەکەمان بێت (بەرای من ئەم بابەتە سەروتاری رۆژنامەکەیە).
- پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی نەبەز بۆ هەموو کەرت و بنکەو رێکخراوەکانی پارتیمان.
- برووسکەی **(مەکتەبی سیاسی)**ی پارتیمان بۆ هەموو کەرت و لق و دەستەو پێشمەرگەکانی (ل.ش.ک) بەبۆنەی تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر شۆڕشەکەماندا..
- بانگێک لە **(پارتی دیموکراتی کوردستان)**ەوە.
- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی شۆڕشگێڕ دەربارەی شۆڕشی کوردستانی ئەدوێ.

## لایەنی هونەریی

ئەگەر لەبارەی چاپ و تەکنیکی هونەرکارییەوە ئەو ژمارەیەی خەبات وەربگرین، سەرەڕای نەبوونی ئامێرێکی پێشکەوتووی چاپ و چاپخانە، کاری سەرکەوتووی تێداکراوەو ئەگەر بەراورد بکرێت بەو رۆژنامانەی ئەوسا کە بەئاشکرا لە عیراق چاپدەکران، هیچ لەوان کەمتر نییە، تەنیا لەبواری دانان و دابەزینی وێنە سەرکەوتوو نییە، بەڵام ئەگەر وەک ناوەڕۆکی بابەتەکان بخوێندرێتەوە، دەتوانرێت ئاماژە بەوونی سەلیقەی کاری رۆژنامەنووسی بکرێت، شێوازی ئەدەب و پەخشان بەتایبەتی کەم هەستپێدەکرێت، زمانێکی پاراوی کوردیی بەکارهێنراوە کە لە زمان و رێزمانی چەندان رۆژنامە کە ئەمڕۆ دەردەچن باشترو خاوێنترە، زمانەکەی سادەو ساکارەو تەمومژاوی نییە، زوو چەمکی نووسینەکان بە خوێنەران دەگەن، هەستدەکەم کەسی بە ئاگا لە تەکنیکی نووسینی کاریی رۆژنامەنووسی بابەتەکانیان نووسیوە یاخود پێداچوونەتەوە، رۆژنامەکە ئۆرگانی حزبێک بووە لەکاتی خەباتی چەکداریدا، واتا بابەتەکان بابەتی ئاراستەکراو بووە.

## قەڵەمی مامۆستا برایم

بەوردبوونەوەو بەراوردی ئەم ژمارەی **(خەبات)**ە، لەگەڵ چالاکی و بەرهەمە رۆژنامەنووسییەکانی مامۆستا برایم هەستدەکرێت کە زۆربەی بابەتە سیاسییەکان بەتایبەتیش لاپەڕە یەک بە قەڵەمی ئەو نووسراون تا ئەگەر بەوردی بابەتەکان بەیەکتر بەراورد بکرێن، هەست بەهەناسەیەکی نزیکی نووسینەکان دەکرێت، لە شێوازی کارو نووسینیشدا دیسان هەمان ئەو شێوازەیە کە **(خەبات)**ی قۆناغی ئاشکرای (١٩٥٩-١٩٦١) بەڕێوەبردووە، تەنیا لەوەو جیاوازن کە ئەم قۆناغەی رۆژنامەکە بریتی بوو لە قۆناغی خەباتی چەکداریی شێوازو دارشتنی بابەتەکانیش سەرچاوەیان لەو قۆناغە هەڵگرتووە.

## بابەتی هەڵبژاردە

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەوێ رۆژێی پارتی دیموکراتی کوردستان باشترین بابەت کە شایان بە گواستنەوەو جارێکی تر بڵاوکردنەوە بێت، بابەتی **(حزبی بەعسی فاشست، دوژمنی هەرە گەورەی نەتەوەی کوردە، پێویستە لەناوبردنی حوکمی بەعس ئامانجی یەکەمی ساڵی سێیەمی شۆڕشەکەمان بێت)**ە، کە لە شوێن **(گۆشەی)**ی **(سەروتار)**ی رۆژنامەکەدا دابەزیوەو گوزارشت لە بیروبۆچوونی پارتی

دەکات.

ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

(چاوپیاخشاندنێکی کردەوەو بیروباوەڕی حزبی بەعسی فاشست لەبەر تیشکی ئامانجە بنچینەییەکانی شۆڕشە پیرۆزەکەمان زۆر بەئاشکرا دەریدەخات کە ئەم دەستە فاشستە خوێنخۆرە دوژمنانی هەر گەورەی گەل و نیشتمان و شۆڕش و پارەتییەکەمانن، جارێ بەر لە هەموو شتێک ئەوەی سەرنج بداتە کردەوە جانەوەرەکانی ئەم دەستەیە لە کوردستاندا، لەدەستپێکردنەوەی شەڕەوە هەتا ئێستا هیچ گومانێکی لە دڵدا نامێنێت کەوا ئەم چەتە فاشستانە لەریزی درندەترینی ئەو دوژمنانەدا ئەژمێدرێن کە نەتەوەکەمان بەدرێژایی مێژووی دووچاریان بووە، گرنگتریش لەم راستییە ئەوەیە کە درندەییەکەی ئەمان بەری بیروباوەڕو فەلسەفەیەک و ئەنجامی دانانی پیلان و تەگبیرێکی وردی گوناهکارانەی پیسە بەرامبەر بە خاک و گەلەکەمان. حزبی بەعسی عەرەبی بەپێی بیروباوەڕێکی تەسکی شۆڤێنی داگیرکەرانە، خۆی بەمیراتگری ئیمپراتۆرییەتێکی عەرەبیی مێژوویی وەها دادەنێت کە هیچ کاتێک لەمێژوودا نەبووەو نەشبیستراوە، بۆیە داگیرکردنەوەی ولاتانی ژێردەستی ئەم ئیمپراتۆرییەتە خەیاڵییەو بەعەرەبکردنەوەی دانیشتووانی بە "پەیامی نەمر – رسالە خالدە" خۆی دادەنێ، وەبۆ بەدبەختی بە هەموو حسابی سنووری ئەم ئیمپراتۆرییەتە هەموو کوردستان ئەگرێتەوە جگە لە بەشێکی شاهەنشاهێتی ئێران و پارچەیەکی گەورە لە ئاسیای بچووک، ئەم باوەڕەی حزبی بەعس لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (**الاشتراکی**) ئۆرگانی پارتی ناوبراودا لەمانگی ئەیلوولی ١٩٦٢دا زۆر بە ئاشکرا دانی پیانراوە، وە هەر بوونی ئەم چەشنە بیروباوەڕییە کە هەندێکجار لە شێوەی "العراق جر من الامه العربیه-عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی"ی ماددەی دووەمی دەستووری قاسمداو هەندێکجاری تر بەشێوەی "کورد عەرەبە")ی مێژوونووسی بێ ناوونیشان "عارف"دا خۆی دەنوێنێت، لە دەستپێکردنەوەی شەڕیشەوە لەشێوەی ماڵ کاولکردن و خەڵک دەربەدەرکردن و ژن و منداڵ و پیری بێتاوانی کورد کوشتن و خێڵایەتی عەرەب لە شوێنی ئەواندا نیشتەجێکردندا خۆی پیشاندەدات..

خەیاڵی کورد عەرەبەو ئەبێ بکرێتەوە بە عەرەب و کوردستان نییە بەشێکە لە خاکی عەرەب بە ئەندازەیەک لەمێشکیاندا جێگیربووە هەمیشە خەریکی ئەوەن کەناوبردنی کوردستان و داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان بەدروستکردنی (**ئیسرائیلی دووەم**) بدەنە قەڵەم.

جا بەم چەشنە دەرئەکەوێ کە بەعس ئامانجی دوایی نەهێشتنی گەلی کوردو لەناوبردنی کوردستانی خۆشەویستەو بۆ گەیشتن بەم نیازە پیسە گلاوەی لەهیچ کردەوەو کارێک کۆناکاتەوە هەرچەندە دووربێت لەرەوشت و خووی پیاوان و بوێرانەو هەرچەندە لە مەیدانی شەرەف و نامووسا لە نزمترین نرخ و پلەدابێت بێگومان کە ئەمە بێ بیروباوەڕی بەعس بەرامبەر بە کورد و کوردستان ئیتر هیچ پێویست بە قسەکردن ناکا بۆ ئەوەی بزانین رەئی چییە بەرامبەر بەمافی نەتەوەکەمان، چونکە حزبێک بیەوێت گەل و نیشتمانەکەمان قووتبدات، مافخواردنمان ئەکات بە مەزە، بەم پێیە حزبی بەعس دوژمنی خوێنەخۆری کوردو کوردستانە کە دەستخستنەوەی مافی و پاراستنی خاکی گەورەترین ئامانجی شۆڕشە پیرۆزەکەمانە..

جگە لەمە حزبی بەعس وەک حزبێکی فاشستی کۆنەپەرست باوەڕی بە دیموکراتێتی و دەسەڵاتی گەل و رێکخراوە دیموکراتییەکان نییەو بەشتێکی بێکەڵک و خراپیان دائەنێ، وە هەروەکو ئەبینین بە کردەوە دەستیکردووە بە قەڵاتێخستن و کوشتن و گرتن و دەربەدەرکردنی پیاوە نیشتمانییە ناسراوەکانی عیراق و سەربەستییە دیموکراتییەکانی گەلێک بەربەستکردووەو نیزام و قانوونی خستووەتە لاوەو بەئاگرو ئاسن و خوێن ئەیەوێ لەسەر لاشەی

دیموکراتی و ئازادیی بنچینەی دیکتاتۆریەتێکی ڕەشی پیس دابمەزرێنێ، کە ئەم بیروباوەڕەش بە تەواوی دوژمنانەیە بەرامبەر بە ئامانجی شۆڕش و بیروباوەڕی دیموکراتی و پێشکەوتووانەی پارتیمان کە نەک هەر باوەڕێکی تەواوی هەیە بە دیموکراسی وەکو نیزامێکی حوکم، باوەڕی تەواویشی هەیە بەوەیکە لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتیی ڕاستەقینەدا نەبێت گەلی کورد ناتوانێت هەتا سەر، وەپڕ بەپڕ لە مافە نەتەوەییەکانی و ئۆتۆنۆمییەکەی کەڵک وەربگرێت..

ئەمە بە کورتی بیروباوەڕی بەعس و کردەوەی بەرامبەر بە گرنگترین ئامانجی شۆڕشەکەمان کە دەستخستنی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتیدا. سەرەڕای ئەمە حزبی بەعس بە تەواوی خۆی هاویشتووەتە باوەشی کۆمپانیاکانی نەوتەوەو لەگەڵ ئیمپریالیزمی بەریتانی دەستی تێکەڵکردووەو بە ئەندازەیەک دڵی هێناوەتەوەجێ کە فڕۆکەو تۆپ و تانک و بۆمبای دەداتێ بۆ کوشتن و لەناوبردن و ماڵکاولکردنی گەلە نەبەزەکەمان..



بەم چەشنە حزبی بەعسی فاشست بەم کردەوە جانەوەرییانەو بیروباوەڕە کۆنەپەرستە پیسانەوە، گەورەترین قۆرت دروست ئەکات لە ڕێگای هێنانەدیی ئامانجەکانی شۆڕشەکەماندا، بۆیە پێویستە لەسەرمان هەموو هێزو توانامان لەجاران باشترو زیاتر کۆبکەینەوەو ڕێکبخەین و بیهاوینە مەیدانی شەڕەوە، ئەو شەڕەی کە ساڵح مەعدی عەمماشی خوێڕی بە "سەیرانێکی نیشتمانی-نزهە وگنیە"ی دائەنێ، وە کە پێویستە لەسەرمان لێبکەین بە "شینی بەعسییان" لەدنیاش بگەیەنین کە ئەگەر دڕندە بێ شەرەفە فاشستەکان سک هەڵدڕێنی منداڵی ساواو سەرپانکردنەوەی پیرەمێردی پەککەوتوو و یەکالاکردنەوەی ئافرەتان بە سەیران دابنێن، ئێمە کەسوکاری ئەو کوژراوو زۆرلێکراوە بێگوناهانە، ئێمەی ماڵوێرانی بەشخوراوی باوک و برا کوژراو و سەرگرتن و هەڵکەندن و لەناوبردنی ئەو گورگە هارە دووپێیانە، نەک هەر لە تۆڵەسەندن، بەڵکو بەفەرمانێکی ئینسانیش دائەنێین.

پێش بڕاندنەوەی ئەم وتارە بە پێویستی ئەزانین کە

دوو نوختەی گرنگ هەیە بێدەستنیشانکردن بەجێیان نەهێڵین. یەکەمیان: ئەوەیە کە دوژمنەکەمان لەگەڵ ئەو هەموو دڕندەیی و هەڵەوەرییەیدا بێهێزو بێورەو پووچەڵە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە گەل و نیشتمانی عیراقەوەو سیاسەت و ئامانجی لەدەستکەوتی پارتییانەی تەنگ و تەسکی فاشستی و کۆنەپەرستی سەرچاوە وەرنەگریّ، هەر لەبەر ئەوەشە کە بەو هەموو لەشکرو جاش و تۆپ و تانک و فڕۆکەیەوە کە هەیەتی هەمیشە هەر گلۆڵەی لەلێژییەو ئەستێرەی رووەو ئاوابوون دەڕوات بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی قارەمان.

دووەمین نوختە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا کەوا سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان بەسەر هێزی شەڕو فاشستی و گوناهکاریدا هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵام پێویستە دەرسی کەوتنی عەبدولکەریم قاسممان لەبیرنەچێت کەوا چەپۆکی شۆڕشەکەمان پووچ و بێهێزی کردو بەعسیان هەڵەکەیان قۆستەوەو هاتنەجێگاکەی، لەبەر تیشکی ئەو تاقیکردنەوەیەو بۆ دووپات نەبوونەوەی کارەساتێکی وەها پێویستە لەسەر هێزە نیشتمانییەکانی تر لە ناوەڕاست و خوارووی عیراقدا بکەونە خۆیان و دەست بکەنە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدار لەدژی دیکتاتۆرێتیی خوێنڕێژی بەعس و گەڕانەوەی حوکمی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم، وە پێویستە کەوا هێزە نیشتمانییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق کەڵک لەم هەلە وەربگرن کە بۆیان هەڵخراوە بە خەریکبوونی بەشی هەرە زۆری لەشکری عیراق لە کوردستاندا کە ئەمە چاکترین هەلیان بۆ هەڵدەخات، هەروەها پێویستە تێبکۆشین بۆ گرێدانی ئەم خەباتە چاوەڕوانکراوەی گەلی عیراق لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، وە بەم چەشنە دەتوانرێت ڕێگای رزگاریی نزیکتر بکرێتەوەو ئازارو ئێشی گەلی عیراق کەمتر بکرێتەوە، بەڵام نابێت هەرگیز ئەوەمان بەبیربدابێت کە ئەزموونی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە خواروو و ناوەڕاستی عیراق ببێت بە بەهانە بۆ ساردکردنەوەمان بە پێچەوانەی ئەوە توندوتیژکردنی خەباتمان، زۆر کردنی سەرکەوتن و دەستکەوتەکانمان چاوی برا عەرەبەکانیشمان دەکاتەوەو ڕێگای ڕاستی خەباتیان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوەو کاتێ ئەزانین لە مەیدانی خەباتدا بەخوێنی خۆمان پەیمانی بەرەی یەکگرتووی دوژمنانی دیکتاتۆریەتی ئیمپریالیزمی و کۆنەپەرستیمان نووسی و حوکمی فاشستی خوێنخۆری بەعسمان لەناوبرد، ئیتر بۆ پێشەوە بۆ لەناوبردنی حوکمی بەعسی فاشست).

ئەم سەروتارە چ لەباری زمان و رێزمان، چ لەباری وتارێکی سیاسی خاوەن پرەنسیپەکانی هونەری نووسینی وتاری ڕۆژنامە شایستەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونە، وەک ناوەرۆکیش کۆمەڵێک بابەتی (ئەوسا)ی تێدا کۆکراوەتەوە کە لە هەندێک خاڵدا تا بە ئەمڕۆش دەگەن خاڵ و بابەتی گەرمی سیاسین.

**ئەنجام**

ژمارە (٤٧١)ی خەبات کەمێژووی (ئەیلولی ١٩٦٣)ی لەسەر نووسراوە، واتا لەو مێژووەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کەواتا لەنێو گەرمەی ئەم ڕووداوانەدا دەرچووە:

- کودەتای بەعسییەکان لەڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨.
- هەمان ڕۆژ پارتی بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕی بڵاوکردەوە.
- گفتوگۆی نێوان بەعس و پارتی دەستییێکرد.
- ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ بەعس نەمانی گفتوگۆی ڕاگەیاند.
- بەرەی شەڕی بەعس و پارتی گەرمبوو، لەشارو شارۆچکەکانیسش بەعس دەستی بەرەشەکوژی و تاڵان و گرتن کرد.

ئەو ژمارەیەی خەبات دەرهاویشتەی ڕووداوەکانی پێشەوەیەو سەزمانێکی شۆڕشگێڕانەی توند ئیدانەی کردەوەکانی بەعس دەکات و دروشمی ڕووخانی بەعس بە بابەتەکانەوە ڕەنگیداوەتەوە، ئەمە ئەگەر وەک ناوەڕۆکی بابەتەکان بێت، بەڵام ئەگەر وەک بەرهەمێکی ڕۆژنامەگەریی سەیری ئەو ژمارەیەی خەبات بکەین، بریتییە

لەکاریگەری رۆژنامەگەریی سەرکەوتوو، چ لەبارەی تەکنیکیی چاپ و چاپخانە، چ لەبارەی تەکنیکی نووسینی رۆژنامەنووسیدا، دیارە کەسێکی بەئاگاو شارەزای بواری رۆژنامەگەریی وەک مامۆستا برایم ئەحمەد هەم زۆربەی بابەتەکانی ئەو ژمارەیەی نووسیوە، هەم سەرپەرشتیی چاپکردن و دەرچوونی کردووە، بەگشتی (ئۆرگان)ی حزبێک بووە کە لە قۆناغی چەکداریی بووە بەرامبەر بەرژێمێکی دڕندەی وەک بەعس، کە رۆژی ١٩٦٣/١٠/١٨ بۆ جاری یەکەم رووخا، رژێمەکانی تریش بەهەمان شێوە وەڵامی داخوازییەکانی کوردیان داوەتەوە..

**بانگەواز**

لەکۆتایی ئەم نووسینەدا، داوا لەهەر بەرێزێک دەکەم کە ژمارەکانی رۆژنامەی (**خەبات**) لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٢-١٩٦٤) لەلایە، یاخود لەشوێن و سەرچاوەیان زانیاریی هەیە، تکایە بەم ئیمەیڵە ئاگادارم بکاتەوە، چونکە نەخشەی دووبارە چاپکردنەوەی ژمارەکانی ئەم قۆناغەم دارشتووە..

هەواڵنامەی کتێب

# پڕۆژەیەک بۆ نووسینەوەی ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی کوردی لە ناوشارەکاندا
# ١٩٧٦-١٩٩١

## مێژووچکەیەکو گۆڤاری؛ خەباتی کرێکار وەک بەڵگە

باوکی شانوو/ سوێد

**ئاماژەیەک**

ئەم بابەتـە تیرۆژێکە لـە پانتاییەکی ونی خەباتی نێوشـارەکان کە بەداخەوە تا ئێسـتا بە وردی کاری بۆ نەکـراوەو دەتوانین بڵێین فەرامۆشکراوە، بە تایبەتی بوارە ڕۆژنامەگەر ییەکەی،لەم نووسینەدا راگوزارانە لە بابەتێک دواویـن کە دەکرێت بـە چەندان نووسـینو وەڵام دەوڵەمەنـد بکرێت،هیـوادارم ئەوانەی زانیـاریو بەڵگەیـان لـە لایە بـە تایبەتیش بـواری ڕۆژنامەگەرییەکـەی بـە دواداچوون بـۆ ئەم نووسـینە بکـەن یاخـود لە ڕێـگای ئەدرێس پۆسـتی ئەلکترۆنییەکەم بڵاوکراوەو گۆڤارەکانـم بـۆ بنێـرن تـا بتوانم پـەرە بە بابەتەکە بدەم.

**سەرەتایەکی زۆر کورت**

سـاڵی ١٩٧٠ بـە دامەزراندنـی کۆمەڵـەی مارکسـی- لینینـی کوردسـتان خەباتـی چەپەکانی کوردستان جۆرێک لە هەڵکشانی شۆڕشگێڕیو حەماسەتی کوردانەی ئاوێزان بـە فکـرەو ئایدۆلۆژیـای مارکسـی- لینینی بەخـۆوە بینی، سـەرکردایەتی(کۆمەڵە) دوای ناوەڕاسـتەکانی سـاڵی ١٩٧٥ بڕیاریـدا کـە خەباتی شـارو شـاخ بە یەکتر گرێ بـداتو دەسـتی بە دامەزراندنی دەسـتەی چەکداری کرد، ئەندامانی کۆمەڵە لە ماوەی ٥ ساڵدا واتە لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ تەنیا لە شارەکاندا بە شێوەی زۆر نهێنـی لـە پێنـاوی هۆشـیارکردنەوەی کـوردەواری لەسـەر میتـۆدو فەلسـەفەی




مارکسی- لینینی خەباتی سیاسی دەکرد،کۆمەڵە بە هەموو واتایەک جۆرێک بوو لە دامەزراندنی پەیوەندییەکی تازە لە نێوان تاکی لاوی خوێندەواری کورد بە پرانسیپە جوانەکانی شۆرشگێری و قوربانیدان بۆ مەسەلەی رەوای مرۆڤایەتی و کوردو خەڵکی کوردستان،کۆمەڵە بووە کولتورێکی شۆرشگێری و زیاتر لە سێ نەوەی پەروەردە کردو تەییاری کرد بە عەقلییەتی یاخی بوون،نزیک لە هەناوی ئەو کولتورە چەندان هەلقەی رێکخراوەیی هەڵگری بیروباوەری چەپ بە تایبەتش مارکسی لە دوای ساڵی ١٩٧٦ لە ناو شارەکانی کوردستانی باشوور لە دایک بوونو گەلێکجار ئەو رێکخراوانە ئەگەرچی خەباتی سیاسی نهێنی نێو شارەکانیان هەڵبژاردبوو بەلام لە ئەدەبیاتەکانیاندا حەماسانەتر خۆیان نواندووە،زۆربەیان خاوەنی بلاوکراوەو گۆڤاری تایبەت بە خۆیان بوون،ئێمە لە رێگای ئەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین پرۆژەیەک لە پێناوی کۆکردنەوەو پێناسینی دنیای رۆژنامەگەری ئەو رێکخراوە چەپانە رابگەیەنین.

### بۆ ئەم پرۆژەیە.. !

ئەوەندەی من بزانم تا ئێستا هیچ بابەتێکی زانستی یاخود هەر بابەتێک بێت کە پەیوەندیدار بێت بە بزاڤی رۆژنامەگەریی چەپی نهێنی ناوشارەکان نەنووسراوەو باسنەکراوە، بە هەق ئەو بزاڤە بوونی هەبووەو چالاکی نواندووە بەلام لاواز بووە کە هۆکاری لاوازی بزاڤەکە بەندە بە ئاکارو هەڵسوکەوتو سیاسەتە داپلۆسێنەرو سەرکوتکەرو کۆمەڵکوژیەکەی رژێمی دیکتاتۆری بەعسو سەددام حوسێن،بەلام سەرەرای ئەو سیاسەتەش لە نێو شارەکانی کوردستاندا چالاکییەک هەبوو کە دەتوانین ناوی بنێین بزاڤی رۆژنامەگەریی چەپی نهێنی ناوشارەکان،لەم روانگانەوە دەکرێت وەک پرۆژەیەکی رۆژنامەگەریی لە پێناوی رزگارکردنیدا لە فەوتان کاری لەسەر بکرێت.

### چەپو نهێنیو ناوشار..!

ئەو بزاڤە رۆژنامەگەرییەی کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین زیاتر هەڵگری فەلسەفەی مارکسیو گەرانەوە بووە بۆ

سەرچاوە ئەساسییەکانی ئەو فکرەیە،لێرەدا نامەوێت خۆم لەبەردەم دووڕیانی کۆمەڵێک زاراوەی (مارکسی- لینینی)، (چەپ)، (کرێکاریی)،(کۆمۆنیستی) ببینمەوەو نووسینەکەم رووبەڕووی گفتۆگۆیەکی هەمەلایەنە بکەمەوە،ئەوەی خوێندنەوەی منە ئەو گروپو رێکخراوانە زۆربەیان دەچنە خانەی چەپەوە،ئەگەر چەپەکان هەڵگری بۆچوونو ئایدۆلۆژی جیاجیابن ئەوە جێدێڵم بۆ مێژوونووسنو سیاسەتزانو سیاسەتناسو چەپناسەکان.

بۆ زاراوەی (نهێنی)یش ئەوە وەک لە کاتی راڤەکردنی بڵاوکراوەو گۆڤارەکاندا دەردەکەوێت کە بە نهێنی چاپو بڵاوکراونەتەوەو هەر بە نهێنیش دابەشکراون،سەبارەت بە زاراوەی (ناوشار)ەکان دوای بە دواداچوونو ساغکردنەوەو ئاگاداری خۆمو جۆری خەباتی رێکخراوەکان کە زیاتر مەبەستیان لە هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکاران بووە، هەموو بڵاوکراوەو گۆڤارەکانیان لە شارو شارۆچکەکاندا چاپکراونو بڵاوکراونەتەوە، مەبەستم لە بەکارهێنانی زاراوەی ناوشاردا تا لەو بڵاوکراوەو گۆڤارانە جیایان بکەمەوە کە لە شاخو لە پاڵ سەنگەرەکانی پێشمەرگەو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەرچوونە،ئەوەی ئەو دوو شوێنەش بە زەقی لەیەکتر جیادەکاتەوە، رێکخراوو حزبەکانی شاخ خەباتی شارو شاخ، سیاسیو پێشمەرگایەتییان پێکەوە گرێدابوو،بەڵام گروپو دەستەو رێکخراوەکانیتر تەنیا لە شارداو تەنیاخەباتی سیاسییان دەکرد،دیارە لە کاتی ناوهێنانی گروپو دەستەکانی ناوشاردا هەر سێ زاراوەکە باشترو روونتر واتای خۆیان بەدەست دەدەن.

**مەبەستم لە بەکارهێنانی زاراوەی ناوشاردا تا لەو بڵاوکراوەو گۆڤارانە جیایان بکەمەوە کە لە شاخو لە پاڵ سەنگەرەکانی پێشمەرگەو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەرچوونە،ئەوەی ئەو دوو شوێنەش بە زەقی لەیەکتر جیادەکاتەوە**

### ١٩٧٦ تا ١٩٩١ بۆچی؟

وەک دەرکەوتووە ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەمین جار دەستەیەکی چەند کەسی لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان جیابوونەوەو ناویان لە خۆیان نا (رێکخراوی رەنجدەرانی کوردستان)و لە نێو شاری سلێمانیدا دەستیان بە خەباتی سیاسی کردو ٤ ژمارەیان لە بڵاوکراوەی(رەنجدەر- ئۆرگانی رێکخراوی رەنجدەرانی کوردستان ) بە چاپگەیاند،ئەگەرچی مێژووی چەپی کوردی بۆ ساڵانی کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو مێژووە تا بە رۆژانی ١٩٧٥ دەگات تا ئاستێک لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی بۆ کراوە بۆیە وام بە پێویست زانی کە لە دوای ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٥ دەست پێبکەم کە بە هەموو واتایەک ئەو مێژووە بە مێژووی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانیشەوە بەشێکە

لە نوێگەریو هەڵگری پەیامی جولانەوەیەکی تازەکردنەوە بووە، تازەکردنەوە لە خەباتی سیاسیو پێشمەرگانەدا بە تایبەتیش بۆ فکرەو بزاڤی کۆمۆنیستیو هەڵسانەوەی شۆڕشگێڕانەی موتوربەکراو بە ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی لە نێو شارەکاندا،کە زیاتر توێژی خوێندکارو رۆشنبیرانو خوێنەرانی بە ئاگا سەرکرایەتی ئەو رەوتەیان کردووە،بەڵام لە هەموو بوارو بارەکاندا ئەو مێژووە فەرامۆشکراوەو شتێکی ئاوای دەربارە نەنووسراوە کە شایانی باسکردنو ئاماژە پێدان بێت.


خەباتی کرێکار
لەم ژمارەیەدا:
• بەرەو سازماندانی سۆسیالیزمی کرێکاری
• هەواڵەکان

دیارە لە نێو واقیعی ئەو خەباتەدا نابێت خەباتو رەوتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) لە شارو لە شاخ لە بیر بکرێت بە تایبەتیش لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥،بەڵام دیارە ئێمە لە خەباتو مێژووی کۆمەڵە نادوێین چونکە ئەو رێکخراوە لە دوای ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٥-ەوە لە پاڵ خەباتی نهێنی ناوشارەکاندا دەستی بە خەباتی چەکداری کردو تا ئێستا لە چەندان شوێندا باسو لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو رێکخراوە نووسراوە ئەگەرچی باسو بابەتەکان هەقی وردو دروستیان بە مێژووی باڵای کۆمەڵە نەداوە بەڵام هەرچۆنێک بێت لە فەرامۆشکردن دەربازیان کردووە،ئەمەو بێجگە لەوەی کە ئێمە زیاتر لەسەر رەوتو بزاڤی رۆژنامەگەریی ئەو دەستەو گروپو رێکخراوە چەپانە دەوەستین کە تەنیا لە ناوشارەکاندا خەباتی سیاسیان کردووەو بە گوێرەی زانیارییەکانیش هەڵگری ئەو پێناسەیەن،ئەو بزاڤەش کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەتی لە خۆی کۆکردۆتەوە، کە بە کۆکردنەوەی ئەدەبیاتەکانیانو لێکۆڵینەوەی بەڵگەکان وەڵامی کۆمەڵێک پرسیارمان دەست دەکەوێت.

## رەوتەکانی بزاڤی چەپ لە ناوشارەکاندا

بە رای من دەتوانرێت بزاڤی رەوتی تازەی کۆمۆنیستیو کرێکاریی لە نێو شارەکانی کوردستانی باشووردا بەدەر لە خەباتی (کۆمەڵەی رەندەرانی کوردستان) بەسەر ئەم هەوڵو قۆناغانەدا دابەش بکرێت؛
- ساڵی ١٩٧٦جیابوونەوەی دەستەیەک کادرو پێشمەرگە

لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان( کۆمەڵەی رەنجدەران کوردستان) دەستەی جیابووەوە ناویان لە خۆیان نا(رێکخراوی رەنجدەران کوردستان) رێکخراوی ناوبراو توانیان هەر تەنیا کەمتر لە دوو ساڵ بەردەوام بن لەسەر خەباتداو لەو ماوەیەدا زیاتر ناو شاری سلێمانی‌یان کردبووە کوانووی خەباتی نهێنی خۆیان، هەر لە ناو شاری سلێمانی‌دا توانیان ٤ ژمارە لە ئۆرگانەکەیان کە ناوی (رەنجدەر) بوو دەربکەن‌و بڵاو بکەنەوە.

- ساڵی ١٩٨٢ پاش ئەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دووەمین کۆنفرانسی خۆی گرێدا، سەبارەت بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بەرامبەر بە سەرچاوە ئەساسییەکانی مارکسی جۆرێک لە سەرەتاکانی ململانێی فکرو گفتوگۆو گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێو کادرەکانی کۆمەڵە سەریهەڵدا،بەڵام نەبووە هۆی راگەیاندنی رێکخراو یاخود دەستەیەکی‌تری کۆمۆنیستی یان مارکسی-لینینی،گفتوگۆی نێوان کادران درێژەی پێدراو لە نێو رێکخەرانی نێو شارەکانیشدا تەنیەوەو وردە وردە کۆمەڵێک ئەندامی رێکخەری کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی‌تریان لە لا درووست بوو کە جیاواز بوو لە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵێک ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان،ئەو تاکانە بە گۆڕینەوەی بیروڕا لە یەکتر نزیک بوونەوەو چەند دەستەو گروپێکی کۆمۆنیستیان درووست کرد کە دامەزرێنەرانیان بریتی بوون لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی( سەلاحەددین) و زانکۆی موسڵو بەغداو پەیمانگاکانی تەکنیکی‌و مامۆستایان‌و چەند کەسێکی‌تر،ئەو سەرەتایە سەرەتایەکی تۆکمە نەبوو بۆیە دەبینین ماوە ماوە تاکەکان لە خەبات سارد دەبوونەوەو وازیان لەم رێکخراوە دەهێناو رێکخراوێکی‌تر رادەگەیاند.

- ساڵی ١٩٨٤،ساڵی هەژانی فکری مارکسییەت بوو لە کوردستانی باشووردا،کە تیایە کۆمەڵێک سەرکردەی خاوەن نفوز لە ئەنجامی پێکەوە هەڵنەکردن لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی‌تر لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان‌دا، لە کۆمەڵە جیا بوونەوەو رێکخراوی (ئاڵای شۆڕش)یان راگەیاند، ئاڵای شۆڕش بە سەرەتایەکی زۆر بەهێز هاتە مەیدانەکە بەڵام پاش ماوەیەک لەبەر چەندان هۆکار هێزو نفوزی خۆی لەدەستدا! ئیتر لە نێو هەژموونی ئەو مێژووەدا هەڵگرانی فکرەی چەپ لە نێوان شارەکانیشدا گوڕێکی‌تریان بە خۆیان داو کەوتنە کۆکردنەوەی رێزەکانی خۆیان، مەیدانیتر کەوتنە خەباتکردن،کە زۆربەیان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشی شۆڕشگێری

**"ساڵی ١٩٨٤، ساڵی هەژانی فکری مارکسییەت بوو لە کوردستانی باشووردا،کە تیایە کۆمەڵێک سەرکردەی خاوەن نفوز لە ئەنجامی پێکەوە هەڵنەکردن لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی‌تر لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان‌دا، لە کۆمەڵە جیا بوونەوەو رێکخراوی (ئاڵای شۆڕش)یان راگەیاند"**

کوردستانی ئیران،پاشان حزبی کۆمۆنیستی ئیران دابوون بە تایبەتیش لەو کاتەی کە کۆمەڵەو چەند رێکخراوێکی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیرانی رێککەوتن کە (حزبی کۆمۆنیستی ئیران) دابمەزرێنن، ئەدەبیاتی رێکخراوو گرووپە چەپەکان کە لە نێو شارەکانی کوردستانی باشووردا خەباتیان دەکرد بەشێکی هەرە زۆری بریتی بوو لە ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستی ئێران.

- ساڵی ١٩٩٠ کە عیراق،دەوڵەتی کویت-ی داگیر کرد ئاوو هەوایەکیتری سیاسیو مەیدانێکی والاتر فەراهەم بوو بۆ خەباتی نێو شارەکان، دەبینین لەو مێژووەدا تا بە رۆژانی راپەرینی ساڵی ١٩٩١ دەگات بزاڤی رەوتە چەپەکان فراوانتر دەبێتو شێوەی خەباتەکەشیان نفوزدارتر دەبێت.

### ناوی رێکخراوو دەستەو گروپە چەپەکان

وەک کارێکی سەرەتاییو بۆ بە بەڵگەدارکردنی باسەکە وا ناوی ئەو رێکخراوو دەستەو گروپە چەپانە دەنووسینەوە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦ تا راپەرینی ساڵی ١٩٩١ لە ناوشارەکانی کوردستانی باشووردا خەباتی سیاسیان کردووە،ئەمە بێجگە لەو حزبو رێکخراوانەی کە لە شاخ بوونو خۆیان بە چەپ دادەنا؛

- رێکخراوی رەنجدەرانی کوردستان؛

ئۆرگانەکەیان ناوی رەنجدەر بوو.

- کارگەران؛
- کار؛

ئەمانە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو پەیدابوون، لەگەڵ کارگەران ململانێیەکی زۆریان هەبوو،ئۆرگانەکەیان ناوی کار بوو.

- بەرەی زەحمەتکێشان (بەرزە)؛

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا دامەزرێنەری بوو، لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو خۆیان راگەیاند.

- ئەڵقەی ئەرکەکانمان؛

ئەمانە ناویان نەبوو،بەلام نووسینێکیان بە نێوی "ئەرکەکانمان"ەوە دەرکرد، ئیتر هەر بەو ناوەوە ناویان دەرکرد،خەسرەو سایەو کەسێکیتر ئەو نووسینەیان نووسیبوو.

- ئەڵقەی ئۆکتۆبەر؛

ئەم ئەڵقەیە سالار رەشیدو عیزەدین مەجیدو راستگۆ (سادق) دایانمەزراند،لایەنگری کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بوو .

- کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (کۆتک)؛

> **ئەدەبیاتی رێکخراوو گروپە چەپەکان کە لە نێو شارەکانی کوردستانی باشووردا خەباتیان دەکرد بەشێکی هەرە زۆری بریتی بوو لە ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستی ئێران**

لە لایەن ڕێبوار ئەحمەد،ڕەحمان داود،سالار ڕەشید دامەزرا. ئۆرگانەکەیان، "ئاسۆی سۆسیالیزم" بوو.

- کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار؛

تاهیر حەسەن،گەشاو محەمەد،عەلی پێنجوینی دایانمەزراند،ئۆرگانەکەیان ناوی خەباتی کرێکار بوو.

- هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست؛
- سەرنجی کرێکار؛

پاش ئەوەی هەستەی کرێکاری کۆمۆنیست نەما ئەم ڕێکخراوە لە لایەن چەند کەسێکی نێو هەستەی کرێکاری کۆمۆنیست دامەزرا، لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە؛ خەسرەو سایە، سامان کەریم، ئاسۆ کەمال، ئۆرگانەکەیان ناوی سەرنجی کرێکار بوو، بۆیە هەر بەو ناوەشەوە ناویان دەرکرد. ئەم سەرنجی کرێکارە،بەشداربوون لە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق( حککع).

- ڕەوتی کۆمۆنیست؛

دوای لەتبوونی کارگەران، ئەمانە لە بەشێکی کارگەران دروست بوون.

- بلێسە؛

ئەمانە لە کارگەرانەوە دروست بوون؛ ئەحمەد موعین و جەبار لە دامەزرێنەرانن.

- یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری؛
- پرۆلیتاریای کۆمۆنیست؛
- دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا؛
- دەستەی ڕێبازی کۆمۆنیست؛
- یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستەکان؛

سەرنج؛ دەکرێت ناوی کۆمەڵێک بەڕێزیتر بۆ ئەم ناوانە زیاد بکرێن کە لە دەستەی دامەزرێنەرو چالاکی مەیدانی ئەو بوارە بوونە،بەڵام من جاریّ هەر ئەوەندە زانیارییەم بۆ کۆکرایەوە، پێشەکی داوای لێبووردن لە هەر کەسێک دەکەم کە ناوی نەهاتووەو بە هیوای پەرەپێدان بە باسەکە،هەروەها ڕیزبەندکردنی ناوی گروپ و ڕێکخراوەکان پەیوەندی بە ساڵی دامەزراندنیان نیە بەڵکو بە شێوەیەکی ڕەمەکی داندراون، چونکە تا ئێستا زانیاری بەڵگەدار بۆ ئەو مەبەستە نیە، بە هیوام بەیاننامەی دامەزراندنی هەر یەکێک لەو گروپ و ڕێکخراوانەمان دەست بکەوێت تا ڕیزبەندو پۆلێنێکی درووست بکەین.

"ڕیزبەندکردنی ناوی گروپو ڕێکخراوەکان پەیوەندی بە ساڵی دامەزراندنیان نیە بەڵکو بە شێوەیەکی ڕەمەکی داندراون، چونکە تا ئێستا زانیاری بەڵگەدار بۆ ئەو مەبەستە نیە"

### ڕۆژنامەگەریی نهێنی چەپی ناو شارەکان

ئەو ڕێکخراوو دەستە ناوبراوانەی پێشەوە بڵاوکراوەو گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبووە،کە بڵاوکراوەکان زیاتر ئۆرگانی ڕێکخراوەکانیان بوونە،بۆ ناودێرکردنی

بڵاوکـراوەو گۆڤارەکانیان زیاتر سـوودیان لـە کولتوری مارکسـی- لینینی وەرگرتووەو دەبینین تا بۆ هەڵبژاردنی ناوێک بۆ ئۆرگانەکانیان هەمان ناویان دووبارە کردۆتەوە کـە پێـشو دوای شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەری ١٩١٧ی حزبی کۆمۆنیسـتی رووسـی بڵاویکردۆتەوە،ئێسـتاش بە پێی زانیاری بەردەسـت نـاوی چەنـد بڵاوکـراوەو گۆڤارێک دەنووسـینەوە کـە رێکخـراوو دەسـتە کۆمۆنیسـتو کرێکارییـەکان لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٧٦ تـا ١٩٩١ لـە کوردستانی باشوور چاپو بڵاویان کردۆتەوە؛

- کار
- خەباتی کرێکار
- ئاسۆی سۆسیالیزم
- سەرنجی کرێکار
- پرۆلیتاری
- کرێکاری کۆمۆنیست

.... هتد

هەواڵنامەی کتێب

### گۆڤاری خەباتی کرێکار.. وەک بەڵگە

تـا ئەو کاتـەی زۆربەی گۆڤـارو بڵاوکراوەکانـی ئەو رێکخـراوو دەسـتە چەپانـە دەدۆزرێنەوە بـە گوێـرەی بوونی سەرچاوە هەوڵدەدەم ناوە ناوە لایەنێک لەو رەوتە رۆژنامەگەرییـە بەسـەر بکەمەوە،وا لەگـەڵ ئەم کورتـە نووسـینەدا گۆڤاری(خەباتی کرێکار) دەخەمەڕوو،خەباتی کرێـکار ئۆرگانی کۆمەڵـەی کرێکارانی ١ی ئایـار بووەو لـە سـاڵی ١٩٩٠ تـا سـاڵی ١٩٩٣ شـانزدە ژمـارەی لێ دەرچووە،بـەڵام ئەگـەر وەک سـنووری باسـەکەم(واتە تـا راپەڕینی ئـازاری ١٩٩١) باس لـە ژمارەکانی گۆڤاری خەباتـی کرێکار بکەم ئەوە لـەو ماوەیەدا تەنیا ٤ ژمارەی لێدەرچووە،بەم شێوەیە؛

- ژمارە١ لەوە دەچێت لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩ یاخود سەرەتاکانی سـاڵی ١٩٩٠ دەرچووبێت،چونکە رێکخراوی (کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ دامەزراوە)
- ژمارە٢ لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە.
- ژمارە٣ نەمبینیوە.
- ژمـارە٤ لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٩١ دەرچووە.

بۆ ناساندنی ئەم دوو ژمارەیە وا ئەم کورتە زانیارییانە دەخەمەڕوو؛

ژمارە٢،بریتیـە لـە ٨٩ لاپەڕە،تـەواوی بابەتەکان بـە دەست نووسـراونەتەوەو بۆ لەبەرگرتنەوەی ژمارەیتردا

> "گۆڤاری(خەباتی کرێکار) دەخـەمـەڕوو،خـەبـاتـی کرێکار ئۆرگانی کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار بووەو لە ساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٣ شانزدە ژمارەی لێ دەرچووە،بەڵام ئەگەر وەک سنووری باسەکەم(واتە تا راپەڕینی ئازاری ١٩٩١)"

کاربۆن بەکارهاتووەو کاغەزی لاپەڕەکانی بریتیە لە کاغەزی رایزی زۆر تەنکو لەسەر یەک رووی لاپەڕەکاندا بابەتەکان نووسراونەتەوە.

بۆ بەرگی گۆڤارەکە کارتۆنی ٧٠ غرامی بەکارهاتووەو ناوی گۆڤارەکەش بە دەست نووسراوەتەوە،لەتەک ناوی گۆڤارەکە وێنەی ئەستێرەیەکو چەکو داسێک داندراوە،بەڵام لەبەرگی دواوەدا تەنیا بە خەتێکی درشت دروشمی (کرێکارانی جیهان یەکگرن) نووسراوە، قەبارەی گۆڤارەکە بریتیە لە کاغەزی نیو فۆلسکابی.

ژمارە٤ بریتیە لە ٨٣ لاپەڕەو تەواوی کارە هونەرییەکانی وەک ژمارە دوو-ە.

## ناونیشانی بابەتەکانی ژمارە ٢ و ٤

### ژمارە٢

- گرنگترین داخوازیەکانی کرێکاران لە قانون کارێکی دیمکراتیکدا...کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار،حزیرانی ١٩٩٠، لاپەڕە(ل) ١ تا ٤
- بڵاوکردنەوەی وێنەی کاریکاتێرێکی جیهانی ئەم تەعلیقەی لەسەر نووسراوە؛ سنە الگفل العالمیە.. ل٤
- رۆژی جیهانی منداڵو وەزعی منداڵانی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق.. رێبوار،ل٥ تا ١٢
- داخوازیەکانی کرێکاران سەبارەت بە منداڵان. کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار،حزیرانی ١٩٩٠،ل١٣و ١٤
- چیمان لە دەست دەچێ؟! .. ل١٦ تا٢٠،چیرۆکێکی کاوس نوری قەفتان-ە کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار پاش دەستکاریکردنی ناونیشانو ناوەڕۆکی چیرۆکەکە جارێکیتر بڵاویان کردۆتەوە،لە ئەسڵدا ئەم چیرۆکە لە ژمارە ١١٤٧- ١١٤٨ی رۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٥٣ دا بڵاوبۆتەوە.

سەربازگیری بەرفراوانو وەزعی سەربازان.. نەبەز،ل٢١ تا ٢٩

- مانفێستی ئیتیحادی کرێکارانی ئەوروپاو سەرنجی ئێمە... ئامادەکردنی؛ رێبوار،سەرکەوت،ل٣٠ تا ٤٢
- دەقی نامەی هاوڕێی کرێکارمان (شوان).. ل ٤٣ تا ٤٦
- وەڵام بە نامەکەی هاوڕێ شوان.... کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار،ل٤٧ تا ٥٠
- وەڵام بە نامەکەی هاوڕێ رێناس.. ل٥١ تا ٥٦.
- هاوڕێیانی کرێکار بۆ خەباتی کرێکار نامە بنووسن ... رێبوار،ل٥٧ تا ٦٣
- ئیعدامی کرێکاری تێکۆشەر جەمال چراغ وەیسی

**بۆبەرگی گۆڤارەکە کارتۆنی ٧٠ غرامی بەکارهاتووەو ناوی گۆڤارەکەش بە دەست نووسراوەتەوە،لەتەک ناوی گۆڤارەکە وێنەی ئەستێرەیەکو چەکو داسێک داندراوە**

مەحکوم دەکەین.. کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار کۆتایی ئایاری ١٩٩٠،ل٦٤ تا ٦٨

– دەقی بەیانیەی( کۆمەڵە) سەبارەت بە اعدامی کرێکاری تێکۆشەر جمال چراغ ویسی .. ل٦٩ و ٧٠چەند هەواڵو راپۆرتی کرێکاری لەسەر چۆنێتی بەرێوەچونی جەژنی کرێکاری ئەمساڵ. ل٧١ تا٧١ تا ٨٤

– نامەی ئەم هاورێیانەمان بە دەست گەیشت.. ل٨٩

**ژمارە ٤**

– بەرەو سازماندانی سۆسیالیزمی کرێکاری.. رێبوار ل(لاپەرە) ١ تا ١٥

– (پرۆلیتاری) و (کرێکاری کۆمۆنیست) لە بەرامبەر تێروانینی کرێکاریدا... رێبوار،ل١٦ تا ٢٩

– کرێکاران چ قانون کاریکیان ئەوێ.. نووسینی؛ حمید تەقوایی، وەرگێرانی؛ئەحمەد، ل٣٠ تا ٤١

– چاوگێرانێک بەسەر ئەوزاعی کارگە ئەهلیەکاندا. نەبەز،ل٤٢ تا ٥٨

– لە پرسەی ٣٤ کرێکاری هاوچینماندا... بریتیە لە کۆمەڵێک نامە لەلایەن کۆمەڵێک کرێکاری شارەکانی کەرکوک،هەولێر،سلێمانی بەو بۆنەیە بۆ گۆڤارەکە ناردراوە،ل٥٩ تا ٧٤

– گۆشەی هەڵبژاردەیەک لە نامەی هاورێیان.. ل٧٥ تا٨١

هەواڵەکان.. ل٨٢ و ٨٣

– نامەی ئەم هاورێیانەمان بە دەست گەیشت.. ل٨٣

## خەباتی کرێکار وەک بەرهەمێکی رۆژنامەگەریی

گۆڤاری خەباتی کرێکار لە چەندان بواردا دەکرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت،بەڵام ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا لێی دەدوێین بوونی پەنجە نماکانی رۆژنامەگەریی‌و رۆژنامەنووسی‌یە بە رووکارو ناوەرۆکی بابەتەکانی گۆڤارەکەدا.

ئەگەرچی تەواوی بابەتەکانی گۆڤارەکە بە دەست نووسراونەتەوە بەڵام هەوڵدراوە کە بە خەتێخۆشێک بینووسنەوە تا بۆ خوێندنەوە چاوی خوێنەران زۆر ئازار نەدات،ئەمەو سەرەرای تەئکید کردنەوە لە نووسینی ناونیشانی سەرەکی‌و ناونیشانە لقییەکان بە خەتی درشتو دیارو لەبەرچاوان نووسراون،هەروەها بە وردی رەچاوی بۆشایی نێوان دێرەکانیش کراوە کە وا هەست دەکرێت هاوسەنگییەک لە نێوان دێرەکاندا شێوەیەکی تا رادەیەک ئەندازەیی پێدراوە.

کارێکی وردو بە سەلیقە بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکان کراوەو وەک دابێکی نووسین ناونیشانەکان تەواوکەری ناوەرۆکی بابەتەکانن،تا لە کاتی هەڵبژاردنی ناونیشانە لقییەکانیشدا هەست بە دابران لە بابەتە سەرەکییەکان ناکرێت،ئەوەی کە سەرنجی خوێنەرانی بەرامبەر بە بابەتەکان خوردکردۆتەوە هەڵبژارنی ناونیشانە سەرنجراکێشەرە واقیعییەکانن بە پێوەری ئەوسا.

گۆڤاری ناوبراو زیاتر وتاری بڵاوکردۆتەوەو وتارەکانیش زۆربەی هەرە زۆریان وتاری سیاسین‌و نووسەرانی وتارەکانیش ئەگەر بە ئاگابن یاخود بێ ئاگا بە چەشنێک وتارەکانیان دارشتووە کە زۆربەیان دەچنە خانەی وتاری سیاسی رۆژنامەنووسییەوە،بەڵام بۆ لایەنی درێژدادری لە چەندان وتاردا هەست بە دووبارە کردنەوەی بابەتو دەستەواژەو بەڵگەکان دەکرێن،ئەمەو چەند وتارێکیش دەچنە خانەی لێکۆڵینەوەی سیاسی،مرۆڤ دەتوانێت ئەو چەشنە گۆڤارانە ناوبنێت گۆڤاری تایبەت بە بابەتی تیۆری.

بڵاوکردنەوەی هەواڵ گرنگی پێدراوە بەڵام گرنگی بە هەیکەلی نووسین‌و دارشتنی هەواڵ نەدراوە بە تایبەتیش رەگەزی کات لە زۆربەی هەواڵەکاندا ونە،ئەمەش رەنگە بەند بێت بە کورتهێنانی دەسەڵاتی ئەو برادەرانەی کە گۆڤارەکەیان دەرکردووەو شارەزای دارشتنی هەواڵ نەبوونە،وەکو میتۆدی کارکردنو ئاراستەش ئەو هەواڵانە بڵاوکراونەتەوە کە پەیوەستن بە کارگەو ژیانی کرێکاران.

ئەوەی کە بۆتە جێگای سەرنجی من لەو دوو ژمارەیەی (خەباتی کرێکار)دا

باڵادەستی زمانی نووسینی ئەو برادەرانەیە کە وتارو بابەتەکانیان لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردۆتەوە،ئەمەو سەرەڕای ئەوانەی کە کاریان تێدا کردووە،ئەگەرچی زمانی نووسینی بابەتەکان راستەوخۆ لە ژێر کاریگەری زمانی ئەو بابەتانە دابووە کە لە گۆڤاری (کۆمەڵە- ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) و ( پێشرەو- ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران/ سازمانی کۆمەڵە) بڵاوکراونەتەوە،بەلام هەست دەکرێت کە گەڕان و پشکنینێک هەیە بۆ دەرباز بوون لەو شێوازو دارشتنانە،بە کورتی من سەرسامم بەو کوردییە جوانەی کە لە گۆڤاری خەباتی کرێکاردا وتاری سیاسی پێ نووسراوە بە تایبەتیش هەوڵدراوە وتارەکان لە وشەو زاراوەی بێگانە وشەبژێر بکرێن.

### لە کۆتایدا

پێویستە لە دوا وتەدا سوپاسی هاوڕێیانی کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بکەم کە چەند سەرچاوەیەکی پەیوەند بە باسەکەیان خستە بەردەستم،هەروەها سوپاسی برای ئازیزم سالار رەشید دەکام کە بە باسەکەمدا چووەوەو بە کۆمەڵێک سەرنج بابەتەی دەوڵەمەند کرد،هەروەها سوپاس بۆ هاوڕێ؛تاهیر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە وەلامی چەند پرسیارێکمدا رووناکی خستە سەرچەند لایەنێک لە لایەنەکانی باسەکەم.

# لاکردنەوە بەلای چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆکەمان



ئازاد عەبدولواحید*

هەواڵنامەی کتێب

**هونەری نەخشەسازی**

* هونەری نەخشەسازی (فن التصمیم) هونەرێکە ئەمڕۆکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە و ئادەمیزادەوە هەیە، بۆیە وەک هونەرێکی گرنگ و بایەخداری هاوچەرخ ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ، کەچی لەلای ئێمەدا ئەگەر پشتگوێش نەخرابێ، ئەوە بەپێی پێویست بایەخی پێ نەدراوە.

هونەری نەخشەسازی شێوەی دیزاینی شارەکان بە شەقام و شۆستە و گۆڕەپان و باخچەکان و . و. دەگرێتەوە، تا دەگاتە بواری نەخشەسازی ئۆتۆمبێل و پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ئابووری کە لە پیشەسازی دروست کردنی کەلوپەلی بەکارهاتوو لەژیانی ڕۆژانەماندا خۆی دەنوێنێ، ئەو نەخشەسازییە لە جوان کردن و ڕێکوپێکتر کردنی ژیانی شارستانییانەی ئادەمیزاد زۆر جێی بایەخە، تەنانەت لە نەخشەسازی کەلوپەلی بەرهەم هێنراویشدا پێوەندی بە ڕادەی تێچوونیشەوە (کلفە) هەیە.

* هونەری نەخشەسازی بۆخۆی هونەرێکی سەربەخۆیە کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە باقی هونەرەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، شارەزایانی نەخشەسازی ئەم هونەرەیان کردووە بە چوار قۆناغ لەوانەش: (بیرۆکە، پێکهاتە، ئەرک و وەزیفە، تێچوون) کە دەکرێ ئەم هەنگاوانە بەشێوەیەکی ماتماتیکییانە سوودیان لێوەربگیرێ.

* ئەوەی پێوەندی بەو کورتە نووسینەی منەوە هەبێ نەخشەسازی بواری چاپەمەنییە کە ئەمڕۆکە لەگەڵ ئەو لێشاوی چاپەمەنییانەی لە کوردستاندا هەن، کەچی ڕەنگ و ڕوخساری کتێب و نامیلکەو چاپەمەنی بەشێوەیەکی گشتی شان بەشانی ئەو بزاڤە تەکانی نەداوەو هەنگاوی پێویستی نەهاوێشتووە، لەکاتێکدا لە

سەرەتای حەفتایەکانەوە لەگەڵ جووڵانەوەو گەرم بوونی بازاڕی چاپەمەنی و بزاڤی ڕۆشنبیری و کەشوهەوای نوێ شان بەشان کاری خەت و نەخشەسازی کاک (محەمەد زادە) زۆر لەبەر چاو بوو.

* ئەوانەی لەبواری نەخشەسازیی چاپەمەنی کوردیدا خۆیان تاقی کردووەتەوە، وەک پسپۆڕ و شارەزا، ژمارەیان ئێجگار کەمە، بۆیە تاک و تەرایەکیان تێدا هەیە دەرچووی بەشی نەخشەسازی بن و لەو بوارەدا خوێندنیان تەواو کردبێ، بەزۆری ئەوانەی بەو کارەوە خەریکن هونەرمەندی بواری شێوەکارین، یان کەسانی ئارەزوومەندن کە زیاتر وەک پیشە، یان حەز و ئارەزوو ڕوویان تێکردووە. لە ڕۆژنامەگەری کوردیشدا تا ئەم ساڵانەی دواییش، ئەم کارە بەدەست جێبەجێ دەکرا، بەڵام لەو (٤-٥) ساڵەدا و پاش ئەوەی زۆر کار و هونەری ڕۆژنامەگەری بە (کۆمپیوتەر) سپێردرا، ئەو کاتە کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە نەخشەڕێژی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە زۆر و زەوەندەکانی کوردستاندا بینی، ئەم هەنگاوە نوێیەش چەند کادیرێکی نوێی لەو بوارەدا هێنایە پێش و پێگەیاند.

* لەراستیدا دەبێ بڵێین جیاوازی زۆر لەنێوان هونەری نەخشەسازی و هونەری ڕەسم کردندا هەیە، چونکە تا ئێستا زۆر کەس تێکەڵاوی یەکتریان دەکەن و پێیان وایە کە یەک هونەرن، یان وا دەزانین هەر کەسێک هونەرمەندی بواری شێوەکاری بوو، ئەوە لە هەمان کاتیشدا هونەرمەندی بواری نەخشەسازیشە. هەرچەندە هەندێ جار دەتوانرێ سوود لە وزە و توانایی نەخشەڕێژی بۆ تابلۆکێشان وەربگیرێ، بەتایبەتیش لەهونەری پۆستەردا کە ڕاستەوخۆ دەوری تێدا هەیە، چونکە لەو هونەرەدا سازاندنی نەخشەی بیرۆکەیەکە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە هونەری چاک نەخشەی بۆ دابنرێ، ئەگەرچی دەتوانرێ لە تابلۆی هونەریدا سوود لە بنەمایەکانی نەخشەسازی وەربگیرێ، چونکە نەخشەسازی یەکەی پێوانە کردنە، یان یاسای سەرەتایین بۆ هەڵسەنگاندنی هەندێ کاری تەقلیدی.

* کە دەڵێین هونەری نەخشەسازی هونەرێکی سەربەخۆیە و کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوە مانای وا نییە بە تەواوی لە هونەرەکانی دیکە داببڕێن، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ هونەرێک لەو دنیایەدا نییە لە هونەری دیکە جیا بکرێتەوە و دیواری ناوبڕ لەنێوانیاندا هەبێ و لێکتریان داببڕین، هونەری نەخشەسازیش توێژینەوەی تیووری تێروتەسەلی هەموو لقەکانی دیکەیە، لەوانەش هونەری ڕەسم و هێلکاری و داڕشتن و ڕەنگ. هەندێ لە شارەزایانی دیکەش پێیان وایە نەخشەسازی پێوەندی بە ڕەسم و زەخرەفە و پەیکەرسازییەوە هەیە، سەرەڕای جێبەجێکردنی پراکتیکی کە پێویستی بەوەیە نەخشەساز ئاگای لەهەر دەستاوێژ و کارێکی نوێی ئەو بوارانە هەبێ، کە لە پراکتیک کردندا پێویستی پێیان دەبێ، یان لەبەر ڕووناکی ئەو ئەزموون و تاقیمانەیەی پەیدای دەکات، کە لە ئەنجامی گەڕان و سۆراخەکانی خۆی پێیان گەیشتووە و بەدەستی هێناون، یان کەسانی دی پێی دەگەن سوودمەند و بەهرەدار دەبێ لێیان.

* ئەمڕۆکە کاری نەخشەسازی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە ئەم هونەرەی زۆر ئاسان کردووە، کە نەخشەساز بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ بەسەر پانتایی و ڕووبەرەکاندا زاڵ بێ، بەهۆی گەورە و بچووک کردنی پیتەکان و گۆڕینی فۆنت و خەت و بۆشایی نێوان دێرەکان. هەروەها بۆ ئەوەی جووڵە بخاتە نێو لاپەڕەکانەوە، یان سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ بەرگ و قەبارەی خەت و جۆری فۆنتەکە و وێنەکان و ڕەنگەکان و ستوونەکان، کاری خۆیان دەکەن و نەخشەساز دەتوانێ دەست ڕەنگینی خۆی تێدا بنوێنێ و هونەرمەندانە ئەو فەزایانە پڕ بکاتەوە و کتلەکان دابەش بکات و حەسانەوە بەچاو بدەن، کە بە هۆی دابەش کردنیان بەشێوەیەکی هارمۆنی ئەوتۆ سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەمەش لە دەزگایەکانی چاپکردنی کتێبدا لە هەندەران بۆ جوڵاندنی بازاڕی کتێب و بەهەڕمێن کردنی،

**(نەخشەسازی)** بەرگ رۆڵی خۆی هەیە.

* لەلایەکی دیکەوە هارمۆنیا و لەنگەر راگرتنی نێوان کتلەکان، کارێکی زۆر گرنگی نەخشەسازییە لە چاپەمەنیدا، ئەو لەنگەر راگرتنەش بۆ دروست کردن و راگرتنی ئیقاعی سەرجەمی کارە هونەرییەکەیە تا بینایی چاو نەروشێنێ و نەشڵەقێنێ. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەو سەردەمە بۆ خۆی سەردەمی ئاسان کردن و دوورکەوتنەوەیە لە ئاڵۆزی، بۆیە پێویستە لە نەخشەسازیدا (جوانی و تەعبیرکردن) لەیەک کاتدا لەگەڵ یەکتر کۆبکرێنەوە، ئەگەر قسەکەی (جان کۆکتۆ) بۆ هیچ شتێک دەست نەدات و راست نەبێ، ئەوە بۆ نەخشەسازی زۆر لەجێی خۆیەتی کە دەڵێ: (هونەر لەوەدایە شتە ئاڵۆزەکان بەزمانێکی ئاسان بوترێن، نەک شتە ئاسانەکان بە زمانێکی ئاڵۆز بڵێین)، بۆیە قەڵەباڵغی و ئاڵۆزی لە چاپەمەنیدا، کارێکە لەو سەردەمەدا لەجێی خۆیدا نییە.

* لە کۆتایی ئەم وتە کورتەدا لەبارەی ئەو هونەرە گرنگەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم: با خزمەتی زیاتری ئەو هونەرە بکەین و بەچاوی بایەخدانی زیاترەوە تەماشا بکرێ. کەسانی دەسڕەنگین خەریکی بن و پەرەی پێ بدەن. ئەوانەی بەسەر ئەو هونەرەشەوە لامێژن و شەڕی پێدەفرۆشن، لێی دووربخرێتەوە تا وەک هەر هونەرێکی دی بە پاکژی لە کەشوهەوایەکی سازگاردا فراژی ببێ و پاشاگەردانی بەرۆکی بەربدات.

## ناوی خوازراو
## یان دێوجامەی رۆژنامەنووسان

* لە جیهانی رۆژنامەگەری کوردی دەمێکە دیاردەی نووسین و بڵاوکردنەوەو بیروڕا دەربرین لە پەنای ناوی خوازراوەوە هەیە، ئەوەندەی من بەشوێن گۆڤار و رۆژنامە کۆنەکانی کوردیدا چووبێتم و لاپەڕەکانیم هەڵدابێتەوەو ئاگاداری بم تا بە ئەمڕۆکە دەگات، دەتوانم بڵێم ئەو دیاردەیە بەقەدەر تەمەن و مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی بوونی هەیەو رەگوریشەکەی بۆ ئەو سەردەم و سەرەتایانەی دەگەڕێتەوە. پێم سەیر بوو ئەو کاتانەی لاپەڕە بە لاپەڕەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەم هەڵدەدایەوە، زۆر نووسین و وتار و بیروڕای جوان و سەرنجراکێشم بەرچاو دەکەوت کە بەناوێکی خوازراوەوە بڵاوکراونەتەوە، من لەو ساتانەدا تەمەننام دەکرد بزانم ئەو نووسەرە کێ بووە، ئەو نووسینە ناوازە و جوانەی نووسیوەو نەیویستووە ناوی خۆی پێوە بلکێنێ تا ئافەرین و دەستخۆشانەی بۆ بنێرم.

* لەو سەرەتایانەی رۆژنامەگەری کوردی کە پشکی شێری نووسەران و شاعیران و باسکاران لەجیاتی رۆژنامەنووسان و سیاسەتوانەکان سەروکاریان کردوون، لەو رۆژگارەدا بەقەدەر قەبارەی هۆشمەندیی کورد و ئاستی پێشکەوتنە شارستانییەکەی و قەبارەی رۆشنبیری رووناکبیرەکانی، بزاڤی رەخنەییش هەر هەبووە.

ئەو رەخنەیە چ سەبارەت بە بەرهەمی نووسراوی شاعیران و نووسەران بووبێ، یان سەبارەت بە بیروباوەڕ و رووداوی سیاسی ئەو رۆژگارە بووبێ، لەبەر ئەوەی نووسەر و شاعیر و قەڵەم بەدەستەکانی کورد لەو زەمانەدا ژمارەیان کەم و سنووردار بووە، زۆرجار بەشێوازی ئەو نووسینانەیان زانراوە کێن ئەوانەی ئەو بابەتانەیان نووسیوە؟ ئەگەرچی لەدووتوێی ئەو نووسین و وتارانەدا زۆر کەم رێدەکەوێ مومارەسەی توندوتیژی و بوختان هەڵبەستن و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنیان بەرانبەر بە یەکتر گرتبێتەبەر، یان زۆر کەم رێکەوتووە یەکلایی کردنەوەی حیساباتی سیاسی تێکەڵی کاری نووسینی رەخنە و لێکۆڵینەوە و بیروڕا دەربرین بووبێ.

* ئەگەر پێویست بێ نموونەی ئەو جۆرە رەخنانە بهێنینەوە، ئەوە ئەو رەخنانەی ئاراستەی شیعری شاعیرانی وەک (قانیع) و (زێوەر) کراون لەسەر ئەوەی شیعریان بۆ چاکەو بەرژەوەندی ئینگلیز نووسیوە، یان رەخنەکانی (بێکەس) کە لە گۆڤاری گەلاوێژ بەناوی (**مەنگوڕی و شیعر**) و (أ.ب. هەوری و

شیعر) بڵاوی کردنەوە، یان نووسینەکانی میرزا مەنگوڕی سەبارەت بە گۆران و هەردی کە لە پاشاندا هۆگر گۆران و هەسان (عومەر عارف قاپ رەش) سەبارەت بە رەخنەکەی لەبارەی گۆران-ەوە ئاراستەی کردبوو، وەڵامیان دایەوە. ئەگەر ئەمانە توندترین جۆری ئەو رەخنە و بیروڕایانە بووبن کە لە سەردەمی خۆیدا لە گۆڤاری گەلاوێژ و شەفەق نووسرابن، یان توندوتاڵی ئەو حەقیقەتەی نووری وەشتی لە رۆژنامەی بڕوادا رووبەڕووی مستەفا ساڵح کەریم-ی کردووەتەوە، پاشان هەر لە گۆڤاری گەلاوێژ گفتوگۆیەکی توندوتیژ کەوتووەتە نێوان مەدهۆش و هەردی-یەوە. ئەو چەند نموونەیەم هەر بۆ پاڵپشتی کردن لە قسەکانم هێنایەوە، ئەو نووسینانە ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ نووسینی ئەمڕۆکەمان کە لەناو ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی ناویان لەخۆیان ناوە میدیای (ئازاد) و (ئەهلی)، یان هەندێ لە سایتە کوردییەکاندا بەدی دەکرێن، ئەوە هەرگیز دوو رووی بەراورد کردنی یەکتر نین، چونکە ئەوەی ئێستاکە زەق دیارە نووسەرەکەی پێش هەر شتێک دەیەوێ ئێسقانی رەخنە لێگیراو بهاڕێ، بۆیە دەبینی سەرومڕ لەهەر رستەیەکی ناو ئەو نووسینانەدا چۆڕ چۆڕ رک و کینە دەچۆڕێ و پاشقوڵ و رستەی قێزەون و تەقڵە پێ لێدان هەیە.



* لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردی تا ئەم ساڵانەی دوایی کە رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی داهات و کورد دەستی پێگەیشت، ئەگەر ناوی خوازراوە لەهەر یەکێک لەو رۆژنامە و گۆڤارانەدا ببینرێت، ئەوە بەشی هەرە زۆریان لەبەر خاکەڕایی و سادەیی و تەوازوعی نووسەرەکانیان بەو ناوە خوازراوانەوە نووسراون، یان هەندێکیان لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەوسا، نووسەرەکانیان نەیانویستووە خۆیان ئاشکرا بکەن. بۆ نموونە حسەین عارف کە نامیلکەیەکی بەناوی (کامەران و هۆنراوەی نوێ) نووسیوەو بەناوی (محەمەد سدیق عارف)ەوە بڵاوی کردووەتەوە، لەبەر ئەوەی سەرباز بووە نەیتوانیوە بەناوی ئاشکراوە چاپی بکات. ئەمینی میرزا کەریم بەناوی (سنوور)ی کوڕی و کاکەی فەللاح بەناوی (رووناک)ی کچی و (ع.ح.ب) کە خۆی ناوی تەواوی (محەمەد شێخ حسەین بەرزنجی)یە

بەناوی (عەلی) برایەوە لە زیندانەوە بە پیتەکانی (ع.ح.ب) نووسیویەتی و بڵاوی کردووەتەوە، ئەمانە هەموویان لەبەر هۆکاری سیاسی بەو ناوانەوە نووسیویانە. (عەبدوڵڵا جەوهەر) کە لە بارەی کتێبی (شیعر و ئەدەبیانی کوردی)ی ڕەفیق حیلمی دەنوسێ، لەبەر خاکەرایی و تەوازووع کە خۆی پێ نووسەر و ڕۆشنبیر نەبووە لە گۆڤاری گەلاوێژ بەناوی (ج) ڕەخنەکەی بڵاو کردووەتەوە.

* هەیە بێجگە لەو هۆکارانە لەبەر متمانە نەبوون بە توانایی و بەهرەی خۆی نووسینی خۆی بەناوی خوازراو بڵاوکردووەتەوە، یان هەیە کە دەیەوێ ئەزموونێکی نوێی خۆی بڵاوبکاتەوە، بۆ زانینی کاردانەوەو ئیستیجابەی ئەو نووسینە، یان ئەو بیروڕایە لەناو خوێنەران ئەو کارە دەکات. بۆ نموونە نووسەری داهێنەر (جەلیل قەیسی)ی چیرۆکنووس بەناوێکی خوازراو لە گۆڤاری (الأقلام) چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی خۆی بۆ یەکەم جار بڵاوکردەوە، کاتێ لەگەڵ (ناسر یووسف)ی ڕەخنەگری خوالێخۆشبوو ئەمەمان پێ وت، سەری لەوە سوڕما کە چۆن زانیومانە ئەوە چیرۆکی ئەوە. بێگومان دیراسەت کردنی شێوازی نووسینی ئەو چیرۆکنووسە و وردبوونەوە لەکۆی بەرهەم و نووسینەکانی پێشتری ئەو شارەزاییەی لەلامان دروست کردبوو کە شێوازەکەی پێ بناسینەوە.

* لەناو کەشوهەوای ڕۆشنبیری میللەتانیشدا ناوی خوازراوە هەیە و کارێکی ئاسایی بووە، بۆ وێنە نووسەرانی گەورەی وەک (د. عەبدولڕەحمان بەدەوی و موجاهید عەبدولمونعیم مجاهید و د. زەکەریا ئیبراهیم و...) لە سەرەتای دەست کردنیان بە نووسین گرووپێکیان لە میسر پێکەوە ناو و ناویان لەخۆیان نابوو (جماعە الفشلاء) و هەر یەکێکیان کە نووسینێکی خۆیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکاتەدا بڵاودەکرەوە دەیاننووسی (احد أعضاء جماعة الفشلاء) کە ئەمە بۆ خوێنەرانی ئەوسا کارێکی زۆر سەیر و سەرسوڕهاوەر و سەرنجڕاکێش بووە، چونکە نووسینەکانیان زۆر قووڵ و جوان بوون. ڕۆماننووسی ڕۆمانی (کاتژمێر بیست و پێنج) کە بەناوی (کۆنتستانتا جیۆرجیۆ)وە بڵاوی کردووەتەوە، ئەمە ناوی خوازراوی ئەو نووسەرەیە کە لە ڕۆمانەکەیدا بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سۆشیالیست و سەرمایەداری سەرکۆنە دەکات کە چۆن ئینسان لەناو هەردوو سیستمەکەدا دەهاڕدرێ و (ئیۆهان مۆریتز) لەنێوان ئەو دوو بەرەیە چ پەت پەتێن و فوتبوڵێنێکی پێ دەکرێ، بەڵام تا ئێستا ئەوەش بە تەواوەتی ساغ نەبووەتەوە کە خاوەنە ئەسڵییەکەی کێیە؟

* بەپێچەوانەی ئەوەش ئەمرۆکە خەڵکانێکی زۆر هەن

**- لە ناو کەشوهەوای ڕۆشنبیری میللەتانیشدا ناوی خوازراوە هەیە و کارێکی ئاسایی بووە**

**- ئەمرۆکە خەڵکانێکی زۆر هەن بەناوی نووسەرایەتی کە حاشا فڕیان بەسەرییەوە نییە**

هەولێر کتێب

بەناوی نووسەرایەتی کە حاشا فڕیان بەسەرییەوە نییە، چونکە ئەو فەریکە نووسەرانە زیاتر ئینشانووسن، ئەوانە دێن و پەنا دەبەنە بەر ناوی خوازراو-مستعار و دەیکەنە دێوجامەو بۆ ڕاوی مەبەستێکی تایبەتی بەکاری دەهێنن، وەک چۆن ئەوانەی (ڕاوەکەو) دەکەن هەندێ جار (دێوجامە) دەکەنە بەریان تا بەچاووڕاو و فڕوفێڵ بکەونە ڕاوکردنی کەو و ساچمەزەن و تاپڕی لێ بەکاربێنن. ئەم جۆرە پەنابردنە بۆ ناوی خوازراوە زۆرتر ترسنۆکی و نەبوونی بوێرییە لەلای نووسەرەکەی، بۆیە لەپشت ناوێکی وەهمییەوە خۆی دەشارێتەوە، تا بەبێ حیساب و کیتاب و دوور لەپێش پێگرتنی ویژدانی خۆیان بکەونە لاپەڕە ڕەش کردنەوەو زۆر بێ ویژدانانە قسە و بیروڕا بێ بنەمایەکانیان بەسەر خوێنەری سافیلکەدا تێپەڕێنن. ئەم جۆرە نووسینانەش ئەمڕۆکە زۆر زۆر بوون و لە برەو دان و بازاڕیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە، بۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر تەشەنە دەکەن و پەرە دەسێنن و بەداخەوەش دەڵێم بەبێ پێش پێگرتن جێگەی خۆیان لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە و لەناو سایتە کوردییەکاندا بۆ دەکرێتەوەو لەلایەن بەرپرسی ئەو کەناڵ و دەزگایانە زەق دەکرێنەوە، ئەمەش جگە لە قورمیش کردن و فووتێکردنیان لەلایەک کەسانێکەوە جۆرێکیشە لەبێ متمانەیی و باوەڕ بەخۆ نەکردن، چونکە ئەو کەسانە نایانەوێ ناوی ئاشکرای خۆیان لە پاڵ بوختان و قسەی هەڵبەستراو دابنێن، ئەوانە باسی مێژوویییەکی نزیک دەکەن و خەڵکی هەر زوو لە فیکەیان تێدەگات و ڕاستگۆیی خۆیان لەدەست دەدەن. ئەو جۆرە کەسانەش لەو نووسینانە زیاتریان پێ نییەو هەرگیز ناتوانن کاری داهێنەرانەو قووڵ و جددی بکەن، چونکە لە بنەڕەتەوە هیچ (پەیامێک)یان نییە بیگەیەنن، نووسینیش بۆ خۆی پەیام گەیاندنە، پێش هەر شتێک پەیامی خۆشەویستی و ئینسان دۆستی و لێبوردەیی و جوانتر کردن ژیان و .. و. دەگەیەنێ.

* بەداخەوە ئەمڕۆکە ئەم شێوە نووسینە بووەتە ڕێچکە و دیاردەیەکی (باو)ی بێزراو و قێزەون و خەریکە پەیامی پیرۆزی نووسین ناشیرین و لەکەدار دەکات، کارێکی وای کردووە خوێنەران لەخوێندنەوەی (ڕەخنە) و (بیروڕا)ی جیاواز و بنیاتنەرانە بتەکنەوەو لێی بکەونە گومانەوە. من لەلای خۆمەوە هەرگیز باوەڕم بەناوی خوازراو نەبووەو بەناوی خوازراوەوە نەمنووسیوە، ئەگەر لەبەر هۆکاری سیاسی نەبووبێ، ئەوە ئەو نووسینانەشم کە لە ڕادیۆ و چاپەمەنییەکانی سەردەمی شاخیشدا بڵاودەکرانەوە، هەر بەناوی خۆمەوە بڵاوم دەکردنەوە، کە زەروورەت ئەوەی

**ئەو کەسانە نایانەوێ ناوی ئاشکرای خۆیان لە پاڵ بوختان و قسەی هەڵبەستراو دابنێن، ئەوانە باسی مێژوویییەکی نزیک دەکەن و خەڵکی هەر زوو لە فیکەیان تێدەگات و ڕاستگۆیی خۆیان لەدەست دەدەن**

بەسەرمدا سەپاندبوو، بەلام چ جارانی زوو و چ ئەمرۆکە ئەو ناوە خوازراوانە کێشەیان بۆ رۆژنامەگەری کوردی دروست کردووەو بەزیان بۆ ئەو مێژووە شکاونەتەوەو سەریان لەمێژوونووسانی ئەو مێژووە شێواندووە، ئەوەتا تا ئەمرۆکەش بەدەیان و بەسەدان ناوی خوازراوەی ناو لاپەڕەکانی رۆژنامەگەری کوردی هەن کە وەک لوغزێک ماون و هێشتا تەلیسمی ئەو لوغزانە بەکەس نەکراونەتەوە.

* ناوی خوازراو ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا پێویست بووبێ پەنای بۆ ببرێ و لەهەندێ بارودۆخی تایبەت و سیاسیدا بەسەر رۆژنامەگەری کوردیدا خۆی سەپاندبێت، ئەوە ناچاری بووەو نەکراوە بەلاوە بنرێ، بەلام ئەمرۆکە خەریکە لە نەریتە جوانەکەی خۆی و لە راستەڕێی خۆی دەردەچێ، چونکە بەرپرسی هەندێ لەو کەناڵانە خۆیان رەواجی بۆ پەیدا دەکەن تا بازاڕی فرۆشتنی چاپکراوەکانیان بەهەرمێن بکەن، لەکاتێکدا پێویستە وەک هەموو لایەکمان پشتیوانی لە هەڵگرتنی هەموو قەیدو بەندێک لەسەر ئازادی بیرورا دەربڕین و نووسین و رۆژنامەگەری دەکەین و نامانەوێ لەژێر هیچ پاساو و بیانوویەک ئەو ئازادییە پێشێل بکرێ و سنووری بۆ دابنرێ، چونکە دوای خەباتێکی زۆر بەدەستمان هێناوە، لە هەمان کاتیشدا دەبێ رۆژنامەنووس و نووسەری بە تەواوی رۆژنامەنووس و نووسەر کەشوهەوای نووسین بەسازگاری بهێڵنەوەو لە ژەهراوی بوونی ژینگەکەی بیپارێزن.

* بەرپرسی ئەو دەزگاو سایتە کوردییانە، سەرنووسەری گۆڤار و رۆژنامەکان دەبێ هەر بابەتێک بۆ هەر نووسەرێک بلاودەکەنەوە، پێش بلاوبوونەوەی بەرهەمەکە ئەدرەس و ناوی تەواو ئەو نووسەرە بزانن، بۆ ئەوەی لەکاتی گرفت و لێپێچانەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسە، لەبەردەم دادگا و یاسا ئامادە بکرێ، دەنا خۆی لەبەردەم یاسا بەرپرسیار دەبێ، چونکە دەبێ (ئازادی) خواز و (گێرەشێوێن) لێکتر جودا بکرێنەوە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە بەناهەق و ناڕەوا کەسانێک، رێکخراوێک، لایەنێک رووبەڕووی درۆی شاخدار و بوختان هەڵبەستن دەبنەوە، ماقووڵ نییە بەرپرسی ئەو کەناڵانە کە لەهەموو کەس زیاتر باسی مەدەنییەت و پێشکەوتن و مافی مرۆڤ و یاسا دەکەن، خۆیان لەو ئەرکە بدزنەوەو ئەو مافەی کەسانی بەرانبەریش رەچاو نەکەن و بەهەندی وەرنەگرن، بەتایبەتی کاتێ دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکرێن و شەلم کوێرم هیچ نابوێرم کەسانێک دەیانەوێ بە شێلەو بێلە و تانووت و تانە و تەشەر، هیچ پێوەر و پێوانەیەک لەنێوان جەللاد و قوربانیدا نەهێڵن.

> **دەبێ (ئازادی) خواز و (گێرەشێوێن) لێکتر جودا بکرێنەوە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە بەناهەق و ناڕەوا کەسانێک، رێکخراوێک، لایەنێک رووبەڕووی درۆی شاخدار و بوختان هەڵبەستن دەبنەوە**

## سەبارەت بە ئازادی رۆژنامەنووسان!

* لەلای فەیلەسووفە وجودییەکان کە زۆر تەئکید لەئازادی تاکەکەسی دەکەنەوە، هەمیشە ئازادی لەگەڵ بەرپرسیارێتی ناوی هاتووە. نالی خۆشمان دەمێکە وتوویەتی:

دەستم کە بە صەد وەعدە لە صەد لاوە شکاوە
جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ

مەبەستی (نالی) لەو کەسانەیە کە لە ئەنجامی باش تێنەگەیشتن لە (ئازادی) و بەکارنەبردنی، دەستی ئەوانە لە سەد لاوە دەشکێ، بەڵام هەر کەسێ نەیزانی بەهرە لە ئازادی وەربگرێ، ئەوە هەر خۆی باجی ئەو نەزانین و تێنەگەیشتنە دەبژێرێ و لە دەرەنجامدا دەستە شکاوەکەی هەر دەکەوێتەوە ملی خۆی، نەک ئەستۆی کەسانی دیکەوە، وەک هەر دەست شکستێک کە بە گەردنییەوە دەیبەستنەوە، ئەوەش رێک فەلسەفەکەی سارترە کە لە (ئازادی و بەرپرسیارێتی)دا ویستوویەتی باسی لێوە بکات و بەرجەستەی کردووە.

* دەمێکە وتوویانە: (ئای ئازادی چەندە تاوان بەناوی تۆوە دەکرێ) لەوەتەی نووسینی کوردی هەیە لە هیچ سەردەم و رۆژگارێکیدا بەو رادەیە بەرەو هەڵدێر نەبراوە وەک ئەمڕۆکە بەناوی ئازادییەوە دەیبەن، بێگومان ئەگەر ئەم حاڵە بەردەوام بێ، ئەوە مەترسی لەوە خراپتریشی لێدەکرێ، ئەمەش باجی دروست بوونی دیموکراسییەتە و جارێ دەبێ بیژمێرین، یان باجی هەموو گۆرانکارییەکە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی بمانگوێزێتەوە. هۆی سەرەکی ئەو پاشاگەردانییەی نووسینی کوردیش بەپلەی یەکەم بۆ خراپ تێگەیشتن و بەدحاڵی بوون لە چەمکی ئازادی بەکارهێنان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەوەی لەلای ئێمەدا بەناوی ئازادی و هەبوونی دیموکراسییەت دەکرێ و دەوترێ و جێبەجێ دەکرێ لە قوتووی عەتاری هیچ وڵات و نەتەوەیەکدا بەدی ناکرێت و وێنەی نادۆزرێتەوە.




* دەکرێ ئێمە سوود لە ئەزموونی پێشکەوتووی وڵاتان و ئەو نەتەوانە وەربگرین کە بەهەمان قۆناغی ئێمەدا تێپەڕیون. رۆژنامەنووسی ئێمە بەناوی ئازادی بیرورا دەربڕینەوە دەکەوێتە وێزەی هەرچی جوانی هەیەو

کەی ویستی و کەی بیەوێ فەلاقەی هەر کەسێ دەکات، تەنانەت بەناوی ئازادییەوە بەخۆی رەوا دەبینێ دەست لە وردترین کاروباری ژیانی کەسی و تایبەتی خەڵکیش وەربدات و هەموو ماف و ئازادییەکانی پێشێل بکات کە مرۆڤ بەدەستی هێناوەو خەباتی بۆ کردووە، تەنیا ماف بەخۆی بەرەوا دەزانێ و بەناوی ئازادی بیرورا دەربرینەوە لەشێوەی جلوبەرگ و پۆشاک لەبەرکردنەوە تا بەجۆری خواردن و پێکەنین و پیاسەکردن و هەستان و دانیشتن و پژمین و کۆکین، تا بچووکترین مافی سادەو رەوای مرۆڤ رەوایەتی لێیان بسەنێتەوە و بایکۆتی بکات، ئەوەندە لووت لە ستایلی ژیانی تاکەکان دەژەنێ، تەنانەت بە خۆیان رەوا دەبینن بچنە ناو ژووری نووستنەکانی خەڵکیشەوە و پیاسەی تێدا بکەن.

* ئەو فەریکە رۆژنامەنووسە ناشی و ناکارانە، هەر ئەوانەن کە بەشێوەیەکی نارەوا لە پەنجەرە و بنمیچەوە دێنە ناو گۆرەپانەکەوەو پیشەی رۆژنامەگەری هەڵدەبژێرن، نەک لە دەرگا کراوەو رەوایەکانەوە هاتبن، بۆیە زۆربەی ئەوانەی لە روانگەی ئاسان تەماشا کردن کاری رۆژنامەنووسی هەڵدەبژێرن، هەر ئەوانەن تەپوتۆز بەرپا دەکەن، هەر ئەوانەشن کە کاری نەشاز دەکەن بەشاز و شازیش دەکەن بە نەشازو لەسەر ئەو ئاوازە نەشازانە دەیژەنن و ئەو دەسەڵاتە رەهایە بەخۆیان دەدەن (پسوولەی لێبوردن – صکوک الغفران)ی نیشتمانپەروەری و سەر بە نەتەوە بوون بەسەر خەڵکیدا دابەش بکەن. ئەمە لەکاتێکدا کاتی ئەوە هاتووە ناساز کردنی کەشوهەوای رۆژنامەگەری کوردی و شووڵ لێ هەڵکێشانی کەسانێک بەناوی ئازادی بیرورا دەربرینەوە دەبێ کۆتایی پێ بێ و بە یاسا سنوورێکی بۆ دابنرێ. ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانە! کە پێیان وایە لەشکرێک خوێنەریان بەدواوەیە، کە لێرەدا لە هەڵبژاردنی وشەی (لەشکر)یش هەر دەیانەوێ لەناو دنیای عەسکەرتاریدا دەسکەوت و ناوبانگیان هەبێ، دەیانباتە ناو دەستەی رۆژنامەنووسانی جەنگاوەرەوە، چونکە ئەوانە نایانەوێ لە رێگەی دەستەی دووەمی رۆژنامەنووسانەوە کە دەستەی عارفانن و لە رێگەی خۆشەویستی و فێربوون و زانیاری دانەوە پێوەندی و تەماس لەگەڵ خوێنەرانیان بگرن، چونکە دەستەی جەنگاوەران چاک دەزانن کارکردنی بەهێمنی و بەشینەوەی خۆشەویستی لەناو کۆمەڵگەی داخراو و دواکەوتوو رەواجی نییە و پووڵێک ناکات.

* تا ئێستا لە رۆژنامەگەری کوردیدا، جیاوازی لەنێوان وتارنووس و رۆژنامەنووس ناکرێ کە جیاوازی نێوانیان ئاسمان و رێسمانە. وتارنووس ئەوانەن کە لە ماڵەوە

**تا ئێستا لە رۆژنامەگەری کوردیدا، جیاوازی لەنێوان وتارنووس و رۆژنامەنووس ناکرێ کە جیاوازی نێوانیان ئاسمان و رێسمانە**

دادەنیشن و لەسەر سک لێی رادەکشێن و دەکەونە ئینشانووسین و لاپەڕە رەش کردنەوە و وتار دەنووسن، لەو حاڵەتەدا هەموو شتێ بەخۆیان رەوا دەبینن، تەنانەت ئەو گۆڤار و رۆژنامانە رێ لەبەردەمی ئەو وتارنووسە هەڵەشەو کاڵفام و هەرزەکارانە تەخت دەکەن و لەبەر ئەوەی بابەتی باشیان نییە گۆڤار و رۆژنامەکانیانی پێ پڕ بکەنەوە، رێگە بەوانە دەدەن بە ئارەزووی خۆیان باسی هەموو شتێ بکەن، خۆ لە بڤەو خەتەرەکانیش هەڵقورتێنن، ئەم جۆرە باس و خواسانەش لای ئێمەو میللەتانی هاوشێوەی ئێمەی دواکەوتوو نەبێ لە شوێنی دیکە وێنەی نادۆزرێتەوە پەیڕەو ناکرێ.

* راستە ئێمە سەقفی ئازادییەکەمان بەقەدەر بەژن و باڵای خۆمانە و رەنگدانەوەی کولتوور و کەلەپوور و رابردووی ئێمەیە، هەر ئەو دەلاقە و چەمکە هەڵبزرکاوەیە کە ئێمە لێیەوە تەماشای ئازادی دەکەین و لێی تێگەییوین. رۆژنامەگەری کە کارە بنەڕەتی و ستراتیژییەکەی (هەواڵ گەیاندن) و (ڕیپۆرتاژ) نووسین و سازکردنە، کەچی لەلای ئێمە دەگاتە رادی داواکردن لە وەزیر و بەرپرسی باڵاتری ئەو وڵاتە کە (بە هەڵبژاردن) هاتوونەو جڵەوی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، داوای دەست لەکارکێشانەوەیان لێدەکرێ، یان هەندێ جار خۆیان دەکەنە وەکیل و بریکاری خەڵک و لەجیاتی ئەوانیش قسەدەکەن و چۆنیان ویست ئاوا دەنووسن و چۆنیان ئیشتیها کرد وەک مقەس دەمیان بەم لاو بەولادا دەگێڕن، کە ئەم جۆرە رەفتارانە زیاتر دەچێتە قاڵبی هاندان و پەلاماردانەوە.

* ئازادی و چەمکی ئازادی بۆ ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانە بەشەرتی چەقۆیە، واتە تەنیا ئازادییان بۆ خۆیان دەوێ، ئازادی بەمیزاجی تاکەکەس، ئازادی بۆخۆت رەوایە تا ئەو رادەیەی خەڵکی بکەیت بە کۆیلەو سەپانی خۆت، ئازادی هەموو مافێک بەتۆ رەوا دەبینێ، بەڵام هەموو ماف و ئازادییەکی ئەوی دی ناڕەوایە و دەبێ دیزە بە دەرخونە بکرێ، بۆ خۆی درۆ هەڵبەستن، گێرەشێوێنی رەوایەو بەشێکە لە ئازادییەکانی و دەبێ مومارەسەی بکات، بەڵام بۆ ئەوی دی تەنانەت مافی داکۆکی کردن لەخۆشی رەوا نییە (ئەگەر بەشێوە مەدەنی و یاساییەکانیش بێت)، ئەو جۆرە کەسانەش کەمترین شتێکیان دەرهەق بوترێ دەبێ بە نەخۆش ناوزەد بکرێن. باشە ئەوانە ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست دەبێ چ بکەن؟ من لەو باوەڕەدام ئەوکاتە هەواو ئۆکسجینیش بە خەڵکی رەوا نابینن. ئەو جۆرە مومارەسەکردنەی (ئازادی) مومارەسەیەکی نەخۆشانەی سەقەتە، چونکە ئازادی پێش ئەوەی پێشێل کردنی مافی

> **رۆژنامەگەری کە کارە بنەڕەتی و ستراتیژییەکەی (هەواڵ گەیاندن) و (ڕیپۆرتاژ) نووسین و سازکردنە، کەچی لەلای ئێمە دەگاتە رادی داواکردن لە وەزیر و بەرپرسی باڵاتری ئەو وڵاتە کە (بە هەڵبژاردن) هاتوونەو جڵەوی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست**

تاکەکان و مافی گشتی بێ، هەوڵدانە بۆ ئازادکردنی خود و ناخ و زەوق و چێژ و فیکری خۆت لەو کۆت و پێوەند و پۆلیسانەی لەناختدا هەن و نووستوون.

* لەبەر ئەوەی پەروەردەکردنی ئێمە هەر لە سەرەتاوە سەقەت بووەو بە ئاراستەیەکی زانستیدا نەڕۆیشتووە، بۆیە تاکەکانی ئێمە بە (چەپاندن – کەبت) گۆش کراون، بەسەرکۆنە کردن پاڵەپەستۆیەکی زۆر خراوەتە سەر دەروون و ناخ و ئیرادەیان، کاتێ دێنە ناو دنیای نووسینەوە، لەزەت لە سەرکۆنە کردن و جنێودان وەردەگرن و بەجۆرێک لە (پیاوەتی – رجولە) و خۆ سەلماندنی خۆیانی دادەنێن بەسەر کەسانی دیکەدا، لێرەوە بوێری و ئازایەتی لە شەڕەجنێودا دەبیننەوە، نەک لە داهێنان و بەخشش و لێ زیادکردن بۆ سەر کەلەپووری میللەتی خۆیان و مرۆڤایەتی و خەمخۆری بۆ بەرهەمهێنانی شاکاری بەرز و جوان، ئەو مەنتیقەش تەنیا زاڵبوونی خۆیان و کەڵەگایی بۆ رەگەزی دووەم (مێینە) نییە، ئەوەندەی گواستنەوەی ئەو مومارەسە سەقەتەیە بۆ نێو پیاوسالاریش.

* ئازادی پێش هەر شتێ هەستێکی ناوەکییە، ئادەمیزاد لە دەروون و قووڵایی ناخی خۆی هەستی پێدەکات، چەندی خاوەنی رۆشنبیرییەکی قووڵ بێ و بە قووڵی بڕوانێتە ژیان، ئەوەندە جوانتر گوزارشت لەو ئازادییەی خۆی دەکات و پێویستی رۆحی و حەیاتی خۆی پێ پڕ دەکاتەوە، بۆیە جیاوازی نێوان (ئازادی) و (ئەنارشیزمییەت) و (بەرەڵڵایی) ئەوەیە کە هەر یەکەیان ئاراستەی جیاوازی خۆیان هەیە، ئەوانەی هەڵسوکەوتێکی هەستیارانە لەگەڵ ئازادی ناکەن، خۆشیان نازانن چۆن قاچیان دەخلیسکێتە نێو زەلکاوی بەرەڵڵایی و لە هەموو بنەماو بەهایەکی رەوشت بەرزانەو مرۆڤانەی تەندروست دووردەکەونەوە.

*کاتێ تۆ ئازادانەو بە هۆشیارییەکی کامڵ و پێگەیشتووانەوە دەنووسی، مەبەست لێی رووخاندن لە پێناوی رووخاندن نییە، ئەوەندەی مەبەست لێی پرۆسەی رووخاندنە لە پێناوی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ژیان و جوانترکردنی.

کاتێ تۆ ئازادانەو بە هۆشیارییەکی کامڵ و پێگەیشتووانەوەدەنووسی، مەبەست لێی رووخاندن لە پێناوی رووخاندن نییە، ئەوەندەی مەبەست لێی پرۆسەی رووخاندنە لە پێناوی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ژیان و جوانترکردنی

نووسەر و داهێنەر چەندی هێزی رووخاندنیان تێدایە، دەبێ زۆر لەوە زیاتر هێزی بیناکردنەوەیان تێدا بێ، هەر لەو روانگەیەوەیە کە باسی رۆڵی پێشەنگایەتی نووسەران و داهێنەران دەکرێ کە هەمیشە کۆمەڵ هاندەدەن بۆ جووڵاندن و گۆڕانکاری بەرەو ئاقاری پێشکەوتن و هەڵکشانی دەبەن، واتە لە گەڕانەوە بۆ دواوەو پێکوڵە کردن رزگاری دەکەن.

* لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە داوو دەزگایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەلات لە جیاتی ئەوەی ئازادی

و چەمکەکانی بە ئاراستەیەکی تەندروست و راستەڕێی خۆیدا ببەن، زۆرجار ئەوانەی بەشێواوی و گێرەشێوێنانە مومارەسەی ئازادی دەکەن و بەخراپی دەیخەنە کار و واری جێبەجێکردنەوە، لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن سنوورێکیان بۆ دابنرێ و بەپێی یاسایەک رەفتار و لێپێچینەوەیان لەتەکدا بکرێ، دێن و دەست لە پشتیان دەدەن، تەنانەت لەسەر حیسابی پێشێل کردنی ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵ و لەسەر جنێوفرۆشی و لەکەدارکردنی خەڵک هەندێ جار خەڵاتیش دەکرێن، ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە پشتگیری کردن لە جۆرە (ئازادی)یەکی رەهای خوار و خێچ و پاشان دەبێتە رێچکەو رێبازێک بۆ کەسانی تریش تا زیاتر بەو ئاراستە هەڵەیەدا بڕۆن و پێڕەوی لێبکەن، بەڵکو ئەوانیش رۆژێ لە رۆژان خەڵات و ئافەرین بکرێن و لەو جۆرە خەڵاتانە بێبەش نەبن و فریای خۆیان بکەون.




* بۆیە لەلای من نووسین لە هۆیەکانی راگەیاندن لە بارەی رووداوگەلی ئەمڕۆکەوە، بەتایبەتیش لەناو رۆژنامەدا جۆرێکە لە دیبلۆماسییەت بۆ وتنی هەموو باس و خواس و بابەتەکان بە ئەتەکێتێکی جوان و شایان و لایق، بەڵام بەبێ سازشکردن و دەستبەرداربوون لە بیروڕاو بیروباوەڕی خۆت، بە مەرجێ ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسە بزانێ شتەکانی خۆی چۆن بڵێت، چونکە ئەوەش هونەرە لە وڵاتێکدا لەناو ئەو هەموو هێڵە سوور و قەدەغە کراوانەدا، لەسەر زەمینەیەکی بەمین چێنراودا، بزانین چۆن هەنگاو هەڵدێنین و قاچ دەخەینە سەر چ زەوییەک کە تێیدا مینێکی بە دەموچاوتدا نەتەقێتەوە.

*بەنموونەهێنانەوەی رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی کۆتایی بەم وتانەم دێنم کاتێ نووسیبووی (نیوەی پەرلەمانی فەرەنسی کەرن) کە ئەم دەربڕینە رستەیە هەرایەکی زۆر گەورەی لێ کەوتەوەو رۆژنامەنووسەکەش بە تۆمەتی ناوزڕاندن درایە دادگاو داواشیان لێکرد داوای لێبوردن لە پەرلەمانی فەرەنسی بکات، بەڵام رۆژنامەنووسەکە توانی بە دیبلۆماسییەتی خۆی روونکردنەوەیەک بنووسێ کە تێیدا پارێزگاری لە هەمان بیروڕای پێشووی خۆی بکات کاتێ لێبوردن نامەکەی بەم جۆرە نووسی: (نووسیبووم نیوەی پەرلەمانی فەرەنسی کەرن، من داوای لێبوردن دەکەم لەو بیروڕایەمدا، چونکە نیوەی پەرلەمان کە بە

کەرم دانابوون. کەر نین) لێرەدا مەبەستەکەی روونە نیوەکەی لێ دەرهاوێشتووەو نیوەکەی تری هەر بەو سیفەتە هێشتووەتەوە کە پێشتر بیرورای لە بارەیانەوە دەربڕیبوو.

## پەیامی رۆژنامەنووسیی پەلاماردان و جنێوفرۆشی نییە

* ئەگەر نووسین بە هەموو کایەو بوارەکانی خۆیەوە بریتی بێ لە شێوازو وەک بیفۆن دەڵێ: (شێواز ئینسانەکە خۆی بێت)، ئەوە بێگومان لەو شێوازەوە کەسایەتی و رەوشت و ئاستی رۆشنبیری و تەنانەت جۆری پەروەردەی ئینسانیش بەدەردەکەوێ، چونکە (شێواز)ی ئەو کەسە، کەسەکەی پێ دەناسرێتەوە و ئاستی رۆشنبیری و کەرەسەکانی دەستی و بوێرییەکەی بەدەردەخات، کاسەش ئەوەی لێ دەرژێ کە لەناویەتی، بوێریش بەشێکە لەبیر و هزری کەسەکە کە هێزی کەسایەتی و مەنتیقی ئەو کەسە دروستی دەکات، واتە قەت بوێری گێرەشێوێنی و جنێودان و سووکایەتی بە خەڵک کردن و ناوزڕاندن نییە، چونکە بۆ ئەم کارانە هەموو کەس دەتوانێ باڵانسی خۆی لەدەست بدات. ئاژاوەگێری و تۆمەت بەشینەوە هەموو کەس پێی دەوێرێ و دەتوانێ مومارەسەی بکات، بەڵام هەموو نووسەرێک ناتوانێ قورس خۆی رابگرێ و باڵانسی خۆی تێک نەدا!.

* ناکرێ و نالوێ بەناوی ئەوەی رۆژنامەنووسێکی لاوە، چی دەیەوێ بیکات و بیڵێ بەبێ گوێدانە هیچ داو و نەریت و پرەنسیپ و ئەخلاقیاتێکی رۆژنامەوانی، چونکە ئەگەر ئەو کەسەی لە رۆژنامەیەک، گۆڤارێکدا سووکایەتی پێدەکرێ، تۆمەتباریش بێ، ئەوە تۆمەتبار بەپێی یاسا (بێتاوانە) تا تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێ، ئەوەش لەکاتێکدایە کە دیقەت و لێکۆڵینەوەی وردی یاسایی لەگەڵ دۆسیەکەیدا دەکرێ، نەک هەر بە نوقڵانە لێدان و گومان کردن لە نرخی خەڵکی بهێنرێتە خوارێ. جاری واش هەیە رۆژنامەنووسی لاو و کەم ئەزموون دەست بۆ مەسەلەی زۆر حەساس دەبەن، بەبێ ئەوەی بزانن بەم کارەیان درز و کەلێن دەخەنە ناو ریزەکانی گەلەکەیانەوەو هەرەشە لە ئایندەو ئاسایشە نەتەوەییەکەی دەکەن، لەو باسانەش باسوخواسی ناووناوبانگی بنەماڵەیی و خانەوادەیی، مەزهەبی و تایفی و ئایینی پڕ مەترسی دەورووژێنن، یان جاری وا هەیە دادگا کێشەیەکی یەکلایی نەکردووەتەوە، کەچی ئەوان دەچن کنەی تێدا دەکەن و بە ئیشتیهای دڵی خۆیان قسە هەڵدەڕێژن و لاپەڕە رەش دەکەنەوە.

* ئەگەر پەیامی رۆژنامەگەری وەک پێشتر وتمان بۆخۆی

**"جاری واش هەیە رۆژنامەنووسی لاو و کەم ئەزموون دەست بۆ مەسەلەی زۆر حەساس دەبەن، بەبێ ئەوەی بزانن بەم کارەیان درز و کەلێن دەخەنە ناو ریزەکانی گەلەکەیانەوەو هەرەشە لە ئایندەو ئاسایشە نەتەوەییەکەی دەکەن"**

هەواڵنامەی کتێب

گەیاندنی (هەواڵ)ـە بە گەرماو گەرمی و بەراستگۆیی، یان پێشکەش کردنی ڕیپۆرتاژ بێ لەبارەی ئەو دیاردانەی لەناو کۆمەڵگادا زەقن، لەم دوو ئەرکەی رۆژنامەوانیشدا بەهیچ شێوەیەک ناکرێ (رۆژنامەنووس) بیروڕای خۆی بخاتە دووتوێی (هەواڵ)ـەکانەوە، یان (ڕیپۆرتاژ)ەکەی بەو ئاراستەیەدا ببات کە خۆی حەزی پێدەکات، چونکە لەم حاڵەتەدا کارەکەی لە پەیامی رۆژنامەگەری دەردەچێ و ئەوسا دەبێ ناوێکی دیکەی لێ بنێین. کە دەگوترێ ئەمڕۆکە رۆژنامەگەری کوردی تووشی بێ سەروبەری و ئاژاوەگێڕی هاتووە، لەبەر ئەوەیە کە رۆژنامەگەری کوردی خەڵکانێکی زۆری تێکەوتووە کە سیفەتی رۆژنامەنووسیان تێدا نییە، لەبەر ئەوەی ئەوانە لە جیاتی بایەخدان بەلایەنی پیشەیی، بە کەیف و ئارەزووی خۆیان کەوتوونەتە تانەو تەشەردان و ناوزڕاندن و سووکایەتی کردن بە پیشەی رۆژنامەگەری و یەخەگرتن بە نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەو لێهاتوو کە ئەوانە سەرمایە و گەنجینەی نەتەوەیەکن، داخەکەم کەسیش نییە لەو جۆرە کەسانە بپێچێتەوەو تا ئێستا هیچ یاسایەک نییە ڕێگە لەو جۆرە دەمشڕانە بگرێ و سنوورێکیان بۆ دابنێ.

* لەوەش کارەساتبارتر ئەوەیە کەسانی نەفس نزم و لاواز و بوودەڵە کە لەوەتەی هەن پیشەیان شان تەکاندن و ماستاو ساردکردنەوەو کاسەلێسییە، لەجیاتی ئەوەی ئەو جۆرە کەسانە کە نامۆن بەدنیای رۆژنامەگەری و نووسین و داهێنان بە نزمی تەماشا بکەن تا گۆشەگیر بکرێن، دێن و دەکەونە ماستاو ساردکردنەوە و مەرایی کردن بۆیان و دەست لە پشتیان دەدەن تەنیا بۆ ئەوەی بەلای ئەواندا نەچن و لەبارەی پۆخڵەواتی رابردووی پڕ لە شەرمەزارییان نەنووسن و لاپەڕە رەشەکانیان هەڵنەدەنەوە، ئیتر چ دەبێ با ببێ، ئەوانە بەو جۆرە خۆ رەپێش کردن و خۆبردنە پێشەوەو مەرایی کردنەیا وا دەزانن دەتوانن خۆڵ بکەنە چاوانی خەڵکی و بەو چەواشەکاری و چاوڕاو و بوودەڵییە خۆیان بشارنەوە، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە وەک وشتر مورغیان لێهاتووە، واتە سەریان لەناو لم نقووم کرددووەو وادەزانن هەموو گیانیان شاردراوەتەوە.

* سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر دروشمی پاراستنی ئازادی بیروڕا دەربڕین و نان نەبڕینی رۆژنامەنووسان داکۆکی لە ئەندامانی خۆی دەکات، ئەمە کارێکی جوانە، بەڵام پێویستە پێش هەر شتێ لامێژو مشەخۆرەکان لە رۆژنامەنووسە راستەقینەکان هەڵاوێرێ، چونکە ئەو دروشمە ناکرێ بۆ ئاژاوەگێڕو گێرەشێوێنان

> **سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر دروشمی پاراستنی ئازادی بیروڕا دەربڕین و نان نەبڕینی رۆژنامەنووسان داکۆکی لە ئەندامانی خۆی دەکات**

بێ و سوودی لێوەربگرن، یان هەر ناکرێ ریزەکانی خۆی لەو جۆرە کەسانە پاک نەکاتەوە، پێویستە وەک داکۆکی لەوانە دەکات و بەیاننامە بۆ پشتگیری کردنیان دەردەکات کاتێ رووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی و یاسایی دەبنەوە، بەهەمان شێوەش دەبێ کەرامەتی رۆژنامەنووسە چاکەکانی لەلای خۆی ئەندامن بپارێزێ کاتێ بەهەوەنتە ناووناوبانگیان بەر چەقۆ دەدرێ. دەمێکە وتراوە (ئینسان تەنیا بەنان ناژی) من دەپرسم نان لە کەرامەتی ئینسانێک گەورەترە کاتێ تووشی ناوزڕاندن دەبێتەوە؟ سەندیکاو نێوەندی رۆژنامەوانی و رۆشنبیری دیکە بۆ خۆیان سەنگ و قەوارەی هەر رۆژنامەنووس و نووسەرێک لەناو نێوەندەکە لە هەموو کەس باشتر دەزانن، کاتێ لەلایەن کەسانی جاهیل و جنێوفرۆشەوە پەلامار دەدرێن ناکرێ نقەی لێوە نەیەت و بەرانبەر بەو نامۆیانەی ناو بارودۆخی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی هەڵوێستی نەبێ کە بێ دەوەست و بێ پەروا دێنە مەیدانەوە، چونکە ئەم جۆرە دیاردانە سەرەتا بە حاڵەتی دەگمەن و تاکە و تەرا دەست پێدەکەن، یان ناکرێ لەم بارەیەوە هەڵوێستی دووفاقانە بگیرێتەبەر.

* وەک ئەو هەڵوێستەی بەرانبەر بە جنێوفرۆشان و دەمشڕان نییە و نابینرێ، تا ئەم لەحزەیەش یاسایەک نییە رۆژنامەنووس و نووسەری راستەقینە لە کەڵبەی ناهەقی بپارێزێ، کارەکان بە پێچەوانەش دەکەونەوە، چونکە لەکاتێکدا خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەیە جنێوفرۆش گۆشەگیر بکرێ تا هیچ نەبێ بەخۆیدا بچێتەوەو هەوڵ بدات لە داهاتوودا بە ئەدەبانەتر بێتە حزوور، کەچی کارەسات لێرەدا ئەوەیە کەسانی هەبن لەبەر خاتری چاوی کاڵی (جنێوەکان)ی خەڵات و ئافەرین بکرێ، هەڵبەتە ئەم کارە خەڵکانی دی هان دەدات کە چاو لەو جنێوفرۆشە بکەن، تا بەڵکو ئەوانیش بەهۆی کاری جنێوفرۆشی و ناوزڕاندنی خەڵکییەوە خەڵات و بەرات بکرێن، واتە جنێوفرۆشی دەبێتە قاعیدەو رێچکەیەک و دواتر کەسانی دیکەیش بەو رێگایانەدا دەڕۆن و هەر ئەو رێگایە تاقی دەکەنەوە، لەجیاتی ئەوەی پێشی لێبگیرێ.

* وەک پێشتر وتم رۆژنامەنووسی ئاخر زەمان هەیە هەوڵ دەدات بەناو ژووری نووستن و ناو داڵان و حەوشەی ماڵەکانیشدا پیاسە دەکات و قسە لە بچووکترین تایبەتمەندیی کەسەکان بکات، ئەوەش لەبەر ئەوەیە سنووری کاری خۆی نازانێ، لەکاتێکدا وەزیرێک بەقەدەر بێژەرێک قات و بۆینباغ ناگۆڕێ، ئەو دێت و باسی ژمارەی قاتەکان و بۆینباغەکانی دەکات، بگرە تەمەنناش دەکات بچێتە جێگەی

"

**وەک پێشتر وتم رۆژنامەنووسی ئاخر زەمان هەیە هەوڵ دەدات بەناو ژووری نووستن و ناو داڵان و حەوشەی ماڵەکانیشدا پیاسە دەکات و قسە لە بچووکترین تایبەتمەندیی کەسەکان بکات**

"

ئەو و بەقەدەر ئەو قات و بۆینباغی هەبێ، کە ئەمە لە هیچ شوێنێکی ئەو دنیایەدا جێگەی رەخنەو گلەیی نییە، چونکە ئەرکی رۆژنامەنووسیی قسەکردن و گفتوگۆکردنی قووڵ و قورسە لەبارەی بەرنامەو کاری حکوومەت و شێوەی ئەدا کردن و جێبەجێ کردنی پرۆژەکان و قووڵکردنەوەی هەست و گیانی لێپرسینەوە لەلای ئەندامانی کۆمەڵ و قاودانی گەندەڵییە لەکاتی ئیشوکار راپەڕاندندا، کەچی دەبینین خەڵکی بە شتی لاوەکی و لابەلایی خەریک دەکرێن و شتە جەوهەرییەکانیان لەبیر دەبرێتەوە.

* هەندێ رۆژنامەنووسی ئەمڕۆی کورد لەناڵیش دەدەن و لە بزماریش دەدەن، لەگەڵ دزو لەگەڵ قازیشن، خۆشیان نازانن یاساو چەسپاندنی یاسایان دەوێ، یان یاسای دارستان و جەنگەڵستانیان دەوێ؟ چونکە دەبینین لەلایەک داوای یاسا و جێگیرکردنی یاسا دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هانی خەڵکی دەدەن بۆ سەرپێچی کردن و کاری نایاسایی، یان سەرپێچی کردن لە یاسا دەکرێتە مانشێت، ورووژاندن و هاندانی خەڵکی بۆ هەڵگەڕانەوە لە دامودەزگا شەرعییەکانی خۆی دەگیرێتە بەر، کە ئەمەش جۆرێکە لە سەرلێشێواوی، چونکە خواشیان دەوێ و خورماشیان دەوێ، بەخۆشیان نازانن لە چ سەنگەرێک وەستاون و تەقە لە کێ دەکەن؟ بۆ نموونە لەلاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەیەکدا بەم ناوونیشانە هەواڵێکم خوێندەوە: (لە زانکۆی دهۆک هەشت قوتابی فەسڵ دەکرێن)، خوێنەر کە ئەم ناوونیشانە دەخوێنێتەوە یەکسەر بیری بۆ ئەوە دەچێ کە لە زانکۆی دهۆک ناهەقی و زوڵمێک بەرانبەر بە هەشت قوتابی کراوەو فەسڵ کراون، بەڵام کە خوێنەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەخوێنێتەوە تێدەگا ئەم هەشت قوتابییە لەبەر غیاباتی زۆر فەسڵ کراون، کە لێرەشدا دەبوو ئەم رۆژنامەیە لەناوونیشانەکەیدا ئەوەش بنووسێ (لەبەر غیاباتی زۆر لەزانکۆی دهۆک هەشت قوتابی فەسڵ دەکرێن)، پاشان وەک ئەرک و پەیامی رۆژنامەنووسیش بوترایە بۆ گورج و گۆڵ کردنی پرۆسەی خوێندن پێویستە ئەو جۆرە ئیجرائاتانە زیاتر بکرێن، خۆ ئەگەر حەزمان بە رەخنەش دەکرد، دەبوو بڵێین پێویستە ئەو کارانە بەبێ فەرق و جیاوازی لەناو هەموو زانکۆکانی هەرێم بەرانبەر بە هەموو قوتابی و خوێندکارێک لەسەری



بەردەوام بین و بەهەر بیانوویەکەوە بێ چاوپۆشی لە دەوامی قوتابیان نەکرێ، دەنا سیستمی پەروەردە بەرەو پێشەوە ناڕوا.

* جاران جنێوەکان کە ئاراستەی یەکتری دەکران زیاتر لە حزبەکانەوە دەستی پێدەکرد، بۆیە دەڵێم لە حزبەکانەوە دەستی پێدەکرد، چونکە بەهۆی ئامێری راکاڵەوە ئەو جنێوانە دەدران و خەڵکی دەمشڕ دەهێنرانە سەر ئەو جیهازانەو دەکەوتنە جنێوی سووک و بازاڕی دان بە یەکتری، ئەمڕۆکە خەریکە سایتە کوردییەکان شوێنی جیهازەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ دەگرنەوە و بەو ئاراستەیەدا دەبرێن و بۆ یەکلایی کردنەوەی حیساباتی سیاسی هەمان کار و ئەرکیان پێ دەسپێردرێ، بەڵام نەختێ لەسەردەمی شەڕی جیهازەکان ماقووڵتر و وەستایانەتر ئەو کارە جێبەجێ دەکرێ.

* ئەوەی کە زیاتر گومانەکە خەست و چڕ دەکاتەوە ئەوەیە کە جنێودان و ناوزڕاندنەکە بە هەڵبژاردنی کەسانێک کۆتایی پێ دێ کە بەلایانەوە مەبەستە تەنیا ئەوانە بخەنە ناو بازنەی جنێو و ناو زڕاندنەکانەوە، واتە کارەکە کارێکی ئینتیقائییە، بۆیە سەرنج بدەن دەبینن لەپاش راپەڕین ئەوانەی زۆرترین پەلامار و هێرش دەکرێتە سەریان، زۆریان کەسانی دڵسۆز و پەرۆش و غەمخۆر و جدی و کاریگەرن، هەر هیچ نەبێ ئەوانە زۆرینەی ئەو کەسانەن کە هێرش دەکرێتە سەریان کە لە گۆرەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا کار دەکەن، ئەگینا بە دەیان کەس هەن شایەنی ئەوەن لێیان لە هەڵڵا بدرێ و ریسوا بکرێن، چ لەوانەی پێش راپەڕین، چ ئەوانەی دوای راپەڕین، کەچی خۆیان لە ئاستی ئەوانەدا گێل دەکەن و لەباشترین حاڵەتدا زۆران کەس هەن کە شتی ناجۆر و کاری ناپاکانەی نارەوایان لێ وەشاوەتەوە، کەچی ناوی ئەوانە لە کولەکەی تەریشدا نایەت، چونکە ئەوەندەی مەبەستیان لێدانی کەسانی بەرچاو و ناسراو و ئیشکەرە، ئەوەندە مەبەستیان ئەو جۆرە کەسانە نییە.

* ئەمڕۆکە بواری راگەیاندن و رۆژنامەوانیش بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لەکاری گەندەڵی، گەندەڵی وەک دیاردەیەک کە راگەیاندنەکان زەقیان کردەوە و ئێستە بووەتە وێردی سەر زاران، باس لە هەموو جۆرە گەندەڵییەک دەکات، تەنیا گەندەڵی بواری رۆژنامەڤانی و راگەیاندنی بواردووەو زۆر کەم نەبێ ئەگینا خۆی لەقەرە نادات، تۆ بزانە چەندین رۆژنامەوان و پەیامنێر کاتێ دەگەنە لای هەر بەرپرسێک داوای دەسکەوت و ئیمتیازاتی لێ دەکەن، داوای راپەڕاندنی کاری نایاسایی لێ دەکەن.

> **جاران جنێوەکان کە ئاراستەی یەکتری دەکران زیاتر لە حزبەکانەوە دەستی پێدەکرد**

جاری وا هەیە لەنێوان ڕۆژنامەنووس و گەندەڵکاران ژێراوژێر ڕێکەوتن هەیە بۆ ئەوەی زۆر کەتنی زەق و گەورە دیزە بەدەرخوونە بکەن تا پەردەپۆش بکرێ، ئایا ئەوە جۆرێک لە گەندەڵی و کاسەلێسی نییە ڕۆژنامەنووس چاو لە زۆر هەڵەو کاری نارەوا بپۆشێ و بەدەم چەور کردنێک خەڵکی بەشتی پەراوێزییەوە سەرقاڵ بکات؟

* بەهۆی ئەو زۆری و بۆرییەوە کە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە، دیاردەی زۆر دزێو و ناشیرین لەنێو دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا پەیدابوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەو دیاردانە زیاتر زەق دەبنەوە، وەک دەبینین ئەمڕۆکە کەس لە ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکار دەم گەرمتر نییە سەبارەت بە باسوخواسی فەراهەم کردنی هەلومەرجی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی تاکەکانی کۆمەڵ و بەتایبەتیش مافی ئافرەتان، بەڵام کەسانێکی ناو ئەو توێژە هەن کە لە هەموو کەس زیاتر بێ ڕێزی بەرانبەر ئازادی و مافەکانی تاک و بەتایبەتیش مافی ئافرەتانی هاوپیشەی خۆیان دەنوێنن، چونکە زۆر دەست گەرم کردنەوەو فریودانی ئافرەتان لە پەنای کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییەوە بەدی دەکرێ و لەسەر حسابی قودسییەتی ئەو پیشەیە بەڕێوە دەڕوا، تا وای لێهاتووە زۆر ئافرەتی خاوەن توانایی و لێهاتوو هەن ناوێرن بێنە پێشەوە، ئەمەش لەترسی ئەوەی نەوەک لەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن لێی ڕاپەڕن و بەنیازی دەست گەرم کردنەوە و ناوزڕاندنیان بکەونە ئابلۆوقەدانیان.

* لایەنێکی دیکەی ناڵەبار کە بەخراپی بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی کەوتووەتەوەو دیمەن و وێنەیەکی شێواو و شەپرێوی بێ بەخشیوە ون بوونی دیقەتە لە گوێزانەوەی هەواڵ و گەیاندنی بیروڕای ئەو کەسانەی کە دەمەتەقێ و گفتوگۆی سەبارەت بە زۆر بوار و کەلێن و کەلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری لەگەڵ ساز دەدرێ کە ئەمەش دەبێتە مایەی گۆڕینی ئاراستەی بیروبۆچوونەکان و نەگەیشتنی پەیامی ڕاست و دروست و ڕاستەقینەی ئەو بیروڕا و نیاز و بۆچوونانە، ئەوەش بەبارێکی سەلبی بۆ سەر کەسایەتی ئەو کەسانەی قسەیان کردووە دەشکێتەوە، چونکە لەکاتی گوێزانەوە و بەتالکردنەوە قسە تۆمارکراوەکان زۆر نائەمینانەو نەشارەزایانە ئەو قسانە دەخرێنە سەر کاغەز.

* لە کاری ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆماندا ئەوەندەی نان پەیداکردن ئامانجی سەرەکییە و وەک وەزیفەیەکی بەدەسکەوت و پڕ داهات تەماشا دەکرێ، ئەوەندە لەلای کەسانێکی زۆرەوە ئەم پیشەیە نەبووەتە عیشق و خۆشەویستی، کاتێ عیشق

**بەهۆی ئەو زۆری و بۆرییەوە کە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە، دیاردەی زۆر دزێو و ناشیرین لەنێو دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا پەیدابوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەو دیاردانە زیاتر زەق دەبنەوە**

و خۆشەویستی پیشەکە ئەو جۆرە کەسانەی نەهێناوەتە ناوەندەکەوە، بۆیە دەبینین کاری رۆژنامەوانی لێ دەبێتە کارێکی پڕ لاسایی کردنەوەی تەقلیدی و رۆتین و تەنانەت لەلای ئەو کەسانە دەبێتە رۆژ بەرێ کردن و تەمەڵی و هیچ تر، بێ ئەوەی بیر لەکاری جۆرەکی و نوێ و جدی بکرێتەوە، یان بیر لە پەرەپێدانی توانست و بەهرەی رۆژنامەنووسییانەی بەردەوامی خۆیان بکەنەوە.

* ئەمڕۆ بەهۆی زۆربوونی بڵاوکراوە و چاپکراوەکان و زۆری و بۆری ژمارەی رۆژنامەو گۆڤارەکان حەشاماتێک (رۆژنامەنووس!) و ژمارەیەکی بێ شومار بەناوی رۆژنامەگەرییەوە روویان کردووەتە ناو دنیای رۆژنامەگەری، کاتێ ئەو هەموو کەناڵە زۆر و زەوەندەی (بیستراو، بینراو، خوێندراو) هەبن کە کورد لەمێژووی کۆن و نوێیدا شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە، خەڵکانێکیش هەبن کە لە پەنجەرەو بن میچەوە هاتبنە ناو بوارەکەوە، ئەوسا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو حەشاماتە کەسانی لاوازیان تێدەکەوێ و زۆر زوو لەلایەن ئەملاو ئەولاوە دەستەمۆ دەکرێن، چونکە جاری وا هەیە نەک هەر ئەو حزب دژی ئەو حزب خەڵکی لەو جۆرە رادەگرن و پەروەردە و ئاراستە دەکەن و بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنن و پارە و مەسرەفی زۆر لەپێناو راکێشان و کڕینیان خەرج دەکەن، بەڵکو ئێستا وای لێهاتووە تەنانەت لەناو یەک حزبیشدا ئەو جۆرە (رۆژنامەنووس!) و راگەیاندنکارانە بە کرێ دەگرن و لە دژی خەتی دیکەی ناو هەمان حزب و کەسانی ناحەزی خۆیان بەکاریان دەهێنن و دەیانکەن بە گژیاندا و تەسفیەی حیساباتی خۆیانیان پێ دەکەن، تا وای لێهاتووە راگرتنی ئەو جۆرە کەسانە بۆ دژایەتی پێ کردنی حزبی دیکە سەرەتا لەسەر کادیر و کەسانی لای خۆیان تاقی دەکەنەوە.

* زۆر بە داخەوە هەندێ لەو رۆژنامەنووسانەی زمانێکی زبر و پڕ لە توندوتیژی لەکارەکەیاندا بەکاردەهێنن، ئەو زمانەیان پێوەندی بە گرێی دەروونی و بوغزو کینەی خۆیان و بەگیانی (تۆڵەکردنەوە)وە هەیە، ئەمەش لەو کاتەدایە کە ناکۆکی و دوورکەوتنەوەی بەرژەوەندی نێوان رۆژنامەنووسێک و بەرپرسێک دروست دەبێ. من لە بیرمە پێش چەند ساڵێک رۆژنامەنووسێکی دیار لەبەر ئەوەی وەزیری پەروەردە خێزانەکەی نەگوێزابووەوە نزیک ماڵەکەی لێی کەوتبووە عینادی و هەر زوو بە زوو بە خراپی لەسەر وەزیری وەزارەتی پەروەردەی ئەوسای دەنووسی، کە تەنانەت لەناو نووسینەکانیدا کەوتبووە ناو شتی زۆر بچووک و بێ ماناوە.

> **لە کاری رۆژنامەوانی ئەمڕۆماندا ئەوەندەی نان پەیداکردن ئامانجی سەرەکییە و وەک وەزیفەیەکی بەدەسکەوت و پڕ داهات تەماشا دەکرێ، ئەوەندە لەلای کەسانێکی زۆرەوە ئەم پیشەیە نەبووەتە عیشق و خۆشەویستی**

* بەشێکی زۆری ئەو شێواوی و ئاژاوەیەی کەوتووەتە نێو دنیای رۆژنامەگەری کوردی هەر خودی دەسەڵات بە پارەی خۆی و بەرێنمایی و دەست لە پشتدان و ئامانج و مەرامی خۆی دروستی کردوون، ئەوەتا ساڵانە چەندین کەناڵی رۆژنامەوانی و راگەیاندن و بە پاڵپشتی و پیشتیوانی ئەو حزبانە دەکرێنەوە و گەورە دەبن و پەل دەهاوێن، ئەمەش نەک ساف لە ساف بۆ خزمەتکردنی رۆژنامەگەری و بزاڤی رۆشنبیری کوردی، بەڵکو بە مەبەستی کارکردن بە مەرام و ئاراستەی ئەوان. دەزگای وا هەیە بەشێوەیەکی ئەهلییانە دەست پێدەکات، بەڵام لە پاشاندا بۆ ئیحتیوا کردنیان و بوونیان بە بوقی خۆیان، یان بۆ ئەوەی دژایەتی کەسانی دیکەی پێ بکرێ دەکڕدرێن، هەندێ جاریش بۆ ئەو جۆرە ئاراستەو ئیش کردنە سەرەتا خۆیان دایاندەمەزرێنن و پارەیان لێ خەرج دەکەن، پاشان بەسەر خۆیاندا قلْپ دەبنەوە. جاری واش هەیە هەر ئەو کەناڵانە بەناوی ئەهلی بوونەوە بۆ بێ رێزی کردن و لەکەدارکردنی کەسانی بەرچاو بەکاردێن.

* ئەمڕۆکە بەرپرسی وامان هەیە ئیشی تەنیا بووەتە چاوشارکێ کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی لە رۆژنامەی (فچائحی)دا کاردەکەن، بۆ ئەوەی رەزامەندی ئەوان بەدەست بهێنن نەوەک خوانەخواستە ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانەی لێ زویر بن و لێی بورووژێن و بکەونە نووسین لەسەر گەندەڵی و کارە دزێو و ناڕەوایەکانی، بۆیە بۆ دەمکوت کردنی ئەوانە کار دەکات، ئەو گۆڤار و رۆژنامانەش کە ئیشیان رەخنەگرتن نییە و رەخنەی توند ناگرن زۆر جێگەی سەرنجیان نین و گوێیان پێ نادرێ و دەروەستیان نین هەبن، یان نەبن، ئەگەر بۆیان نەبێتە عەیبە حەز دەکەن لە شەو و رۆژێکدا هەر هەموویان دابخرێن، چونکە ئەو جۆرە گۆڤار و رۆژنامانە پرۆپاگەندەیان بۆ ئەوان پێناکرێ.

* بەپێی ئەو دەستوورەی کە لە کتێبی (میر)ی میکاڤیللی داهاتووە دەسەڵات هەمیشە و زیاتر پێویستی بە خەڵکی نەشاز و عەنتیکە و لاوازە و هەڵەشە هەیەو زۆرتر بایەخ بەو جۆرە کەسانە دەدا و لەخۆی خڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەر کاتێ لە رێنمایی و ئاراستەی ئەو دەرچوون و سەرپێچییان بەرانبەری کرد، ئەوە دەستی لێ بەربدات و بیداتەوە دەست شەقام،ئەوسا شەقامیش وەک ریسوایەک مامەڵە لەتەک ئەو جۆرە کەسانەدا دەکات، وەک پێشتریش هەر وای تەماشا کردوون، بۆیە دەسەڵات (هەر دەسەڵاتێک) لەمڕۆکەدا زۆریان بەلاوە گرنگ نییە کەسانی خاوەن کەسایەتی بەهێز و قورس لەخۆی کۆبکاتەوە، بگرە هەندێ

**"بەشێکی زۆری ئەو شێواوی و ئاژاوەیەی کەوتووەتە نێو دنیای رۆژنامەگەری کوردی هەر خودی دەسەڵات بە پارەی خۆی و بەرێنمایی و دەست لە پشتدان و ئامانج و مەرامی خۆی دروستی کردوون"**

جار لە حورمەتی ئەو کەسانە دەدات تا لەناو خەڵکیدا هیچ نەنوێنن و لەسەرووی خۆیانەوە کەسانی کاریگەری لەو جۆرە نەبێ و نەمێنێ، نەوەک کار بکەنە سەر رای گشتی و شەقام بجووڵێنن.

* خوێنەری ئێمە کە دەبوو هۆشیارییەکەی لە ئاستێکدا بێ سنوورێک بۆ ئاژاوەگێڕ و قەڵەمی خۆفرۆش دابنێ کە لەلایەن رۆژنامەنووسی بێ نموود قەڵەمەکانیان خراوەتە واری کڕین و فرۆشتنەوە، بە پێچەوانەوە دەبینین زۆر بە ئاسانی یاری بە عەقڵ و عاتیفەیان دەکرێ، بۆیە ئەوانیش زۆر چێژ لەو شەڕە جنێوانە وەردەگرن و رەواجی پێدەدەن، چونکە ئەو نووسینانە بەجۆرێک لە جۆرەکان نەخۆشی (سادییەت) و (ماسۆشیەت)یان تێدایە، واتە نووسەرەکانیان لەو نووسینانەیاندا هەوڵیان داوە کەسانی دیکە ئازار بدەن، کە لە هەمان کاتدا خۆشیان ئازار دەدەن، بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەوان چێژ لەو کارەیان وەردەگرن و لە کاری نووسیندا لێیان بووەتە خوویەک، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە رۆژنامەنووسی ئێمە بەشێکی زۆریان هەر لە بنەڕەتەوە نووسەر و رۆژنامەنووس نین، بۆیە دەیانەوێ لەجیاتی هێزی مەنتیق و کارامەیی لە چارەسازکردنی رۆژنامەنووسانەی بیروڕا و ریپۆرتاژەکانیان، بە پەلامار و هێرش بردن و بوختان کردن کە جۆرێکە لە راگرتنی سەروەریی مەنتیقی هێز نواندن خۆی بە خوێنەر بناسێنێ، بۆیە هەر زوو خۆی داوێتە ناو گەمە سیاسییەکانەوە، تا بە کورتترین رێگا بگاتە مەرام و ئامانجی خۆی کە ناوبانگ و دەسکەوت و داهات و پلەوپایە بەدەست هێنانە. ئەم جنێوفرۆشی و ناوزڕاندن و دەمشڕییەش بێجگە لەو ناوانەی کە تا ئێستا لێی نراون، خاوەنەکانی حەز بکەن یان نەکەن، ئەوە مومارەسەی جۆرێک لە ئیرهابی فیکری و رۆشنبیری دەکەن کە بەرانبەر کەسانی پەلاماردراو جێبەجێی دەکەن.

> **خوێنەری ئێمە کە دەبوو هۆشیارییەکەی لە ئاستێکدا بێ سنوورێک بۆ ئاژاوەگێڕ و قەڵەمی خۆفرۆش دابنێ کە لەلایەن رۆژنامەنووسی بێ نموود قەڵەمەکانیان خراوەتە واری کڕین و فرۆشتنەوە**

* بەداخەوە زۆر بەرپرس و دەستڕۆیی ئەمڕۆکە هەن کە کەسانی لاواز و ئەوانیش بۆ پتەوکردنی پلەو پایەی ناشایستە بەخۆیان و لە سایەی هەلو دەرفەتی رەخساوی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، یان بەهۆی دەسەڵاتەکەیان کە بەخراپی بەکاری دەهێنن بوونەتە خاوەنی کۆمپانیا و سەرمایە و سەروەت و سامانی بێ حەد و حیساب، بۆیە ژێراوژێری پێوەندی لەگەڵ زۆرێک لەو رۆژنامەنووسە هەڵەشەو خۆ هەڕاجکارانە دەبەستن و بە مەبەستی دەمکوت کردنیان، یان بە مەبەستی زوڕنا ژەنین و ستایش کردن لە ژێرەوە پەروەردەو بەخێو دەکەن و بەپارەو دەسکەوت رازییان دەکەن، ئەوانیش بێ

منەتانە درێژە بەکارە قێزەون و هەڵەشەکانیان دەدەن.

* وەک پێشتریش وتم ئەگەر سەرژمێریێک بکەین دەبینین زۆرترین پەلامارو هێرشەکان بۆ سەر کەسانی سیاسی سەنگین و لەخۆبردوو، مامۆستای زانکۆ، نووسەرو ڕۆژنامەنووسی کاریگەرە، ئەمەش لەلایەک بۆ ئەوەیە کە ڕەش و سپی و دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکرێن و خوێنەر و خەڵکی بە ئاسانی پاک و پیسی بۆ لێکتر جیا نەکرێتەوە، واتە کار بۆ تێکەڵ کردنی وەرەقەکان دەکرێ، کە ئەمەش ئەرک و کاری ڕۆژنامەنووس نییە، بگرە کارێکی هەواڵگەرییانەیە. لەلایەکی تریشەوە وەک دیارە ئەو پەلامارانە بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ ئاراستە دەکرێن، بەتایبەتیش توێژی ڕۆشنبیرانیان بەلاوە توێژێکی لاشەڕە کە دوورن لە گیانی تۆڵەکردنەوە و پەنا نابەنە بەر توندوتیژی و حیمایە و چەکدار و دیوەخان و عەشریەتیان نییە و دەعوەت و دەعوەتکاری و بەرتیلدان نازانن و پارەی مفتیان لەبەر دەست نییە گەردنی خەڵکی پێ بکڕن، ئەوانە زۆرتر شانازی بە بەرهەمی ڕەنج و قەڵەمی خۆیانەوە دەکەن، بۆیە بوونەتە خۆراکێکی ئاسان و نەرمەقووتی ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسە لێبووکانەوە کە زۆر شارەزایانە ئەو کەسانە بۆ داپلۆسین و سەرکوتانەوە هەڵدەبژێرن، هەرچەندە زۆریش دەستەکەیان ئاشکرایە کە کێیان لەپشتە و بە چ مەبەستێک ئەو کارانەیان دەکەن، چونکە بە بەرچاومانەوە هەیە تا بینەقاقا و نوخاعی شەوکی لەناو گەندەڵی و کاسەلێسی و خیانەتکاریدا گەوزاوە و دەگەوزێ، کەچی لە ئاستیاندا کەس تا ئێستا متەقی نەکردووەو شەکرێکی نەشکاندووە!

* دواجار دەپرسین: لەناو کەشوهەوای ناساز و ژەهراوی کراوی ڕۆژنامەگەری کوردی و لەکاتێکدا کەسانێک کە شووڵیان لێ هەڵکێشاوەو بەناوی (ئازادی بیروڕا دەربڕین)ەوە مافی گشتی و مافی تاکەکەسەکان پێشێل دەکەن، کاتێ هەموو شتەکان لە گرێژەنە دەردەچن و خائین بسکەی سمێڵی دێ و بە هەوای نەفس بە نیشتمانپەروەر بە خەڵکی دەناسێنری، کاتێ جەللاد دەکرێتە نیشتمانپەروەرو بۆ بەدی هێنانی نیازو مەرامێکی نەخۆش قوربانییەکانی دەستیشی دەخرێنە شوێنە ئەو، ئەم شێلەو بێلەیە کێ لێی بەرپرسە؟ دەبێ ئەمە باجی دروست کردنی دیموکراسییەت نەبێ کە دەمانەوێ لەسەر شانی خەڵکانی بێ گوناح دروستی بکەین؟!

# داخۆ ڕۆژنامەی (کورد) یان (بانگی حەق) یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستانە؟



ئازاد عوبێد ساڵح*

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەرچی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا بایەخێکی زۆرباشی پێدراوەو ڕووناکبیران و دڵسۆزانی نەتەوەکەمان زۆر بە دڵ و بە پەرۆشەوە لە سۆراخی گۆڤارو ڕۆژنامەو بەڵگەنامەی تایبەت بە کوردو مێژووەکەین و هەنگاوی زۆر باشیش نراوەو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی کۆن، ژمارەکانی دۆزراونەتەوەو سەر لەنوێ بەلێکۆڵینەوەی تێرو تەسەل چاپ و بڵاوکراونەتەوە، تەنانەت دەزگای سەربەخۆش بۆ ئەم کارە دامەزراون، کە بەراستی مایەی دڵخۆشی و دەستخۆشین.

خەرمان بەرەکەت لە سامانی ڕووناکبیری بەگشتی و ڕۆژنامەوانیی بەتایبەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا کاری زۆرو دەزگای پێویست و کاری بە کۆمەڵی دڵسۆزانەو زانستییانەی پێدەوێت، بۆ ئەوەی ئەو کون و کەلەبەرە زۆرانەی ماون پڕبکرێنەوەو سواخ بدرێن و چاک بکرێنەوە، مێژووەکەشی وەک پێویستە بنووسرێتەوە.

وا ئێمەش لەو ڕوانگەیەوە، ئەو بابەتە بەسەر دەکەینەوە، بەو هیوایەی بێ کەڵک نەبێ

لە ڕۆژگاری مەلیک مەحموود (١٨٨٦-١٩٥٦)، بەپێی بارودۆخی سەردەمەکەی، بایەخێکی باش بە بواری ڕۆژنامەنووسی دراوەو چەند ڕۆژنامەیەک لەو سەردەمە دەرکراون، وەک بانگی کوردستان



سمایل ئاغا (سمکۆ)ی شکاک

(١٩٢٢/٨/٢-١٩٢٣/٦/٨)، ڕۆژی کوردستان (١٩٢٢-١٩٢٣)، بانگی حەق (١٩٢٣/٣/٢٨)، ئومێدی ئیستیقلال (١٩٢٣/٩/٢٠ – ١٩٢٤/٥/١٥) کە هەموویان لە چاپخانەی حکومەت، واتە ئەو چاپخانەیەی کاتی خۆی لەگەڵ داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن ئینگلیزەوە هێنرایە سلێمانی[١]. مەبەستی ئێمە لێرە، ڕۆژنامەی (بانگی حەق)ە، ئەویش لەبەر ئەوەی بەڕێز د. کەمال فوئاد لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە (یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستان)ی داناوە[٢].

هەروەک لە لێکۆڵینەوەکەشدا ئاماژەی پێکردووە "ژمارەی یەکەمی (بانگی حەق) (بانگ حەق) ڕۆژی پێنج شەممە ١١ی شەعبانی ١٢٤١/٢٨ی مارتی ١٢٣٩ (١٩٢٣) بەدوو لاپەڕە (٢١ × ٣٣ سم) دەرچووە، لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی دا بە گەورەیی نووسراوە:

بانگ حەق، لە تەنیشتی ڕاست و چەپی ناوی ڕۆژنامەکەوە نوسراوە "تأریخ تأسیسی ٢٨ مارت ١٣٣٩" لەژێریا "ناشكی بە طوب و بومبا سر افرازە بانگ حق"، سیاسی، ادبی، اجتماعی، غزتەیکی رسمیە لە قرارگاهی عمومی اردوی کوردستان طبع دکری"، "غایەو املی استحصالی حقوق کوردانە"، ئەمجا "سال ١ ژمارە ١ پێنجشمبە ٢٨ مارت ١٣٣٩ (شعبان ١٣١٤)"[٣].

دەرچووەو لە ئەشکەوتی جاسەنەی نزیک سورداش چاپ کراوەو تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە[٤]. دوای ئەوەی شێخ مەحموود سلێمانی چۆڵ کردو چووە ناوچەی سورداش، چاپخانەکەشی لەگەڵ خۆی بردو لەوێ ئەو ڕۆژنامەیەی پێ دەرکردووە.


بانگ حق
ناشكی به طوب و بومبا سر افرازه بانگ حق
سیاسی، ادبی، اجتماعی، غزته‌یكی رسمیه له قرارگاهی عمومی اردوی كوردستان طبع دكری
غایه‌و املی استحصال حقوق كوردانه
سال ١ | ژماره ١ | پنجشنبه | ٢٨ مارت ١٣٣٩ | ١١ شعبان ١٣٤١

بەڵام لە بەسەرکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی زانراوی کوردییدا ئەوەی ئاشکرایە،

بــەر لە رۆژنامەی (بانگ حــەق)، رۆژنامەیەکی دیکەمان هەیــە، کە وابزانــم دەبێ ئەو بــە "یەکەمیــن رۆژنامەی شۆڕشی کوردســتان ناودێر بکرێت، نەک (بانگی حەق)، ئەویش ئــەو رۆژنامەیەیە کە ســمکۆی شــکاک (١٨٧٥-١٩٣٠) لــە رۆژگاری خۆی لە شاری ورمێ دەری کردووەو ســەرچاوە سەرەکییەکەشــی کتێبێکــی فارســییە بەناوی (اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، تهران ١٣٥٠=١٩٧١، لە نووســینی محەمــەد تەمەدون، کە هەر خۆشــی خاوەنــی ئــەو چاپخانەیــە بووە، کە رۆژنامەکەی ســمکۆی پــێ چاپکراوەو چاپخانەکەش هــەر ناوی (تەمەدون) بووە، ئەمەش لەو دەمەی کە ســمکۆی شــکاک لە رۆژهەڵاتــی کوردســتان شۆڕشــی لە دژی رژێمی ئێران بەرپا کردبوو و شــاری ورمێی گرتبوو. لەو ســەروبەندەدا ســەید عەبدوڵڵای شــەمزینی(١٨٩٢-١٩٦٧)[٥] راســپاردووە، ســۆراخی چاپخانەیــەک بکات، بــۆ دەرکردنی رۆژنامەیەک، بەڵام کە ســەید عەبدوڵڵا دەچێتە لای (تەمــەدون)ی خــاوەن چاپخانــە، تەمەدون بیانــووی گرفتی کەمی پیتەکانــی بۆ هێناوەتەوە، بۆیــە ســەید عەبدوڵڵا تــووڕە بووە، دواتــر (تەمەدون) تێدەگات کارێکی خراپی کردووە، ســەید عەبدوڵڵا هێور دەکاتەوە، بەڵام دوای دوو سێ رۆژ بەنهێنی رادەکات و ورمــێ بەجێ دێڵێت، وەک (تەمەدون) خۆی نووســیویە: مەلا محەمەدی تورجانی (قزلجی) (١٨٩٥-١٩٥٩) تابلۆی (تەمــەدون)ی داگرتووەو تابلۆی (غیرەت)ی لە شــوێنی دانــاوەو دەســتی بــە دەرکردنی رۆژنامەیــەک کردووە بەناوی (رۆژی کورد-شــەوی عەجەم)، پاشــان (رۆژی کــورد)ودواتریــش(کــورد)[٦][٧].



مەلا محەمەدی قزلجی

لێرەدا بۆ ئەوەی کورتە ســەربردەیەکی ئەو رۆژنامە بەســەر بکەینــەوە، ئــەوا دەبــێ بگەڕێینەوە ســەر ئەو وتــارەی هێمــن موکریانــی (١٩٢١-١٩٨٦) کاتــێ کە بۆ یەکەمجار ئــەو کتێبەی تەمەدونی بەخوێنەران ناســاند، لە رێــی وتارێکی بە پێزو شــیرین بەنــاوی (رۆژنامەی کوردی لە کوردســتانی ئێران دا)، کــە لە ژمارە (١٧)ی ســاڵی ١٩٧٤ی گۆڤــاری (بەیــان)دا، لــە بەغــدا بــڵاوی کــردەوە، تێیــدا لــەو کتێبــەی (تەمــەدون) دەدوێت، کە چــۆن نووســەرەکەی بــە ئەندازەیەکــی زۆر لــە دژی کــورد دواوەو قســەی ناشــیرین و نابەجێــی پێی داوە،

بـەڵام ئەوەی گرنگە لـەو کتێبەدا تۆمارکردنی ناوی ئەو رۆژنامەیە کە سـمکۆ لەو سەروبەندەدا دەری کردووە، کە ئەمەش سەروەرییەکی گەورەیە بۆ رابەرێکی کوردی ئەو رۆژگارەی سـەرەتای بیسـتەکانی سەدەی بیستەم، شۆڕشـی چەکداری پەنا بۆ ئامرازێکی شارسـتانی نوێ ببات، ئەویش خەباتی وشـەیە، هەر ئەمە خۆی نیشانەی بەرزی هەستی نەتەوەیی سمکۆی شکاک و گەشەکردنی بیروبۆچوونـی ئەو رابەرەی کورد دەردەخات، لە کەڵک وەرگرتن لە هەر چەشـنە ئامرازێکی پێویستی جۆشدانی کـورەی خەباتـی رزگاریخـوازی کوردسـتان، چونکـە هەمیشـە دوژمنانی کورد، کوردیان بە خێڵەکی و دوورە شارسـتانی و نەزان و دواکەوتوو لەقەڵەم داوە.

بەپێی لێکدانەوەی ئێمە ژمارە (١)ی لە ١٢ی شەوالی ١٣٤٠ی کۆچی = ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٢ و ژمارە (٢)ی لە ٢٨ی زیقەعدەی ١٣٤٠ی کۆچی = ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٢ دەرچووە، هەروەک هەردوو کلێشەکە بڵاوکراونەتەوەو پێم وایە ژمارە (١) هەر لە ئەسڵدا ژمارەکەی بەسەرەوە نەبێـت، چونکە ئەو کلێشـەی کە یەکەمجار لە وتارەکەی مامۆسـتا هێمن بڵاوبۆتەوە، سـاڵ و لاپـەڕەو مێژووی دەرچوونـی و نـاوی بەڕێوەبـەرو چاپخانـەو زانیاری دیکەی لەسـەرە، بەڵام ژمارەکەی بەسـەرەوە نییە[٨] وا دیارە هەر یەکە لە (محەمەد سـاڵح ئیبراهیمی و کەریمی حسـامی) ژمـارە (٢)یان دیبێـت، چونکـە هەردووکیان باسی ناوەرۆکی رۆژنامەکەیان کردووە، بەتایبەتی کـە هەنـدێ پەرەگرافیـان لەسـەروتاری رۆژنامەکـە بڵاوکردۆتـەوەو نـاوی دوو شـاعیریان هێنـاوە، یەکیـان (میرزا حەسـەنی سیف القضاة ١٨٧٧-١٩٤٤)[٩]ی وەک هێمن دەڵێت مامۆسـتای شاعیرانی موکریانـەو ئـەوی دیکـەش ناوی محەمـەد جەمالەدینی هەکارییـە [١٠]، تەنانـەت کەریمی حسامی کۆپلەیەک لـە شـیعرەکەی (سـیف القضـاة)ی بڵاوکردۆتەوە، هەروەک محەمەد رەسـول هاواریش (١٩٤٢-٢٠٠٦)جارێکـی دیکـە بڵاوی کردۆتـەوە[١١].



سەید عەبدوڵڵای سەمەدیش لە پەراوێزی وتارەکەیدا هەنـدێ زانیـاری دیکەی خسـتۆتە سـەر زانیارییەکانی

پێشـوو و تەنانەت باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەکانی لە بیسـت پتر بووبێت و رای وایـە لەچوار ژمارە پتری لێدەرچووبێـت و پاشـان لە پەراوێزدا نووسـیویە: گۆیا "محمد تمدن" نووسـەری "تأریخ رضائیة" زێدە لە (٢٠) ژمارەی لە ئەرشـیفی خۆیدا پاراستووە. بەڕێز عەبدوڵڵا زەنگەنـەی خەمخـۆری رۆژنامەنووسـیی کوردیـش لـە تێبینییەکـی درێـژدا وێـڕای بەسـەرکردنەوەی زۆربـەی ئەوانـەی باسیان لەو رۆژنامەیە کـردووە، ئەوەشـی لەسـەر زاری بەڕێـز محەمەدی مەلا کەریمی نووسـەری ناسـراو نووسـیوە، کـە "کاتـێ خـۆی حەسـەن قزڵجـی لەیـەک لەکتێبخانەکانـی تـاران کاری کـردووە، لەکاتی رێکخسـتنی ئەرشـیفەکە، چەند ژمارەیـەک لەم رۆژنامە "کـورد"ەی بەرچاو کەوتووەو بەمەبەستی پاراستنی خستوویەتییە قەدی رۆژنامەیەکی دیکەی تورکی یان فارسـی"[12].




کەواتـە وەک لەسـەرەتاوەش ئاماژەمـان پێکـردو زانیمان (بانگی حەق) ژمارە (١)ی لە ٢٨ی مارتی ١٩٢٣ دەرچووبێـت، ئـەوا رۆژنامـەی (کورد)ی سـمکۆ پێش (بانگی حـەق) دەکەوێت، بە دەوروبەری (١٠) دە مانگ، بۆیـە بەپێی ئـەم لێکدانەوەیـەی ئێمە دەبـێ رۆژنامەی (کورد)، یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردسـتان بێت.

لێرەدا بۆ بەئاسـانی بەدواداچوون و سـەرو سۆراخ کردنی ئەم رۆژنامەیە بەباشمان زانی ئاماژە بە زۆربەی ئەو سەرچاوانە بکەین کە لەو رۆژنامەیە دواون، وێڕای محەمەد تەمەدون و هێمن و سەید عەبدوڵڵا سەمەدی و عەبدوڵڵا زەنگەنەو رەفیق سالح[13] و بەتایبەتیش تێبینییە تێرو تەسـەلەکەی عەبدوڵـڵا زەنگەنە[14]، کـە ئاماژەیان پـێ کـرا، ژمارەیـەک زانـاو نووسـەرو رووناکبیـری نەتەوەکەمـان لـەورۆژنامەیـەدواون،لەوانـە:

عەلائەدیـن سـەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤)[15]، د. کەمـال مەزهەر ئەحمەد[16]، مسـتەفا نەریمان (١٩٢٥-١٩٩٤)[17]، محەمـەد سـالح ئیبراهیمی[18]، جەبـار جەباری (١٩٤٢-١٩٨٥)[19]، جوتیـار تۆفیـق[20]، نەوشـێروان مسـتەفا[21]،

مەحمود زامدار[٢٢]،وریا جاف[٢٣]، کەریم حسامی[٢٤]، ئازاد عوبێد سالح[٢٥]، محەمەد رەسول هاوار[٢٦]. هتد، لەو ڕۆژنامەیە دواون و زانیاری جۆراوجۆرو هەندێ جار جووت وهەندێ جارناکۆکیان بڵاوکردۆتەوە.

بەو هیوایەی ڕووناکبیران و تۆژەران و خەمخۆرو ئاگادارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەمێکی جیدی بخۆن، بەڵکو لە کتێبخانەکانی تاران و تەورێزو ورمێ و کتێخانە تایبەتییەکان تەواوی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە دەست بخەن، بۆ ئەوەی لە چاپ بدرێنەوەو بخرێنە بەردەستی تۆژەران، تاکو پتر خەباتی رۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان لەو سەروبەندە بە رابەرایەتی سمکۆی شکاک و شۆڕشەکەی بۆ دەربخات و درزێکی دیکەی دیواری مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیش پڕ بکەینەوە.

*** کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر.**

**پەراوێزەکان:**

**١. بڕوانە: ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لەسەر نووسینی: سدیق سالح، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٣.**

**٢. سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر ١٩٢٣–١٩٢٤، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی: سدیق سالح، لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرەی (٤)، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی ٢٠٠١، ل٧–١٦. جێی ئاماژەیە ئەو لێکۆڵینەوەیە لە ئەسڵدا لە گۆڤاری پرشنگ لە ساڵی ١٩٨٥ لە بەرلینی ڕۆژئاوا لە ئەڵمانیا، بڵاوکراوەتەوە. لە م.ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووهەم، بلاک روز، لەندەن، بەریتانیا ١٩٩١، ل ٥١١ وەرگیراوە. هەروەها لە پاشکۆی گۆڤاری (مرۆڤایەتی)، گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتییە و دەستەیەک لە خوێندکارانی کۆلیژی زانستی مرۆڤایەتی – زانکۆی سلێمانی دەری دەکەن، کە بەبۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ١٩٩٨/٤/٢٢، ل١٠–١٦ بڵاوکراوەتەوە.**

**٣. هەمان سەرچاوە.**

**٤. هەمان سەرچاوە.**

**٥. سەید عەبدوڵڵای شەمزینی کوڕی شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ناودارەو باوکی د. عەزیز شەمزینی ئەفسەرو نووسەری کتێبی "جووڵانەوە رزگاری نیشتمانی کوردستان"، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ٢٠٠٦.**

**٦. لە دەرکردنی ڕۆژنامەکە ئەحمەدی تورجانی زادە (١٩١٩–١٩٨٥) یارمەتی مەلا محەمەد قزڵجی براگەورەی داوە. ناوبراو مامۆستای زانکۆی تەورێز، شارەزای زمان و ئەدەبی فارسی و عەرەبی و زانستە ئایینییەکان بووە، کۆمەڵێک نووسراوی جیاجیای هەیە، گەلێ وتاری بە کوردی لە رادیۆی تەورێز بە کوردی، لەبوارە جۆر بەجۆرەکانەوە بڵاوکردۆتەوە. بڕوانە: محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، چاپخانەی مهارت، تاران، ١٣٦٤، ل ٢٤٩–٢٥٦. جێی ئاماژەیە وتارەکەی گرشەی کوردستان سەبارەت بە ڕۆژنامەی (کورد) لێرەش بڵاوبۆتەوە، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٦–٢٦١.**

**٧. هێمن، ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی ئێران دا، (بەیان)، ٠گۆڤار)، بەغدا، ژمارە (١٧)، ساڵی ١٩٧٤، ل٣.**

**٨. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: هێمن، ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی ئێران دا، "بەیان" ژمارە (١٧)ی ئەیلوولی ١٩٧٤، ل٤، محەمەد سالح ئیبراهیمی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا "گرشەی کوردستان"، ژمارە (٩) بەفرانبار و ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٦٠ی هەتاوی و ١٩٨١ی زایینی ل١١: محەمەد ڕەسول هاوار، سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٢٩٩. وەک وەبیرهێنانەوە، ئەگەر وەک محەمەد تەمەدون نووسیویە، سەرەتا ڕۆژنامەکە (ڕۆژی کورد – شەوی عەجەم) و پاشان (ڕۆژی کورد)**

و دواتــر (کورد) بووبێت، هەرچەندە مامۆســتا هێمن، گومان دەکات زانایەکی گــەورەی وەک محەمەد قزڵجی ئــەو ناوەی لە رۆژنامەکە نابێت، بەڵام بۆنابێ، خۆ تەمەدون نزیکترین و یەکەم ســەرچاوەیەو ئەگەر شــتی وانەبووبێ پێم وا نییە ناوی هێنابا، بەمەش ژمارەکان زۆرتر دەبن!

٩. ( ابو الحسن سیف القضات) کوڕی میرزا قاسمی سابلاخی: مامی پێشەوا قازی محەمەد و باوکی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانە.

١٠. محەمەد جەمالەدین هەکاری: قازی باوەڕپێکراوی تایبەتی سمکۆ بووەو هەمیشە لە تەکیدابووەو پرس و رای پێ کردووە. بڕوانە: کەریمی حســامی، یادی قارەمانێکی نەتەوەی کورد (ســمکۆی شکاک)، "بەربانگ" (گۆڤار) سوید، ژمارە ٧٠ و ٧٣، ساڵی ١٩٧٣، لە محەمەد رەسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥٧ وەرگیراوە.

١١. لە محەمەد رەسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١.

١٢. سەید عەبدوڵڵای ســەمەدی، گروگاڵی منداڵانی کورد یەکەمین گۆڤاری منداڵان بە زمانی کوردی، "رامان"، (گۆڤار) هەولێر، ژ ٤١، ٥ تشــرینی دووەمی ١٩٩٩ ل ٢١٥–٢٢٠، جێی ئاماژەیە هەر لەوێدا نووســیویە: "هەوەل ژمارەی خۆی، یانی لە زیلقەعدەی (١٣٤٠ تەمووزی ١٩٢٢) رۆژنامەی کورد لە شاری ورمێ بە سەرپەرشتی (مەلا محەمەد قزڵجی تورجانی زادە) بڵاوکرایەوە". هەر لە پەیوەندی بەو رۆژنامەیەوە، لە سەرچاوەیەکی دیکەدا و لە وتاری (کارەساتی کوژرانی خاڵۆ قوربان)دا نووسیویە: "لە پاشکۆی ژمارە ٢٠ی رۆژنامەی کورد چاپی ورمێ دا هەواڵنووســی ئێمە دەنووسێ:......"، بڕوانە هێمن، پاشەرۆک، انتشــارات، سیدیان، چاپخانەی پیروز، ١٣٦٢ = ١٩٨٣، ل٩، کەچی لە وتارەکەی (بەیان)دا نووسراوە: "لە پاشکۆی رۆژنامەی ژمارە دووی (کورد) چاپی ورمێ" نووسراوە، بڕوانە: بەیان، ژمارە ١٧، ئەیلوول ١٩٧٤، ل٤.

١٣. عەبدوڵڵا زەنگەنە و رەفیق ساڵح، رابەری رۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی یەکەم، "رۆژنامەڤانی" (گۆڤار)، ژمارە ١١–١٢، ٢٠٠٣، ل ٩٨–١٠٠.

١٤. هــەر لەپەیوەندی بەو بابەتەوە، بڕوانە: پەراوێزو تێبینییەکانــی عەبدوڵڵا زەنگەنە لە: "رۆژنامەنووس" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (١)، ٢٢ نیسانی ٢٠٠٤، ل١٣٩–١٤١.

١٥. عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا ١٩٧١.

١٦. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشــتنی راســتی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨:

– دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر، مطبعة ارکان بغداد، ١٩٨٥.

– خەباتی رزگاریخوازی کوردو ئازەر لە ئیران، وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

١٧. مستەفا نەریمان، بزووتنەوەی رۆشنبیری لە ساڵەکانی سیدا، "بەیان" ژمارە (٣١)، ساڵی ١٩٧٥.

١٨. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، سەرەتای رۆژنامەگەری لە کوردستان دا، "گرشەی کوردستان" (گۆڤار)، تاران، ژمارە (٩)، ساڵی ١٩٨١.

١٩. جەبار جەباری، مەلا محەمەدی قزلجی "بەیان" ژمارە (٥١)، ساڵی ١٩٧٨.

٢٠. جوتیار تۆفیق، مەلا محەمەدی قزڵجی، "کاروان"، (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٦٦)، تەمموزی ١٩٨٨.

٢١. نەوشـــێروان مســـتەفا (صالح محمدامین) کوردو عەجەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٢، چاپی دووەم، ســـەنتەری ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٥.

٢٢. مەحموود زامدار، گەشـــتێک لەنێو جیهانی بزاڤی رۆژنامەگەری کوردی دا، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر ١٩٩٨. بەپێی لێکدانەوەو سەرو سۆراخی نووسەری ناسراو مەحموود زامدار، ئەم رۆژنامەیە ژمارە (١)ی لە ١٢ی شـــەوالی ١٣٤٠ی کۆچی، ڕێکەوتی مایس و دوا رۆژەکانی مانگی مایس یا ســـەرەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢ و ژمارە (٢)ی لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٢ و ژمارە (٣)ی لە ٨ مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٣٤٠ کە بەرانبەری رۆژی یەکشەممەی ٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٢ دەرچووە، مەحمود زامدار، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

جێی خۆیەتی لێرە ئەو دەقەی کە دراوەتە پاڵ زانای گەورە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لەو لێکۆڵینەوەیەی مەحمود زامداردا لە ل (٦٥)ی کتێبەکەیدا قسەی ئەو نیین، بەڵکو دەقەکە لەو وتارەی جووتیار تۆفیق وەرگیراوە، وا دیارە مەحمود زامدار لێی تێکەڵ بووە، چونکە زامدار ئاماژەی بە هەوڵەکەی جووتیاریش کردووە، راســـتە مامۆســـتا مەلا عەبدولکەریم لە کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين)دا باسی مەلا محەمەدی قزڵجی کردووە، بەڵام هەرگیز باسی سمکۆو بزووتنەوەکەی و رۆژنامەی (کورد)ی نەکردووە، بۆ زانیاری پتر بڕوانە: عبدالكريم محمد المدرس، علماؤنا فى خدمة العلم والدين، عني بنشـــره محمد على القرداغي، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣، ل٥٢٢، جووتیار تۆفیق، مەلا محەمەد قزڵجی "کاروان"، ژمارە ٦٦، تەمووزی ١٩٨٨، ل ٨–١٠.

تەنانەت ئەو دەقەی دراوەتە پاڵ جەبار جەباریش لە لاپەڕە (٥٦)ی کتێبەکەی زامدار، دیسان پەراوێزێکی (جووتیار تۆفیق)ـە، چونکە جەباری لە وتارەکەیدا ژمارەکانی رۆژنامەکەی دیاری نەکردووە، هەروەها جووتیاریش سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەو رۆژنامەیەی دیاری نەکردووە. بڕوانە: جووتیار تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٢٣. وریا جاف، کاروانی رۆژنامەگەریی کوردی، کتێبی گوڵان ژمارە (١٩)، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨.

٢٤. کەریمی حســـامی، یادی قارەمانێکی نەتەوەی کورد (سمکۆ)ی شکاک، "بەربانگ" (گۆڤار)، ژمارەکانی ٧٠ و ٧٣ ســـاڵی ١٩٩١، لە محمد رسول هاوار، سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرە (٤٠٧)، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٥ وەرگیراوە.

٢٥. ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی لە باشووری کوردستاندا ١٩٦١–١٩٧٥، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشـــنبیری – بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی چاپ و بڵاوکردنەوە، کتێبی ئەکادیمی زنجیرە (١٠)، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٦. محمد رسول هاوار، سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، وەزارەتی رۆشنبیری– بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥.

# بەڵێ، یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان) لە رۆژی پێنجشەممەی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەرچووە



نەجاتی عەبدوڵلا-پاریس

هەواڵنامەی کتێب

**دەروازە**

کاتێک لە ساڵوەگەری ١٠٩ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردیدا بەڕێز فەرهاد شاکەلی وتارێکی بەناوی (رۆژنامەگەری کوردی: راستکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە)[١] لە ژمارە (٤١٣)ی رۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٧ لە رۆژنامەی (ئاسۆ)دا بڵاوکردەوەو دوای چەندین لێکدانەوەو بەڵگەی مەنتیقی گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان) لە ٢١ی نیسان نەوەکا لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بڵاوبووبێتەوە.

دوای ئەم وتارە تاقە کەسێک کە لەسەر ئەم وتارەی نووسی دۆستی خۆشەویستم عەبدوڵلا زەنگەنە بوو، کە دووجار بەسەر ئەم وتارەدا هاتبۆوە، جاری یەکەم مانگێک دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی فەرهاد شاکەلی[٢] و جاری دووەمیش مانگێک و دە رۆژ دواتر، بە دوو ئاڵقە هەر لە رۆژنامەی (ئاسۆ)دا[٣] بەسەر وتارەکەدا هاتبۆوەو دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە بلێ نەخێر یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان) هەر لە ٢٢ی نیسان دەرچووە نەوەکا لە ١٢ی نیسان.

من حەزدەکەم سەرەتا بە راشکاوی ئەوە بڵێم کە، من هیچ کێشەیەکم لەوەدا نییە ئەگەر رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی تا ئێستە بەهەڵە دیاری کرابێ و لە جیاتی (٢١)ی نیسان بەهەڵە (٢٢)مان بەکار هێنابێ و پێشم وا نییە ئەوە هیچ کێشەیەک بێ بۆ هیچ کەسێک تەنانەت بۆ ئەو زاتە بەڕێزانەش کە بۆ یەکەمجار ئەم مێژووەیان بە ٢٢ی نیسان دەستنیشانکردووە. تەواو بە پێچەوانەوە لێرەدا دوو خاڵی زۆر پۆزەتیڤ خۆیان دەهێننە پێشەوە کە هەردووکیان تەواو بە قازانجی ئێمەیە. یەکەم ئەوەیە با فێربین هەر کاتێک هەڵەیەکمان لەخۆمان بەدی کرد، لەوە نەترسین راستی بکەینەوەو


معلومات
١٣١٥
MALUMAT
JOURNAL POLITIQUE QUOTIDIEN ILLUSTRÉ

ئێمە مادام کار دەکەین هەڵەش هەر دەکەین. دووەمیان ئەوەیە با گومان بخەینە سەر بەدەستدراوەکانی مێژوومان و ئەو هێندە ورد بین کەئیدی لێرە بەدواوە بەڵگەهێنانەوەو دووبارە دروستکردنەوەی مێژوومان لەسەر فاکتەکان و سەلماندیان کارێکی پێویستەو هەر بۆخۆی لۆژیکی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەم کۆڵەگەیە راوەستاوە. بۆیە بەهیچ شێوەیەک حەز ناکەم کەس ئەم وتارەی من بە پاڵپشتیکردن یان بە دژایەتیکردنی کەس بزانێ، چونکە بەداخەوە ئێمە هەر فێری ئەوە کراوین یان (دژ) بین یان (لەگەڵ) بین. من لەم وتارەدا تەنها مەبەستم بەشدارییێکی بچووکە لە راستکردنەوەیەک کە ئەگەر ئەمڕۆش نەمانەوێ راستی بکەینەوەو یاخود بە راستی تێنەگەین، ئەوا دواتر هیچ چار نییە هەر دەبێ رۆژێک ئەم هەڵە بچووکە راستبکرێتەوە، بۆیە تا زووتر راستبکرێتەوە قازانجی زیاترە.

رەنگە پرسی ئەوەی داخۆ رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی ٢١ی نیسانە یان ٢٢ی نیسان ئەو هێندە گرینگ نەبێ، ئەوەندەی گرینگییەکە لەوەدایە کە لێکۆڵینەوەی کوردی وا خەریکە پێش دەکەوێ و ئاوڕ لەدواوەی خۆی دەداتەوەو پرسیار لە بەدەستدراوەکانی مێژوومان دەکات، باشە بۆ دەبێ لامان وابێ هەر دەبێ رۆژی ٢٢ی نیسان رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی بێ؟ کێ دەڵێ ٢١ یان رۆژێکی دیکەنییە؟ ئەی کێ دەڵێ سبەینێ رۆژنامەیەکی دیکە لە قوژبنێکی دیکە نادۆزرێتەوە کە بەر لە رۆژنامەی (کوردستان) دەرچووبێ؟ رەنگە سەرەتا سەخت بێ بەتایبەت کە، وا بۆ چل ساڵ زیاترە رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی هەر ٢٢ی نیسانەو هەموو ساڵ هەر لەو رۆژەدا یادی رۆژنامەنووسیمان کردۆتەوەو کەچی ئێستە لەپڕ دوای ئەو هەموو ساڵە دەربکەوێ ئەم مێژووە هەڵەیەو راستییەکەی ٢١ی نیسانەو هەموو ئەم ساڵانە بە هەڵە یادی رۆژنامەنووسیی کوردیمان کردۆتەوە.

### ٢١ی نیسان یان ٢٢ی نیسان؟

یەکەم رۆژنامەی کوردستان مێژووی دەرچوونەکەی بەم شێوەیە تۆمارکراوە (روژا پنجشمبی دە ٣٠ ذوالقعدة سنە ١٣١٥ پنجشنبە فی ٩ نیسان سنە ١٣١٤)[٤] ئەم رستەیە ئەم راستییانەی خوارەوەی تێدایە:

یەکەم: رۆژنامەکە رۆژی پێنجشەممە دەرچووەو وەک زۆربەی هەفتەنامە یان

نیومانگنامەکانی ئەو دەورانەی عوسمانی وەک (چوجقلرە رهبیر، اشرف، انجیلی چاوش، مصر. و زۆری دیکە) هەر پێنج شەممە بڵاوبۆتەوە. لە هەردوو مێژووی کۆچی و ڕۆمییەکەشدا کە بەسەر ڕۆژنامەکەوەیە ڕۆژی (پێنجشەممە) دووبارە کراوەتەوە، ژمارەکانی دواتریش تا ژمارە (٥) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. بۆیە هەموو هەنگاوەکانی دیکە دەبێ لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵبنرێن کە لەگەڵ ڕۆژی پێنجشەممە تێبکاتەوەو لەگەڵ ئەم ڕۆژە ناکۆک نەبێ.

دووەم: مێژووە کۆچییەکە ٣٠ ذوالقعدە بە گوێرەی ڕۆژژمێرەکەی گ.س. فریمان گرێنڤیل کە خۆشم تەرجەمەی کوردیم کردووە[٥] ڕێک بەرانبەر ٢٢ی نیسان و ڕۆژی (پێنجشەمە) دەوەستێ.

لێرەدا کێشەکە زەق دەبێتەوەو گرێنڤیل کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بەهیچ شێوەیەک ڕێکەوتی ڕۆژی پێنجشەمە ناکات وەک ئەوەی بە گوێرەی خشتەکان ئاوها دەردەچێ. ئەگەر ٣٠ ذوالقعدەی ١٣١٥ بە گوێرەی خشتەکان وەک چۆن ڕێکەوتی ١١ی نیسان دەکات بە هەمان شێوە ڕێکەوتی ڕۆژی (هەینی) بکردبوایە، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نەدەمان کە گرێنڤیل ڕاست دەکات و ئەوسا گومان دەکەوتە سەر ڕۆژی کۆچی ٣٠ی ژوالقعدەکەو دەمانگوت دەبێ ٢٩ی ذوالقعدة ڕاست بێ. بۆیە لێرەدا ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی سەرچیخ چوونە کە من گومانم بۆ ئەوە دەچێ هەر ئەم کتێبە بووبێتە سەرچاوەی ئەوەی سەرەتا ڕۆژی (٢٢)ی نیسان بۆ یەکەم ژمارەی کوردستان دانرابێ. من بۆ ئەوەی نەکەومە داوی ئەوەی داخۆ بە گوێرەی کامە ڕۆژژمێر و کامە ساڵنامە ٣٠ ذوالقعدة بەر چ ڕۆژێک دەکەوێ، ڕێگەیەکی پراتیکی دیکەم گرتە بەر کە هیچ گومانێک لە شوێن خۆیانەوە بەجێ نەهێڵن:

ئا: بۆ دۆزینەوەی ڕۆژی هەفتە و مێژووی تەواوی ٣٠ ذوالقعدة چووم لە کتێبخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس بەدوای چەند ڕۆژنامەیەکی عوسمانلی ئەو سەردەمەدا گەڕام. دواجار خۆشبەختانە ڕۆژنامەی (معلومات)ی عوسمانلی-م دۆزییەوە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بووەو لە ئەستەموول هەر چەند مانگێک پێش ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەتەوەو خۆشبەختانە ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژانە بووەو مێژووەکانی زۆر بەئاشکرا بە کۆچی، مالی و زایینی زۆر بە وردی تۆمار کردووەو ڕۆژەکانی هەفتەشی بە وردی نووسیوە. بە گوێرەی ژمارە (٣٢٣) ڕۆژنامەی (معلومات) (کە وێنەی ئەم ژمارەیە لەگەڵ ئەم وتارە بڵاوکراوەتەوە) زانیاریی ڕۆژەکان بەم شێوەیە دەستنیشانکراون: ("نومرو ٣٢٣ برنجی سنە" سنە هجریە فی ٣٠ ذی القعدە سنە ١٣١٥ (پنجشنبە) سنە مالیە ٩ نیسان

**دواجار خۆشبەختانە ڕۆژنامەی (معلومات)ی عوسمانلی-م دۆزییەوە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بووەو لە ئەستەموول هەر چەند مانگێک پێش ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە**

١٣١٤ سنه افرنجیه فی ٢١ نیسان ١٨٩٨). لێرەدا گەیشتمە قەناعەتێکی نزیک لە سەد لە سەد کە ڕۆژنامەی کوردستان (پێنجشەممە) دەرچووەو ڕۆژەکەش دەکەوێتە ٢١ی نیسانی ١٨٩٨. بەڵام وەک گوتم هێشتا هێندێک گومانم هەر لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتبوو لەوەی سەد لەسەد دڵنیابم داخۆ ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ ڕاستە بەر پێنجشەممە دەکەوێ و نەوەکا ئەم ڕۆژنامە عوسمانلییە هەڵەی کردبێ، بۆیە لە ڕێگەیەک دەگەڕام سەرچاوەی ئەم ترسەشم بڕەوێنێتەوەو بۆ ئەم مەبەستە چووم چەند ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی ئەو سەردەمەم پشکنی تەنها بۆ زانین و دڵنیابوون لەوەی کە هەر بە ڕاستی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ بەر (پێنجشەممە) دەکەوێ یان (هەینی)، لەوێش بەو ڕاستییە گەیشتمەوە کە بەڵێ ڕۆژی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ بەر پێنجشەممە دەکەوێ و بەهیچ شێوەیەک بەر (هەینی) ناکەوێ، (بڕوانە: ڕۆژنامەی The Times ڕۆژی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ کە چۆن ڕۆژی ٢١ی نیسان بەر پێنجشەممە کەوتووە)(٦).

هەر کەسێک بتوانێ بۆم بسەلمێنێ کە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بەر پێنجشەممە دەکەوێ ئەوا من لە هەموو فاکتەکانی خۆم خۆش دەبم و گەلێکیش داوای لێبوردن دەکەم.

**ئەنجامگیری:**

بە پشت بەستن بەو فاکت و ئەنجامگریانەی کە ئێمە پێیگەیشتووین دروست ڕۆژی ذوالقعدة ی ١٣١٥ بەرامبەر ڕۆژی پێنجشەممەی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەوەستێ و بەهیچ شێوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان) هێژا میقداد بەدرخان نەکەوتۆتە هەڵەوە وەک هێندێک وای بۆچوون و مێژووی کۆچییەکە زۆر دروستەو ڕێک بەرامبەر ڕۆژی پێنجشەممەی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەکەوێ.

ئەم ڕاستکردنەوەیە دەچێتە پاڵ هەوڵ و کۆششی ئەو کەڵەمێردانەی کە پێش زیاتر لە نیو سەدە عەوداڵی دۆزینەوەی مێژووی دروستی ڕۆژنامەگەری کوردی بوون و ئەمە شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەو زاتانە کە ئەمڕۆ کار و کۆششی ئەوان، ماندووبوون و بەدواداچوونی بۆ دەکرێ و من سەری ڕێز بۆ ئەو بەڕێزانە دادەنوێنم و ئەم ڕاستکردنەوەیە بەر لەهەرچی شانازییێکە بۆ ئەوان و دواجار بۆ ئاستی لێکۆڵینەوەی کوردی کە خەریکە ئاوڕ لە دواوەی خۆی دەداتەوە.

**تابلۆی مێژووەکانی پێنج ژمارەی یەکەم ڕۆژنامەی (کوردستان)**

| ژمارە | مێژووی ساڵی کۆچی | مێژووی ساڵی ڕۆمی (مالی) | مێژووی ساڵی زایینی |
|---|---|---|---|
| ١ | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢ | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣ | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤ | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥ | [redacted] | [redacted] | [redacted] |

* بەهەڵە نووسراوە مانگی (ذوالحجة) کە ڕاستییەکەی مانگی (محرم)ە.
** بەهەڵە نووسراوە (٢٧ محرم)، ڕاستییەکەی (٢٦)ی (محرم)ە.

هەواڵنامەی کتێب

**پەراوێزەکان:**

١– بەر لە فەرهاد شاکەلی پێم وایە یەکەمین کەسێک کە دروست مێژووی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تۆمار کردبێت، مێژوونووس دکتۆر جەلیلی جەلیل بووە، بڕوانە: جلیلی جلیل، نهضة الاکراد الثقافة والقومیة، نقله عن الروسیة باقی نازی، د. ولاتو کدر، رابطة کاوە–بیروت، دار الکتاب، ١٩٨٦، ×: ٢٩.

گەرچی وەرگێرانە رووسـیەکەی ئەم کتێبە کە دکتۆر ئەنوەر قادر محەمەد کردوویە بە کوردی، لەوێدا لە بری ٢١ی نیسـان، ٢٢ی نیسان نووسراوە، من دەقی رووسـیی کتێبەکەی دکتۆر جەلیلم لەبەر دەستدا نییەو نازانم ئەمە دەسـتکاری دوکتۆر ئەنوەر قادرە کە پێی وابووە ٢١ هەڵەیەو راستیکردۆتەوە بۆ ٢٢ی نیسان یان لە چاپە رووسییەکەشدا هەر ٢٢ی نیسان هاتووە.

٢– عەبدوڵڵا زەنگەنە، "ڕۆژنامەگەریی کوردی: راسـتکردنەوەی هەڵەیەکی چل سـاڵە..!؟" ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (٤٣٧) ڕۆژی ٢١ی ئایاری ٢٠٠٧.

٣– عەبدوڵڵا زەنگەنە، "ڕۆژنامەنووسیی کوردی: جارێکی دیکەیش دووبارەکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە..؟!"، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ئاڵقەی یەکەم، ژمارە (٤٧١)، ڕۆژی ١ی تەمموزی ٢٠٠٧ و ئاڵقەی دووەم، ژمارە (٤٣٧)، ڕۆژی ٣ی تەمموزی ٢٠٠٧.

٤– بڕوانـە: دکتۆر کەمال فوئاد، کوردسـتان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨–١٩٠٢، چاپی سـێیەم، تاران، ٢٠٠٦، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان).

٥– گ.س. فریمان گرێنڤیل، ڕۆژمێرەکانی کۆچی و زایینی، وەرگێرانە لە فەرەنسـییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦– The Times، ٢١ April، Thursday. ١٨٩٨.

# جەژنی رۆژنامەنووسانی کورد لە ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێکە



**مارف خەزنەدار**

## پێشەکی

لە ٢٢ی نیسانی ساڵی (١٩٦٨)ەوە تا ئێستا کەموزۆر لە گفتوگۆو چەند و چوون لەسەر رۆژنامەی **(کوردستان – قاهیرە)** بەشداریم نەکردووەو وشەیەکم لەم بابەتەوە لە دەم نەهاتۆتە دەرەوە، ئەوە ناڵێم هەندێ جار زانیاری و هەواڵی تازەم لە بابەت ئەم رۆژنامەیەوە دەست کەوتبێ بڵاوم کردۆتەوە. ئێستا ئەم باسەم بە ئومێدی ئەوە نووسیوە دوایی بەم گفتوگۆیە بهێنرێ، چونکە مەسەلەی **(کات، وەقت، زەمەن)** مەسەلیەکی فیزیکی نیسبییە، **(ئەزەل)** و **(ئەبەد)** زۆر درێژن، گۆیا سەرەتاو دواییان نییە، **(چرکە، لەحزە، سانییە** –ثانیە) ئەوەندە کورتە لە بچووکی، یان کورتیدا دەگاتە **(ئەتۆم – زەرە)**.

هەندێ کەس بۆچوونیان هەبوو لە بابەت رۆژی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی **(کوردستان)** گۆیا لە رۆژی ٢٢ی نیسان نەبووەو لە رۆژی ٢١ی ئەو مانگە بووە. بۆ ئیحتیمالی ئەوەش لەناوەوە نەبێ لە رۆژی ٢٣ بووە...!؟

من ئێستا و ئەوساش و هەموو وەختێک گومانم لا دروست بووە کە رۆژێکی **(هیجری)**م گۆڕیبێتە سەر رۆژێکی **(مەسیحی)**، بەڵام ئەوەی بۆتە ئارامی دڵ و فیکر ئەوەیە لە چرکەیەکدا رۆژێک تەواو دەبێ و هەر لەو چرکەیەدا رۆژێکی دیکە دەست پێ دەکات.

ئەوانەی لە رۆژی دەرچوونی رۆژنامەی **(کوردستان)** بەشدارییان کردووە دوو خۆشەویستی زیرەک و خوێندەواری من بوون، **(فەرهاد شاکەلی)** لە سوێد و **(عەبدوڵڵا**

**زەنگەنە**) لە هەولێر. من زۆر مەمنوونیانم، چونکە لە ئاداب و نەریت و ئەتیکێتی زانستییانە نەچووبوونە دەرەوە.

بەراستی مەبەستی من ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ە، چی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ بووە بە سەرچاوە، گرنگی چییە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا، هەوڵ بدرێ ئەو ژمارانەی لەبەر دەست نین بدۆزرێنەوەو دەیان پرسیاری دیکە، بەڵام کێ لە قاهیرە دەری کردووە، کێ ڕۆژی ٢٢ی نیسانی دیاری کردووەو پێشنیازی کردووە ببێ بە جەژنی ڕۆژنامەنووسان، ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی ٢٢ی نیسان بڵاونەکرابێتەوەو لە ٢١، یان ٢٣ی بڵاوکرابێتەوە پێم وایە ئەوەندە گرنگ نیە.

پێویستە خوێنەری ئەم باسە ئاگاداری ئەوەبێ ئەو بۆچوون و زانیارییانەی لەم باسەدا بڵاوکراونەتەوە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ تێگەیشتنی (کات، وەقت، زەمەن) لە کاتێکی دیاری کراودا چۆن لەجێیەک ڕۆژی سێ شەمووە و لەجێیەکی دیکە چوار شەمووە، یان لەجێیەک ١٥ی مانگەو لە جێیەکی دیکە ١٦ی مانگە.

لە پێناوی تێگەیشتنی ئەم باسە هەوڵم داوە تەعبیر و زاراوەی (**مصطلح**) زمانی ستانداردی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم تا پلەیەک بەکاربێنم، ئەو کاتە زمانی عەرەبی و تورکی عوسمانی کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی زیاتر بووە.

## چۆن ژمارەی یەکەمم دۆزییەوە؟

لە ساڵی ١٩٦٢ کە جەردی نامەخانەی تایبەتی بەشی لێکۆڵینەوەی تورکی – مەغۆلیم دەکرد لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی لە شاری سانت پیترسبورگ لەناو چەکمەجەکانی بیبلیۆگرافیا چاوم بەکارتێک کەوت بە ڕووسی لەسەری نووسرابوو (ڕۆژنامەی "**کوردستان**"، **ئەستەموول، ١٨٩٨، بە زمانی تورکی**). ئیتر بزانە لەو ئانەدا چی شاگەشکەیەکی خۆشی بووە هۆی ئەوەی من خۆم بە بەختەوەرترین کەس بزانم لەسەر ڕووی ئەم زەوییە. وەکو لە ناوەڕۆکی کارتەکە دەردەکەوێ دوو هەڵەی زەقی تێدابوو، ڕۆژنامەکە لە قاهیرە دەرچووە نەک لە ئەستەموول، هەروەها بەزمانی (**کوردی**) بووە نەک بە زمانی (**تورکی**).

بەڵام زوو بە زوو ئەم بزە و خەندەیە بوو بە گرژی و فرمێسک لەو کاتەی بە کچە ڕووسەکەی پارێزەری نامەخانەکەم گوت، تکایە ئەم ڕۆژنامەیەم پێ پیشان دە، گوتی: ئێمە شەرمەزارین بەرانبەر خوێندەوارەکانمان، لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکە بزربووە، ئێمە بەرانبەریان خەجاڵەتین، پێویستە کارتەکە لەناو ببرێ.

لە دوای چوار ساڵ لە هاوینی ساڵی (١٩٦٦) کە لە پشووی حەسانەوەی هاوین گەڕامەوە ئامۆژگا – ئەو کاتە بڕوانامەی بەرزم وەرگرتبوو و ببووم بە کارگەری زانستی – هەر ئەو کچەی پارێزەری نامەخانەکە پێی گوتم: مژدەیەکی خۆش (**کوردستان**)ەکەی تۆ لە ناو لاپەڕەییکی ڕۆژنامەیەکی بەرگ کراوی کۆنی تورکی عوسمانی خۆی شاردبووەوە. گوتم: دەبا بچین چاوم پێی بکەوێ. ئەم جارەش بەخت یار نەبوو. گوتی: ئەو ڕۆژە یەکێک لە کارگەرانی بەشی کوردی داوای کرد، لە پاش چەند ڕۆژێکی دیکە دەیگەڕێنێتەوە. ئەمە دیاردەیەکی سەیر بوو لەم وڵاتەو لەم دەسگا زانستییە گرنگەدا، چونکە لەهیچ جێگەیەک سەرچاوەی دەگمەنی وەکو ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (**کوردستان**) لە نامەخانە ناچێتە دەرەوەو نوسخە ئەسڵییەکە لە ئەرشیڤ دوور ناکەوێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە پەنام بۆ کارگێڕی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی یووری بەدرۆسیان برد. کە بە مەسەلەکەی زانی گلەیی لە کچەکە کردو پێی گوت: هەر ئێستا برووسکەیەک بۆ ئەرمەنستان بنێرە لەماوەی ٢٤ سەعات دا ئەوەی ڕۆژنامەکەی بردووە بە یەکەمین فڕۆکە لە یەریڤانەوە بینێرێتەوە سانت پیترسبورگ. ئەو کەسەی ڕۆژنامەکەی بردبوو کوردی ئەو وڵاتە بوو لە ئەرمەنستان

دەژیا.

لــەدوای دوو ســێ ڕۆژ پـارێـزەری نامەخانەی بەشی تورکی مەغۆلی ئەو ژمارە یەکەمەی (**کوردستان**)ی بۆ هێنام بۆ بەشی زمانی کوردی، لەگەڵ ئەویشدا میکرۆفیلمی هەر چوار لاپەڕەی پێشکێش کردم. لەناو لاپـەڕەی ڕۆژنامەکە پاشکۆیەکی کورت هەبوو بە زمانی فرەنسی هەندێ زانیاری تێدابوو لـەمـەڕ ڕۆژنـامـەکـەوە، وێنەی ئەو پاشکۆیەکشم بە میکرۆفیلم گرت، لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بۆ یەکەمین جار لە یادێکی دەرچوونی ڕۆژنامەکە ئەویشم لە بەغدا لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بڵاوکردەوە.


کردستان

وێنەی لاپەرە یەکەمی زمارە (١)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) کە لـە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە(بـۆ یەکـەمین جار ئـەم وێنەیـە لـە ڕۆژنـامـەی(الـتـآخی)ی ڕۆژی ١٩ی نیـسـانی ١٩٦٨، وە ڕۆژنامەی(برایی)ی ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٩٦٨بلاو کراوەتەوە).

زانــیــاری لــە بــابــەت ڕۆژنــامــەی (**کوردستان**)ەوە لە هاوینی ساڵی (١٩٦٦)ەوە لای خۆم مایەوە تا بەهاری ساڵی (١٩٦٨)، وابوو لە ڕۆژی هەینی ١٩ی نیسانی (١٩٦٨) بە زمانی عەرەبی و لەڕۆژی دووشەمووی ٢٢ی نیسانی (١٩٦٨) بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی (**التآخي=برایی**) بڵاوکرایەوە. بۆ یەکەمین جار نێوەندی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کوردی گرێ گوێرەی ڕۆژو مانگ و ساڵ و دەرچوونی ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ی بۆ کرایەوە لە قاهیرە، هەروەها لەسەر پێشنیازی خاوەنی ئەم باسە لەو ساڵەوە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێک بوو بە جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کورد.

ئەوەی سەیر و چاوەنوارِ نەکراو بوو بۆ مێژوو پێویستە روون بکرێتەوە، ئەوە بوو لە یادی یەکەمی دانانی ڕۆژی ٢٢ی نیسان بە جەژنی ڕۆژنامەگەری، واتە ٢٢ی نیسانی ساڵی (١٩٦٩) بەهیچ جۆرێ یادی ئەو ڕۆژە نەکرایەوە، وەک بڵێیی ئەم دۆزینەوەیە ڕووداوێکی بێ بایەخ بووە، چونکە گرێ کوێرەی ئەم ڕووداوە ڕۆشنبیرییە پیرۆزە لە ڕۆژنـامـەی (**التآخي**) بڵاوکرابووەوە، ئەو کاتە ئەو جەماعەتە گەڕابوونەوە ناو شۆڕش لە شاخدا، لە جیاتی (**التآخي**) ڕۆژنامەی (**النور**) دەردەچوو، لەبەر ئەوە ئاهەنگی جەژنە پیرۆزەی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە دەست پێدەکات، ئەویش کەوتە دوای بەیانەکەی ١١ی مارتی ساڵی (١٩٧٠).

## چۆن بەپێی تەقویمی مەسیحی ٢٢ی نیسان بوو بە جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی؟

ڕۆژی دەرچوونی ژمارە یەکەمی (کوردستان) لەسەر لاپەڕەی یەکەمیدا بەم جۆرە تۆمارکراوە "ڕۆژی پێنج شەمموو ٣٠ی زولقەعدەی (١٣١٥)ی هیجری، ٩ی نیسانی (١٣١٤)ی ڕۆمی".

ماوەیەک خەریک بووم، لە پێشاندا هیجرییەکەم بە مەسیحی، پاشان ڕۆمییەکەم بە مەسیحی بەرانبەرو بەراورد کرد، لە هەردوو باردا ڕۆژی هەردوولایان ٢٢ی مانگی نیسانی گرتەوە، پاشان هیجری و ڕۆمییەکەم لە نێوان خۆیاندا ورد کردەوە، ئەوانیش ٣٠ی زولقەعدە دەبوو بە ٩ی نیسان، هەروەها ٩ی نیسانیش دەبوو بە ٣٠ زولقەعدە. بۆ دڵنیایی خەریکی ئەم جۆرە تاقی کردنەوەیەش بووم، ئەگەر نا ڕۆژژمێری هیجری قەمەری و ڕۆمیی شەمسی ڕۆژانە لە چاپەمەنی و کاروباری ڕەسمی کۆمەڵی تورکی عوسمانی بەکاردەهێنران، لەبەر ئەوە هیچ هەڵەیەک لەنێوان هیجری و ڕۆمییەکە ڕووی نەدەدا. ئەم دیاردەیە لەو کاتەدا وەکو ئەوەی ئەمڕۆ بوو لە هەندێ وڵاتانی عەرەبی بەرچاو دەکەوێ لەسەر هەموو دۆکیومێنتێکی ڕەسمی ڕۆژ و مانگ و ساڵی تەقویمی هیجری و مەسیحی دەنووسرێ، لەهاوینی ساڵی ١٩٦٦ەوە تا بڵاوبوونەوەی ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ساڵی (١٩٦٨) لە بەغدا، بۆ دڵنیایی مەسەلەی وەرگێڕانی هیجری بۆ مەسیحی پەنام بۆ هەموو کەسێک دەبرد. لەپێشاندا لە مواحازەرەکانم لە بەشی کوردی و عەرەبی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی و کۆلێژی ڕۆژهەڵاتی زانستگای سانت پیترسبورگ. لە موحازەرەیەکیاندا ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان)م بەپێی تەقویمی هیجری و ڕۆمی عوسمانی پێشکێش بە هەموو قوتابیان کرد بە ئومێدی ئەوەی لە موحازەرەی داهاتوودا ئەنجامەکەیم بۆ بێننەوە. هەموویان گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی من.

لەدوای گەڕانەوەم بۆ وڵات، دەبوو پەنا ببەمە بەر پسپۆڕێکی شارەزاو وردی لێهاتوو لەم مەسەلانە (حوسێن عەلی مەحفووز)، مامۆستای کۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا بوو، سەرچاوەی ئەویش تەنیا جەدوەلە جیاوازەکانی وەرگێڕانی ساڵانی هیجری و مەسیحی نەبوو، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە تەسبیحێکی دەنک زۆری بەدەستەوە دەگرت و بە بژووتنەوەی دەنکەکانی دەگەیشتە ئەنجامێکی ڕاستی مەسەلەکە. لەم تاقیکردنەوەیە دەبوو یەکێکی لەگەڵدا بێ، بێ گومان شەخسی دووەمەکە من بووم. بۆ ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ئێمە سێ چوار جار حسێبەکەمان دووبارە کردەوە. ئەنجام هەمیشە ئەوە بوو ئەوەی من دەستم خستبوو.

بۆ زیاتر متمانە کردن موعادەلە ماتیماتیکییەکەمان تاقیکردەوە ئەوەی بۆ وەرگێڕانی هیجری بۆ مەسیحی و پێچەوانە بەکاردەهێنرێ، لەگەڵ ئەوەی ئەو موعادەلەیە پێوەندی بە مەسەلەکەی ئێمەوە نییە، چونکە تەنیا بۆ گۆڕینی ساڵەو بۆ گۆڕینی ڕۆژ و مانگ نییە.

## هەندێ ڕاستی لە بابەت بزووتنەوەی ڕۆژ و مانگ و جیاوازی لەنێوان تەقویمی مەسیحی و هیجری

(١) ڕۆژی تازە لە تەقویمی مەسیحی لە پاش سەعات -/١٢ی شەو دەست پێدەکا. ڕۆژەکە ٢٤ سەعاتە تا سەعات -/١٢ی شەوی داهاتووە. واتە (٦ سەعات شەو + ١٢ سەعات ڕۆژ + ٦ سەعات شەو). ئەم ڕێژەیە بەپێی باکوور و باشووری گۆی زەوی و بزووتنەوەی دەگۆڕێ، چونکە لە هەندێ کەژدا لە باکووری زەوی هەندێکی زستان هەر شەوەو هەندێکی هاوین هەر ڕۆژە.

(٢) ڕۆژی تازە لە (تەقویمی هیجری قەمەری) لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن دەست پێ دەکا تا بەیانی ڕۆژی دوایی دەکاتە (٢٤) سەعات. لێرەدا

ڕۆژ کە بە هەڵاتنی خۆر دەست پێدەکا بە کۆتایی شەو دوایی دێ. واتە (١٢) سەعات ڕۆژ + ١٢ سەعات شەو)، لێرەشدا بەپێی سووڕانەوەی گۆی زەوی کورتی و درێژی شەو و ڕۆژ دەگۆڕێ، لەناوچەی ئێمەدا ٣ سەعات و چەند دەقیقەیەک جیاوازی هەیە لە نێوان زستان و هاویندا.

(٣) لە وڵاتی رووسیای یەکجار گەورەو فراوان لە نێوان (ڤلادی ڤوستۆگ) و شاری (مۆسکۆ) ٨ یان ٩ سەعات جیاوازی زەمەنی هەیە، واتە ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەم لە سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆ کە خەڵکی شاری مۆسکۆ چاوەڕێی ڕۆژی تازەو سەری ساڵی نوێ دەکەن لە (ڤلادی ڤوستۆگ) ڕۆژی تازەی سەری ساڵ دەستی پێ کردووە، کەچی لە (مۆسکۆ) هێشتا ٨ سەعاتی ماوە. بەم جۆرە خۆر بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، واتە لەدوای هەر سەعاتێک کۆمەڵێک شارو ئاوەدانی پێشوازی ڕۆژی تازەو سەری ساڵی نوێ دەکەن. لەدوای سێ سەعات لە ڕۆژهەڵاتی (گرینویچ) واتە (مۆسکۆ) ٣١ی کانوونی یەکەم تەواو دەبێ و ڕۆژی ١ی کانوونی دووەم و ساڵی نوێ دەست پێ دەکا. لەدوای ٣ سەعاتی دیکەڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی (گرینویچ) تەواو دەبێ و ساڵی نوێ و ١ی مانگی کانوونی دووەم لە ڕۆژئاوای (گرینویچ) دەست پێ دەکا.




## تەقویمی مەسیحی و هیجری

ئەوەی تەقویمی مەسیحی داناوە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا پێغەمبەری دەستنیشان کردووە، ئینجا حەوت ڕۆژی خستۆتە سەر، ئەم ڕۆژەی کردووە بە یەکەمین ڕۆژی سەری ساڵ. بەم جۆرە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح دەکەوێتە ٢٥ی کانوونی یەکەم، لەبەر ئەوەی عیسا بە جوولەکەیی لەدایک بووە، ئەوەی تەقویمی داناوە ڕۆژی خەتەنەکردنی (سوننەت کردنی) کردووە بە ڕۆژی سەری ساڵ.

ئەم تەقویمە لەسەر بزووتنەوەی خۆر دانراوە بۆ ڕۆژی لەدایکبوون. (هەندێ لە مەسیحییانی ڕۆژهەڵات لە هیندستان و چین و ڤێتنام و ژاپۆن و جێگەی دیکە ڕۆژی لەدایک بوونیان لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی مانگ داناوە، لەبەر ئەوە ئەمانە لەکاتێکی دیکە پێشوازی جەژنی لەدایک بوونی مەسیح دەکەن).

ئەم تەقویمە لە ڕووی زەمەنەوە (کات، وەقت) لە زیاتر

لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستاوە دەست پێ دەکا، بەڵام پاشان لە رۆژگارێکی دیکەدا تەقویمەکە رێک خراوە، چەند جارێکیش دەستکاری و چاکسازی تێدا کراوە، دوا سیغەی بە (تەقویمی مەسیحی گریگۆری) ناسراوە. ئێستا ئێمە لەناو ساڵی ٢٠٠٧ی ئەم تەقویمە دەژین.

لە رۆژێک کە لە رۆژانی ساڵی (٦٢٢)ی مەسیحی محەمەد پێغەمبەر لە مەککەوە هیجرەتی کردووە بۆ مەدینە. دوایی ئەو رۆژە کراوە بە رۆژی یەکەمی دروست بوونی تەقویمی هیجری. بەم جۆرە ساڵی یەکەمی هیجری دەکەوێتە نێوان هەردوو ساڵی ٦٢٢/٦٢٣م.

هەروەها ساڵی (١٤٠٠)ە دەکەوێتە نێوان (١٩٨٠/١٩٨١)م.

رۆژی تەقویمی مەسیحی لەنیوەشەوەوە دەست پێ دەکا، واتە ماوەیەک شەوە، پاشان ماوەیەکی درێژ رۆژە، ئینجا ماوەیەکی دیکە شەوە، کەچی تەقویمی هیجری لە هەڵاتنی خۆرەوە دەست پێ دەکا، ئەمەیان رۆژە، لە پاشانا شەو، لەکۆتاییدا کە خۆر هەڵدێتەوە رۆژێکی دیکە دەست پێ دەکا. بەم جۆرە لە تەقویمی مەسیحیدا رۆژی تازە لە نیوەشەودا دەست پێ دەکاو کەچی لە تەقویمی هیجری لەگەڵ خۆرهەڵات دەست پێ دەکا.

نویشکی ئەم زانیارییانە لە تەقویمی مەسیحی ئەوەیە رۆژ لە نیوەی شەو دەست پێدەکا و لەنیوەی شەوی داهاتوو کۆتایی دێ، لە تەقویی هیجری لە خۆرهەڵات دەست پێدەکاو لەخۆرهەڵاتی داهاتوو کۆتایی دێ.

منداڵێک ئەگەر لە سەعات -/٣ی پاش نیوەشەو لە دایک ببێ بەحسێبی هیجری ژمارەی ئەو رۆژەی بۆ دادەنرێ کە خۆری هەڵاتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە تەقویمی مەسیحی ژمارەی دوای ئەو رۆژەی بۆ دادەنرێ، واتە وا حسێب دەکرێ ئەو کاتە سەعات ٣ی رۆژە تازەکەیە.

پێوەندی لەنێوان تەقویمی مەسیحی و هیجری لە جەدوەلی وەرگێڕانی رۆژ و مانگ و ساڵی هیجری بۆ مەسیحی، یان پێچەوانەوە بەم جۆرەیە:

لەبەر ئەوەی رۆژانی ساڵی هیجری بە ژمارە لە ساڵی مەسیحی کەمترن، بە زۆری هەموو ساڵێکی هیجری دەکەوێتە ناو دوو ساڵی مەسیحییەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر رۆژ و مانگی ساڵی هیجری نەزانرێ ناتوانرێ رۆژ و مانگی مەسیحییەکە دیاری بکرێ، ئەمە زۆر جار گیروگرفت دروست دەکا.

لەم ماوەیەدا ئەو ساڵە هیجریانە دیاری دەکرێن کە دەکەونە ناو ساڵێکی مەسیحییەوە. لە سەرەتاوە، واتە ساڵی یەکەمی هیجری تا ساڵی ١٥مین هەموویان دەکەونە ناو دوو ساڵی مەسیحییەوە، ساڵانی ١٦، ١٧، ١٨، ١٩ ە دەکەونە ناو ساڵانی ٦٣٧، ٦٣٨، ٦٣٩، ٦٤٠ی مەسیحییەوە. ئینجا ساڵی ٢٠ی هیجری دەکەوێتە نێوان هەردوو ساڵی ٦٤٠/٦٤١م.

٣٨ ساڵی هیجری لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هەموویان دەکەونە ناو دوو ساڵی مەسیحییەوە، بەم جۆرە:

١٣٦٣ە دەکەوێتە ناو دوو ساڵی ١٩س٤٣/١٩٤٤م.

١٤٠٠ە دەکەوێتە ناو دوو ساڵی ١٩٨٠/١٩٨١م.

بەم جۆرە ٦ جار لەدوای ٢٩ ساڵ و ٣٤ جار لەدوای ٣٠ ساڵ، ساڵانی هیجری دەکەونە ناو تاکە ساڵێکی مەسیحییەوە.

ژمارەی ئەو ساڵانەی دەکەونە ناو تاکە ساڵێکی مەسیحییەوە، لەنێوان ٣ ساڵ و ٤ ساڵ دان. ٣ ساڵەکان ژمارەیان ١٣یە، ٤ ساڵەکان ژمارەیان ٥٢٧. تەنیا جارێکیش لەدوای ٣٠ ساڵ ٥ ساڵی هیجری دەکەونە ناو تاکە ساڵێکی مەسیحییەوە لەنێوەندی رۆژهەڵاتناسی ئەگەر رۆژ و مانگی رووداوێک نەزانرێ و تەنیا ساڵ بزانرێ. ئەگەر ساڵە هیجرییەکە بکەوێتە نێوان دوو ساڵەوە، ساڵی یەکەم وەردەگیرێ، لەبەر ئەوە زۆربەی کوردناسەکانی ئەورووپا ئەوانەی ژمارە یەکەمی کوردستانیان لەبەر دەست نەبووە بۆ دەرچوونی رۆژنامەکە ساڵی (١٨٩٧)یان داناوە، چونکە لە جەدوەلەکانیاندا ساڵی (١٣١٥)ی هیجری کەوتوتە نێوان (١٨٩٧/

١٨٩٨)م، تەنیا ئەدمۆندس ساڵی ١٨٩٢ی بە هەڵە داناوەو ڤیلچێڤسکی ساڵی (١٨٩٨)ی بەراستی داناوە.

ئەم مەسەلەیە هەندێ جار بە چاکە دەگەڕێتەوە، هەندێ جاری دیکە گیروگرفت دروست دەکا.

(١) حەزرەتی (نالی) بۆ مردنی سلێمان پاشای بابان و لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشای بابان دەڵێ:

شاهی جەمجا (نالی) یا (تاریخی جەم)
تاریخییە دانەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەمجا نەبوو.

رستەی (تاریخی جەم = تاریخ جم) بەحسێبی ئەبجەد بە ئیملای عەرەبی ئامێزی کۆن دەکاتە ساڵی ١٢٥٤ی هیجری. ئەم ساڵە هیجرییە دەکەوێتە نێوان دوو ساڵی مەسیحی (١٨٣٨/ ١٨٣٩).

لەبەر ئەوەی رۆژو مانگی مردنی سلێمان پاشا، یان هۆنینەوەی شیعرەکە نازانرێ و ناتوانرێ ئەو رۆژو مانگە بدۆزرێتەوە کە سلێمان پاشا مردووە، یان شیعرەکە نووسراوەتەوە، ئەم رووداوە لە کامە ساڵ بووە لەم دوو ساڵەدا، دەسکەوتەکە لەوەدایە ئەگەر ئەم دێرە شیعرە نەبوایە ئەم رووداوە مێژووییە گرنگە لەلامان ئاشکرا نەدەبوو.

٢- لەلایەکی دیکەوە پێوەندی نێوان تەقویمی هیجری و مەسیحی گیروگرفتی دیکەی دروست کردووە، بەراستی لە حەقیقەتدا مەسەلەکە گیروگرفت نییە، بەڵام نووسەرو رۆشنبیرانی کورد کردوویانە بە گیروگرفت، ئەویش مەسەلەی ساڵی لەدایک بوونی (عەبدوڵلا گۆران)ە.

نووسەران دەڵێن: گۆران لە ساڵی ١٩٠٤ یان ١٩٠٥ لە دایک بووە، ئەمە لەوەوە هاتووە، ساڵی لەدایکبوونی بەهیجری تۆمارکراوە گۆیا ساڵی (١٣٢٢)ە، کە گۆڕیویانەتە سەر تەقویمی مەسیحی ئەو ساڵە کەوتووەتە نێوان ساڵانی (١٩٠٤/ ١٩٠٥). بەم جۆرە راستی ئەوەیە لەسەر دەستووری زانایانی ئەوروپا و کوردناس و رۆژهەڵاتناسان ساڵی (١٩٠٤) بکرێ بە رۆژی لەدایک بوونی (گۆران).

## هێلی رۆژژمێری گێتی – خط التاريخ الدولي
## International Date Line

ئەم خەتە لە ئۆقیانووسی بەفرینی باکوورەوە (المحیط المنجمد الشمالي) دەست پێ دەکا، بە تەنگەی (مضیق، بوغاز) بێرینگۆڤ تێدەپەڕێ. لای راستی دوا سووچی ئەلاسکای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لای چەپی ناوچەی بێرینگۆڤی رووسیایە. ئینجا خەتەکە بەرەو خوار دەبێتەوە تا رادەیەک ئۆقیانووسی باسفیک (المحیط الهادي) دەکاتە دوو کەرت، ئێتر خەتەکە بە ئاوەدانییەکانی دوورگەی میدوای و ساموا تێدەپەڕێ و دەیکا بە دوو کەرتەوە، ئەوجا شۆڕدەبێتەوە لە رۆژهەڵاتی نیوزیلەندە خۆی دەنوێنێ تا لە ئۆقیانووسی بەفرینی باشووری (المحیط المنجمد الجنوبي = ئەنتەرکتیک) کۆتایی پێ دێ.

لای رۆژهەڵاتی ئەم هێڵە بەخاک و ئاوەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە موڵکی خۆی دەزانێ، هەروەها یەکێتی سۆڤیەتی (١٩١٧-١٩٩١) و رووسیای ئێستا لای رۆژئاوای هێڵەکە بە موڵکی خۆیانیان دەزانی.

هەر چۆنێ بێ ئەم هێڵە زۆر گرنگە، لەو چرکەیەی (لەحزەیە) رۆژ دەگاتە ئەو هێڵە لە رۆژهەڵاتی رۆژێک (٢٤ سەعات) کۆتایی پێ دێ، لە رۆژئاوای رۆژێکی تازە دەست پێ دەکا، واتە جیاوازی زەمەنی لەو چرکەیەدا نییە، لای چەپی کۆتایی رۆژەکەیەو لای راستی سەرەتای رۆژێکی تازەیە. بۆ رێکخستنی کاروباری جەدوەلی زەمەنی هێڵی درێژ دانرا (خطوط الطول)، سەعاتێک و بیست دەقیقە (١,٢٠) کراوە بە پێوەری زەمەنی نێوان دوو هێڵەکە، هەندێ جار نیو سەعاتیش هەیە (٣٠ دەقیقە) وەکو ئەوەی لەنێوان (ئێران) و (عیراق) دەردەکەوێ.

بەم جۆرە کوردستانی گەورە یەک زەمەنی دەولی نییە. جیاوازی لە وەقتدا لەنێوان سلێمانی و سنە نیو سەعاتە، هەروەها لە گوندێکی وەکو نەوسوود لای رۆژهەڵاتی ئێران و لای رۆژئاوای عیراق جیاوازی زەمەنییان نیوسەعاتە، هەروەها جیاوازی زەمەن لە نێوان هەولێر و سلێمانی و بەغدا لەگەڵ دیاربەکرو قامیشلی و ئەستەموڵ

و ئەنقەرە سەعاتێکە. واتە کوردستان لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نییە لەدیاری کردنی (زەمەن) یەکێتییەکی نییە، کوردستانەکان هەریەکەیان سەر بەو دەوڵەتەن کە کوردی تێدا دەژی، ئەگەر وا نەبوایە ئەویش وەکو دەوڵەتێک خاکی لەسەر یەک خەتی زەمەنی دەبوو، چونکە خاکی لە رووی جوگرافیاوە عەموودییە لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژە، کەچی ئاسۆیی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا تەسکە.

ئەم دیاردەیە جیاوازە کە لە دەوڵەتە کەم خاک و بچووکەکان بەرچاو دەکەوێ لەگەڵ دەوڵەتە خاک گەورەو فراوانەکان، بۆ بەڵگە دەوڵەتێکی وەکو رووسیای ئێستا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەو وڵاتانەدا لەبەر ئەوەی زۆر گەورەو فراوانن، بەتایبەتی خاکیان لەرووی ئاسۆییەوە لە رۆژهەڵاتەوە دەکشێ بەرەو رۆژئاوا کەوتوونەتە سەر چەند خەتێکی زەمەن لە رووسیا ٨ تا ٩ سەعات جیاوازی زەمەنی هەیە، لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو جیاوازییە ٣ تا ٤ سەعاتە.

رۆژی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ی داهاتوولە کۆتایی رۆژی ٣١ی کانوونی یەکەمی ئەم ساڵ (٢٠٠٧) کە خۆر دەگاتە سەر هێڵی رۆژژمێری گێتی (خط التاريخ الدولي) لەو چرکەیەدا لەسەر گۆی زەوی ئێمە ساڵی (٢٠٠٧) کۆتایی پێ دێ. لەو چرکەیەدا یەکەم رۆژی ساڵی (٢٠٠٨) دەست پێ دەکا، ئەو رۆژە رۆژی سێ شەمووە، واتە لە دوای کەمتر لەمانگ و نیوێک،لەو چرکەیەی رۆژ دەگاتە سەر هێڵی رۆژژمێری گێتی ئاوەدانییەکانی ئەو ناوچانە لە باکوورەوە بۆ باشووری رۆژی یەکەمی سەری ساڵیان دەست پێ دەکا، پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین زۆربەی ئەم ناوچانە ئاوی ئۆقیانووسی باسفیکەو ئاوەدانی و جێی ژیانی کەمە.

هەندێ دورگەی بچووک لەم ئۆقیانووسە بێ پایانەدا بڵاوبوونەتەوە.

لە سەعاتی یەکەمەوە تا کۆتایی رۆژەکە لەدوای ٢٤ سەعات رۆژی یەکەمی سەری ساڵ لەم ئاوەدانیانە خۆی دەنوێنێ:

١. دورگەکانی میدوای، ڤیچی، ویلینکتۆن.
٢. دوورگـــەی نـوومـیـا لـە رۆژهـەڵاتـی ئوستراليا.
٣. سیدنی، گوام.
٤. تۆکیۆ، سیئۆل، ئۆساکا، ئەرخانگلسک، ڤلادی ڤۆستۆک.
٥. پەکین، تایپێ، هۆنگ کۆنگ، سایگۆن.
٦. بانکۆک.
٧. تاشقەند.
٨. کەراچی.
٩. باکۆ.
١٠. مۆسکۆ، سانت پیترسبورگ، هەولێر، سلێمانی، بەغدا، نایرۆبی.
١١. قاهیرە، ئاتینا، ئەستەموول، ئەنقەرە، دیاربەکر، هیلسنکی، جۆهانسبورگ.
١٢. ئۆسلۆ، بەرلین، پاریس، رۆما، مەدرید، لاگوس.
١٣. گرینویچ، لەندەن، لیشبۆنە، داکاو، ئاکرە.
١٤. مـادیـرا (دورگـە لـەنـاو ئۆقیانووسی ئەتلەسی).
١٥. ئازۆریس (دورگە لەناو ئۆقیانووسی ئەتلەسی).
١٦. بۆینس ئایرس، ریۆدۆ جانیرۆ.
١٧. سان جوان، بەرمۆدا، سانتیاگۆ.
١٨. لیما، تورنتۆ، نیۆیۆرک، پەناما.
١٩. میکسیکۆسیتی، شیکاگۆ.
٢٠. دینڤەر، فۆینیکس.
٢١. فانکۆڤەر، لۆس ئانجیلۆس.
٢٢. داوسۆن.
٢٣. ئەنچوراگ، هۆنۆلۆلۆ، پاپیت.
٢٤. ساموا.

ئەمە مـاوەی زەمـەنـی یـەک سـەعـاتەکان بـوو. هـەرچـی نیو سـەعـاتەکانیشن لەناو جەدوەلەکەدا بەم رەنگە خۆیان دەنوێنن:

١. ئەدەلاید لەنێوان سیدنی و تۆکیۆ.
٢. سەنگاپوور لەنێوان پەکین و بانکۆک.
٣. رانگوون لەنێوان بانکۆک و تاشقەند.
٤. بۆمبای لەنێوان تاشقەند و کەراچی.
٥. کابول لەنێوان کەراچی و باکۆ.
٦. تاران لەنێوان باکۆ و مۆسکۆ.
٧. کەرەکاس لەنێوان بەرمۆدا و نیۆیۆرک.

ئەمە هەمووی بەپێی هێڵی رۆژژمێری گێتی

(خگ التاریخ الدولی)، بەڵام حسێبی زەمەنی لەنێو هەموو دەوڵەتانی دنیا لەسەردەمی ئێستاماندا لەسەر خەتی گرینویچ دەڕوا. ئەنجام لەبەرکاهێنانی هەردوو خەت لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە بە حسێبی فیزیکی بزووتنەوەی کوزمۆس (الکون) یەکێکە.

## ڕوانگەی گرینویچ

لەپێناوی ڕێکخستنی مەسەلەی کات (زەمەن، وەقت، سەعات) لەسەر ڕووی زەوی بیر لەوە کرایەوە خەتی درێژی سەر گۆی زەوی (خگوگ الگول)، لە سەرەوە بۆخوارەوە، لە ئۆقیانووسی بەفرینی باکوورەوە بۆ ئۆقیانووسی بەفرینی باشوور (ئەنتەرکتیک) دیاری بکرێ و هەموو دەوڵەتانی دنیا پێڕەوی بکەن. ئەوە ڕاستە (هێلی ڕۆژژمێری گێتی) (خط التاریخ الدولی) هەبوو لە سەرەوە بەنێوان خاکی (ئەلاسکا)ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تەنگەی (بێرینگۆڤی) ڕووسیا تێدەپەڕێ تا ئۆقیانووسی بەفرینی باشوور، بەڵام لەبەر ئەوەی خەتەکە بەناوەڕاستی ئۆقیانووسی باسفیک تێدەپەڕێ و ئاوەدانی تێدا کەمە بیر لەوە کرایەوە بۆ جێبەجێ کردنی مەسەلەکە خەتێکی تازە دیاری بکرێ، ئیتر دەبوو بیری زانایانی جوگرافیا و ئەستێرەناسی (ئەسترۆنۆمەکان) بۆ ئەوە بڕوا ئەو خەتە پێچەوانەی (هێلی ڕۆژژمێری گێتی) بێ، واتە لەو نوقتەیەی خەتی ڕۆژژمێری گێتی دەست پێ دەکا خەتەکە بە پێچەوانە بۆ لایەکەی دیکە بکشێ. ڕێککەوت ئەو خەتە لە بەریتانیا بوو، لەوێ لەسەر شاری (گرینویچ) تێدەپەڕێ، ئەم خەتە گونجاو بوو بۆ مەسەلەکە، چونکە ئاوەدانییەکی زۆر کەوتبووە سەری، گرینویچ (Greenwich) شارێکی وڵاتی ئینگلیزە، کەوتۆتە لای ڕاستی ڕووباری تایمز، شەش میل لە لەندەنەوە دوورە. لە ساڵی (١٦٧٦) دەسگایەکی ئەسترۆنۆمی لێ دروست کرا بەناوی (ڕوانگەی گرینویچ) (مرصد غرینتش)، ئەو جێگەیە بە خەتی درێژی سفر (صفر) دانرا بۆ دیاری کردنی کات (وەقت، زەمەن، ساعەت) لە هەموو دنیا. لەوێوە هەموو جێگەو ئاوەدانییەکانی سەر ڕووی زەوی بەپێی خەتی درێژ وەقتیان لێ دیاری دەکرێ.

بۆ ئەوەی هیچ گیروگرفتێک دروست نەبێ لەنێوان دەوڵەتە جیاوازەکانی سەر ڕووی زەوی لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن دان بە خەتێکی ناوەڕاستی نیو سەعاتیدا بنێن، هەر دەوڵەتێکی ئارەزوو بکا دەتوانێ بەکاری بێنێ، وەکو لەم باسە ئەو شوێنە نیو سەعاتیانە دەس نیشان کران.

بەم جۆرە شەو لە دەقیقەی یەکەمی پاش سەعات (-/١٢) بە حسێبێکی دیکە پاش سەعات (-/٢٤) ڕۆژی تازە دەست پێ دەکا. بۆ بەڵگە من ئێستا خەریکی ئامادەکردنی ئەم باسەم ڕۆژی دووشەمووی ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ە، سەعات (-/٩)ی پاش نیوەڕۆیە، واتە سەعات (-/٢١)ی پاش نیوەڕۆ، لە گرینویچ سەعات (-/٦) واتە سەعات (-/١٨)یە.

لەدوای سێ سەعاتی دیکە ڕۆژی دووشەموو تەواو دەبێ و دەبێتە ڕۆژی سێ شەموو، ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧، کەچی لەوکاتەی ئێمە ڕۆژێکمان تەواو کردووە و چووینەتە ناو ڕۆژێکی دیکەوە لە گرینویچ هێشتا سێ سەعاتیان دەمێنێ ڕۆژی دووشەموو بەڕێ بکەن و بکەونە ناو ڕۆژی سێ شەمووەوە.

بەم پێیە کە ڕۆژ دەگاتە خەتی دەولی، یان خەتی گرینویچ لەماوەی (-/٢٤) سەعاتدا، لەهەر سەعاتێکدا ئاوەدانییەکانی ئەو سەعاتە دەکەونە ناو ڕۆژی یەکەم سەری ساڵی تازەوە.

### ئەنجام:

زەمەن لە ژیانی ئادەمزاد دا ڕێژەییە. کەی دەستی پێ کردووەو کەی تەواو دەبێ. ئەزەل و ئەبەد چییە؟ ئەم پرسیارە بێ وەرامە و چووەتە ناو ئەو جۆرە فەلسەفەیەوە کە تیۆرییەکانی هێشتا پراکتیک نەکراون.

لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستاوە جەدوەل بۆ زەمەن دانراوە لە پەیدابوونی عیسا پێغەمبەرەوە تا ئێستا بەکاردەهێنرێ. بۆ ئەم مەبەستە تیۆری خەتی گرینویچ دەسنیشان

کراوە. هەموو حسێبێکی زەمەنی پێ جێبەجێ دەکرێ.
هەر کاتێکی لەلای رۆژهەڵاتەوە خۆری رۆژی ٣١ی مانگی کانوونی یەکەم بگاتە سەر ئەو خەتە، رۆژی جەژنی سەری ساڵ دەست پێ دەکا، لەماوەی (-/٢٤) سەعاتدا، لە دوای هەر سەعاتێکدا رۆژی یەکەمی سەری ساڵ دەردەکەوێ، کە (-/٢٤) سەعاتەکە تەواو دەبێ، رۆژی دووەم دەست پێ دەکا.
لەمەو لەم هەموو ئەو زانیارییانەی لە سەرانسەری ئەم باسەدا پیشان دران، بەراستی ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەردەکەوێ کە ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی (کوردستان) لەرۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە.
گریمان ئەگەر ئەمە راست نەبێ و یەکێک بڵێ لە ٢١ی نیسان و یەکێکی دیکە بڵێ لە ٢٣ی ئەو مانگە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دیسان هەق نییە لەدوای نیزکەی چل ساڵ، بەهەر پاساوێکەوەبێ، داوای گۆڕینی مێژووەکە بکرێ.

هەواڵنامەی کتێب

# بۆ دەبێ ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ٢٢ی هەموو ساڵێک بێت..؟

**عەبدوڵلا زەنگەنە**

یەکێک لە گرفتەکانی دەستەبژێری نێو کۆمەڵگای میللەتانی دواکەوتوو ئەوەیە: دەبێ هەموو شتێک بە سەنگ و تەرازووی ئەوان بپیورێ، جا ئەو سەنگە چ پارچە خشتێک یان هەر شتێک بێت و لەگەڵ هەر کێشانێکیشی پارچەیەکی لێ بووبێتەوە.

لە ژمارەی رابردووی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)دا، لەتەک وتارەکەی بەڕێز **(فەرهاد شاکەلی)**یدا بەناونیشانی **(راستکردنەوەی هەڵەیەکێ چل ساڵە...)**، دوو وتاری منیش بڵاوکرابووەوە. تیایاندا لەبارەی هەندێ پرسی ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەم لە خۆم گرتووە، بەڵکو لە هەندێ شوێنی وتاری دووەممدا سەرزەنشتی خۆیشم کردووە، دیارە یەک لەو خاڵانەی کە هەڵوەستەم لەسەری کردووە، وام پیشان دابوو، لەو وتارەی دووەممدا بە ناوونیشانی **(ڕۆژنامەنووسی کوردی: جارێکی دیکەش دووبارە کردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە...!؟)** زۆر بەتێرو تەسەلی باسی چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەو هەڵەی خۆم کردووە، هەروەها بە دۆزینەوەی ئەم هەڵەیە زۆر شانازیم بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی وەرگێڕی کتێبی **(ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی)**، د. نەجات کردووە کاتێ لەمۆسکۆ بووم بۆی کردووم و گوایە ئاگاداری ئەو هەڵەیەی کردوومەتەوە، کەچی لەو نامەیەیدا کە هەر لە ژمارەی (١١)ی ڕۆژنامەنووسدا خستوومەتە بەرچاو، گلەییەکی زۆری لێ کردووم گوایە زۆرم ناهەقیم بەرامبەر بەڕێز شاکەلی کردووەو کەمێک ڕەقەکار بووم، هەر لەو نامەیەدا ئاگادارم دەکاتەوە: **(منیش لەم زووانە وتارەکەم بڵاو دەکەمەوەو دێمە ناوەوە هیوادارم لەگەڵ منیش ئاوا نەبی)** دیارە مەبەست لەو دوا دەستەواژەی **(لەگەڵ منیش ئاوا نەبی)** ئەوەیە وەکو خۆی دەڵێ **(ڕەقەکارو هێرشکار)** نەبم، بەراستی وادیارە ئەوسا من پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی باش حاڵی نەبوویمە، بۆیە وا بەشان و باڵیم هەڵداوە.

ئەوەبوو دواتر **(د.نەجات)** لە ژمارە (٥١٢)ی ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٠٠٧/٨/٢٣دا وتاری **(هەرێ پێدراو)**ی هەر لەو ڕۆژنامەی **(ئاسۆ)**یەدا بڵاوکردەوە کە پێشتر **(فەرهاد شاکەلی)** و بەندە وتارەکانمان تێیدا بڵاو کردۆتەوە، بەداخەوە دوای چەند ڕۆژێک نەمن وتارەکەی **(د.نەجات)**م بەرچاو

کەوتبوو، نە خۆیشی، وەکو جاری جاران، بەتەلەفۆن ئاگاداری کردبوومەوە تا وتارەکە بخوێنمەوە، باش بوو هاوکارم (**سدیق ساڵح**) لە سلێمانییەوە بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە ناوبراو بابەتێکی وای بڵاوکردۆتەوە، پێی ناوێ سەرتان بێشێنم کە چۆن دواتر ئەو ژمارەیەی (**ئاسۆ**)م پەیداکردووە، جارێک و دوان، هەتا (١٠)جار، بابەتەکەم خوێندەوە، ئەگەر مێشک و دڵ و دەروونی جارانم هەبوایە دڵنیام ئێستا هەموویم، بە هەڵە چاپییەکانیشەوە، لەبەر بۆ دەنووسینەوە، ئەوەبوو دواتر لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا گلەییم لە کاک نەجات کرد و لە هۆی ئاوەها بە بێدەنگی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەم لێ پرسی، دیاربوو ئەو لە جیاتی ئەوەی پاساو بۆ بەبێدەنگی لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی خۆی بێنێتەوە، گلەییەکی زۆری لە کارمەندانی (**ئاسۆ**) کرد، گوایە نەخوێندەوارەکانی ئەو ڕۆژنامەی (**معلومات**)ەیان بڵاونەکردۆتەوە کە لەگەڵ بابەتەکە بۆی ناردبوون، دیارە من لێرە لە کوردستان، ئەو ڕۆژنامەی وێنەکەی بڵاوکرابوایەوە یانا، کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی خۆم لەسەر ڕاستی و دروستی پاساو و بەڵگەکانی (**د.نەجات**) هەبوو، بەڵکو سەرچیخ چوونی ئەویشم زوو لە وتارەکەیدا هەست پێکردبوو، دیاربوو ئەوەی من تێگەیشتبووم گوایە هەڵەی لێ گرتووم وا دەرنەچوو، بەڵکو دوای بڵاوکردنەوەی وتارەکەی بۆم دەرکەوت ئەو خۆی هەڵەکەی پێشووتری منی دووبارە کردۆتەوە، بەڵام تێیدا مابووم و نەمدەزانی چۆن بیدوێنم، نەوەکا تۆمەتی دیکەم بداتەپاڵ یان دڵی لێم برەنجێ کە ئەوەیان عادەتی ڕۆشنبیرانی ئێمەیە، ئەوەبوو چەند جار ئەو بابەتەم لەگەڵ هاوکارانم، سەرنووسەری گۆڤاری (**رامان**) (**ئازاد عەبدولواحید**)، هەروەها (**ئازاد عوبێد**)ی ئەندامی دەستەی نووسەرانی (**ڕۆژنامەنووس**) باس کرد، ئەوانیش خوا کاریان ڕاست بێنێ هەر کەسەو ئامۆژگاری خۆیان کردم، وا دیارە ئەو هاوکارەی یەکەمیشمان دوای بڵاوکردنەوەی وتارەکان، بابەتەکەی لەلا ببووە خەم، بۆیە پەیوەندی بە مامۆستا (**مارف خەزنەدار**)ەوە کردووە، ئەویش ئەو بابەتەی بۆ نووسیوە کە دواتر لە ژمارە (١٢٦)ی (**رامان**)، هەروەها لەسەر ڕاسپاردەی (**خەزنەدار**) خۆی وا دەقەکەی لێرەدا لەتەک بابەتەکەی (**د.نەجات**) لە (**ڕۆژنامەنووس**)دا بڵاودەکرێتەوە.

هەڵبەت بابەتەکەی (**د.نەجات**) کۆمەڵێک تێبینی هەڵدەگرت، دەبوایە زووتر لەسەر لاپەڕەکانی (**ئاسۆ**)دا بڵاوم بکردایەتەوە، ئەو کارە کە نەکرا لەبەر ئەوە بووە کاتی خۆی هەندێک لە ڕەخنەکانم بە تەلەفۆن ڕووبەڕوو بە (**د.نەجات**) گوتبوو، ئەو خۆی کە نەیهێشتبوو هیچی لەسەر بنووسم، دەبوایە وەکو بەڵێنی دابوو، بەدواداچوونێکی دیکەی بەپێی ئەو تێبینیانەی بە تەلەفۆن پێیم گوتبوو، بۆ بابەتەکەی خۆی بکردبوایە، بەڵام بەداخەوە چەند جار، بە پاساوی جیاجیا، ئەمڕۆ و سبەی پێکردم و دەتوانم بڵێم هەندێک لە تێبینییەکانی لەبیر بردومەتەوە. ئەوە جگە لەوەی بەم دووایانە لە هەندێ لە برادەرانم بیستووە، (**د.نەجات**) و ئەوانەی بەشدارییان لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا کردبوو، ئەو ڕۆژنامەی (**معلومات**)ە یان زۆر بە فراوانی وەکو بەڵگەنامەیەک بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی لەوێ بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت کاک حەمید ئەبوبەکر دانەیەکیانی لەگەڵ خۆی خێنابۆوە (هەولێر).

بەهەرحاڵ وا بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەران و تۆژەران هەندێ لە تێبینیانەی لەسەر وتارەکەی د. نەجات لەبیرم ماون لەتەک وتارەکەی د. مارف (**خەزنەدار**)، دەنووسمەوە.

١- (**د.نەجات**) لە نووسینەکەیدا لەگەڵ خۆیدا کەوتۆتە دژایەتی، لەلایەکەوە دەڵێ: (**حەز ناکەم کەس ئەم وتارەی من بە پاڵپشتیکردن، یان بە دژایەتیکردنی کەس بزانێ، چونکە بەداخەوە ئێمە فێری ئەوە کراوین یان "دژ" بین یان "لەگەڵ" بین**).

کەچی هەر لەگەڵ دەسپێکردنی، وتارەکەیدا، لەمەڕ وتارەکەی بەڕێز فەرهاد شاکەلی، دەڵێ: دوای چەندین لێکدانەوەو بەڵگەی

مەنتیقی گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ یەکەم ژمارەی (**کوردستان**) لە (**٢١ی نیسانی نەوەکا لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بڵاوبووبێتەوە**)، وەکو بڵێی تێبینییەکانی ئێمە هیچ مەنتیقێکی تێدا نەبووبێ، تێنەگەیشتم ئەوە چۆن بێلایەنییەکە.

٢- د.نەجات خۆی وای نیشانداوە کە ئەو هیچ کێشەیەکی لەوەدا نییە ئەگەر ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی تا ئێستە بە هەڵە دیاری کرابێ و لەجیاتی ٢١ی نیسان بە هەڵە (٢٢) یان بەکارهێنابێ، دەشێ پێشم وا نییە ئەوە هیچ کێشەیەک بێ بۆ هیچ کەسێک تەنانەت بۆ ئەو زاتە بەڕێزانەش کە بۆ یەکەمجار ئەم مێژووەیان بە ٢٢ی نیسان دەستنیشان کردووە.

کەچی ئەوەتا کردوویەتییە کێشەو خۆی بابەتی لەسەر نووسیوە..!

٣- (**د.نەجات**) پاش هێنانەوەی پاساوی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەی کوردی دەپرسێ: (**باشە بۆ دەبێ لامان وابێ هەر دەبێ ڕۆژی ٢٢ی نیسان ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی بێ**) ئەوە وەکو بڵێی نووسەری ئەو دێرانە گوێزی بۆ ژماردبێ و (٣) لاپەڕەی قەبارە گەورەی وەکو ڕۆژنامەی (**ئاسۆ**) و دواتر (٢٥) لاپەڕەی گۆڤارێکی وەکو (**ڕۆژنامەنووس**)ی بۆ پڕ نەکردبێتەوەو هەر لێکۆڵینەوەی بۆ نەکردبێ، ئەو برادەرەمان دەبووایە لەپاڵ ڕۆژنامەی (**معلومات**)ەکەی ئاوەها بەرەهایی ڕۆژنامەکەی وەکو بەڵگەنامە نیشانی بدابایە، دەبوایە ڕەخنەی لەمن بگرتابایە بە بەڵگەی زانستی بۆچوونەکانم ڕەت بکردبوایەوە.

٤-(**د.نەجات**) نووسیویە: (**ڕەنگە سەرەتا سەخت بێ بەتایبەت کە، وا بۆ چل ساڵ زیاترە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر ٢٢ی نیسانە و هەموو ساڵ هەر لەو ڕۆژەدا یادی ڕۆژنامەنووسییان کردۆتەوەو کەچی ئێستە لەپڕ دەربکەوێ ئەم مێژووە هەڵەیە و ڕاستییەکەی ٢١ی نیسانە و هەموو ئەو ساڵانە بە هەڵە یادی ڕۆژنامەنووسی کوردیان کردۆتەوە**).

ئەو برادەرەمان قسەکانی وا دەگەیەنێ وەکو بڵێی قەت بەشداری لە ئاهەنگی ڕۆژنامەنووسی کوردی نەکردبێت، کە ساڵانە یادی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە هەرسێ ڕۆژی (٢١-٢٢-٢٣)ی نەکرابێتەوە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٨ و لە سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا لەکاک (**فەلەکەدین کاکەیی**)یان پرسیبوو بۆ لەو ڕۆژەدا واتە لە ٢١ی نیسان ئێوە دەستتان بە ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگەکانتان کردووەو لە ٢٢ی نیسان دەستی پێناکەن، ئەویش وای وەڵام داونەتەوە ئێمە (**ئەمڕۆ ڕۆژنامەکە چاپ دەکرێ، بۆ سبەی بڵاودەکرێتەوە**).

- دواتر (**د.نەجات**) لەژێر ناوونیشانی (**٢١ی نیسان یان ٢٢ی نیسان**)دا، دوای ئەوەی هەردوو مێژووە ڕۆمی و کۆچییەکەی سەر ڕۆژنامەی (**کوردستان**) بۆ خوێنەران دەنووسیتەوە ئینجا لە دوو خاڵدا بەراوردێک دەکات.

یەکەم: ڕۆژنامەی کوردستان وەکو هەموو بڵاوکراوەکانی سەردەمی عوسمانی، کە ناوەکانی هێناون، لە ڕۆژی پێنج شەممەدا دەرچووە، بۆیە لای ئەو دەبێ هەموو هەنگاوەکانی دیکە لەسەر ئەو ڕاستیە هەڵبنرێن کە لەگەڵ ڕۆژی پێنج شەمەدا تێکبکاتەوەو لەگەڵ ئەم ڕۆژەدا ناکۆک نەبێ.

دووەم: ئینجا هاتووە مێژووی (٣٠) زولقەعدەکەی سەر ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ی بۆ لێکداوینەتەوە گوایە بە گوێرەی ڕۆژژمێرەکەی (**گرێنڤیل**)، وەکو خۆیشی ئاماژەی بۆ کردووە: کە ئەو خۆی تەرجەمەی کوردی کردووە، ڕێک بەرانبەر ٢٢ی نیسان و ڕۆژی پێنج شەمە دەوەستێ.

ئالێرەدا سەرچیخ چوونەکەی (**د.نەجات**) دەردەکەوێ کاتێ دەنووسێ، "لێرەدا کێشەکە زەق دەبێتەوەو گرێنڤیل کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بەهیچ شێوەیەک ڕێکەوتی ڕۆژی پێنج شەممە ناکات وەک ئەوەی بەگوێرەی خشتەکان ئاوەها دەردەچێ، ئەگەر ٣٠ زولقەعدەی ١٣١٥ بەگوێرەی خشتەکان وەک چۆن ڕێکەوتی ٢٢ی نیسان دەکات بە هەمان

شێوە ڕێکەوتی ڕۆژی (**هەینی**) بکردبوایە ئەوا هیچ گومان لەوەدا نەدەما کە گرێنڤیل ڕاست دەکات و ئەوسا گومان دەکەوتە سەر ڕۆژی کۆچی ٣٠ زولقەعدەکەو دەمانگوت دەبێ ٢٩ی زولقەعدە ڕاست بێ، بۆیە لێرەدا ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی سەرچیخ چوونە کەمن گومانم بۆ ئەوە دەچێ هەر ئەم کتێبە بووبێتە سەرچاوەی ئەوەی سەرەتا ڕۆژی ٢٢ی نیسان بۆ یەکەم ژمارەی کوردستان دانرابێ".

لەم چەند دێڕەدا دەردەکەوێ کە (**د.نەجات**) لە بۆچوونەکانی لەگەڵ خۆیدا زۆر زۆر ناکۆکە، چونکە خوێنەر هەقی ئەوەی دەبێ بپرسێ هەموو بۆچوونەکانی (**بەڕێز شاکەلی**) لەسەر ئەوە بووە بیسەلمێنێ کە (٣٠) زولقەعدەی ١٣١٥ ڕێکەوتی ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٣١٤ی ڕوومی (**مالی**) و ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی و ڕۆژەکەیش هەینی (جومعە)یە، بۆیە میقداد مەدحەت بە هەڵە ئەو ڕۆژەی بە (٣٠) مانگی ئەو ساڵە نووسیوە.

لەلایەکی دیکەوە من لەوتاری ئاماژە بۆ کراومدا لە سەرەوە کەتیایدا دۆزینەوەی هەڵەکەی خۆم داوەتە پاڵ (**د.نەجات**) کەچی لێرەدا وادەبینم هەمان هەڵەی منی دووبارە کردۆتەوە کە دواتر باسی دەکەم.

دیارە (**د.نەجات**) لێرەدا پێی وایە، وەکو خۆیشی دەڵێ دەبێ ئەو ڕێگەیەکی پراکتیکی دیکەی گرتۆتە بەر، بە بۆچوونی ئەو گوایە هیچ گومانێک لە شوێن خۆیانەوە بەجێ نەهێڵن، دیارە ئەو ڕێگەی کاکە نەجات بە دۆزینەوەی چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەکانی سەردەمی عوسمانییە کە لەتەک مێژووی ڕۆمی ڕۆژی ٣٠ زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی هیجرییان لەسەر نووسراوەو لە کتێبخانەی زمانە ڕۆژهەلاتییەکانی پاریس هەبوون، لە نێوانیشیاندا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی (**معلومات**) هەبووە لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە د.نەجات هاتووە ئەو کتێبەی (**گرێنڤیل**)، وەکو خۆیشی نووسیویە لە وەرگێڕانی خۆیەتی، بەسەرچاوەی سەرچیخ چوون داناوە، بۆ ڕەواندنەوەی هەندێک گومانی زیاتری خۆی و بۆ ئەوەش بیسەلمێنێ کە ڕۆژی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ بەر پێنج شەممە دەکەوێ یان هەینی چووە بەدوای ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی وەکو (The Times) گەڕاوە، کاتێ بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە بینیویە ئەو ڕۆژە بەر ٢١ی نیسان کەوتووە ئینجا نووسیویە: هەرکەسێک بتوانێ بۆم بسەلمێنێ کە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بەر پێنج شەممە دەکەوێ ئەوا من لە هەموو فاکتەکانی خۆم خۆش دەبم و گەلێکیش داوای لێبوردن دەکەم.

**ئەنجامگیری**

ئینجا (**د.نەجات**) لەژێر ئەو ناوونیشانەی سەرەوە هاتووە ئەو ئەنجامەمان پێدەڵێ گوایە: (**ڕۆژی ٣٠-خۆی ئەو ژمارەی لێرەدا نەنووسیوە. ع.زەنگەنە**)، (زولقەعدەی ١٣١٥ بەرامبەر ڕۆژی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەوەستێ و بە هیچ شێوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی (**کوردستان**) هێژا، میقداد بەدرخان نەکەوتۆتە هەڵەوە وەک هەندێک وای بۆ چوون، مێژووی کۆچییەکە زۆر دروستە و ڕێک بەرامبەر ڕۆژی پێنج شەممەی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەکەوێ).

دوای ئەو هەموو لێکدانەوەو ئەنجامگیرییە ئینجا هاتووە خشتەیەکی بە مێژووی ساڵی کۆچی و ساڵی ڕۆمی (**مالی**) و ساڵی زایینی بۆ هەر پێنج ژمارەکەی بەرایی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی سەردەمی میقداد میدحەت کردووە، تیایدا مێژووەکانی هەرسێ ژمارەکەی بەرایی (**کوردستان**)ی بەڕاست داناوە، دیارە مێژووی ژمارە (٤)ی (کوردستان) خۆی لەسەر ڕووی ڕۆژنامەکە نووسراوە (**١٢ی زولحجە**) ١٣١٦، هەر خوێنەرێکی نیمچە خوێندەواریش بێت، بەوورد بوونەوە دەبێ بزانێ کە ئەو (**زوالحجە**) دەبێ (**محرم**) بووبێت نەک ئەو مانگەی لەسەر ڕووی ڕۆژنامەکە نووسراوە، دەمێنێتەوە ژمارە (١٢)ـەکەی تەک (**زولحجە**)کەی سەر ڕووی (**کوردستان**)ـەکە، دیارە ئەم جارەیان نابێ بڵێم خوێنەری ئاسایی، بەڵام دەبێ هەر تۆژەرێک کە دەسکاری مێژووی کۆچی سەر

ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەکەی نەکرد، دەبێ ئەوسا ئەو (١٢)یەش بکاتە (١٣) ئەوسا مێژووەکەی کۆچی هەموو ژمارەکانی پێشووی وەکو یەکی لێ دێتەوە، خۆ ئەوسا ئەگەر ئەو (١٢)یەمان کردە (١٣)دیارە ژمارە (٥)ەکەی ڕۆژنامەی (**کوردستان**)یش دەبێ مێژووە کۆچییەکەی ڕۆژی (٢٧)ی محرم ساڵی ١٣١٦ بمێنێتەوە دیارە ئەم سەرچیخ چوونەی کاکە (**د.نەجات**) لەوەوە هاتووە، ئەو برا بەڕێزەمان، کە خۆی وەرگێڕی کتێبەکەی (**ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی**)ەکەی (ک.س.فریمان-**گرێنڤیل**)ە، وەکو خۆیشی دەڵێت (**ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی سەرچیخ چوونە**)، دیارە ئەم کتێبەش لە ساڵی ١٩٦٣ەوە دانراوە، تاوەکو ئێستا چەندین چاپی بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی دەرچووە، خوا دەزانێ چەند چاپی دیکەیشی بە زمانانی دیکە دەرچووە: کاکە نەجاتیش لەو پێشەکییەی بۆ چاپە کوردییەکەی نووسیوە شانازی پێیەوە دەکات گوایە لە فەرەنسی و ئینگلیزییەوە کردوویەتیە کوردی، لە بارەیشیەوە نووسیویە (**هەرزوو کارەکانی دیکەم وەلاناو کەوتمە چاپکردن و تایپکردنی کتێبەکەو لەماوەیەکی کەمدا بەیاریدەی هاوسەری خۆشەویستم فاتیمە خان ملمان وەبەر چاپکردنی ناو، خوا هەڵناگرێ بەشی هەرە زۆری ماندووبوونی ئەو نەبوایە پێم وانەبوو هەرگیز وازوو ڕووناکی بدیبوایە، بۆیە شایانی هەموو ڕێزلێنان و ستایشکردنمە، هەروەها گەلێک جێگەی خۆیەتی کە سوپاسێکی یەکجار زۆری کاکە سدیق ساڵح-م بکەم...هتد**).

"لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەران و توێژەران دەکەم کە لە تەک دەقی قسەکانی کاکە دکتۆر لەبەر نەبوونی ماوە، پەراوێزم دانەناوە نەمگێڕاونەتەوە سەر دەقی قسەکانی ئەو لە دووتوێی وتارەکەی، دیارە خوێنەر چەندی بیەوێت دەتوانێ دەقی هەموو وتارەکەی دوکتۆر لە تەک ئەو لاپەڕە نووسینانەدا بخوێنێتەوەو بەراوردیان بکات و سەرنجی خۆیشی لەبارەیانەوە تۆمار بکات"، سەرنج و تێبینییەکانی دوکتۆریش دەیسەلمێنێ ئەو ئەگەر خۆی لە چەمکی (**لەگەڵ**) یان (**دژ**)یش دەرچووبێت، ئەوا بۆتە ئەسیری ئەو ڕۆژنامەی (**معلومات**)ە کە دەستی کەوتووە. (د.نەجات) لەم وتارەیدا بۆچوونەکەی بەڕێز (**فەرهاد شاکەلی**) هەڵوەشاندۆتەوە کە ئێمەی لێ بەدەنگ هاتووین، ئەویش ئەو بۆچوونەی بەڕێز شاکەلی بووە کە پێی وایە میقداد میدحەت دەبوو لە باتی ٣٠ی زولقەعدە بینووسیایە ٢٩ی زولقەعدە).

لێرەدا بەبەراوردکردنی ئەو بۆچوونانەی (**د.نەجات**) و ئەو ئەنجامگیرییەی پێی گەیشتووە، دەڵێم کاکە نەجات خۆزگە ئەو کتێبەی (**گرێنڤیل**)ت قەت دەستنەکەوتبوایە وەرتنەگێڕابووایە، تاوەکو ئاوەها کارەکەی (**بنکەی ژین**)، کە کتێبەکەی بۆ چاپکردوویت، هەروەها کارەکانی (**خاتوو فاتیمە**)ی هاوسەرت و هاوکارمان (**سدیق ساڵح**)ت بێ بایەخ نەکردبووایە، ئەرێ برا بەڕاست کتێبێک وەکو لەپێشەوە گوتوومە ئەوەندە چاپەی کرابێ، ئەوەندە ساڵەیە، خۆتان وەرتانگێڕاوەو خۆشتان دەڵێن نووسەرەکەی نووسیویە "لە بناغەدا بۆ وڵاتانی ئافریکای ڕۆژهەڵات نووسرابوو، پاشان دەستکاری کرا تا خەڵکی زیاتر سوودی لێوە ببینن و هەڵەی چاپەکانی پێشووی ڕاستکراوەتەوە"، هەروەها ئەو هەموو زانایە لەگەڵ دانەری هاودەنگ بووینە ئایا مەعقولە ئاوەها بە سووک و سانایی بە دۆزینەوەی ڕۆژنامەیەکی وەک (**معلومات**)ی ساڵی ١٨٩٨ی شاری ئەستەمبوڵ ڕەتکرێتەوەو ببێتە (**سەرچاوەی سەرچیخ چوون**) یان ئێوە لەناوەڕۆکی کتێبەکە نەگەیشتوون؟ تەنانەت دوای خوێندنەوەی دووەم وتاری منیش هەستتان بە هەڵەکانی خۆتان نەکردووە، ئایا لەبیری چووە من چەند جارێک بە تەلەفۆن بە خۆتانم گوتووە، ئەم ڕۆژنامەی (**معلومات**)ەتان بهێنابوایە بەردەست یا نا، بەورد بوونەوە لە ٩نیسانی ١٣١٤ی ڕۆمی. من لای خۆمەوە، بێ سێ و دوو لێکردن دانم پێداناوە بەڵێ کە ئەم مێژووە ڕۆژی پێنج شەممەیەو ڕێکەوتی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەکات، بەڕێز (**فەرهاد شاکەلی**)یش هەروای

گوتووە، دوکتۆر کەمال مەزهەریش، چل سالێک لەمەوبەر، هەر وای گوتووە، هەموو ئەو ڕۆژژمێرانەی لەبەردەستن هەر وا دەڵێن.
بەڵام کە دێینە سەر ٣٠ زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی هیجری، ئەوا هەر تۆژەرێک هەقی خۆیەتی کۆمەڵێک پرسیاری لە بارەوە بکات، کەواتە لێرەدا ڕێ بەخۆم دەدەم بڵێم: کاکە گیان، کاکە فەرهاد ڕاستی بۆچووە کە دەڵێ: ٣٠ زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی ١٨٩٨/٢٢ی کردووە، لەبەر ئەوەی ڕۆژی پێشتر پێنج شەممە بووە ڕێکەوتی ٩ی نیسانی ساڵە ڕۆمییەکەی کردووە، ئەو ڕۆژەش وەکو هەموولایەک لەسەری کۆکن ڕێکەوتی ٢١ی نیسانی ساڵە زایینییەکە دەکات، بۆیە (**بەڕێز شاکەلی**) بە هەڵەی داناوە، ئەوا تۆ هاتووی دەتەوێ تەنیا بە دۆزینەوەی ئەو ڕۆژنامەی (**معلومات**) نەک هەر پێچەوانەکەی ئەو بسەلمێنی، بەڵکو کتێبە زانستییەکەی گرێنڤیل بەسەرچاوەی نازانستی و سەرچیخ چوون دابنێی، ئەوا نیمچە خوێندەوارێکی وەکو منیش دێت زۆر بەراشکاوی دەڵێت: براگیان لەم لایەنەوە بەڕێز شاکەلی بەهەڵەدا نەچووە کە پێی وابێ ٣٠ زولقەعدەی ١٣١٥ ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی ١٨٩٨ دەکات، هەروەها کتێبەکەی (**گرێنڤیل**)یش هەمان ئەنجامی لێ وەگیر دەکەوێ، کتێبی ڕۆژژمێری (**ڕۆژژمێری ڕۆمی**)یەکەی کاک (**ئەحمەد تاقانە**)ش بووە هەر وادەرچووە، نامە دوکتۆراکەی دوکتۆر (**وریا عومەر ئەمین**)یش هەر ئەو ئەنجامەی لێ دەست دەکەوێ، هەروا بێتەوە بەر لە (٤٠) ساڵێک لەمەوبەریش دوکتۆر کەمال مەزهەر بەپێی خشتەکانی (**ئۆربێلی**) گەیشتۆتە هەمان ئەنجام، هەر ئەنجامی ئەو لێکدانەوەیەشە ئەو ڕۆژەی ١٨٩٨/٤/٢٢ی لێ کەوتۆتەوە، بەڵام ئەو ئەنجامگیرییەی ئەو خۆشەویستانەمان ئەوەندەی دەهێنا ئەو هەموو ڕەتدانەوەی لێ بکەوێتەوە، ئەوەیان پێم وایە ئەو (دووبارەکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە)ی تەک هەردوو وتارەکەی پێشووم کە لە ژمارە (١١)ی (**ڕۆژنامەنووس**)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو وەڵامەی داوەتەوە، پێشم وایە ئەو بەیەکنەگەیشتنەی هەر یەکەمان لە بارەی (٢١ یان ٢٢) لەبارەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی ئەوەندە ئاڵۆزو پڕ گرێیە هەتا ئەو دوو ڕۆژە لەسەر ڕۆژنامەکە هەبێت، ئەو گرفتەش هەر دەمێنێت، پێشم وایە ئەگەر کاتی خۆی ئەوانەی ڕۆژی ٤/٢٢یان بۆ ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی داناوەو جێگیریان کردووە، دەکرد لەجیاتی ئەو ڕۆژە ٤/٢١یان دانابووایە، بەڕێز (فەرهاد شاکەلی)یش نەبووایە هەر بەڕێزێکی دیکەی ناو ڕۆشنبیرانی کورد نەخۆشی (**دەستپێشخەری**) و (**بۆ یەکەمجار**)یان بەسەردا زاڵە، هەر کاتێک ئەو مێژووەیان بدیبوایە دیسان ئەو بابەتەیان دەورووژاند، بەتایبەتی کە دەبینن لەتەک هەردوو مێژووە ڕۆمی و کۆچییەکە ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە نووسراوە، بۆیە لێرەدا من دووبارەی دەکەمەوە ئەو ڕۆژە ئەگەر بەهەینیش دیار بکرابووایە زۆر ئاسایی بوو، وەکو لە وتاری پێشوومدا گوتوومە دەکرێ ئەو ڕۆژە لەدوای نوێژی ئێوارە لای مەسیحییەکان هەر پێنج شەم بێت، بەڵام لای موسوڵمانەکان، هەروەها لای جووەکانیش، بە هەینی دادەنرێ، پێشم وایە زەحمەتە لەسەر ڕووی ئەو گۆی زەوییەمان هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دیکە بدۆزرێتەوە ئاوەهایی ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لەتەک هەردوو مێژووەکەی نووسرابێ، دە کەواتە (**کاکە نەجات**) ئەو ئەنجامەی بۆ دیارکردنی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی من پێی گەیشتووم زیاتر جێی بڕوایە، چونکە:

١. لێکدانەوەی عیلمیم بۆ دیارکردنی دەستپێکردنی ڕۆژەکانی ڕۆمی و زایینی لەلایەکەوەو ڕۆژژمێری و کۆچی لەلایەکی دیکەوە کردووە، کە هەر یەکەیان لە چ کاتێک دەست پێدەکەن، ئەو ڕێگەیە مامۆستا (**مارف خەزنەدار**)یش پێی گەیشتوە هەمان بۆچوونەکانی من دەسەلمێنێ، بەڵام بەشێوازێکی دیکەو لە دەروازەیەکی دیکەوە، هەقیشم بەوەدا نییە ئەو مامۆستا بەڕێزەمان لەدەسپێکی بابەتەکەی و لە لێکدانەوەی

رۆژەکانـــی رۆمـــی و هیجـری و زایینییەکـــە چەندە راستی پێکاوە.
کەواتـــە بەیانی هەر لێژنـــەو کەس و لایەنێکی ئـــەو رۆژی ٤/٢٢ـە بگۆڕێ پرســـیاری رۆژە کۆچییەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.
٢. بڕوا بکـــەن کتێبەکـــەی (**گرێنڤیل**)ی لەمەڕ خۆتان، ناڵێم سەدا سەد، بەڵام سەرچاوەیەکی زۆر عیلمییـــە و لێکدانەوەکانـــی زۆر وردن، تەنانـــەت کـــە لەهەندێ شـــوێنی کتێبەکەدا کە میتـــۆدی بەکارهێنانـــی تابلـــۆکان دێنێتـــەوە کاتی دەســـتپێکردنی رۆژێکی نوێی کۆچیشی دەستنیشـــان کردووە، ئەوەتـــا کاتی مێژووی زایینی لەبەرامبەر مێـــژووی ٧ی موحەڕەمی ١٠٤٠ دیـــار دەکات لـــە ئەنجامەکـــەی بەخۆر ئاوابوونـــی چوار شـــەممەی ١٦ی ئابی ١٦٣٠ دادەنێ.
ئەمەش پاڵپشـــتێکی دیکەیـــە بۆ بۆچوونەکانی مـــن، کـــە هـــەر رۆژێکـــی کۆچـــی بەرامبـــەر دوو رۆژی زایینییـــە، دیـــارە ئـــەو بۆچوونـــە پێچەوانەکەشی راستە.
٣. بەڵگەشـــمان بۆ ســـەرچیخ چوونەکەی (د. **نەجاتی عەبدوڵلا**) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
- (١)ی موحەڕەمی ساڵی ١٣١٥ رێک بەرامبەر رۆژی ٢ی حوزەیرانی ١٨٩٧ دەکات، ئەو رۆژی موحەڕەمەش رێکەوتی رۆژی (**چوار شەممە**) دەکات، کەچی یەکەم رۆژی ئەو ساڵە زایینییە رێکەوتـــی رۆژی (**هەینـــی**) دەکات، دیارە ئەو رۆژەی (٣٠) زولقەعدەیەی ئێمە مەبەســـتمانە دەری بکەین دەکەوێتە ســـاڵی (١٨٩٨)، رۆژی یەکەمی ئەو ساڵەش (شـــەممە)یە، بۆیە دەبێ لـــە تابلۆی چوارەمی رۆژژمێری هەمیشـــەیی رۆژەکانی هەفتەی ســـاڵی زایینیدا ئەو رۆژی (**شـــەممە**) بەکاربێنین بۆ دیارکردنی رۆژەکە، نەوەکو رۆژی (**هەینی**)یەکەی ســـەرە ســـاڵی ١٨٩٧، چونکە ســـاڵە کۆچییەکە دەکەوێتە ناو دوو ســـاڵی زایینـــی، لـــەو حاڵەتـــەداو بۆ ئەو مانگـــە دەبـــێ رۆژی یەکەمـــی دووەم ســـاڵی زایینی بەکاربهێنرێ، واتە رۆژی (**شـــەموو**)ی ســـەری ســـاڵی ١٨٩٨، نەوەکو رۆژی هەینی ســـاڵی یەکەم، دیـــارە لەوتـــاری یەکەممدا کە تیایدا بەرپرچ کاک شاکەلیم دابووەوە، خۆشم کەوتبوومـــە هەڵەوە، لەژمـــارەی رابردووی (**رۆژنامەنووس**)یشـــدا پێـــم لـــەم هەڵەیـــەی خۆم نابوو و راســـتم کردبـــووەوە، بەداخەوە وادیـــارە دوکتۆر نەجاتـــی عەبدوڵلا کەوتۆتە هەمان هەڵەی منەوە، بۆیە خۆم ئاسایی، زۆر ســـاڤیلکانە کەوتبووە ئەم هەڵەی ئێســـتا تێی کەوتووە، زۆر سوپاســـی خوای خۆم دەکەم کـــە یارمەتی دام زوو هەســـت بـــە هەڵەکەی خـــۆم بکـــەم و بەدواداچوونـــی دووەمـــی بۆ بکـــەم، ئومێدەواریشـــم کاک (**نەجات**)یـــش دوای خوێندنـــەوەی ئەم وتارەمـــان جارێکی دیکـــە بابەتەکەی پێشـــووی (**رۆژنامەنووس**) بخوێنێتـــەوە، هەروەهـــا بـــە وردبوونەوە لەم خشتەیەی خوارەوە، کە بۆ خاتری (**د.نەجات**) لەســـەر خشـــتەکەی خـــۆی رێکم خســـتووە، دڵنیام ئەگەر خۆی سەرچیخ نەبات زۆر لێەنی بابەتەکـــەی بـــۆ روون دەبێتـــەوە، خوێنەری زیـــرەک و تۆژەرانیـــش زۆر لایەنـــی ئـــەم پرسەیان بۆ یەکلادەبێتەوە، بەڵام ئومێدەوارم کاکە نەجات باشیان لێ وردبێتەوە.

| ژ | ژمارە | مێژووی ساڵی کۆچی | مێژووی ساڵی رۆمی (ماڵی) | مێژووی ساڵی زاینی | رۆژەکانی هەفتە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٦ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٨ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٩ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٠ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١١ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٢ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٣ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٤ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٥ | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٦ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٧ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٨ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ١٩ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢١ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٢ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٣ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٤ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٥ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٦ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٧ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٨ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٢٩ | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٠ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣١ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٢ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٣ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٤ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٥ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٦ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٧ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٨ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٣٩ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٠ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤١ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٢ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٣ | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٤ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٥ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٦ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٧ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٨ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٤٩ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥٠ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥١ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥٢ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥٣ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥٤ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥٥ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥٦ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| ٥٧ | | [redacted] | [redacted] | [redacted] | [redacted] |

کەواتە نەک هەر لە ژمارە (١)ی (کوردستان) میقداد میدحەت هەڵەی نەکردووە بەڵکو، جگە لە ژمارە (٤)ی ڕۆژنامەکە، لەسەر هیچ کام لە ژمارەکانی دیکەش هەڵەی نەکردووە، ئەو جیاوازییەش لەنێوان ڕۆژژمێری ڕۆمی، بە ڕۆژژمێرە زایینییەکەشەوە، ڕۆژژمێری کۆچیدا هەیە، ئەوە شتێکی ئاساییەو هەتا دنیا دنیایە هەر دەمێنێت، ئەوەتا ئێمە لەم بەشەی کوردستاندا، لەنێو سنووری سیاسی وڵاتێکدا دەژین، ئەو ڕۆژنامانەی وەکو: الصباح، الصباح الجدید، التآخي، کە لەبەغدا دەردەچن، مێژووە کۆچییەکەی و مێژووە زایینییەکەی سەریان جیایە لەوانەی وەکو (خەبات) و (یەکگرتوو) کە لە کوردستان دەردەچن.

ئایا دەبێ دوای چەند ساڵێکی دیکە، نەوەی دوای ئێمە بێن هەمان مشت و مڕ بکەن؟

پێموایە ئەم جیاوازییە لەنێوان ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی و ڕۆژژمێرەکانی دیکەشدا هەیە، ئەوەتا ئێمە تاوەکو ئێستاکە نەمانتوانیوە بەپێی ڕۆژژمێرە زایینییەکە بیسەلمێنین کە ئایا خنکاندنی قازی محەمەد لە ٣٠ یان ٣١ی ئاداری ١٩٤٧ بووە، جارێکیان لەم بارەیەوە هەواڵێکم لەسەر ڕۆژنامەی (دەنگی گێتیی تازە)کەی حوسێن حوزنی موکریانی دۆزییەوە، زۆر بە بڕوا بەخۆبوونەوە بۆ برادەرێکی ڕۆشنبیری کوردستانی ئەودیوم برد، بەڵام بەداخەوە بۆی نەسەلماندم و ئەو گوتی ئەوەکەی ئێمە راستترەو کۆمەڵێک جیاوازیشی بۆ باس کردم.




**ئەمیان لە هەولێر و ئەویان لە بەغدا مێژووەکەشیان جیاوازە.**




ASSABAH ALJADEED
الصباح الجديد
يومية سياسية مستقلة

الحكيم يزور واشنطن بدعوة من الادارة الاميركية

بغداد - وكالات

قال الشيخ حميد معلة مدير مركز الثقافة والاعلام في المجلس الاعلى الاسلامي العراقي الثلاثاء: ان السيد عبد العزيز الحكيم رئيس المجلس ورئيس كتلة الائتلاف العراقي الموحد في مجلس النواب غادر مساء الاثنين بغداد متوجها الى واشنطن في زيارة رسمية تلبية لدعوة تلقاها من الادارة الاميركية.

واوضح معلة، الثلاثاء انه من المقرر ان يبحث الحكيم مع المسؤولين في الادارة الاميركية جملة من القضايا المتعلقة بالشأن العراقي والتطورات السياسية والامنية الحاصلة في البلاد.

واوضح ان عددا من الشخصيات السياسية وعددا من المسؤولين في المجلس الاعلى يرافقون الحكيم في زيارته التي تستغرق عدة ايام.

ولم يكشف معلة عن مزيد من التفاصيل.

الاربعاء ٢٨ تشرين الثاني ٢٠٠٧ م ١٧ ذو القعدة ١٤٢٨ هـ العدد (١٠١٣) Wed 28 Nov 2007 issue number

**هەردووکیان لە بەغدا دەردەچن و مێژووی دوو ڕۆژی جیاوازیان بەسەرەوەیە.**


AL-SABAH
www.alsabaah.com
الصباح
رئيس التحرير
فلاح المشعل
جريدة سياسية يومية عامة تصدر عن شبكة الاعلام العراقي
Wed 28 Nov 2007 Issue No(1266)


(د. هیمداد):
(کۆلیژی گەشەپێدانی مرۆیی) و (زانکۆی عیشقی ئەهلی) دەکرێنەوە و سێ داواکاری زانکۆی ئەهلیش رەد دەکرێنەوە..ل٢
یەکگرتوو
www.kurdiu.org
حەقیقەتی ژیان لە ئازادیدایە
نرخی (٥٠٠) دینار
-Nov. -2007 -No. (664) thirteenth Year Kurdistan - Iraq

دوو رۆژنامەی دوو حیزبی ئیسلامی لە کوردستان، بە دوو رۆژی جیاوازەوە.


بزووتنەوەی ئیسلامی
خاوەنی ئیمتیاز
ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی
سەرنووسەر
ناسح مەجید
بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد
ناونیشان
سلێمانی:
گەڕەکی ئاشتی، بەرامبەر شیرینی تایان، نوسینگەی رۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی
هەولێر: گەڕەکی ئازادی، نزیک گەرماوی ئازادی، مەلبەندی (٣)ی باسک
...یەکی سیاسیی هەفتانەیە، بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان/ عێراق دەریدەکات
ژمارە (٢٧٦) — یەک شەممە ٢٠٠٧/١١/١١ز ١٤٢٨/١١/٢


رئيس التحرير
الدكتور بدرخان السندي

التآخي
ATTAAKHI
تأسست عام ١٩٦٧
جريدة يومية تصدر عن دار التآخي للطباعة والنشر - بغداد

وزيرة التخطيط الاردنية تدعو الى دعم بلدها ماليا وفنيا

سبل تطوير الاقتصاد الزراعي وتفعيل السوق

وسط أجواء الإحباط والقلق.. لبنان بلا رئيس!

ئەمیان لە هەولێر و ئەویان لە بەغدا مێژووەکەیان کراوە بەیەک.


خەبات
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان


رئيس التحرير
دكتور بدرخان السندي
التآخي
ATTAAKHI
Saturday 18.8.2007
من يحمي الكورد الايزديين من جرائم الابادة الجماعية 3
هل يمكن ان يبقى الشعب العراقي رهينة الارهاب الدموي المتطرف 3
برشلونة في فيتنام لافتتاح مدرسة كروية .. لابورتا يفكربترك رونالدينيو الموسم المقبل 10
اولمبياد بكين بالارقام ومصمم صيني ينتقد المظاهر الاولمبية 11

؟!


خەبات
XEBAT
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆک کۆما
2 لایەنگریی ئەمەریکییەکان بۆ دەنگی دژە تیرۆر لە ئێراقدا بەرزبۆتەوە
7 تازەگەریی موعجیزەیە یان ئەفسانە؟
14 سوهێر قەیسی بێزەری بریتیکم کردە قوربانی

# دەزگەهێن راگەهاندنا کوردی د بەلگەنامێن (ئیران)ێدا



موسەدەق تۆڤی

یەک ژ روودانێن هەرە گرنگ یێن پشتی شەرێ جیهانیێ یەکەم ل رۆژهەلاتێ ناڤین رووداین شۆرشا ١٤تیرمەها ١٩٥٨یا عیراقێ بوو،ڤێ شۆرشێ نەتنێ سیستەمێ دەستەلاتداریا مەلکی ل عیراقێ ب سیستەمێ کۆماری گوهارت، بەلێ گورانکاریێن ژ ئەنجامێ ڤێ شۆرشێ ل عیراقێ دروستبووین کاریگەریا خۆ ل سەر تەڤایی وەلاتێن رۆژهەلاتێ ناڤین هەبوو.

شۆرشا ١٤ێ تیرمەهێ ئەنجامێ چەندین پێدڤیاتیەکێن دیرۆکی بوو کو پێدڤی ب شۆرشێ کری وەک:

- دەستەلاتداریا مەلکی کو دناڤبەرا سالێن١٩٢١-١٩٥٨حوکمداریا عیراقێ دکر دبنیاتدا دەستەلاتدارییەکا نامو ب گیانێ عیراقێ و ل دیڤ چەمکێن وی سەردەمی دەستەلاتدارییەکا پاشڤەروویا سەر ب ئیستعمارا بەریتانیا داگیرکەرا عیراقێ بوو.
- شۆرش وگورانکاریێن د وێ قوناغێدا ل گەلەک وەلاتێن جیهانێ ب تایبەت وەلاتێن نێزیکی عیراقێ رووداین وەک شۆرشا ٢٣یولیو١٩٥٣ل مسرێ و شۆرشا ئادارا١٩٥٤ ل سوریێ و شۆرشا چریا دووێ١٩٥٤ێ ل جەزائیرێ پتر هاندەر بوون بۆ پێدڤیاتیا شۆرشێ ل عیراقێ.(١)
- دامەزراندنا بەرەیێ یەکێتیا نیشتیمانیا عیراقی ل شوباتا١٩٥٧ فاکتەرەکێ دی بوو یێ رێ ل بەر بەرپابوونا شۆرشێ خوشکری و ئەڤ هەڤگرتنا هێزێن سیاسیێن عیراقی دژی دەستەلاتداریێ ئەنجامێ سەرەدەریا خراب و ستەمکارانەیا رژێما مەلکی بوو دگەل خەلکێ ڤی وەلاتی.(٢)


جمهوريي عيراق

«پێشانەی دەستپێ کردنی ژیانێکی کامەرانی بوگەلی عیراق»

«مژدەی ئازادی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب»

ژین

شورشی ئازادی

هەلمەتی سوپای ئازاو راپەرینی گەلی نەبەز

سەرکردەی سوپای ئازا

فارمانانی ئازاد کەری گەلی عیراق

- فاکتەرەکێ دی یێ هەرەگرنگێ بەرپابوونا شۆرشێ دامەزراندنا دەستەکا ئەفسەرێن ئازادیخوازێن عیراقێ بوو ئەوا ل مەها ئیلونا١٩٥٢هندەک ئەفسەرێن گەنجێن عیراقێ بەرهەڤی بۆ دامەزراندنا وێ کرین و ل داویا١٩٥٦ێ هندەک ئەفسەرێن مەزنێن عیراقێ لیژنا بالا یا ئەفسەرێن ئازادیخواز دامەزراندی و ئەرکێ بەرپاکرنا شۆرشێ و گوهرینا سیستەمێ دەستەلاتداریێ ب ستویێ خۆڤە گرتی.(٣)

- زێدەباری ڤان هەموو خالێن سەری شۆرشێن گەلێ کورد ل باشووری کوردستانێ هەر ژ سەردەمێ شۆرشێن شێخ مەحموودێ نەمر١٩١٩-١٩٢٤و شۆرشێن بارزان١٩٣١-١٩٣٢و١٩٤٣-١٩٤٥ئەگەرەکێ سەرەکیێ ژ بەریەکهەلوەشیانا رژێما مەلکی و پێدڤییاتیا گوهرینا ڤێ رژێمێ بوون.

بێ گومان هەر شۆرشەک هندەک گورانکاریان دگەل خۆ دئینیت، شۆرشا ١٤ێ تیرمەهێ ژیچەند گورانکاری دگەل خۆ ئینان یان ژێ باشترە بێژین بریار ل سەر چەند گورانکاریاندا،ژبەرکو شۆرشێ پشتی دەمەکێ کورت رێکەکا دی گرتەبەر و گەلەک ژوان گورانکاریێن بریار ل سەردای و ژڤان داینە خەلکێ عیراقێ بجە نەئینان.

بەلێ ئەو گورانکاریێن دەستەلاتداریا نوویا عیراقێ ل چەند رۆژێن بەراهیێ یێن شۆرشێ یان ژێ ل دو سێ هەیڤێن بەراهیێ بریار ل سەر ئەنجامدانا وان دای،گورانکاریێن گرنگ بوون و کاریگەریەکا مەزن ل نێڤ و دەرڤەی عیراقێ ب تایبەت ل دەولەتێن جیران هەبوون. ژ وان گورانکاریێن گرنگ و خوەدی کاریگەری:

**- راگەهاندنا دەستووریٚ عیراقیٚ یێ بەروەخت:**

تنێ ١٣رۆژان پشتی شۆرشێ ئانکو ل ١٩٥٨/٧/٢٧ێ دەستووریٚ عیراقێ یێ بەروەخت هاتە راگەهاندن،سەرەرای چەندین خالێن لاواز د ڤی دەستووریدا،ب رەنگەکێ گشتی ب باشی ژ ئالیێ خەلکێ عیراقێڤە پێشوازی ل ڤی دەستووری هاتەکرن،ژبەرکو چەند بەندەکێن گرنگ تێدا هەبوون کو ژ مێژبوو خەلکێ عیراقێ و بزاڤا وێ یا سیاسی خەبات بۆدکر،ژ وان بەندان یێن پەیوەندی ب ڤی بابەتیڤە هەی بەندێ دبێژیت (گەل ژێدەرێ دەستەلاتییە)و

بەندێ بریار ل سەر سیستەمێ کۆماری ل عیراقێ دای و بەندێسێیێ بۆ یەکەم جار د دیرۆکا عیراقێدا بریار ل سەر هندێ دای کو کورد و عەرەب هەڤپشکن دڤی وەلاتیدا و خوەدی ماف و ئەرکێن وەکهەڤن.(٤)

**- زڤرینەڤا بارزانیێ نەمر و هەڤالێن وی بۆ عیراقێ:**

بەندێ سێ یێ دەستووری عیراقێ یێ باوەری ب هەڤپشکیا کورد عەرەبان ل عیراقێ ئێنای رێخوشکەر بوو بۆ زڤرینەڤا بارزانی و هەڤالێن وی ژ ئێکەتیا سوڤیەتا جاران بۆ عیراقێ،پشتی روودانا شۆرشێ ل ٢ئیلونێ حکومەتا عیراقێ رێدا بارزانی و هەڤالێن وی بزڤرنەڤە عیراقێ، بەرامبەری ڤێ چەندێ ژی ل بارزانی د بروسکەکێدا ل١٠ێ ئیلونێ بۆ سەرۆک وەزیرێن عیراقێ (عەبدولکەریم قاسم ) ی سوپاسیا وی کر ژبەر کو رێدایە وی و هەڤالێن وی بزڤرنەڤە وەلاتی و ل رۆژا ٦ چریا یەکەم ١٩٥٨ێ دنێڤ پێشوازییەکا جەماوەری و رەسمیدا بارزانی و میر حاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەڤی گەهشتنە عیراقێ و ل رۆژا ١٦ نیسانا ١٩٥٩ێ هەڤالێن دی یێن بارزانی ئەوێن دگەل وی ل سالا ١٩٤٧ێ مشەختبووینە یەکێتیا سوڤیەتی زڤرینەڤە عیراقێ.(٥)

**- خۆ ڤەکێشان ژ پەیمانا بەغدا:**

پەیمانا بەغدا پەیمانەکا ئیستعمارییا پاشڤەروو خوازانە بوو،هەڤبەندییەکا نێڤبەرا عیراق و ئیران و تورکیا پاکستان و بەریتانیا بوو،ب مەرەما دژایەتیا هەر بزاڤەکا شۆرشگێرانە هاتبوو دامەزراندن. د رۆژا بەرپابوونا شۆرشێدا ئانکو ل ١٤ێ تیرمەهێ بریاربوو مەلکێ عیراقێ فەیسەلێ دووێ و میر عەبدولئیلاه بۆ پشکدارییێ د کونگرێ ڤێ پەیمانێدا بچنە ئەستەنبۆلێ،بەلێ د ڤێ رۆژێدا ژیێ مەلکێ عیراقێ و رژێما وی ب داوی هات و دەستەلاتداریا نوو یا عیراقێ پێگیریا خۆ ب پرەنسیپێن باندونگ و بێلایەنیێ راگەهاند و خۆ دوورگرت ژ هەردو ئوردگایێن هەڤرکێن رۆژهەلات و رۆژئاڤا و د وێ رۆژێدا بارەگایێ پەیمانێ ل بەغدا ژ ئالیێ هێزێن لەشکەرێ عیراقێڤە هاتەگرتن،بەلێ ب رەسمی عیراقێ خۆ ژ پەیمانێ نەڤەکێشا و



ئەندامەتیا وێ ماهەلاویستی،هەتا ل رۆژا ۲۳ ئادارا ۱۹۵۹ێ ب رەسمی عیراقێ ڤەكێشانا خۆ ژ پەیمانێ راگەهاندی.[٦]




گورانكارییێـن ژووری و گەلەكێـن دن كاریگەریەک مەزن ل سـەر دەولەتێن شوفینی و پاشـڤەرووییێن جیرانێن عیراقـێ هەبوو،ب تایبەت ئیرانا شاهنشـاهی هەڤپەیمانا دەولەتا مەلكیا عیراقێ د پەیمانا بەغدا و هەڤسـوز و هەڤچەپەرا وێ د دژایەتیا بزاڤا رزگاریخوازا گەلـێ كـورد ب تایبــەت خەباتا بارزانیێ نەمردا.

لەومـا دگـەل سـپێدەیا بەرپابوونـا شۆرشـێدا هەموو دەزگەهێن دبلوماسی و هەوالگرییێـن ئیرانێ كەتنە د بەرهەڤیێ و ئامادەباشیێ و سیخورییێدا بەرامبەری هەر نووچەیەک و روودانەكا پەیوەندی ب گەلـێ كـورد و بزاڤا وێ یـا نەتەوایەتیڤـە هەبیـت و دەملدەسـت ب رێـكا راپۆرتـان دگەهاندنە ئالیێن پەیوەندیدارێن ئیرانێ.

هەر بۆ نموونە تنێ د ژێدەرەكێ تایبــەت ب بەلگەنامێـن ئیرانێ یێن پەیوەنـدی ب گەلـێ كوردڤە هەی د نێڤبــەرا ۱٤/۷-۱۹۵۸/۱۲/۳۱ێ ڤان دەزگەهـان ۱٥٤ راپۆرت ل سـەر كاودانێ باشوورێ كوردستانێ، كوردێن عیراقـێ، زڤرینەڤـا بارزانیـێ نەمر،سـەرەدەریا حكومەتا نـوو دگـەل كوردان، بزاڤا سیاسـیا كـوردی ل عیراقێ و دەزگەهێن راگەهاندن و رۆژنامەڤانیا كوردی ل عیراقێ بۆ ئالیێن پەیوەندیدارێن ئیرانێ بلندكرینە.[٧]

هنـدی پەیوەنـدی ب ڤێ بابەتیڤە هەی ئـەو راپۆرتەنە یێن دەزگەهێن ئاماژەپێكرییێن ئیرانێ دەربارەی دەزگەهێن راگەهاندنێـن كوردی ل عیراقێ بلندكرین كو د وێ دەمیدا تنـێ ئێزگێ كوردیێ بەغدا یـێ حكومەتێ وچەند كۆڤار و رۆژنامێن كوردی بوون.

ل ڤێرێ هەژییە د وارێ بەراوردكرنێدا د نێڤبەرا هەردو رژێمێـن مەلكیا عیراقێ و شاهنشـاهیا ئیرانێـدا بێژین ب درێژیا ژیـێ رژێما مەلكیا عیراقێ كاودانێ رەوشـەنبیریا كـوردی ب تایبـەت یـێ رۆژنامەڤانـی ب چـاڤ كاودانێ هەمـان رەوشـەنبیری رۆژنامەڤانـی باشـتر بوویە و ب بەردەوامی ئەگەر چ ب رێژەیەكا كێم وسـنووردای كۆڤار و رۆژنامێن كوردی هاتینە بەلاڤكرن،لەوما ژی ئەڤ چەندە هەردەم جهێ نەرازیبوونا ئیرانێ بوویە و ب چاڤێ نەیاری

و گومانێ بەرێ خۆ دایێ، لەوما ژێ پشتی شۆرشا ١٤ێ تیرمەهێ و ئەو گورانکارییێن ل عیراقێ د بەرژەوەندیا گەلێ کورددا بریار ل سەرهاتیەدان پتر بوونە جهێ ئازراندنا دەستەلاتداریا ئیرانێ و هەر وەک د ڤان راپۆرتادا دیاردبیت کو رادیویا کوردی یا بەغدا هەر چەندە سەر ب حکومەتێ بوویە و دەربرین ژ بۆچوونا وێ دکر ب بەردەوامی دەزگەهێن هەوالگرییێن ئیرانێ گوهداری لێدکر و ب بۆچوونا خۆ هەر نووچەیەک،بابەتەک و راپۆرتەکا وێ د هەلسەنگاند و گەلەک جاران ژێ نەراستی ژ زاردەڤێ ئێزگێ کوردی دروستدکرن و ب راپۆرت ددانە بەرپرسێن خۆ،هەر وەک د راپۆرتەکێدا دیاردبیت کو فەرمانداریێ پشکا دووێ یا هێزێن پولیسێن سنووران (ژاندارمەری) یا ئازەربێجانێ دایە پارێزگاریێ ئازەربێجانێ و تێدا دبێژیت :- (ل دیڤ راپۆرتا ژ فەوجا رەزائیێ گەهشتی دهێتە گوتن دو رۆژە مەلا مستەفایێ بارزانی ژ سوریێ دگەل هندەک چەکێن سڤک هاتیە عیراقێ و ئاخفتنێن ورۆژێنەر ئاراستەی کوردێن ئیرانێ تایبەت کوردێن بانە وسەقز و مەهاباد و سەردەشتێ کرینە و راپۆرتەک ل دور ڤێ چەندێ ل دەمژمێر ٨ێ رۆژا ٨ێ ڤێ مەهێ(١٩٥٨/٨/٣٠) ب زمانێ کوردی ل رادیویا بەغدا هاتیە بەلاڤکرن ٠٠٠[٨]

ل ڤیرێ دیارە راپۆرت ژ پەیڤا یەکەم هەتا داویێ دوورە ژ راستیێ، ژ بەرکو دوی چاخیدا بارزانی ژ دوور و نێزیک سوریا نەدیتیە و بارزانی ل ٦ێ چریا یەکەم وێ سالێ هاتیە عیراقێ .

د راپۆرتەکا دیدا کو ژ ئالیێ وەزارەتا نێڤخۆیا ئیرانێ ب هژمار ٦٢٤٠ل١٣٣٧/٦/١٩(٩/ ١٩٥٨/٩ )بۆ سەرۆک وەزیرێن ئیرانێ هاتیە شاندن هوشداریێ د دەت کو ئێزگێ کوردیێ عیراقێ بوویە ئەگەرێ ئالوزی و ترسی دنێڤ خەلکێ وی وەلاتیدا.[٩]

بەلگە نامە یانژێ راپۆرتا پتر پەیوەندی ب بابەتیڤە هەی، راپۆرتا بالیوزخانا شاهنشاهیە ل بەغدا بۆ وەزارەتا کاروبارێن دەرڤەیا ئیرانێ هنارتیە و تایبەتە ب کۆڤار و رۆژنامێن کوردیێن ل عیراقێ دەردکەڤن.

هەر وەک دڤێ بەلگەنامێدا دیاردبیت رژێما ئیرانێ ژ وان گورانکاریان دترسیت یێن حکومەتا نوویا عیراقێ د بەرژەوەندیا گەلێ کورد دا بریار ل سەردای و باوەری ب هندەک ژ مافێن کوردان ل عیراقێ ئینای،هەر چەندە هێژ دو هەیڤێن بەراهیێ یێن شۆرشێنە و ئەڤ گورانکاری و مافە هێژ تنێ گوتن بوون. بەلێ رژێما شاهنشاهی گرنگی دایە هەر بابەتەکی د هەر وارەکیدا بیت و پەیوندی ب گەلێ کوردڤە هەبیت و ئەڤ گرنگیدانە ژێ ب مەرەما تێکدانا هەر پێشڤەچوونەکا کوردێن عیراقییە دا کو کوردێن ئیرانێ ژێ نەکەڤنە ژێر کاریگەریا وێ پێشڤەچوونێ.

ژ بابەتێن گرنگ ژێ رۆژنامە و کۆڤارێن کوردییێن عیراقێ بوون و رژێما شاهنشاهی ڤیایە هەر تشتەکی ژ ناڤەرۆک و بۆچوون و ئایدلوژیا رۆژنامەڤانیا کوردی ل عیراقێ و ستافێ وێ بزانیت .

راپۆرت د بەرسڤا نڤیسینەکا وەزارەتا دەرڤەیا ئیرانێ- کارگێریا سیاسیا یەکەم هژمار ٦١٥٧ل١٣٣٩/٦/٢(١٩٥٨/٨/٢٤) هاتیە بلندکرن و تێدا هاتیە کو بەری نهوژێ ئانکو ل ١٩٥٨/٥/٣١وان وەزارەت ل دو رۆژنامێن کوردییێن عیراقێ ئاگادارکریە و نهو ژێ رۆژنامێن (ژین) ل سلێمانیێ و (هەتاو)ل هەولێرێ ب زمانێ کوردی (١٠) و(افاق)ل کەرکوکێ ب زمانێ ب کوردی و عەرەبی دەردکەڤن.[١١]

بەلێ یا سەیر و نیشانا بێ ئاگاهی و نەزانیا کارداریێ بالیۆزخانا شاهنشاهی ل بەغدا ژ ئایدلوژی و بیر وباورێن نڤیسکارێن کوردێن عیراقێ ئەوە دەمێ دبێژیت :-

(نە تنێ نڤیسکارێن رۆژناما شەفەق یا کەرکوکێ و رۆژناما پێشکەوتن[١٢] یا بەغدا پەیوەندییەکا نێزیک دگەل بەرپرسێن کۆمەلا (خویبوون) ل فرەنسا و سوئیس هەنە؛بەلکی تەڤایی نڤیسکارێن کوردێن عیراقێ هزر و بیرێن خۆ ژ کۆمەلا ناڤبری وەردگرن [١٣].

ڤەشارتی نینە ژ سالا ١٩٤٦ێڤە ژێ کۆمەلا (خویبوون) ب داوی هاتیە،[١٤] و دسەردەمێ

ڤـێ راپۆرتێدا پرانیا یێـن مایی ژ کادرێن وێ یێن پێشـکەتی ل مالا خۆ دوور ژ سیاسـەتێ درونشـتینە،ئەڤجا چاوان نڤیسکارێن کوردێن عیراقـێ دێ هزرێـن خـۆ ژ کۆمـەلا ناڤبری وەرگـرن٠٠؟ ژبلـی هندێ پتریا نڤیسـکارێن (شـەفەق) و (پێشـکەوتن) د قوناغا پشتی ب داوی هاتنا ژیێ (خویبوون) پێگەهشـتینە و د ڤێ قوناغێدا تنێ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبا شیوعیا عیراقی وەک ژێدەرێ هزرێ کوردێن عیراقێ د دیاربوون.

پاشـتر بالیۆزخانـە د راپۆرتا خـۆ دا بۆ وەزارەتـا دەرڤە دەربارەی هزر و بۆچوونێن نڤیسـکارێن کوردێن عیراقێ د بێژیت: (ئەگەر وەک بەرچـاڤ بەرچـاڤ نـەکارن دەربرینێ ژ هـزرا خۆ یـا نەتەوایەتیا کـوردی بکەن د دلـدا تەخسـیریێ ناکەن ژ بۆ ڤاندنا هەسـتا نەتەوەییا گەنجێن کورد)[١٥].

هەژی گوتنێیـە ئەو کۆڤار و رۆژنامەیە د سـەربەخۆبوون و سەر ب چ ئالیێن سیاسیڤە نەبوون لێ سـتاف و نڤیسکارێن وان کەسێن کوردپەروەربـوون و هـەر چـوار کۆڤـار و رۆژنامێن ناڤهاتی ل سـەردەمێ رژێما مەلکی ژی دەردکەتن.

بەلـێ راپـۆرت بخـۆ کـو کێمتر ژ سـێ هەیڤـان پشـتی شۆرشـا ١٤ێ تیرمەهـێ هاتیـە نڤیسین،نیشـانا وێ چەندییە کو رژێما شاهنشـاهی دژی هـەر گورانکاریەکێ بوویە د بەرژەوەندیـا گەلـێ کـورد دا روودەت،د بەردەوامیا راپۆرتێدا ئەڤ چەندە باشتر دیار دبیـت دەمـێ ئامـاژە ب تەلەگرافـا بارزانیێ نەمر بۆ سـەرۆک وەزیرێن عیراقێ و بەرسڤا سـەرۆک وەزیـران و سـەرکردێن دن یێـن عیراقێ بۆ بارزانی دکەت، هەروەسـان دەمێ ئاماژە ب گرنگیدانا ئێزگە و رۆژنامێن عیراقێ ب ڤان تەلەگـراف و نامەیان و هندەک مافێن نەتەوایەتیێن گەلێ کورد دکەت .

ترسـا رژێمـا شاهنشـاهی ژ هـەر پێشـڤەچوونەکا د دۆزا گەلـێ کـورد دا رووددەت دیار دبیـت دەمێ رپۆرت دبێژیت: (د هەمـوو ڤـان پێرابوونانـدا دیـار دبیت کو بەرنامەک ژ بۆ پاشـەرۆژا کوردستانێ هەیە و ناڤتێدانـا (هاندانا)کەسـێن تێکدەرێن کورد یێن کـو چەندین سـالان ئەگـەرێ نائارامیێ بوونا توخیبێن عیراقێ و ئیرانێ و زڤراندنەڤا وان بـۆ کوردسـتانێ بەلگەیێـن دیارێـن ڤێ بەرنامەینە).[١٦]

ل داوییـێ ژی ئـەڤ بەلگەنامەیـە ئانکـو راپۆرتـا بالیۆزخانـا ئیرانێ پێشـنیارا هەمان سـەرەدەریێ دگەل دۆزا گەلـێ کورد دکەت، ئـەوا وێ رژێمـێ بـەری وێ چاخی و د وێ سـەردەمیدا و پشـتی وێ سـەردەمی ژی و هەتـا نهو گرتیە بـەر و پەیرەودکەت ئەو ژی هەڤگرتنا دەولەتێن داگیرکەرێن کوردستانێیە د پیـلان گێرانێـدا دژی هـەر دەسـکەفتەکێ بۆ گەلـێ کورد دەسـتڤەدهێت دەمێ ل داویا راپۆرتێ دبێژیت :- (دڤێ سـەروبەریدا پێدڤیە بەرچاڤ بێتەوەرگرتن کو دەولەتا شاهنشاهی ب هاریکاریـا تـورکان پێنگاڤێـن بنیاتـی و بەرفرەە بگریتەبەر ژبۆ رێگرتنێ ل پێشهاتێن کو دبیت د ڤێ واریدا بێنەپێش).[١٧]

## ژێدەر و پەراوێز:


١- لیث عبدالمحسن الزبیدي، ثورة ١٤تموز١٩٥٨ في العراق، (بغداد-١٩٧٩) ص٢٣٣.
٢-الدكتور عبدالفتاح علی البوتاني، التطورات السیاسیة الداخلیة في العراق ن ،دهوک -٢٠٠٧)، ص ٣٧.
٣- ژێدەرێ یەکێ بپ١١٣ و ١٢٣
٤- ژێدەرێ دووێ، بپ ٦٦- ٧٠
٥- د.عبدالفتـاح علی البوتـانـي، الحرکة القومیة الکردیة التحرریة - دراسـات و وثائق، (دهوک-٢٠٠٤) ص ١٧٩.
٦- ژێدەرێ یەکێ، بپ ٢١٩-٣٣٠
٧- اوضاع سیاسي اجتماعي ایل بارزان، محمد علی سلطاني، ( تهران -١٣٨٣ە.ش٢٠٠٤ م ) ص١٨٧-٣٠٧.
٨-ژێدەرێ چوویی، بپ ٢٠٣، وەرگێرانا بەلگە نامێ دگەل پاشبەندی.
٩- ژێدەرێ چوویی، بپ ٢١٠

١٠- ژیـــن -رۆژنامـــەکا کوردی، ئەدەبی و کۆمەلی هەفتانە بوو ســـەردەمەکی هەفتیێ دو جاران ل ســـلێمانیێ دهاتە چاپکرن و بەلاڤکرن، هژمارا بەراهیێ ل ســـالا ١٩٣٩ و هژمارا داویێ ل ٧ شـــوباتا ١٩٦٣هاتیە بەلاڤکرن، (پیرەمێرد)ێ شاعر یەکەم خۆدان و رێڤەبەرێ بەرپرسیارێ وێ بوویە، پشتی مرنا وی کچا وی رەحمە خان وەک میراتگر بوویە خۆدان.

هەتـــاو- کۆڤارەکا کوردی ویژەیی بوو، هەر پازدە رۆژان جارەکـــێ ل هەولێرێ دەردکەت، یەکەم هژمارا وێ ل ســـالا ١٩٥٤ێ و دواهژمار (هژمار١٨٨) ل چریا دووێ١٩٦٣هاتینە بەلاڤکرن، خۆدان و سەرنڤیسەرێ کۆڤارێ گیو موکریانی بوو.

عەبدوللا زەنگەنە و رەفیق صالح، رابەری رۆژنامەنووسی کوردی، کۆڤاری رۆژنامەڤانی، هژمار١١و١٢-٢٠٠٣، بپ ١٢٩و١٣٩.

١١- افـــاق - چ گۆڤـــار یان رۆژنامەیێن کـــوردی و عەرەبی ب ڤی ناڤی ل کەرکوکـــێ نەهاتینە بەلاڤکرن، بەلێ رۆژنامـــەکا رۆژانەیا سیاســـی ب ناڤێ (الافاق) ب زمانێـــن عەرەبی و تورکی ل کەرکوکـــی هاتیە بەلاڤکرن، ل ١٩٥٤/١٢/١٧ئیمتیازا وێ هاتیە هەلوەشاندن، ل تیرمەها ١٩٥٥ێ (ل دیڤ ژێدەرەکێ دن ل ١٩٥٥/٢/٣٠) سەر ژنوو هاتیە بەلاڤکرن، خۆدانێ رۆژنامێ شاکر هرمزی و سەرنڤیسەرێ وێ حوسامەدین ئەلسالحی بوو.

زاهدة ابراهیم، کشاف بالجرائد و المجلات العراقیه، (بغداد-١٩٧٦)، ص ٢٥.

١٢- شـــەفەق -کۆڤارەکا نیڤ هەیڤانە، ئەدەبی میللی کۆمەلایەتی بوو، خـــۆدان ئیمتیاز و رێڤەبەرێ بەرپرس عەبدولقادر بەرزنجی بوو، یەکەم هژمارا وێ ل کەرکوکێ ل ١٥ کانوونا دووێ ١٩٥٨ێ هاتیە بەلاڤکرن.

پێشکەوتن - کۆڤارەکا هەفتانەیا گشتی بوویە، ب هەر دو زمانێن کوردی و عەرەبی ژ ئالیێ محەمەد بریفکانی ڤە ل بەغدا دهاتە بەلاڤکرن، یەکەم هژمار ل شـــوباتا ١٩٥٨ێ دەرکەتیە، ژ هژمار ٦٥یا ٢کانوونا دووێ ١٩٥٩ بوویە رۆژنامەکا رۆژانە و ب عەرەبی، ل ٨ شوباتا ١٩٦٣هاتیە راوەستاندن.

ژێدەرێ هژمار ١٠، بپ١٣١-١٣٣

١٣- محەمەد عەلی سولتانی، هەمان ژێدەر، بپ٢١٠-٢١٣، وەرگێرانا بەلگە نامێ دگەل پاشبەندی.

١٤- روهات الاکوم، خویبون و پوره اکری، مراجعة شکور مصطفی، (هەولیر-٢٠٠٠) ص ٨٥

١٥- محەمەد عەلی سولتانی، هەمان ژێدەر و هەمان بەلگەنامە.

١٦-محەمەد عەلی سولتانی، هەمان ژێدەر و هەمان بەلگەنامە،

١٧- هەمان ژێدەرێ چوویی و هەمان بەلگە نامە، موسەدەق توڤی، دهۆک.

* * *

## بەلگەناما ئێکێ
## وەزارەتا ناڤخویی -پارێزگەها ئازەربێجان
## هژمار ١٤٥٢ -١٣٣٧/٦/١٠(١٩٥٨/٩/١)

تومارکری - د نڤیسینگەها نهێنیا وەزارەتێ، هژمار ٦٣٦٦ ل ١٣٣٧/٦/١٩(١٩٥٨/٩/١٠)

نهێنی-راستەوخۆ (کارگێریا سیاسی)

جەنابێ هێژا پارێزگارێ پارێزگەها ئازەربێجانێ

ل دیڤ راپۆرتا بەتالیونا رەزائیێ دهێتە گوتن کو دو رۆژە مەلا مستەفایێ بارزانی ژ سوریێ دگەل هندەک چەکێن سـڤک هاتیە عیراقێ و د ئاخفتنێن ورۆژێنەر ئاراســـتەی کوردێن ئیرانێ تایبەت کوردێن بانە و سەقز و مەهاباد و سەردەشت کرینە و راپۆرتا ڤی چەندێ ل دەمژمێر ٨ێ رۆژا ٨ێ ڤێ مەهێ ب زمانێ کوردی ل رادیویا بەغدا هاتیەبەلاڤکرن،دەستووری هاتیەدان بۆ پشکێن نەغەدە ل دور ڤان گوتگوتکان ڤەکولینێ بکەن،و ب گەهشتنا ئەنجامان دێ بۆ هەوە هێنە بلندکرن .

فەرماندێ پشکا ٢ ژاندارمەری یا ئازەربێجانێ

سەرتیپ دیلمی پارێزگارێ ئازەربێجانێ

١٣٣٧/٦/١٦/١٩٦٤رەشـنڤیس ل دیڤچوونـا هژمار ١٣٣٧/٦/١٢/١٩١٧ بـۆ ئاگاهداریا وەزارەتا ناڤخۆیی-کارگێریا سیاسی هاتیە هنارتن.

# پاشبەند
# بەلگەناما دووێ
# بالیۆزخانا بالا یا شاهنشاهیا ئیرانێ ل بەغدا

هژمار ٣٤٩ نهێنی وەزارەتا کاروبارێن دەرڤە
دبەرسڤا نڤیسینا هژمار ٦١٥٧ل ١٣٣٧/٦/٢ (١٩٥٨/٨/٢٤)*

یا کارگێریا یەکەم یا سیاسی – نهێنی دەربارەیرۆژنامێن کوردی یێن ل عیراقێ بەلاڤدبن هەوەئاگاداردکەین ب رەنگێ کو د راپۆرتا هژمار ١١٩٤ل١٣٣٧/٣/١٠(١٩٥٨/٥/٣١)دا هاتی ئەم ئاگادارکرینە ژبلی دو رۆژنامێن د نامەیا وێ وەزارەتێدا ئاماژە پێ هاتیەکرن رۆژنامێن ژێری ب زمانێ کوردی ل عیراقێ بەلاڤدبن...

١- رۆژناما (ژین) ل سلێمانیێ ب رێڤەبەریا رەحمەت (راستتر "رەحمە". رۆژنامەنووس) حاجی توفیق.

٢- رۆژناما (هەتاو) ل هەولێرێ ب رێڤەبەریا عەبدولرەحمان گیو عەبدوللەتیف.

٣- رۆژناما (افاق) ل کەرکوکێب رێڤەبەریا شاکرهرمزی (ب هەر دو زمانێن کوردی وعەرەبی).

بێ گومان نە تنێ نڤیسەرێن رۆژناما (شەفەق) یا کەرکوکێ و پێشکەوتن یا بەغدا پەیوەندیەکا نێزیک دگەل بەرپرسێن کۆمەلا خویبوون ل فرەنسا و سوئیس هەنە؛بەلکی تەڤایی نڤیسکارێن کوردێن عیراقێ هزرو بیرێن خۆ ژکۆمەلا ناڤبری وەردگرن و ئەگەر وەک بەرچاڤ نەکارن دەربرینێ ژهزرا خۆ یا نەتەوایەتی یا کوردی بکەن ددلدا تەخسیریێ ناکەن ژبۆ لڤاندنا هەستا نەتەوەییا گەنجێن کورد و ب بەردەوامی بۆڤێ هزرێ کاردکەن.

گوهرینا رژێما عیراقی و دامەزراندنا دەولەتا کۆماریێ و دەرچوونا قانونا بنیاتیا بەروەخت کو د بەندی سێدا ب ئاشکرایی مافێن نەتەوەییێن کوردان ل عیراقێ پەژراندینە (پێداچوونا تەلەگرافا رۆنکرنێ هژمار( )ل ( )**بکەن) و ئازادکرنا مەزنێن کوردان ئەوێن ژ ئالیێ حکومەتا چوویی ل بەسرا هاتینەزیندانکرن؛ ئانکو ل دووراتیا چەندین فەرسەخان ژ توخیبێ کوردستانێ د ژیان و زڤرینەڤا وان بۆ سلێمانیێ نەتنێ نیشانا هندێیە کو دەولەتا عیراقێ رێ ل بەر کۆمەلەیێن نەتەوەییێن کوردی ناگریت ؛بەلێ پشتەڤانی و رێ خۆشکرنێ ژێ بۆ دکەت .

هەر وەکی د تەلەگرافا نهێنی هژمار ١٧٤ ل١٣٣٧/٦/١١ ( ١٩٥٨/٩/٢ )دا مە هوینێن هێژا ئاگادارکرین؛سەرۆک وەزیرێن عیراقێ د بەرسڤا تەلەگراف و نامەیا مەلا مستەفایێ بارزانیێەوا ژرۆمانیا وچیکوسلوڤاکیا بۆ وی هنارتی،تەلەکرافەک بۆ وی و میرحاج ئەحمەد وئەسعەد خوشەڤی هنارتیە تێدا هاتیە کو ب شادمانی من تەلەکرافا هەوە وەرگرتیە و بخێرهاتنا هەوە دکەم بۆ وەلاتێ خوشتڤی و هەموو بەرهەڤیێن پێدڤی ژ بۆ لێبوورین و ب ساناهیکرنا ڤەگەریانا هەوە و هەڤالێن هەوە بۆ عیراقێ دێ کەین ؛پێدڤیە سەرا بالیۆزخانا کۆمارێ عەرەبیێ یەکگرتی ل پراگ بدەن داکو پێدڤیێن زڤرینەڤا هەوە دابینبکەن.

رادیویا بەغدا چەندجاران نوچەیێ ڤەگەریانا مەلا مستەفا بارزانی بەلاڤکریە و رۆژنامێن رۆژا چوارشەمبی ١٢شەهریور(٩/٣)نامەیا وی بۆ سەرۆک وەزیران عەبدولکەریم قاسم سەرلەشکەر نەجیب ئەلروبەیعی سەرۆکێ جڤاتا سەرۆکاتیا کۆمارێ ل یەکەمین بەرپەرێ خۆ بەلاڤکریە (دەقێ نامەیا مەلامستەفا بارزانی و وەرگێرانا وێ یا فارسی د گەلدا ببینن )هەروەسا هێژا خالد نەقشەبەندی ئەندامێ کوردێ جڤاتا سەرۆکاتیا کۆمارێ د بەرسڤا نامەیا مەلا مستەفا بارزانی دا دبێژیت؛ ئەم هەموو ژ بۆ ڤەگەریانا هەوە بۆ وەلاتێ خۆییخوشتڤیشادمانین،سەرکرد

ایەتیا شۆرشێ و مللەتێ ئازادێ عیراقێ گرنگیا خەباتا هەوەیا درێژ و سەخت دژی ئیستعمارێ و رژێما گەندەلا مەلكی و كرێگرتیێن ئیستعمارێ دزانیت ورێزێ ل خەباتا هەوەیا درێژ درێكا ئازادی و سەربەخۆییا عیراقێدا د گریت و ڤەگەریانا هەوە دێ پەیوەندیێن برایانەیێن كورد و عەرەبان موكومكەت.

د هەموو ڤان پێرابوونان‌دا دیاردبیت كو بەرنامەک ژ بۆ پاشەرۆژا كوردستانێ هەیە و ناڤێدانا كەسانێن تێكدەرێن كورد یێن كو چەندین سالان ئەگەرێ نائارامیێ بوون ل توخیبێن عیراقێ وئیرانێ و زڤراندنەڤا وان بۆ كوردستانێ بەلگەیێن دیارێن بوونا ڤی بەرنامەیێ.

رۆژناما (البلاد) ئەوا پشتی شۆرشا عیراقێ پشتەڤانیا كومونیستان گرتیە خۆ هەموو رۆژان وێنەیێن پەیوەندی ب وان ڤە هەی بەلاڤدكەت و د هژمارا رۆژا ٨ێ شەهریور (١٩٥٨/٨/٣٠)دا پێشنیارا بەلاڤكرن و خواندنا زمان و دیرۆک و ئەدەبیاتا كوردی نەتنێ ل كوردستانا عیراقێ بەلكی ل نێڤ كوردێن ئیرانێ یێن ل پارێزگەها دیالێ ژی دژین دایە هندەک مامۆستایان و ئەڤ پێشنیارە بەلاڤكریە و وەرگێرانا وێ ژی مە پێشكەشی هەوە كریە،ئەڤە وێ چەندێ دیار دكەت كو كومونیست پشتەڤانیێ ل بابەتێ كوردان دكەن .

رژێما عیراقێ باش ل ڤێ چەندێ ئاگادارە و د وێ باوەریدایە ژ بۆ بەردەوامی و راگرتنا خۆ ل ناڤخۆ ؟؟؟؟ *** و ژ بۆ بەرخۆدانێ بەرامبەر فشارێن عەبدولناسری و ئالیگرێن وی ب مەرەما گەهشتنێ ب كۆمارێ ئێككرتیێ عەرەبی و كورد دگەل ڤێ یەككرتنێ بن و ب ڤێ چەندێ دێ ب هێز كەڤیت.بەلێ ئەگەر ب چاڤەكێ دوور بنێرینێ و دگەل لاوازی وسستیا دەستەكا حوكمدار د رژێمێدا هەی و نەبوونا كەسایەتیەكی یێ كو بكاریت ب سەر روودان و سەروبەریدا زالبیت. كەسایەتیا مەلا مستەفای چ ب وێ ناڤدارییێ یا ل نێڤخۆ و دەرڤە هەی و شارەزاییا وی ب تاكتیكێن جیرانێ باكوور دبیت پتر جهێ مەترسیێ بیت چ ب وێ پشتەڤانیا ل نێڤخۆ و دەرڤە ب رێكا حزبا كومونبست بۆ دهێتەكرن و دڤێت كۆنترۆلی ل سەر كاودانان و حوكمدارییێ ل وەلاتی بكەت.

دگەل ئاگاداركرنا هەوە ژ بابەتێن ژووری،باوەری ناهێتەكرن كو د ڤی دەمیدا ل دوور پەیوەندیێن رۆژنامێن شەفەق و پێشكەوتن دگەل بەرپرسێن خویبوون (استقلال كورد – سەربەخۆییا كوردان )ڤە دگەل بەرپرسێن عیراقێ دانوستاندن بێنەكرن و ئەڤ كارە ئەگەر بێتەكرن ژی دێ یی بێ بەرهەمبیت.ل دیڤ باوەریا مە پێشهاتێن ڤێ داوییێ یێن عیراقێو سیاسەتا وان بەرامبەری كوردان گرتیە بەر دەستبەردانە بۆ ویستێن زێدەیێن جیرانێ باكوور ب رێكا حزبا كومونیست، دڤێ سەر و بەریدا پێدڤیە بەرچاڤ بێتەوەرگرتن كو دەولەتاشاهنشاهی ب هاریكاریا توركان پێنگاڤێن بنیاتی وبەرفرەه بگرتە بەر ژ بۆ رێگرتنێ ل پێشهاتێن كو دبیت دڤی واریدا بێنەپێش.

كاردار

مەحمود ملا یری.

*- هەموو دیرۆكێن د ڤێ گوتارێ و بەلگەنامادا هاتین ب سالناما ئیرانی (هجری-شمسی) نە و مە بەرامبەری وان ب سالناما زایینی دانانە.

**- ئەڤ هژمارە د خۆدێ بەلگەنامێدا نەهاتینە.

***- ئەڤ ڤالاهیە د خۆدێ بەلگەنامێدایە.

هەواڵنامەی کتێب

# وێستگەی

## ڕۆژنامەنووس

(بەرەو دووەمین کۆنگرەی سەندیکا)

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسان
# خزمەتی ڕابردوو، کاراکردنی داهاتوو



ئەنوەر حسێن*
a_bazgr@yahoo.com

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، وەکو سەندیکایەکی پیشەیی، سەرەڕای کۆبونەوەی بەشێکی زۆر لەڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەناویدا سەندیکایەکە، تارادەیەک جیاوازترە لە سەندیکاکانی تر کە لە کوردستاندا کار دەکەن.

لەکاتێکدا، هێشتا سەندیکا نەیتوانیوە جێگەی تموحی گشت ڕۆژنامەنووسان بێت و لەهەمانکاتدا ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسانیش بۆتەوە، کەهەندێکیان ناهەقیان تێدایەو ڕاست نین.

بەڵام ڕاستییەک هەیە کە دەبێ بیزانین، ئەویش ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی حزبییە و سەندیکاش بەدەر نییە لەوەی کە نوێنەری حزبەکان لەناو ئەنجوومەن شوێنیان گرتووە، بەڵام حەقیقەتێک هەیە دەبێ بیزانین ئەویش ئەوەیە مەسائیلی حزبی و کاریگەریی حزبی بە فۆرمێک کە کارەکانی سەندیکا ناشیرین بکات و حزبەکان دەست بخەنە کاروبارەیەوە ڕووی نەداوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان یەکەم ڕێکخراوی پیشەیی و سنفیە کەپێش ئیدارەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی تر یەکیگرتەوە لە کۆتایی (٢٠٠٣) لەشاری هەولێر کۆنگرەی یەکبوونی سازکردو تا ئەم ساتەش لەو بارەیەوە سەرکەوتوو بووە، بەو مانایەی تازە بەتازە لەهەندێک ڕێکخراو وەکو مافپەروەران خەریکی کۆنگرەن و هیچ کام لەلایەنەکانیش لێی ڕازی نەبوون.

تازەبەتازەش یەکێتی زانایانی هەردوولا خەریکی یەکگرتنەوەن و یەکێتی مامۆستایانیش بەتەوافق ڕێککەوتن.

بەڵام سەندیکا تا ئەم ساتە هیچ کێشەیەکی لەناوخۆدا نییەو بگرە توانیویەتی رۆڵێکی ئەکتیڤی هەبێت لەچاو سەندیکاکانی تردا.

لەئێستاشدا سەندیکا خەریکی کۆنفرانسەکانیەتی و خۆی بۆ کۆنگرەی دووەم لەکۆتایی ئەمساڵدا سازدەکات، دەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەین ئایا سەندیکا چیکردووە، دەبوو چی بکات؟ ئایا سەندیکا چی نەکردووە، کەدەبوو بیکات؟ ئایا بۆ کۆنگرەی دووەم و کاری سەرەکی سەندیکا چییە؟

پێش هەمووشت دەبێ ئەوە بزانین کۆمەڵگای کوردستان جگە لەوەی بۆ خۆی رووبەڕووی چەندین هەڕەشەو مەترسی ناوخۆیی دەرەکی بۆتەوە، بەتەبیعەتی حاڵ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش مامەڵەیان توندو زۆرجار ناشرین و زۆرجار ئەم دیاردەیە لەبەرامبەر رۆژنامەنووسانیشدا روویداوە.

ئەم باسە چەندین جاریش لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و دەزگاکانیان باسکراوە کەدەبێ ئازاردان و لێدان و سوکایەتیپێکردنی رۆژنامەنووسان و دەستگیرکردنیان رابگیرێت، یان لەرێگای دادگاو بەئاگاداری سەندیکا بەڕەوەبچێت.

بەڵام بەداخەوە حکومەت و دەزگاکانی وەکو پێویست گوێیان لەسەندیکا نەگرتووەو بگرە زۆرجار گلەیی و عاجز بوونیش لەبەرپرسان روویداوەو لەگەڵ ئەوەشدا سەندیکا لەگەڵ زۆربەی ئەو کەیس و کێشانەدا بووەو بەدەنگییەوە چووەو پارێزەری تایبەتی بۆ گرتوون و بەیاننامەی دەرکردووەو ئەو گرتنانەی بەکارێکی خراپ زانیوەو بەهەڕەشەی بۆسەر ئەزمونی حکومەت و چەمکی ئازادی و دیموکراسی کوردستان و بانگەشەی ئازادی چاپەمەنی زانیوە.

بەڵام دیسان دەڵێم وەکو پێویست لەلایەن حکومەتەوە گوێی لێنەگیراوە، یان زۆرجار رۆژنامەنووسێک، لەگەڵ ئەوەدا کەناسنامەی سەندیکا یان کەناڵێکی راگەیاندنی پێیە، بە تۆمەتی جاسوسی و کارێکی بەدوور لەپیشەکەی دەستگیرکراوەو وا بڵاکراوەتەوە کە سەندیکا داکۆکی لەئەندامانی و لەفلانە رۆژنامەنووس ناکات، کەچەند نموونەی وا لەبەردەستدایە.

بەڵام ئایا رەوایە ئەندامێک جیا لەوەی رێزی سەندیکاکەی نەگرێت، کەناسنامەکەی لەگیرفاندایە و رێز لەبەهاو ئەخلاقیەتی پیشەیی خۆی نەگرێت و رێز لە بەهاکانی ئینسانی و نیشتمانی نەگرێت و لەپاڵ کاری رۆژنامەنووسیی خیانەت لەخەڵک و خاک و نیشتمان

**"دەبێ ئازاردان و لێدان و سوکایەتیپێکردنی رۆژنامەنووسان و دەستگیرکردنیان رابگیرێت، یان لەرێگای دادگاو بەئاگاداری سەندیکا بەڕەوەبچێت"**

هەواڵنامەی کتێب

و میدیای کوردی بکات و ببێتە جاسووس و سەندیکاش تاوانبار بکرێت بەوەی کەبەرگری لەئەندامێکی خۆی نەکردوە، ئایا نەک سەندیکا هیچ کەناڵێکی سەربەخۆو ئازادو ئەهلیش دەتوانێ دیفاع لە رۆژنامەنووسێکی دەزگاکە بکات کە بەتۆمەتی جاسوسی دەگیرێت.

کەهیوادارم سەندیکا لەکۆنگرەی داهاتوودا هەر رۆژنامەنووسێک یەکێک لەو تۆمەتانەی بەسەردا ساخ بووەوە لەریزەکانی دەربکات و ناسنامەکەی لێ بسێنێتەوە.

بەڵام من لەگەڵ ئەوەم، سەندیکا بەرگری لەهەموو رۆژنامەنووسێکی ئەکتیڤ و چالاک بکات و مافی ئازادی بۆ رۆژنامەنووسان فراوانتر بکات.

بەڵام بەداخەوە لەم پەیوەندیەدا لێکحاڵینەبوون و تێنەگەشتنێک هەیە لەنێوان ئاسایش و پۆلیس و رۆژنامەنووساندا کەهیوادارم ئەم کێشەیە لەرێگای یاساوە چارەسەر بکرێت.

لەسەر ئاستی ناوچەیی نێودەوڵەتی سەندیکا هەنگاوی گەورەی ناوە لەمبارەیەوە ئایدن وایت وتی" هیوادارم یەکێتی رۆژنامەنووسانی عیراق، چاو لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن"

ئەوەی سەرەوە قسەی ئایدن وایتی سکرتێری فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە کە لەکۆنفرانسێک لە ئوردون سازکرابوو وتوویەتی.

بۆیە دەڵێم گەر سەندیکا هیچی نەکردبێ، ئایدن وایت بەو شێوەیە باسی ناکات، لەکاتێکدا وایت تائێستا دووجار هاتۆتە کوردستان و لەنزیکەوە بارودۆخی رۆژنامەنووسانی کوردستانی بینیوە.

مەبەستمە بڵێم سەندیکا شتی کردووە، بەڵام رەنگە پێبەپێی داواو داخوازی رۆژنامەنووسانی کوردستان و میدیای کوردی نەبووە، نەک هەر ئەوەندە، دڵنیام ئەوەی سەندیکا کردوویەتی، لە ئاستی داخوازییەکانی خۆشی نییە.

یەکێکی تر لەو دەستکەوتانەی سەندیکا بەدەستیهێناوە، پرۆژەی یاسایەکە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی و دیاریکردنی ئەرک و مافی رۆژنامەنووسان و رەهاکردنی تارادەیەک سنورەکانی ئازادی و رێگرتن لەگرتنی رۆژنامەنووسان و سەروەری یاساو دادگا، ئەگەرچی بەهۆی کێشەیەکەوە تائێستا پەرلەمان نەیخستۆتە گفتوگۆوەو زیاتر لە (١٠) مانگە لەنێوان پەرلەمان و حکومەت گیری خواردوە، کە دەبوو ئەم یاسایە لەبەرئەوەی پەیوەستە بەکاری رۆژنامەنووسییەوەو کارێکی گرنگ و

**"لەسەر ئاستی ناوچەیی نێودەوڵەتی سەندیکا هەنگاوی گەورەی ناوە لەمبارەیەوە ئایدن وایت وتی" هیوادارم یەکێتی رۆژنامەنووسانی عیراق، چاو لە سەندیکای رۆژنامەنووسانیکوردستان بکەن""**

پڕبایەخی پەرلەمان و حکومەتە زووتر جێبەجێ بکرایە.
لێرەدا دەمەوێت روونتر قسەبکەم، جیا لەوەی بەشێکی کێشەکە وەزارەتی رۆشنبیری لێی بەرپرسە، کە گوایە سەندیکا راستەوخۆ چۆتە پەرلەمان و گیروگرفتی بۆ یاساکە دروستکردووە.
لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو پەرلەمان خۆی زووتر مشوری ئەو یاسایە بخوات، چونکە بەدوای سێ دەسەڵاتەکەی تردا میدیا وەکو هەموو دونیا دەسەڵاتی چوارەمە.
لەکاتێکدا چەندین یاسا لەپەرلەمان گفتوگۆی زۆری لەسەرکراوە، بەقەدەر یاساکەی سەندیکا گرنگ نەبوون.
بەڵام بەداخەوە نەحکومەت و نەپەرلەمان زۆر بەجدی ئاوڕیان لەم یاسایە نەداوەتەوە، گەرچی وابڕیارە مانگی داهاتوو، بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆو پەسەندکردن، لەگەڵ ئەو حاڵەشدا تائێستا نەرۆژنامەنووسان و نەتاکەکانی راگەیاندن و نەمیدیای حزبی و سەربەخۆ لەمبارەیەوە قسەیەکیان نەکرد، کە لەپای چی حکومەت و پەرلەمان دە مانگە ئەو یاسایەی بێ هۆ راگرتووە.
بۆیە زۆرجار تەنیا رەخنە لەسەندیکا دەگیرێت، بەڵام بۆ کارێکی وا پاڵپشتی ناکرێت.
بەبڕوای من ئەم یاسایە سەد بەرانبەری یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ساڵی ١٩٩٣ پەرلەمان چاکترەو هیوادارم زوو بەزوو جێبەجێبکرێت.
سەندیکا یاسای سندوقی خانەنیشی هەموارکردوە بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە (٢٥) ساڵ خزمەت یان تەمەنیان لەسەرو (٦٣)ساڵەوەیە یان لەم پێناوەدا شەهید دەبن، موچەی خانەنشینیان بۆ سەرف دەکرێت کەبڕەکەی (١٠٨,٠٠٠) دینارەو کە تائێستا چەندین کەس لەم بڕیارە سوودمەندبوونەو واش بڕیارە زیاتر بکرێت.
سەندیکا خزمەتی رۆژنامەنووسی بۆ ئەو کەسانە ئەژمارکرد کە کاری رۆژنامەنووسیان کردووە، بەخزمەت بۆیان حساب کراوە، تا ئێستا ئەم کارەی بۆ (٣٥٨)رۆژنامەنووس کردوە.
زیاتر لە (١٠٠٠) پارچەزەوی بۆ رۆژنامەنووسانی سلێمانی و سۆران و گەرمیان و کەرکووک و هەولێر دابینکردووە واش بڕیارە هەموو ئەو رۆژنامەنووسانەی کەسوودمەند نەبوون بەلستێکی تر بخرێنە بەردەم حکومەت بۆ پێدانی زەوی.
هاوکاریکردنی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە باری داراییان باش نەبووە یان تووشی کارەسات و نەخۆشی بوون.
بەئەندامبوونی سەندیکا لە (IFJ) و بەشداریکردن لەکۆنگرەی (٢٥)ی یۆنان و (٢٦)ی مۆسکۆ و خۆکاندیدکردنی

**سەندیکا یاسای سندوقی خانەنیشی هەموارکردوە بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە (٢٥) ساڵ خزمەت یان تەمەنیان لەسەرو (٦٣)ساڵەوەیە یان لەم پێناوەدا شەهید دەبن، موچەی خانەنشینیان بۆ سەرف دەکرێت**



هەواڵنامەی کتێب

نوێنەری سەندیکا دوو دەستکەوتی گرنگن بۆ رۆژنامەنووس کەهەرئێستا زیاتر لە(٨٠٠) رۆژنامەنووسان لە کوردستان خاوەنی ناسنامەی نێودەوڵەتین، هەوڵدان بۆ وەرگرتنی چەند خوێندکار بەپشتگیری سەندیکا لەزانکۆو پەیمانگاکانی رۆژنامەنووسی لەکوردستان کەچاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەشداریکردنی لەگشت کۆنگرەو کۆنفرانسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و ناساندنی رۆژنامەنووسانی کوردستان و کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان و هاریکاریکردنی گشت رۆژنامەنووسانی دەرەوەی سەندیکا.

بەڵام لەگەڵ ئەو دەستکەوتانەش، سەندیکا دەبێ فشاری زیاتر بخاتە سەردەسەڵات لەپێناو فراوانکردنی ئازادی و رێگری لەهەر سووکایەتی و لێدان و دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان، ئەوەش لەرێگای دروستکردنی فشارو گفتوگۆی راستەوخۆو و دروستکردنی رایەک کەدەبێ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش رێز لەباج و ناسنامەی سەندیکا و رۆژنامەنووسان بگرن.

دەبوو سەندیکا لقەکانی چالاکتر بکات، بەکردنەوەی وۆرک شۆپ و راهێنانی تایبەت و کردنەوەی پێشانگاو خولی تایبەت.

دەبوو رۆژنامەنووسی وەکو کارێکی پیشەیی، بەرەسمی بناسرێت و رۆژنامەنووس ناچار نەکرێت لەدووسێ شوێن کاربکات، کاری سەرەکی خۆی پەراوێز بخات بەهۆی قورسی بژێوی ژیانەوە.

بۆ کۆنگرەی داهاتووش دەبێ سەندیکا لەسەر کارەکانی پێشووی بەردەوام بێت و هەوڵبدات کۆنگرە جگە لەهەموو رەنگ و بۆچوونە جیاوازەکان، رۆژنامەنووسانی بێ لایەن و سەربەخۆش بێتە ناو سەندیکاوە، کە ئەمە دەکەوێتە سەر رۆژنامەنووسان خۆیان، تا بەهەموو لایەک بتوانین گەشە بەکاری سەندیکایی رۆژنامەنووسی بدەن.

دەبێ لەکۆنگرەی داهاتوودا سەندیکا چاوبخشێنێتەوە بە ژمارەی ئەندامەکانی و ئەو خەڵکانەی کە ئێستا بەکاری رۆژنامەنووسییەوە خەریک نین و ئەکتیڤ و چالاک نین و سەرکەتوو نەبوون لەکارەکانیان تەنیا وەکو ئەندامی فەخری بمێننەوە یان دووربخرێنەوە.

دەبێ جەخت لەسەر ئازادییەکان بکاتەوە، بۆ هاتنەکایەی میدیایەکی سەربەخۆو ئازادو ئەکتیڤ و پشتگیری هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان بکۆڵێتەوە وخۆی بەخەمخۆریان بزانێت.

دەبێ سەندیکا کۆنگرەی داهاتوو بکاتە کۆنگرەی بەهێزکردنی پایەکانی پتەوکردنی میدیاو باشترکردنی

**"دەبوو رۆژنامەنووسی وەکو کارێکی پیشەیی، بەرەسمی بناسرێت و رۆژنامەنووس ناچار نەکرێت لەدووسێ شوێن کاربکات، کاری سەرەکی خۆی پەراوێز بخات بەهۆی قورسی بژێوی ژیانەوە"**

گوزەرانی رۆژنامەنووسان و دەبێ ببێتە مەرجەع و متمانەپێکراوی نێوان دەزگاکانی حکومەت و رۆژنامەنووسان و راستەوخۆ لەهەر کێشەیەک کەپەیوەستە بەبارودۆخی رۆژنامەنووسانەوە بچێتەپێش.

لەپاڵ ئەوانەدا دەبێ حکومەت رێز لەویستی سەندیکایەک بگرێ کە (٣٠٠٠) ئەندامی هەیەو ئەندامی (IFJ)یەو بێ ئاگاداری و داوکاری سەندیکا زات نەکات پەنا بۆ گرتن و لێدانی رۆژنامەنووسان بەرێت.

دەبێ سەندیکا ئاگادار بکات لەهەمووکارێک و پرۆسەیەک کەپەیوەستە بە بارودۆخ و ژیان و کاری رۆژنامەنووسانەوە، دەبێ حکومەت بەچاوی دوژمنکارانە سەیری رۆژنامەنووسان نەکات و پێیوابێ هەموو نووسینێک دژی ئەزموونی خەڵکی کوردستانە.

بەڵکو لەم نێوەندەدا تەنیا ئەو شتانە قابیلی هێڵی سووربن کەپەیوەستە بە مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی کوردییەوەو ئەو خاڵەش روونبکرێتەوە.

دەبێ حکومەت رێز لەناسنامە و پێناسی رۆژنامەنووسی سەندیکا بگرێت و کارئاسانیان بۆ بکات بۆ کاری رۆژنامەنووسی و لەوەرگرتنی ئامارو داتا هاوکاریان بکات.

دەبێ حکومەت گومانی لەهەر رۆژنامەنووسێک هەبێ، لەرێگای سەندیکاوە زانیاری وەرگرێت و لەرێگای دادگاوە کێشە و کەیسەکەی یەکلایی بکاتەوە بەئاگاداری سەندیکابێ.

دەبێ حکومەت هاوکاری کەناڵەکانی میدیای سەربەخۆو ئازاد بکات و هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکادا بکات.

دەبێ حکومەت لەرێگای سەندیکاوە خولی تایبەت لەسەرخەرجی خۆی بەئاگاداری سەندیکا بکاتەوە بۆ رۆژنامەنووسان و کارئاسانیان بۆ بکات.

دەبێ دەزگا حزبییەکان هاوکاری سەندیکا بکەن لەکاتێکدا گلەیی ئەوە لەسەندیکا دەکرێ کە سەندیکای حزبەکانە، بەڵام حزب هەیە بەشێوازی ناراستەوخۆ دژایەتی سەندیکای کردووەو دەیکات.

کەس و لایەنی سیاسی هەیە رۆڵی سەندیکای لەکۆنگرەیەکی وەکو مۆسکۆ بێ نرخ کردووەو تەنانەت بەدۆڕاوی وەسفکردووە لەکاتێکدا تەنیا بەشداریکردنی سەندیکا لە کۆنگرەیەکی وادا کە(٧٢) دەوڵەت (١٢٠) سەندیکا تێیدا بەشداربوون لەهەموو دونیا سەرکەوتنی گەورە بووە.

کەناڵی راگەیاندن هەیە کاروچالاکییەکانی سەندیکا پەراوێز دەخات و بەدەستی ئەنقەست پشتگوێیان دەخات یان کێشە بۆ نەقیب و جێگری نەقیب و ئەنجوومەن دروستدەکات، لەکاتێکدا خودی نەقیب و جێگری و ئەندامانی ئەنجوومەن و ستافێکی کاراو هێلاکن، بەتایبەت رۆڵی نەقیب و جێگری نەقیب دەبێ لەماوەی ئەو چوارساڵەدا بەرز بنرخێندرێن سەرەرای ئەوەی چەندین رەخنە و گلەییان لەسەرە.

بەڵام ئەوە حەقیقەتە و بەشێکی زۆر لە رۆژنامەنووسانیش ئەو حەقیقەتە دەزانن.

سەندیکای رۆژنامەنووسان دەبێ لەکۆنگرەی داهاتوودا هەموو ئەو کێشەو بابەتانە بخاتە بەرنامەی کارکردنییەوە چ ئەو کارو ئەرکانەی تێیاندا سەرکەوتوو بووە، چ ئەوانەی کە رەخنەی لەسەرە، نەیتوانیوە هەنگاوی جددی هەڵگرێت.

بەڵام ئەمەش بەتەنیا بەسەندیکا ناکرێت، بەڵکو دەبێ گشت دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان، گشت رۆژنامەنووسان هاوکاری بکەن و بێنە ناو سەندیکاوەو شوێن بگرن و چالاک و ئەکتیڤتری بکەن، فەرموون کۆنگرە لەرێدایە، وەرن بابەهەموومان سەندیکا باشترو باشتر بکەین، فەرموون وەرن هاوکاری بکەن. با سەندیکا بەو فۆرم و شکڵ و شێوازەبێ کە ئێوەو ئێمە دەمانەوێت.

*** ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.**

# فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ)

## هاوکاری و یەکگرتن... لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گلۆبالیزمدا*



**وەرگێڕان بەدەستکارییەوە:**
**خالید بەکر ئەییوب**

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، فیدراسیۆنێکی جیهانییە، سەندیکاو کۆمەڵە پیشەییەکان لەخۆدەگرێت، ئامانجیشی بنیاتنانی هاوکارییە لەنێوان رۆژنامەنووساندا و لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانیان تێدەکۆشێت.

ئەم فیدراسیۆنە لە ساڵی (١٩٢٦)دا دامەزراوەو لەکۆتایی جەنگی ساردا، بووەتە هێزێکی رێکخەر بۆ هەموو رۆژنامەنووسان و وەک گەورەترین رێکخراوی پیشەیی خۆی چەسپاندووە کە زیاتر لە نیو ملیۆن رۆژنامەنووس تیایدا ئەندامن، لە (١٦٢) سەندیکای (١١٦) دەوڵەتدا.

فیدراسیۆن لەپێناو بەدیهێنانی مافە کۆمەڵایەتییەکان و پیشەییەکانی رۆژنامەنووسان تێدەکۆشێت و بڕوای بە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە، شان بەشانی سەربەخۆیی پیشەیی و ئاستی رەوشت بەرزی رۆژنامەگەری، کە ئەمانە بنەمای ئازادی رۆژنامەگەری، لەپێناو خولقاندنی رۆشنبیرییەکی دیموکراسییانەدا بۆ راگەیاندن پێکدەهێنن.

سەدەی بیست و یەک شانۆیەکی بۆ گۆڕانکارییە ریشەییەکان لەجیهانی رۆژنامەنووسیدا هێناوەتە دی و راگەیاندنی جیهانیش دیمەنی رۆژنامەگەری بەهۆی تەکنۆلۆژیاو گەیاندنە خێراو تازەکاندا بەرەو گۆڕانکاری بردووەو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکانیش بوونەتە بنکەیەک بۆ رۆژنامەگەری چالاک و بڵاوکردنەوەی هەواڵە خێراکان سات بەدوای ساتدا.

رۆژنامەنووسان و سەندیکاکانیان لەکاتی ئەم گۆڕانکارییانەدا دەژین و لە ژینگەیەکی نوێ، کە کێبڕکێی زەحمەتی تیایە کاردەکەن، خاوەن کارەکانیش، زۆربەی کات

دوژمنکاری سەندیکاکان دەکەن، بەشێوەیەک وای لێهاتووە کار بەزەحمەت دەستکەوێ و رۆژنامەنووسان چ بە تەمەن گەورەکان یاخود گەنجەکان پێویستیان بە شارەزایی و کارامەیی تازە هەبێت، چونکە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە کاری رۆژنامەگەری گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

سەندیکاکانی ئەندام لە فیدراسیۆندا، توانیویانە رووبەڕووی گۆڕانکارییەکان ببنەوە، ئەویش بەرێکخستنی هەڵمەتی رێکلامکردن بۆ وەدەستهێنانی ئەندامانی تازە، بەتایبەت کارمەندان لە راگەیاندنی سەربەخۆ، سەرەڕای داکۆکیکردن لە مافە کۆمەڵایەتی و پیشەییە سەرەکییەکانی کارمەندە بنچینەییەکان و کارمەندانی کارکردوو بە پارچە (قطعة)، کە فیدراسیۆن دەنگی ئەمانە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا.

فیدراسیۆن لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی بزووتنەوەی سەندیکاکانی جیهانییەوە دانپێنراوە، هەر ئەویش قەسەکەرە بەناوی رۆژنامەنوسان لەهەر کوێیەک دۆزەکەیان بخرێتە روو، بارەگای فیدراسیۆنیش لە (برۆکسل)ی پایتەختی بەلجیکایە، لقیشی لە ئەفریقیاو ئەوروپاو ئاسیاو ئەمریکای لاتیندا هەیە.

فیدراسیۆن تۆڕێکی بۆ یارمەتی و هاوکاری هەیە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەو سەندیکایانە بکات، کە پشتگیری لەمافی رۆژنامەنووسان دەکەن.

### فیدراسیۆن نوێنەرایەتی کێ دەکات..؟

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنوسان، رێکخراوێکی سەربەخۆیە، پشتگیری لەو ئەندامانەی دەکات، کە لە پێناو دابینکردنی ئازادی و دادپەروەری بۆ رۆژنامەنووسان تێدەکۆشن، هێماکەشی (IFJ)یە کە سەرەڕای ئەوەی کورتکراوەی (INTERNATIONAL FEDEREATION JOURNALISTS)ـە، کە واتای (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان) دەبەخشێت، بەم شێوەیەی خوارەوەش شیدەکرێتەوە:

I: پیتی یەکەمی زاراوەی (INDEPENDENCE)ـە کە مانای سەربەخۆیی دەبەخشێت، بەو واتایەی فیدراسیۆن بزووتنەوەیەکی جیهانییە لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی رۆژنامەگەری و داکۆکی لە ئازادی رادەربڕین دەکات و لە چاککردنی پێوەرەکانی ئەخلاقی و هزری و پیشەیی رۆژنامەگەری دەکۆڵێتەوە، لە چوارچێوەی خولقاندنی رۆشنبیرییەکی دیموکراسییانە بۆ راگەیاندن رێز لە بوونی (پلۆرالیزم) دەگرێت.

F: برایەتی: پیتی یەکەمی زاراوەی (FRATERNITY)ـە، بەم پێیەی فیدراسیۆن هەڵگری هیچ بیروڕایەکی سیاسی

**فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان.. لەپێناو بەدیهێنانی مافە کۆمەڵایەتییەکان و پیشەییەکانی رۆژنامەنووسان تێدەکۆشێت و بڕوای ب یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە.**

**فیدراسیۆن لەلایەن (UN)ـەوە دانپێنراوەو قسەکەرە بەناوی رۆژنامەنووسان، لەهەر کوێیەک دۆزەکەیان بخرێتە روو.**

نییە، یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندنی سەندیکای نیشتمانی سەربەخۆ بۆ رۆژنامەنووسان، داوای سەربەخۆیی لە نووسین دەکات و داکۆکی لە بەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەکانی رۆژنامەنووسان دەکات، سەرەڕای مەشق پێکردنیان لە بواری پیشەکەیاندا.

J: دادپەروەری: پیتی یەکەمی زاراوەی (JUSTICE)ە، فیدراسیۆن وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سەندیکاکانی جیهانی، داوای ئەوە دەکات مەرجەکانی کارکردن بۆ ئەندامانی دادپەروەرانە بێت، هەروەها رێکخستن و پێشڕەوایەتی هەڵمەتە جیهانییەکان لە ئەستۆ دەگرێت، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و بارودۆخی کارکردن و ئازادییە پیشەییەکان کاردەکات، بە هاوبەشیش لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکە، لە پێناو سەلامەتی رۆژنامەنووسان تێدەکۆشێت.

دروشمی فیدراسیۆن دەربڕینە لە فەلسەفەکەی، کە لە دوو ئامانج بەرجەستە دەبێت.

یەکەمیان: تێکۆشانە بۆ هێنانەدی دادپەروەری.

دووەمیشیان: دابینکردنی ئازادی دەربڕینە.

ئازادی دەربڕین و دەسکەوتنی زانیاریش بە بێ گرفت و ئازادانە، شادەماری ژیانی کاری رۆژنامەنووسین.

فیدراسیۆنیش لە پێناو پشتگیریکردنی ئەم بەهایانەدا کاردەکات و تۆڕێک لە نووسینگە ئیقلیمییەکان و پرۆگرامی ئامانجدار بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنێت.

**فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، لەپێناو بەدیهێنانی مافە کۆمەڵایەتییەکان و پیشەییەکانی رۆژنامەنووسان تێدەکۆشێت و بڕوای بە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە...**

**چۆن کارەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بەڕێوەدەچێت؟**

کۆنگرە: لەنوێنەرانی سەندیکا ئەندامەکان لە فیدراسیۆندا پێکدێت، هەر (٣) ساڵ جارێک بە مەبەستی پەسەندکردنی سیاسەتی فیدراسیۆن و هەڵبژاردنی لیژنەی جێبەجێکردن (کە بەڕێوەبردنی فیدراسیۆن دەخاتە ئەستۆ). دەبەسترێت.

لیژنەی جێبەجێکردنیش ساڵانە دووجار کۆدەبێتەوەو لە (٢١) ئەندام پێکدێت، لەنێویاندا ئەمیندار گشتی.

سەرۆک و جێگری یەکەمی سەرۆک و دوو جێگری سەرۆک و ئەمینداری سندوق و ئەمینداری گشتی لیژنەی کارگێڕی پێکدێن و لەماوەی نێوان کۆبوونەوەکانی لیژنەی جێبەجێکردن کۆدەبێتەوە.

ئەمینداری گشتی بەڕێوەبەری گشتی فیدراسیۆنەو بڕیارەکانی کۆنگرەو لیژنەی جێبەجێکردن پیادە دەکات.

**سەندیکاکانی ئەندام لە فیدراسیۆندا**

بە مەبەستی وەرگرتنی ئەندامیەتی تەواو لە فیدراسیۆندا، پێویستە سەندیکاکان نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسان بکەن

و خــاوەن کارەکان وەک ئەندام لە ســەندیکا وەرنەگرن و بەداکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەگەری و بەدیهێنانی مافە پیشەییەکانی رۆژنامەنووسان پابەندبن.

ئـەم کۆمەڵەو رێکخراوانەش کە مەرجەکانی ســەرەوە جێبەجــێ ناکەن و تەنها پابەندن بە ئازادی رۆژنامەگەری، وەک ئەندامی بەشدار لە فیدراسیۆن وەردەگیرێن، کە مافی بەشــداربوون و قســەکردنیان هەیە،بەڵام لە کۆنگرەکانی فیدراسیۆندا مافی دەنگدانیان نییە.

فیدراسیۆنیش بەشــێوەی (تاک) هیچ رۆژنامەنووسێک وەرناگرێــت و ناســنامەی فیدراســیۆنی نێودەوڵەتیــش، تەنهــا لــە رێگــەی رێکخــراوە نیشــتمانییەکاندا دەدرێتــە رۆژنامەنووسان.

## چالاکییەکانی فیدراسیۆن لە سەرتاسەری جیهاندا

فیدراســیۆنی نێودەوڵەتــی رۆژنامەنووســان چالاکانە لەگەڵ رێکخراوە ســەرەکییەکانی نەتــەوە یەکگرتووەکاندا کاردەکات و سیفەتی (راوێژکاری) لەلای (UN) و یونسکۆو رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ پێدراوە.

هەروەهــا فیدراســیۆن لەگەڵ کۆمەڵێک لــە رێکخراوە داکۆکیکــەرەکان لــە مافەکانی مــرۆڤ، لەنێویاندا: لیژنەی نێودەوڵەتــی خاچــی ســووررو دەســتەی نێودەوڵەتــی بۆ چاودێریکردنــی مافەکانی مرۆڤ و هاوپەیمانیەتی کۆمەڵە داکۆکیکــەرەکان لە ئــازادی رۆژنامەگەریــدا، پەیوەندی و هاوکاری هەیە.

فیدراســیۆنیش لەلایەنــی سیاســی و داراییــەوە ســەربەخۆیە، چالاکییەکان و مووچەی کارمەندانیشــی لە ئابوونەی ساڵانەی رێکخراوە ئەندامەکانی دابین دەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە، نووسینگە ئیقلیمییەکانی فیدراسیۆن لــە (ئەفریقیاو ئاســیاو ئەمریــکای لاتینــدا) چالاکییەکانی بەهــاوکاری رێکخراوە خۆجێییەکانی رۆژنامەنووســان بە ئەنجام دەگەیەنێت.

## جیهانگیری (گلۆبالیزم)

فیدراســیۆنی نێودەوڵەتــی رۆژنامەنووســان لەگــەڵ ئەندامەکانــی، لەپێنــاو رووبەڕوو بوونــەوەی گلۆبالیزمدا کاردەکــەن، چونکــە دەســت بەســەراگرتنی دەزگاکانــی راگەیانــدن لەلایــەن هەندێک لــە یاریکــەرە جیهانییەکان، هەرِەشــە لە کرداری کێبرکێ و دەستکەوتنی سەرچاوەی هــەواڵ دەکات و ســەربەخۆیی نووســین و پێــوەرە پیشەییەکان لەپێناو بەدیهێنانی (داهاتی زیاتر) لەناودەبات، ئەمــەش لەکاتێکــدا روودەدات، کــە ئێســتگەو تەلەفزیۆنە

"

**ســەندیکای ئەنــدام لــە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، پێویســتە داکۆکــی لــە ئازادی رۆژنامەگەری بکات و ئەرکــی بەدیهێنانــی مافــە پیشــەییەکانی رۆژنامەنووسان لە ئەستۆ بگرێت.**

"

هەواڵنامەی گێژ




بازرگانییەکان رووبەڕووی ئێستگەی رەسمییەکان دەبنەوە.

جا بۆ ئەوەی سەندیکاکان رەوشی کارکردن و مافی رۆژنامەنووسان بپارێزن، ئەوا پێویستە لە رێگەی رێکخراوەکانیان لەسەر ئاستی جیهانییدا رووبەڕووی گلۆبالیزم ببنەوە.

ئەرکە سەرەکییەکانی فیدراسیۆن و سەندیکاکانی ئەندامیش. ئەمانەی خوارەوەن:

١. پتەوکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی لە رێگەی گرێدانی هەموو سەندیکاکان بە یەکەوە لەپێناو بەهێزکردنی تواناکانیان.

٢. کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.

٣. بەرپاکردنی هەڵمەت لەپێناو داکۆکیکردن لە ئێستگەو تەلەفزیۆنە رەسمییەکان.

٤. داواکردن بە پێویستی پاراستنی مافی نووسین (حقوق التألیف). لە ژینگەی تازەی راگەیاندندا.

هەروەها فیدراسیۆن لە بواری پشتگیریکردن لە دامەزراندنی سەندیکاکان. کار لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەکات:

أ. پتەوکردنی مافە پیشەییەکان، لەنێویاندا سەربەخۆیی نووسین و مافی نووسین و پاراستنی سەرچاوەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی جۆرایەتی رۆژنامەگەری.

ب. پشتگریکردنی مافە سەندیکاییەکان، کە ئازادی رێکخستن و پشتگیری بنیاتنانی هەیکەلی سەندیکایی نیشتمانی یەکگرتوو، لەخۆدەگرێت.

ج. تێکۆشان لەپێناو یەکسانیدا، ئەمەش لە رێگەی ئەنجومەنی یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزدا دەبێت، فیدراسیۆن داکۆکیکردن لە یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزدا لە پێشەوەی بەرنامە کردارییەکانی داناوە.

لە بواری مافە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، رۆژنامەنووسان پێویستیان بە تواناو کارامەیی هەیە، بۆ ئەوەی داکۆکی لەم مافانە بکەن.

فیدراسیۆنیش لەپێناو دابینکردنی مەشقپێکردن و داهاتی پێویست بۆ رێکخراوە رۆژنامەگەرییەکان لەجیهاندا بەگیانێکی هاوکاری-پیشەیی هەوڵی داوەو تەرکیزیشی لەسەر داکۆکیکردن لە رۆژنامەگەری پیشەیی و نەوعی و دیموکراسییەت و پلۆرالیزم (فرەیی) کردووە.

هەروەها فیدراسیۆن بە مەبەستی پاراستنی رۆژنامەنووسان لە مەترسی کوشتن و هەڕەشە لێکردن، سندوقی سەلامەتی (سندوقی هاوکاری) دامەزراندووەو بۆ

**ئازادی رۆژنامەگەری دەستەبەر ناکرێت، گەر رۆژنامەنووسان ناچار بکرێن، رووبەڕووی گەندەڵی و هەژاری و ترس ببنەوە..**

ئەوەی یارمەتی ئەو رۆژنامەنووسانە بدات، کە لە مەترسیدان یاخود بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان لە تەراوگەدا دەژین.
فیدراسیۆن لەپێناو یەکسانیدا، لە رێگەی ئەنجومەنی یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزدا تێدەکۆشێت.

## راگەیاندنی پرنسیپەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان

### سەبارەت رەفتاری رۆژنامەنووس**

١. رێزگرتن لە حەقیقەت و مافی خەڵک، ئەرکی یەکەمی رۆژنامەنووسە.
٢. بەپێی پابەندبوون بەم مافە، پێویستە رۆژنامەنووس بە بەردەوامی داکۆکی لە ئازادی گەران و بڵاوکردنەوەی هەواڵی خاوێن و دروست و رەخنەی رێک و پێک و بەجێ بکات.
٣.پێویستە رۆژنامەنووس، تەنها ئەو رووداوانە بگوازێتەوە، کە ئاگاداری سەرچاوەکانیانە، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی سەرەکی و بنچینەیی لاببات، یاخود بەڵگەنامەکان تەزویر بکات.
٤. پێویستە رۆژنامەنووس، رێگەی مەشروع لەپێناو بەدەست هێنانی زانیاری و وێنەو بەڵگەنامە پیادە بکات.
٥. رۆژنامەنووس، پێویستە هەموو رێگەیەک بەکاربهێنێت، بۆ راستکردنەوەی هەر هەواڵێکی بڵاوکراوە، کە ناراستییەکەی یا زیانەکەی بەدەردەکەوێت.
٦. رۆژنامەنووس پێویستە نهێنی پیشە بپارێزێت، سەبارەت سەرچاوەی زانیارییەکان کە بە شێوەیەکی نهێنی دەستی کەوتوون.
٧. پێویستە رۆژنامەنووس خۆی لە مەترسییەکانی جیاکاری بەدوور بگرێت، هەروەها پێویستە لەسەری هەموو هەوڵێک بدات، بۆ ئەوەی جیاوازکاری لەسەر بنچینەی رەگەزو زمان و ئایین و بیرورای سیاسی و ئینتیمای نیشتمانی و کۆمەلایەتی لاببات.
٨. پێویس رۆژنامەنووس، دەست بەسەرداگرتنی بیرورای کەسانی ترو لێکدانەوەی قیندارو ناوزڕاندن و شێواندنی ناوو ناوبانگ و تۆمەتی بێ بنچینەو وەرگرتنی بەرتیل بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان یان لابردنی، بەکاری خراپەکاری پیشەیی بزانێت.
٩. ئەرکی هەموو رۆژنامەنووسێکە، کە بە پرنسیپەکانی سەرەوە پابەندبێت، لە چوارچێوەی یاسایی هەر وڵاتێکدا.

هەولێرنامەی کتێب

* لە نامیلکەی (الاتحاد الدولی للصحفيين. نستثمر التضامن لمواجهة تحديات العولمة) بەکەمێک دەستکارییەوە.
** ئەم پرنسیپانە لە کۆنگرەی جیهانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە ساڵی ١٩٥٤دا بریاری لەسەر دراوەو لە کۆنگرەی جیهانی ساڵی ١٩٨٦دا هەموار کراوە.

# (خەون)سامە بجە نەهات!

## دانەناسینا بەلاڤوکا (خەون)



ئیسماعیل بادی*

**"خەونا مە، هەفتینامەیا مە رۆژەکێ ل سەر کاغەزێ بێ چاپکرن و ل هەر چار پارچێن کوردستانێ بێ خوەندن".**

د دیرۆکا رۆژنامەڤانیا کوردی دا، نەخاسمە لە دوماهیا چەرخێ بووری، چەندین جورێن رۆژنامەو گۆڤاراو بەلاڤوکان دەرکەفت، پاشی سیستەمێ نوی یێ جیهانی و جیهانیبوونێ، بەلاڤوکێن ئەلەکترونی (ئینتەرنێت) ژی هاتنە مەیدانێ و ب ساناهی تر ژیا چاپێ دهێتە وەشاندن و خەلکەکک پتر دخوینیت.

ڤی جورێ چاپەمەنیێ، ل کوردستانا باشوور و ل باژێری دهوکێ ژی سەرهلدایە و نموونە هەنە، هندەک ژێ راوەستییاینەو هندەک ژی د بەردەوامن.

(خەون) ئێک بوو ژ وان بەلاڤوکێن ئەلەکترونی و بەری چەند سالان دهاتە وەشاندن و وەک بەلاڤوکەکا سێوی دوەشیا و چەند دانەیەک ژی دهاتنە کوپیکرن و بەلاڤکرن.

ئەڤ بەلاڤوکان کو نوکە ژ وەشانێ راوەستیایی، هژمارات وێ یا یەکێ ل رۆژا ٢٠٠٣/١٠/١٥ێ هاتە وەشاند و چوار هژمار ب تنێ ژێ دەرکەفت ل ڤان رۆژێن دیارکری:

ژ (١) ٢٠٠٣/١٠/١٥.
ژ (٢) ٢٠٠٣/١٠/٢٩.
ژ (٣) ٢٠٠٣/١١/١٢.
ژ (٤) ٢٠٠٤/١٢/١٠.

د بن لۆگۆیا وێ دە هاتبوو نڤیسین: **(رەوشەنبیری، هونەری یە، دو هەفتیان جارەکێ ل سەر تۆرا ئینتەرنێتی تێ وەشاندن)** لێ ژ بەر ئەگەرێن تیپچنینا وێ، کەسێن تێدا کاردکر و نەگەهشتنا وان، هژمارا (٤) درەنگتر دەرکەفت و پاشی ژبەر چەند ئەگەران کودابنە جهێ دلنەخۆشیێ و ژ دەست دانا کارێن سەرەکی، خودانێن وێ نەچار بوون ژ وەشانێ راوەستینن وئەو خەونا مەزن یا وان ددیت بۆ هەتا هەتایێ بۆ خەونرۆشک.

**پێزانین:**

خەون ب تیپێن لاتینی دهاتە وەشاندن و رێنڤیسا وێ گەلەک نێزیکی بۆتانیێ بوویە نەخاسمە رێچکا جەلادەت بەدرخان و ئەلفابێیا

وی.

کەســێن تێدتا کار دکر، نە گەلەک بوون، خوەدیێ وێ (**محەمەد مەلا حەمدی**) بوویە، نڤیسکاریا وێ ژی خودانێ ڤێ نڤیسینێ (**ئیسماعیل بادی**) بوویە.

ئانکو کار ل ســەر مە هەردوویــان هاتبوو لێکڤە کرن. تیپچنیــن و دەرهێنانــا هونەری و پەخش و بەرپرســیاری هەموویان خودانێ وێ بوویە.

نڤیســین و بەرهەڤکرن نێزیکی نیڤا وی یا نڤیســکاریێ بوویە.

هەروەســا ژ بــۆ پەیوەندیــان و پەیداکرنا بابەتان مە هــەر دووان پێکڤــە کار دکر و هەر ئێــک ژ لایێ خۆڤە پێ بەرپرسیار بوویە، دیسان بابەتێن پاش و بژارە نەبان، نەدهاتنە بەلاکرن.


Xewin
Sedsaliya Cegerxwin Piroz be
Xewina me
Dengê Lalîş
Şikur Mistefa Malavahiya Dawiyê dike
Rojamenivisên Kurdistanê

**ناڤەرۆک:**

هــەر ژ دەرکەفتنــا وێ، ژ هژمارا یەکێ هەر چوار بەرپەرێن وێ ل سەر بابەتان هاتنــە لێکڤەکرن، ئەو ژی بڤی شێوەیی:

بەرپەرێ ئێکێ یــێ تەرخانکری بوو بــۆ ســەرگوتارو دەنگوباســێن ئەدەبی و رەوشــەنبیری و هونــەری و هەتــا ب شێوەیێ راپورت دهاتنە وەشاندن.

بەرپەرێ دووێ گوتارو ڤەکولین بوون و هژمارەکان باش یا ڤەکولینان تێدا بەلاڤ بوون.

بەرپــەرێ ســێ یــێ تەرخانکــری بوو دەربارەی بابەتێن (ئافراندن) ئانکو (**ابداعات**) ژ هــوزان و چیرۆک و بابەتێــن فولکلوری و کەلتوری.

بەرپــەرێ چــوارێ و دۆماهیــێ، ئــەو ژی (**هەمەرەنــگ**) بوویە، کو بابەتێن کورت و دەنگ و باســێن بچویک و بیرهاتن و گەلەک تشتێن دیتر بەلاڤ دبوون.

**نڤیسکارێن پشکدار:**

د وان هــەر چــوار هژمارێــن (خــەون)ێ دا، کومــەکا نڤیســکاران تێدا پشکداربون و هندەکان ژ دو-سێ بابەتان پتــر بەلاڤکرینە، لێ زێدەتر نزیســکاریا وێ دەلیڤە ددا پتر یا نڤیسەران تێدا پشکدار ببن و د وان چوار هژمارێن ژی کورت دا، شــیان نێزیکی (٢٣) بیســت و سێ نڤیسەران ل خو کوم بکەن.

گۆشەیێن وێ و بابەتێن ب زنجیرە بەلاڤبووین:
د هەر رۆژنامەیەکێ دە، چەندین گۆشە تێدا هەنە، هنەک جاران بەردەوامن و جار ناژی بۆ چەند هژماران دمینن لدۆڤ دەمەکێ دەستنیشانکری، د (خەون)ێدا چەند گوشە هەبوون، ئەو ژی:

١. <u>سەرگوتار</u>: د هژمارا (١ و ٢)ێدا ب تنێ هاتیە نڤیسین و د هژمارێن دویڤدا نەیا پێدڤێ بوویە.

٢. <u>مێژوویان مللەتێ خوە ناس بکە</u>: ئەڤ گۆشەیە وەکو بابەتەکێ دیرۆکی ب زنجیرە ژ لایێ مەلا حەمدی عەبدولمەجید ڤە بەری چەند سالان هاتبوو نڤیسین و بەلاڤکرن، لێ ژ بەر گرنگیا بابەتی، پشتی دەستوری ژێ هاتیە وەرگرتن جارەک مە بەلاڤکر ژبەر کو بەرێ هاتنێ د رۆژنامەیەکا سێوی دا هاتبوو بەلاڤکرن و خەلکەکێ زۆر نەخواندن بوو.




٣. <u>ژ رۆژنامەڤانیا کرمانجی ژ سالا ١٩٩١ تا ئەڤرۆ</u>: د ڤی گوشەیی دا کو ژلایێ رۆژنامەڤان محەمەد مەلا حەمدی ڤە دهاتە بەرهەڤکرن، هرە جارێ بەلاڤوکەکا دەڤەرێ ددا نیاسین ئەڤێن ل باژێرێ دهوکێ دەردکەڤن دڤی گوشەیی دا کوڤارێن (مەتین-خولاسیێ، **پەیڤ، دهۆک و دیجلە**) هاتنە بەرچاڤکرن.

٤. <u>گۆشەیا شعرێن کلاسیک</u>: گوشەیەکا بێ ناڤ بوو، لێ هەر جارێ مە نموونەیەک ژ شعرەکا شاعرەکێ ناڤدار دهەلبژارت وەکە (مەحمـوودێ یوسفی، نالبەند بەکر بەگێ **ئەرزی و ئەنوەرێ مایی**).

٥. <u>چریسک</u>: گوشەیەکێ بەردەوام بوو دبەرپەرێ دوماهیی دا، هەر جارەکێ ل دۆر بابەتەکێ گرنگ دهاتە نڤیسین ژ لایێ ئیسماعیل بادی ڤە.

٦. <u>چاپکری یێن نوو</u>: دهەر هژمارەکێ دا چەند پەرتوک و کۆڤارێن نوی دەرکەفتین دهاتنە بەرچاڤکرن و چەند رێزەک ل سەر دهاتنە نڤیسین.

٧. <u>ژ بەر چاڤکریێن گەلەرێ</u>: تنێ دو کەڤال دهژمارێن (١) و (٣)ێدا هاتنە بەر چاڤکرن یێن هونەرمەندان گوهدار سەلاحەدین و کیڤان بارزانی بوون.

٨. <u>ئەدەبی کرمانجی ل سەد سالا نوزدێ</u>: ئەڤە ژی وەکو بابەتەک ب زنجیرە ل دور دیررۆکا ئەدەبێ کرمانجی دهاتە نڤیسین و شرۆڤەکرن.

٩. <u>سەرهاتی یێن عیسێ دەلا</u>: ژ لایێ محەمەدێ عەبدوڵلا ئامێدی ڤە هاتبوو بەرهەڤکرن و تێدا سەرهاتی و چیڤانوێن عیسێ دەلا کو سترانڤان و ئاقلدارێ میرێن ئامێدیێ بوویە.

**بابەتێن ئەدەبی و هونەری:**

هەروەسا ژ بلی ڤان، هژمارەکا زۆر یا بابەتان بەلاڤ دبوون تێن ئەدەبی و هونەری، ب کورتی دێ دەینە نیاسین.

د هژمارا ئێکێ دە، بابەتەک ل دۆر زمانێ کوردی ب ناڤێ (زمانزاننۆ! وە چ ژ نڤیسیا خوە یا ستاندەر دە کری یە؟) تێدا ل دۆر هەبوونا زمانەکێ ئەدەبی یێ ئێکگرتی ئاخفتی یە ژ نڤیسینا مەسعوود خالد گولی.



Xewin

Bestina kongirê rojnamenivîsên kurdistanê..

Pêngava êkêye ya êkgirtina rojnamenivîsên kurdistanê

Galeriya Dihok û berçavkirna Hunerê Şêwekarî

43 saliya şewata sinema Amûdê û 75 saliya zayîna lehengê wê Mihemedê Seîd Axa

هەروەسا لبەرپەرێ دوماهیێ (جارا یەکێ پەیڤا کوردستان د ژێدەرێن مێژوویی دا هاتی) ژ لایێ (خەون) ڤەهاتیە بەرهەڤکرن.

(**بیرانین ئاپۆ ئۆسمان سەبری** ل قامشلۆ هات ل دارخستن) بابەتەکێ نڤیسکار کۆنێ رەشەو تێدا بەحسێ وێ چەلاکایا هاتیە کرن.

د بەرپەرێ چاریێ یێ هژمارا سێیێ دا بابەتەک لدرۆ شاعرێن کلاسیک ئەوێن ناسناڤێن وان وەک هەڤ هاتیە بەلاڤکرن ژنڤیسینا (بابێ لەیلان).

ژ لایێ هونەری ڤەژی، چەند بابەت هاتینە بەلاڤکرن وەک، دانە نیاسینا هونەرمەندێ وەغەر کری (**بەدیع باباجان**) کو هونەرمەندەکێ ناڤدارە و نەخش و کارێن وی دناڤ چەندین پەرتۆکێن ئەدەبێ کلاسیکی دا هەنە ژبلی وێنەیێ دارڤەسپان ل سەرپارێ ئاسنێ یێ عیراقێ ئەوێ کەڤن.

(**ئیبراهیم حەسەن**) وەک سترانبێژەکێ ناڤدار ل دەڤەرێ کورتیەک ل سەر ژیانا وی ژ لایێ بابێ لەیلانێ ڤە هاتیە نڤیسین.

د هژمارا سێیێ دا ژی سترانبێژا کورد (**نەسرین شێروان**) دایە نیاسین.

ئیبراهیم عیسا ئێک بوویە ژ نڤیسکارێن (**خەون**)ێ و ل دۆر هونەرێ ستران دو گوتار نڤیسی بوون ئەو ژی "**ستران و تۆمار/ ژ(٢)**" و "**کلیپ و ستران/ ژ(٤)**".

**پەیڤا داویێ:**

بەرهەڤکرن و وەشاندنا وێ، هەمی ژ لایێ مە هەر دووان (**محەمەد مەلا حەمدی و ئیسماعیل بادی**) ڤە دهاتە کرن و کەکێ محەمەد ل مال ژ دەمێ خۆ بۆ تیپچنین و نەخشەکێشانا وێ پێڤە دمەزاخت و بابەت هەمی ب تیپێن عەرەبی و دەستەخت بوون. لێ بە ماندی بوونا وی ئەو کارێ زێرین دهاتە کرن. هەرچەندە گەلەکان هزر دکر ئەو کار ل وی جهێ مە کار لێ دکر دهاتە بجە ئینان، بەلێ وەسان نەبوو.

هەروەها رۆلێ پیرۆزێ د.محەمەد سالح تەیب زێباری راگرێ کولیجا ئادابێ ل زانکۆیا دهۆکێ ژ بیر نەکەین کو هەر هژمارەکێ نێزیکی (١٥) دانەیان و پتر بۆ مە دانە کوپیکرن ل سەر کاعەزا (A3) و ل سەر پەرتووکخانەو دەزگەهێن رەوشەنبیری دهاتە بەلاڤکرن.

*** سکرتێری لقێ دهۆک یێ سەندیکای رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ.**

**** ئەم بابەتەی لێرەدا خوێندتانەوە لە رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/٧دا گەیەنراوەتەوە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەو ساتەدا گۆڤارەکەمان لەسەر تەواو بوون بوو، ناچار بووین بۆ چەند سەعاتێک زیاتر کار بکەین، هەر بۆ ئەوەی ئەم بابەتە کورت و دانسقەیەش شوێنی خۆی لەریزبەندی بابەتەکاندا بگرێ، ئەویش نەلەبەر ئەوەی هی سکرتێری لقی دهۆک بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەمان بووە گۆڤارەکەمان بێ بابەتی کرمانجی سەروو تێنەپەڕی، ئومێدەوارین لەبەر پەلەکردنمان هەڵەی چاپی تێنەکەوتبێ. (رۆژنامەنووس)**

# کاروانی ڕۆژنامەگەری سریانی و دیارترین قۆناغەکانی

## لە پاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی ١٩٩١



ئەکەد موراد/ عەنکاوا

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژنامەگەری سوریانی هەرلەسەروبەندی یەکەمین سەرهەڵدانی لە ١٨٤٩/١١/١ و بە دەرچوونی ڕۆژنامەی (زهریری بەهرا) گرفتی هەرە گەورەی نەبوونی ئازادی بوو. واقیعی ئەو ڕژێمانەی لە سەدەکانی دوایی جڵەوی دەسەلاتیان گرتبووە دەست، هەڵوێستیان بەرامبەر ئەو کەمە نەتەوانەی لە ناوچەکە دەژیان، وەکو (کلدۆ ئاشووری سوریانی) لەوانی پێشوو باشتر نەبوو.

بەڵام ناوە ناوە ڕێ بە هەندێ چالاکی ڕۆشنبیری دەدرا لە ناوچەکانی (ورمێ) لە ئێران کە لە سەدەی هەژدەمین حاڵیان لە ناوچەکانی تر باشتر بوو، ئەمەش ڕێگای خۆش کرد بۆ کردنەوەی قوتابخانە و بڵاوکردنەوەی چەند کتێب و پەرتووکێک لە بواری جیاجیادا و هەروا گرنگیدان بە هەواڵ، بۆیە لێرەشدا یەکەمین ڕۆژنامەی سوریانی بە ناوی (زهریری بەهرا) لەدایک بوو، دوای ئەمەش دەیەها ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی مانگی و نیومانگی هاتنە بلاڤەکردن و تاوەکو کاتی یەکەمین شەڕی جیهان بەردەوامبوون.

بۆیە دەکرێ کۆتایی قۆناغی یەکەمی ڕۆژنامەگەری سوریانی لەگەڵ دەسپێکی یەکەمین شەڕی جیهان دابنێین.

### تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەگەریی قۆناغی یەکەم

لە پاش دامەزراندنی چەندین قوتابخانەی سوریانی لە ناوچەکانی ورمێ کە لە ڕووی بارودۆخ چانسییان لە ناوچەکانی تر باشتر بوو و لەبەر ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە

(موبەشـیر) هاتبوونە ئەو ناوچانـە و چاپەمەنییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بە پیتی سوریانی چاپیان دەکرد، ئەمە هەلی باشی رەخساند لە پێش فێربوونی خەڵکیدا و جەخت کرایە سەر شێوازی سادە بۆ زمانەکەو شێوازە کلاسیکییەکانیان بەلاوەنا. ئـەم فاکتەرانە وایانکرد زمانی رۆژنامەنووسـی ئاسـان بێـت و خەڵکی لێی تێبگات و خوێنـەران قەبووڵی بکـەن و قەبارەی چاپەکانیش زۆرتر و لاپەڕەی زیاتریش چاپ بکرێن.

لەلایەکـی تـرەوە رۆژنامەگـەری لـە میانـەی ئـەو زانیارییانـەی بڵاویان دەکردنـەوە، بایەخیان بە کلتووری گشـتی دەدا و هۆشـیاری نەتەوەیـی و ئایینیشـیان بڵاو دەکردەوە، وێڕای گرنگیپێدان بە هەموو ئەو چەمکانەی کە بانگەشەیان بۆ چاکەو خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد.

بڵاوکـراوەکان لەو سـەردەمەدا بەپێـی توانا هەواڵ و دەنگوباسـی گەلی کلدۆ ئاشـووری سـوریانی و هەواڵی جیهانیان شـرۆڤە دەکردو لێیان دەکۆڵینەوەو بایەخیان بە بیروڕای جۆراوجۆری خوێنەران دەدا و توانییان پێوەندی بـاش پێکبێنن بە بڵاوکردنـەوەی بۆچوون و رەخنەکانیان سەبارەت بەو هەوڵ و مەرجانەی گەل تێیدا دەژیا.

**تایبەتمەندییەکانی قۆناغی دووەم**

لەم قۆناغەدا گەل لە هەموو ناوچەکاندا لە بارودۆخێکی ناهەمـواردا دەژیاو رووبـەڕووی کارەسـاتی جەرگبڕ و ناخۆشـی یەک لە دوایەک بۆوە، بەشێوەیەک سەدان بگرە هەزارەهـا کەس لە رۆڵەکانـی گەلەکەمان بوونە قوربانی. گەورەتریـن ئەو کارەسـاتانە، کارەسـاتی سـمێل بوو لە سـاڵی ١٩٣٣ کە لە گوند و ناوچەکانیان بەرەو شـوێنانی تر دەربەدەر بوون و تووشـی زۆرێک مەرگەسـات هاتن بەبێ ئەوەی ئاوڕێک لە بارودۆخیان بدرێتەوە. دەرەنجامی قوربانییانی ئەم قۆناغە لە چارەکە ملیۆنێک تێپەڕی کرد.

هەروەها ئەو دەسەڵاتە تازەیەش لە عێراق دامەزرا هیچ بایەخێکی بەم گەلە رەسـەنە نەدا، بەڵکو بە ئاگر و ئاسـن پێشوازی لە خۆی و داخوازییە سادەکانی کرد و خواستە رەواکانی بە هەڕەشـەو بە پیلانێک دانا بۆ سەر ئاسایشی و زۆر پڕوپاگەنـدەی درۆی خوڵقانـد وەک بیانوویەک بۆ کپکردنی دەنگی رۆڵەکانی گەلەکەمان.

ئـەو بارودۆخە پاڵی بە ژمارەیەکی زۆر لە رۆشـنبیر و چینـی نوخبەوە نـا بـەرەو دەرەوەی وڵات کۆچ بکەن. لە ئاکامی ئەو کۆچە رۆژنامەگەری سـوریانی لە تاراوگە سەری هەڵدا. دەبینین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆژنامەی (الانتباە) دەرچـوو لەلایەن گەبریل یوباچی کە

> **فێـربـوونـی خـەڵـک زمـانـی سریـانـی لـەسـەر شێـوازە سـادەکـەی.. ئەم فاکتەرانە وایانکرد زمانی رۆژنامەنووسی ئاسان بێت و خەڵکی لێی تێبگات و خوێنەران قەبووڵی بکەن و قـەبـارەی چاپەکانیش زۆرتر و لاپەڕەی زیاتریش چاپ بکرێن**

لـە دیـار بەکر لە تورکیـاوە کۆچی بۆ ئـەو وڵاتە کرد لە سەردەمی قەتڵ و عامکردنی ئەرمەنییەکان لە نیسانی ساڵی ١٩١٥ (قەتل و عامکردنی ئەرمەنییەکان بەدەسـتی تورکە کەمالییەکان بووە هـۆی لەناو بردنی ملیۆنێک ئەرمەنی و زیاتر لە نیو ملیۆن ئاشووری).

رۆژنامــەی دووەم "بیـپ نهرین" بوو لە سـاڵی ١٩١٦، ئـەم رۆژنامەیـە (نعوم فایـق) دایمەزراند کـە یەکێک بوو لە دانیشـتوانی خـوارووی تورکیا. جگە لەمــەش دواجار چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تر دەرچوون.

تایبەتمەندیی بڵاوکراوەکانی تاراوگە ئەوە بوو لە کەش و هەوایەکـی ئـازاد کاریان دەکرد زۆر جیـاوازی هەبوو لەگەڵ کەش و هەوای نیشتمان. لە تاراوگە رۆژنامەگەری بایەخـی دەدا بـە هەواڵ و رووداوەکانی نیشـتمان و ئەو زوڵـم و سـتەمەی میللـەت گیـرۆدەی بـووەو رۆژنامەکان ئەو شـتانەیان بۆ رای گشتی جیهان بڵاو دەکـردەوە بە ئامانجی ئەوەی ناوەندە بەرپرسەکانی دەوڵەتانی جیهان بە دەنگەوە بێن و بەرگری لە مافە رەواکانی ئەو گەلە بکەن، هەروا لە میانەی ئەو هزر و بیرو بۆچوونانەی بڵاویان دەکردەوە، بڵاوکراوەکان هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنـی هەندێ رێکخراوی مرۆیـی بـۆ پشـتگیریکردن لەگـەل و رۆڵێکی باشـیان بینی لە هەندێ کێشەدا بەپێی توانایان. جگـە لـەوەش بایەخیانـدا بـە توندوتۆلکردنـی پێوەندی کۆچلەبەران بە نیشتمانەوەو دانەبڕانیان لـە رووداوەکان لە رێگەی ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکردەوە.




لـە عێراقیش پـاش یەکەمیـن شـەڕی جیهان ژمارەیـەک بڵاوکـراوە دەردەچـوو، زۆربەی ئەم بڵاوکراوانە کاهینەکان دەریاندەکرد و تەنیا بایەخیان بـە بواری ئایینی دەدا. بۆ نموونە (لسـان المشـرق) لە سـاڵی ١٩٤٦ کڵێسـای سـوریان لە موسڵ بڵاوی دەکردەوە، هەروا (النجم) لەلایەن کڵێسای کاتۆلیکەوە ساڵی ١٩٥٠ دەردەچووە.

لە ئێرانیشداو لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم، چەندین رۆژنامـەو گۆڤار بڵاو دەکرایەوە، وەک "المسـتقبل الباهر" سـاڵی ١٩٥١، هەروا گۆڤاری گلگامش لە نیسـانی سـاڵی ١٩٥٢ ئـەم گۆڤـارە یەکێک بـوو لە گۆڤارە نـاوازەکان لە سـەدەی رابوردوو نووسـەر و ئەدیبی ناسراو "نەمروود سیمۆنۆ" و کۆمەڵێک نووسەری باش بڵاویان دەکردەوە.

لە سـووریاش یەکێک لـەو گۆڤارە سـەرکەوتووانەی

لـەوێ بڵاو دەکرانەوە "گۆڤاری بەتریارکی" بوو لە ســاڵی ١٩٣٣ دەردەچووە هەروا "النشـرە السـريانيە"، کە یوحەننا قشیشو بەشدار بوو لە دەرکردنیدا.

لە لوبنانیش (المشـرق" ســاڵی ١٨٩٨ بـڵاو دەکرایەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو، لێپرسراوەکەی "لویس شـێخۆ" بوو، هەروا (الوگن) ســاڵی ١٩٣٨ بەسەرپەرشتی نووسەر و رۆژنامەنووسی بە ناوبانگ یوسف مالک بوو.

### تایبەتمەندییەکانی قۆناغی سێیەم

ئەم قۆناغە لە نیشتمان دەستیپێکرد، پاش ئەو بڕیارەی کە رژێمی بەعســی ناوی لێنا: "بەخشــینی مافی کلتووری بـە ســوریان زوبانــەکان" کە لە ١٦ی نیســانی ســاڵی ١٩٧٢ بڵاوکرایــەوەو دوابەدوای ئەم بڕیارەش هەندێ دەزگای کلتووری دامەزران و چالاکیی رۆشــنبیری لە بەغداو شــارەکانی تر دەستی بەکارکرد. هەندێ گۆڤار لەم قۆناغە دەرچوو و چەندین نووســەر و رۆشنبیر بەشدارییان کــرد لــە دەرچوونیــان. لەوانــە گۆڤــاری "قــالا ســوریایا" ١٩٧٣ لەلایــەن کۆمەڵــەی رۆشنبیری سورییانییەوە.




"بیــن النهرین" ١٩٧٣ لەلایەن کڵێســای کلدانەوە. "رۆشنبیری ئاشووری" لەلایەن رۆشــنبیری ئاشــوورییەوە. گۆڤــاری "کۆمەڵــەی ســوریان" ١٩٧٥ لەلایــەن کۆمەڵەی سوریانییەوە.

ئــەم قۆناغە لە ســەردەمی پاشــی ئــەو بڕیــارە زۆری نەخایــاند، بەڵکو لەســەرەتای هەشــتاکان رژێمــی بەعــس تەنگی بــەو مافانە هەڵچنی و دەستیکرد بەفشار خستنە سەر ئەو چینە رۆشنبیرە و راگرتنی زۆربەی ئــەم گۆڤــارو بڵاوکراوانــە. ئەمەوایکــرد ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو ئەدیبی سوریانی لەژێر ئەو فشــار و گرژییەی بەعس پیادەی کرد، عێراق بەجێ بهێڵن و روون بکەنەوە هەندەران.

بەڵام ســەرەڕای ئەو بارودۆخە ســەخت و ناهەموارە، رۆژنامەیەک لە شــاخ واتە لە چیاکانی کوردستان بەناوی "بەهــرا" لە ٢٦ی حوزەیرانی ســاڵی ١٩٨٢ لەدایک بوو بۆ ئــەوەی پەیامــی بەرخودان لــە دژی ئەو رژێمــە بۆگەنە هەڵگــرێ و وشــەی ئــازاد بۆ گەلەکەمــان پەخش بکات و داوای مافی رەوای گەلەکەمان بکات "گەلی کلدو ئاشووری

سوریان). گۆڤارەکە بە نهێنی دەردەچوو تاوەکو راپەڕینە مەزنەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو.

**قۆناغی چوارەم- قۆناغی پاش راپەڕین**

لەپاش راپەڕینی گەلی کوردستان لە دژی رژێمی دیکتاتۆری ساڵی ١٩٩١ و رزگاربوونی کوردستان لەو رژێمە فاشیستییە، بەرەی کوردستانی بەرنامەیەکی تازەی دارشت بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکەو پرۆسێسی یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراتی لە کوردستان بەڕێوەچوو بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرانی گەل لە پەرلەمان و هەروا دانانی یاسای نوێ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە. ئەم هەنگاوانە هەموو سەرەتایەکی پیرۆز بوون لە رەوتی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانیدا هات بە هەموو پێکهاتەکانییەوە. لێرەدا راگەیاندن بە هەموو کەناڵەکانییەوە توانییان بەو ئاقارە کار بکەن کە لە خزمەتی بەرژەوەندی هەموو لایەک بێت بۆیە راگەیاندنی کلدۆ ئاشووری سوریانیش دەستی بە چالاکی گەرم و گوڕی خۆی کرد لە رێگەی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییەوە ئەویش بە دانانی چەندین ئێستگە لە هەولێر و دهۆک و ناوچەکانی تر و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلەکەماندا دەنگی گەل بە ئازادی لەماف و داخوازییەکانی بەرجەستەی کرد و بووە ئامرازێکی گرنگ لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەی لەنێوان خەڵکیدا و پەردە هەڵماڵین لەسەر رژێمە فاشیستەکەی سەردەمی بەعس بە هەموو زوڵم و زۆردارییەکەوە لە دژی رۆڵەکانی گەلەکەمان.




هەروا رۆژنامەی (بەهرا)ش پاش ئەو کاروانە نهێنییەی لە شاخ بڕیبووی دیسان بە ئاشکراو لەسەردەمی ئازادیدا سەری هەڵداو قۆناغێکی نوێی دەستپێکرد بە زمانی سوریانی و عەرەبی و بەشێوەیەکی کاراو چالاکانە و بە گوێرەی خواستی کۆمەڵگەی مەدەنی و بونیاتنانی دەزگاکانی دەستی بەکار و دەرچوون کردەوە و بەشداری کرد لە دامەزراندنی مەڵبەندی رۆشنبیری لەوانە مەڵبەندی رۆشنبیری ئاشووری لە دهۆک ساڵی ١٩٩٢ و هەروا دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی "نجم مابين النهرين" کە تاوەکو ئەمرۆیش بەردەوامە دواجاریش

بڵاوکـراوەی تایبەتی دیکەش سـەریان هەڵدا لەوانـە ڕۆژنامەیـەک بـۆ قوتابیـان بە ناوی "میزلتا" و یەکێکی دیکەش بۆ ئافرەتان بەناوی "نهرینیتا"، هــەروا چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخـۆ دامـەزران لەپـاش سـاڵی ١٩٩٤ لـە هەولێـر و دهـۆک لەلایـەن هەمـان لایەنەوە وەک هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاشـووری لە هەولێر و دهۆک و چالاکییەکان لەم بوارەدا درێژەی هەیە لە پێنـاو بونیاتنانی کۆمەڵگەی شارسـتانی و پێکەوە ژیانـی برایانە لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی گەلدا.

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەگەریی سوریانی لەم قۆناغەدا

١- گرنگییەکـی زۆری داوە بە مەینەتییەکانی گەلەکەمـان لـە قۆناغەکانـی سـەردەمی ڕژێمەکانـی پێشـوو و بـە هەڵماڵینـی پەردە لەسـەر هەڵوێسـت و نیازە خراپەکانی ڕژێم بەرامبەر بە مافە ڕەواکانمان.

٢- بڵاوکراوەکان بەگشـتی مۆرکی نەتەوەیی و نیشـتمانپەروەرێتییان پێوەیـە و بایەخیان داوە بـە پێکەوە ژیانـی برایانە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکاندا.

٣- بەشـێوەیەکی کاریگەرییانـە بەشـدارییان کـردووە لـە پەرەسـەندن و گۆڕانکارییەکانـی هەرێم.

٤- بایەخیـان داوە بـە زینـدوو کردنـەوەی بۆنەکانی تایبەت بە گەلەکەمان وەک:
بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان و پێناساندنیان بە گەلی کوردستان.

٥- بەشـێوەیەکی کارا هەوڵیانـداوە بـۆ چارەسـەرکردنی پاشـماوە دواکەوتووەکانی قۆناغەکانـی پێـش ڕاپەڕین کـە هەندێک لەو پاشـماوە ناخۆشـانە ئاسـەواریان لـە نێوان گەلەکەماندا مابوو.

٦- بەوپـەڕی لێبوردەیـی و بـە جورئەتەوە ڕەخنەیان گرتووە لە هەرچ هەڵەو گیروگرفتێک ڕووبەڕووی ئەم قۆناغە بووبێتنەوە.

٧- بایەخیـان داوە بـە لایەنـی کلتـووری و مێژوویی تایبەت بە گەلەکەمان و نیشتمانیش بەگشتی.

٨- گرنگییـان داوە بـە زمانـی سـوریانی و بڵاوکردنـەوەی، پـاش ئـەو بێبەشـییەی لـە قۆناغەکانـی پێشـتر ڕووبـەڕووی ئـەم گەلە ببۆوە.

٩- ڕێیـان خۆشـکردووە بـۆ هەمـوو خامە و هزرێـک بەشـداری بکـەن بـە ئامانجـی دەوڵەمەند کردنی ئەم ئەزموونە دیموکراتییەو پەرەسەندنی بوارەکانی ڕۆشنبیری.

١٠- هۆکارەکانـی ڕاگەیاندن بەشـدارییەکی باشـیان کـردووە بـۆ ئامادەکردنـی کادری میدیایـی و دواتریش بوونەتـە قوتابخانەیەک بۆ پێگەیاندنی کادری میدیایی.

١١-زۆر بە بایەخەوە بە تەنگی چۆنییەتی ژیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانەوە هاتوون لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و ئاشکراکردنی مومارەسەی ڕژێمی دیکتاتۆری لە بەرامبەریان.

١٢- وەکـو ڕەنگدانەوەیـەک بوونـە بۆ هەواڵ و چالاکییەکانـی تایبەت بـە گەلەکەمان لە هەرێم و نیشتمان بە گشتی و لە دەرەوەدا بەمەش بوونەتە فاکتەری کاریگەری پێوەندی لەنێوان هەمواندا.

**پەراوێز:**

**١) زهریری بەهرا: لە رووی بابەت و ڕێک و پێکییەوە بە گەواهیدانی مێژوونووسـەکان بە گۆڤارێکی چەشـنی دادەنـرێ لە ئێران دەرچووبێ، ئەگەرچی ڕۆژنامەیەکی فارسـیش دەردەچوو بە ناوی "......الاخبار" و زیاتر بایەخی دەدا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شاو حکومەت لە ساڵی ١٨٣٧ لە تاران.**

**"زهریری بەهرا" (٦٩) ساڵ بە بەردەوامی دەرچوو واتا تاوەکو ساڵی ١٩١٨ و ئەگەر ڕووداوەکانی یەکەمین شەڕی جیهان نەبوایە زیاتر بەردەوام دەبوو، ٨٠٠ ژمارەی لێ دەرچوو، سـەرەتا مانگانە بووە، (٥)سـاڵ دواتر بۆتە نیو مانگی بە ٨ لاپەڕە و دوایی بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە. سەرەتا ژمارەی ٦٠٠ دانەی لێ چاپ کراوەو ژمارەکانی دواییش هەریەکەو (١٠٠٠) دانەی لێ چاپ کراوە قەبارەی (٣٢×٢١,٥سم) بووە.**

**٢) ئەنجوومەنی ئەمریکی شـاندەکانی دەرەوە توانیویەتی کاریگەری بکاتە سـەر کۆمەڵگە ئاشوورییەکان لە پێدەشتەکانی ورمێ لە چارەکەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، هەردوو موبەشیر "قەشە باستین بیر کنز و سهیل**

گرانت" دەستێکی باڵایان هەبووە بۆ فێرکردنی زمانی سوریانی ئاسایی لەگەڵ زمانە کلاسیکییەکەو بە هاوکاری پیاوە ئاینیی و عیلمانیەکان، ئەو دوو قەشەیە توانیان تازەگەرییەک بێنن بەسەر زاراوەی ئاشووری و پاشان بووە زمانی قسەو نووسین، لە ساڵی ١٨٣٦ قوتابخانە سوریانییەکان لە ورمێ ژمارەیان زیادی کرد. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٦ تەنها لە ورمێ (٢٠١) قوتابخانە هەبوو بەسەر ناوچەکانی ورمێ دا بڵاو ببۆوە. ئەم قوتابخانانە ناوبانگێکی ئەکادیمی باشیان هەبوو و زۆرێک لە دەرچووانی توانیان لە ئەمریکا درێژە بە خوێندنیان بدەن.
یەکەمین ئینجیل بە ئاشووری لەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٨٤٦ چاپ کرا. دوای ئەم چاپخانەیە چاپخانەی تر دامەزران وەکو چاپخانەی شاندی کاثولیک ١٨٧٦ و هەروا چاپخانە ئینگلیکانییەکان و چاپخانەی رووسی ئەرسەدۆکس.
٣) ڕۆژنامەی "ڤالاو شرارا. دەنگی هەق" ١٨٩٧ لەلایەن شاندی لازەری– فەرەنسی کاپولیکەوە.
ڕۆژنامەی "پەیام لە ئاشوورەوە" بە ئینگلیزی و سوریانی ساڵی ١٨٨٧ لەلایەن شاندی رووسی ئەرسەدۆکس ڕۆژنامەی "شاندی ئاشووری" ساڵی ١٨٩٠ لەلایەن شاندی کانتەربەری. و چەند بڵاوکراوەیەکی تریش تاوەکو سەرەتای یەکەمین شەڕی جیهان بەردەوام بوون.
٤) زمانی ئاسایی بەهاوکاری ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەر لەگەڵ موبەشیرەکان بەکار هێنرا.
ئەوە یارمەتی دا بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانی فێرکردن و کردنەوەی دەیەها قوتابخانە هەروا دوا بەدوای ئەمەش چەندین بڵاوکراوەو کتێب بڵاو بوونەوەو جێی ڕەزامەندی بوون. ئەگەرچی هەندێ لە پیاوانی کڵێسا بەرهەڵستیان بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە کرد ئەویش بە بیانووی ئەوەی کاریگەری هەیە بەسەر زمانە کلاسیکییەکەدا.
٥) نەعوم فائق: لە دایکبووی دیاربەکرە ساڵ ی١٨٦٨، سەرەتا مامۆستای ناوەندی بووە، پاشان کاتێک کۆمەڵەی (الانتباه)ی دامەزراند لە ساڵی ١٩٠٨، ڕۆژنامەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی "کوکب الشرق" لە ١٩١٢بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەکریکا کۆچی کرد، ساڵی ١٩١٦ ڕۆژنامەی "مابين النهرين"ی دەرکرد، هەروا ڕۆژنامەی "الاتحاد" ساڵی ١٩٢١، لە ٥ی شوباتی ١٩٣٠ لە تاراوگە کۆچی دوایی کرد، ئەم ڕۆشنبیرە بە یەکێک لە ناودارانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی سوریانی دەژمێردرێ.
٦) یەکەمین گۆڤار بە ناوی "اكليل الورد" لە عێراق ساڵی ١٩٠٢ لەلایەن ئەدیبانی دومنیکانەوە بڵاوبۆوە و تا ساڵی ١٩٠٧ بە هەرسێ زمانی سوریانی و عەرەبی و فەرەنسی بەردەوام بوو.
بڵاوکراوەی دیکەش هەبوون، وەکو: "البرعم" لە موسڵ ١٩٢٥– "الاشوری" لە بەغدا ١٩٢٧ لەلایەن یانەی ئاشوورییەوە. "صوت الشرق" لە موسڵ ١٩١٥. "لسان الشرق" لە موسڵ ١٩٤٦ و چەند بڵاوکراوەیەکی تر. کە مۆرکی ئایینی و کلتووری پێوە بووە، یەکێک لەو گۆڤارە ناوازانەش کە تایبەتمەندیی هەبوو لە پەنجاکاندا بەنێوی "هزری مەسیحی" لە مووسڵ لەلایەن ئەدیبانی دومنیکانەوە دەردەچوو و تاوەکو هەشتاکانی سەدەی پێشووش بەردەوام بوو.
٧) یوسف مالک/ هزرەوان و ڕۆژنامەنووسێکی دیار بوو لە بواری ڕۆشنبیری سوریاندا.
لە ١٨٩٩/٣/١٥ لە بەغدا لەدایک بووە، بە ڕەچەڵەک تەلکیفییە. لە بڵاوکراوەکانی: "فواجع الانتداب فی حكومه العراق" ساڵی ١٩٣٢. "خيانه الانگليز للآشوريين"، "سميل مقبرة الحبابرة المغرر بهم" "كردستان او بلاد الكرد" "قبرص وبربرية الاتراك فی القرن العشرين" بێجگە لەم کتێبانەش لە بواری ڕاگەیاندندا: ڕۆژنامەی "اپرا–الوگن" لە بەیروت بڵاوکردەوە ساڵی ١٩٣٨ و لە ڕۆژنامەی "الوجدان" نووسەر بووە و لە ١٩٥٨/١/١٨ ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی "الحرية" بڵاوکرەوە تاوەکو لە ژیاندا مابوو ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوام بوو.
لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کرد پاش خزمەتێکی زۆر بۆ کێشەی ئاشوورییەکان و بەرگریکردن لە مافەکانیان.
٨) بڕیاری مافی ڕۆشنبیری/ بەغدا ١٦ی نیسانی ١٩٧٢.
١– دانان بە مافی ڕۆشنبیری ئەو هاووڵاتیانەی بە زمانی سوریانی داخێون لە ئاشووری و کلدان و سوریان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:
أ. زمانی سوریانی دەبێتە زمانی فێرکردن لە هەموو ئەو قوتابخانانەی کە زۆربەی قوتابیان بەم زمانە داخێون.
ب. زمانی سوریانی لەو قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییانە دەخوێنرێ کە زۆربەیان بەم زمانە داخێون.
ج. زمانی سوریانی لە کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا وەک زمانێکی کۆن دەخوێندرێت.
د. کردنەوەی بەرنامەی تایبەت بە زمانی سوریانی لە ئێستگەی ڕادیۆی کۆماری عێراق هەردوو تەلەفزیۆنی کەرکووک و موسڵ.
ە. دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی سوریانی لەلایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە.
و. دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەدیبان و نووسەرانی سوریانی زوبان و زامنکردنی نوێنەرایەتیکردنیان لە یەکێتییەکان و کۆمەڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە وڵاتدا.
ز. یارمەتیدانی نووسەران و وەرگێڕانی سوریانی زوبان لە ڕووی مادی و مانەوەی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

ح. دەستگرتنی هاووڵاتیانی سوریانی زوبان لە کردنەوەی یانەی ڕۆشنبیری و هونەری و پێکهێنانی تیپی مۆسیقاو شانۆ بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپوور و هونەری میللی.
٢- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی جێ بەجێ دەکرێ و ئەرکی جێ بەجێ کردنی وەزارەت دەیگرێتە ئەستۆ.
ئیمزا: ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.
٩) "بەهرا" لە ناوەوەی نیشتمان وەکو تەحەددایەک لە پاش دامەزراندنی ڕێکخستنی نهێنی لە شارەکاندا لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە دامەزرا. "زەوعا" لە ١٢ی نیسانی ساڵی ١٩٧٩ پێکهات لە سەرەتای هەشتاکاندا و دوای ئاشکرا بوونی هەندێ ڕێکخستنی تایبەتی کە ئەوەبوو نزیکەی زیاتر لە (١٠٠) کەس دەسگیرکران و ژمارەیەکیان ئیعدام کران لە ناویاندا (٣) سەرکردە هەبوون وەک (یوسف، یوبرت، یۆخەننا) پاشان ژمارەیەکیان ڕوویان لە چیاکانی کوردستان کرد و جەنگاوەرانی "زەوعا" بەشداری شۆڕشی چەکدارییان کرد و چوونە نێو بەرەی کوردستانییەوە و درێژەیان بە خەبات دا تا وەکو ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری ساڵی ١٩١٩ بەهرا بە هەردوو زمانی سوریانی عەرەبی بە نهێنی و پێی توانا دەردەچوو و لە شارەکاندا دابەش دەکرایە سەر جەماوەر.
١٠) بەهرا لە ژمارە (٤٠)ەوە پاش ڕاپەڕین ئیتر بە ئاشکرا دەرچوو لە هەرێمدا ئەم ڕۆژنامەیە زۆر بایەخی داوە بە بارودۆخی گەل بەگشتی و گەلی کلدو ئاشووری سوریانی بەتایبەتی و بڵاوکردنەوەی گیانی برایی و تەبایی لەنێوان پێکهاتەکانی گەلدا.
١١) "مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئاشووری" یەکەمین مەڵبەندی ڕۆشنبیری یە بە هەوڵ و تەقەللای نوخبەی ڕۆشنبیری گەلەکەمان ڕاستەوخۆ پاش ڕاپەڕین لە ئیش و کارەکانی دەستبەکار بوو و گۆڤارێکی وەرزی بەنێو "نجم بیث نهرین" بە زمانی سوریانی و عەرەبی بڵاو دەکاتەوەو بەردەوامەو بە سەکۆیەک دادەنرێ بۆ کێشەکانی گەلەکەمان و مافە ڕەواکانی.
١٢) لەو ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوە دەورییانەی پاش ڕاپەڕین و هەروا پاشی بەهراو گۆڤاری "نجم بیث نهرین" دەردەچێ ئەمانەن:
- ڕۆژنامەی "زاخۆیا" لەلایەن لقی دهۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییەوە/ ١٩٩٢.
- ڕۆژنامەی "نۆهەدرا" لەلایەن یەکێتی لاوان و قوتابیانی ئاشووری/ دهۆک/ نیسان ١٩٩٢.
- ڕۆژنامەی "میزلتا" بە سوریانی و عەرەبی لەلایەن یەکێتی لاوانی ئاشوورییەوە دەردەچێ و مانگانەیە یەکەمین ژمارەی لە تەمووزی ١٩٩٥ دەرچوو و تا ئێستاش بەردەوامە.
- گۆڤاری "ئەتتا/ لەلایەن بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییەوە لقی هەولێر بە سوریانی و عەرەبی دەردەچێ، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٤/١١/٢٩ بڵاوبۆوە.
- گۆڤاری "اوراق من الوطن" لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئاشورییەوە دەردەچێ، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٤ لە دهۆک دەرچوو.
- ڕۆژنامەی "قویا من" لەلایەن پارتی نیشتمانی ئاشوورییەوە دەردەچێ ژمارە یەکی لە ١٩٩٧/١/٥ لە دهۆک دەرچوو.
- گۆڤاری پانیپال: لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ئاشووری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچێ، یەکەمین ژمارەی لە ئابی ساڵی ١٩٩٨ بە هەرسێ زمانی سوریانی و عەرەبی و کوردی دەرچوو.
- ڕۆژنامەی "نهرینیتا" لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی ئاشوورییەوە دەردەچێ، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٩/١٠/١ دەرچوو.
- گۆڤاری "رویا کلدایا" لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان لە عەنکاوە دەردەچێ، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٩ دەرچوو.
ئەمانە سەرەڕای چەند بڵاوکراوەیەکی تر..
١٣) هاوکات لەگەڵ ئاهەنگەکانی "کیتو" ساڵی ٦٧٥٢ی بابلی-ی ئاشووری، لە بەرواری ٣ی نیسانی ٢٠٠٢ یەکەمین کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی ئاشووری لە هەولێر بەسترا بە ئامادەبوونی (٤٠) ڕۆژنامەنووس و کارمەندی ڕاگەیاندن لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، لەم کۆنفرانسەدا تاوتوێی ڕەوشی ڕاگەیاندن و هۆکاری پەرەپێدانی بەرنامەکانی و داخوازییەکانی قۆناغی داهاتوو، کرا. کۆنگرەکە تاوەکو ٩/نیسان درێژەی کێشا و چەندین ڕاسپاردەی گرنگی دەرکرد.
"زەوعا" و نووسینگەی ڕاگەیاندنی ناوەندی سەر بە "زەعا" هەوڵێکی بەرچاوی بینی لە ڕێگەی دامەزراندنی چەندین ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، لەوانە ئێستگەی ڕادیۆیەک لەسەر شەپۆلی ناوەڕاست کە پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە لە دەوڵەتە دراوسێیەکانی عێراق، هەروا بەرنامەی ئەم قۆناغە جەخت دەکاتە سەر ئەنجامدانی چەندین چالاکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ ناساندنی گەلەکەمان و ڕۆڵەکانی نیشتمان بەو قۆناغانەی نەتەوە پێیدا تێپەڕیوە و هەروا بۆ ناساندنی ناوداران و لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی دێرینمان.
* لەو ئێستگە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانەی لە پاش ڕاپەڕینی گەلی کوردستان دامەزران.

– رادیۆی ئاشوور– هەولێر سەر بە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لقی هەولێر.
لەســـەر شەپۆلی FM لە نیسانی ساڵی ١٩٩٣ دامەزرا و لە ساڵی ٩٩٥ پەخشی ئەم رادیۆیە بووە (٩) کاتژمێر و شەپۆلی AMیشی بۆ زیادکرا و تا ئێستا بەرنامەکانی پەخشی دەکات.
– رادیۆی ئاشوور– دهۆک/ سەر بە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لقی دهۆک.
لە ١٩٩٤/٩/١٢ دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی لە سەر شەپۆلی FM کرد و لە ساڵی ١٩٩٥یشدا شەپۆلی AMی بۆ زیادکرا و بۆ (٧) سەعات پەخش دەکات.
– رادیۆی ئاشوور– زاخۆ سەر بە لیژنە ناوچەی زاخۆی "زەوعا"یە لەسەر شەپۆلی FM بەرنامەکانی پەخش دەکات (٤) کاتژمێر و پاشان پەخشی لە ١٩٩٩ بۆ ٦,٣٠ رۆژانە زیادکرا.
– رادیۆی ئاشوور لەسەر شەپۆلی Fw سەر بە نووسینگەی ناوەندی راگەیاندنی زەوعایە لە ٢٠٠٠/١١/١ دامەزرا پانتاییەکی فراوانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی دادەگرتەوە، پەخشی رۆژانەی (٤) سەعات بوو، ماوەی ئێوارە.
– رادیۆی ڤالا و شـــرار " ســـەر بە پارتی نیشتمانی ئاشووری بوو لە ناوەڕاســـتی ساڵی ١٩٩٩ دامەزرا لەسەر شەپۆلی AM و بۆ ماوەی (٥)سەعات بەرنامەکانی پەخش دەکرد لە پاش رووخانی رژێمی صدام و رزگارکردنی عێراق پەخشی راوەستا.
– رادیـــۆی "بیپ نهری" لە هەولێر ســـەر بە حزبی "بیپ نهرین" لە هەولێر ســـەر بە حزبـــی "بیپ نهرین"ی "دیموکراتـــی یە لە ١٩٩٨/٨/٦ دامەزرا لەســـەر شـــەپۆلی AM و بۆ ماوەی (٩) ســـەعات بەرنامەکانی پەخش دەکات.
– رادیۆی کلدۆ ئاشـــوور لە عەنکاوە سەر بە حزبی شیوعی یە لە ١٩٩٦/٢/١٦ دامەزرا ماوەی پەخشی رۆژانەی (٧) سەعاتە.
هەمـــوو ئەم رادیۆنانەی ئاماژەمان پێدان بە زمانی ســـوریانی و بایەخ بە کلتووری ســـوریان دەدەن و ماوەی عەرەبی و کوردیشیان هەیە.
لە تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان پاشی راپەرین.
– تەلەفزیۆنی ئاشـــوور– هەولێر سەر بە نووسینگەی راگەیاندنی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە، لە ١ی نیسانی ١٩٩٦ پەخشی دەستپێکرد و رۆژانە بۆ ماوەی (٧) سەعات. زۆربەی ماوەی پەخشی بە سوریانییەو ماوەی عەرەبی و کوردیشی هەیە.
– تەلەفزیۆنی ئاشـــوور– دهۆک سەر بە نووسینگەی ناوەندی راگەیاندنی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە لە ١٩٩٧/١/١٠ پەخشی دەستپێکرد رۆژانە (٧) سەعات زۆربەی ماوەی پەخشی بە سوریانییەو بەرنامەی عەرەبی و کوردیشی هەیە.
پاشکۆ و شوێن:
– رۆژنامەی "طريق الشعب" پاشـــکۆیەکی مانگانە دەردەکات تایبەتە بە کاروباری کلدۆ ئاشوور، تا ئێستاش بەردەوامە.
– رۆژنامەی "ریگای کوردســـتان" بە عەرەبی پاشـــکۆیەکی مانگی دەردەکات بە ناوی کلدو ئاشوور تایبەتە بە کاروباری کلدو ئاشوور.
هەردوو بڵاوکراوەکە سەر بە حزبی شیوعییە.
– گۆڤاری "حریردو" چاپی نیشتمانی، سەرەتای ١٩٩٥ دەرچوو لە سوید لەلایەن یەکێتی یانە ئاشوورییەکانەوە دەردەچوو تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٨ بەردەوام بوو سێ ژمارەی لێ دەرچوو.
– چەندین شـــوێنەواری تایبەت بە گەلەکەمان (گەلی کلدو ئاشـــوور) هەن، وەک: شوێنەواری عەنکاوا کۆم، – زەوعا، زهریرا..هتد.
– بڵاوکاروەکانمان هەوڵ دەدەن لە شوێنی تایبەت بە خۆیان دایان بنێن.
بە ئامانجی گەیاندنی پەیامیان بە جیهان لە رێگەی ئەنتەرنێت.
– رۆژنامەی "نوتی" لە هەولێر هەفتانە بە کوردی دەردەچێ لەلایەن دەزگای راگەیاندنی عێراق و پاشـــکۆیەکی بە زمانی ســـوریانی هەیە بە ٢ لاپەڕە هەفتانە و پاشـــکۆیەکی دیکەش بە زمانی تورکمانی و یەکێکی تریش بە زمانی عەرەبی.

## سەرچاوەکان:

١. الصحافه الآشورية خبرة ١٤٩ سنه/ يؤاء بنيامين.
٢. دراسات اشتراکیه ژمارەی تایبەت ١٩٩٠ سوريا.
٣. صحافه المد والجزر ايرم شبيرا (مجله المثقف الاشوري).
٤. بەهرا ژمارەکانی ٩٧–١٠١ بەبۆنەی ١٥٠ ساڵەی رۆژنامەگەری سوریانەوە.
٥. گۆڤاری پانیپال/ چەند ژمارەیەک.
٦. رۆژنامەی زهریری بهرا بە زمانی فارسی/ هانیپال گورگیس
٧. كراسى الحقوق الثقافية/ جميل روفائيل.
٨. چەند سەرچاوەیەکی تر.

# وەشانێن روژئاڤایێ کوردستان
## ب زمانێ کوردی و چەند نەینیێن بەر چاڤ*

عەلی جەعفەر

ب هەلکەفتنا جەژنا روژنامەگەریا کوردی، یاکو د ٢٢ نیسانا ئیسال دە، موما خوە یا پێدخە. د سەر دەرچوونا یەکەمین روژنامەیا کوردی، بناڤێ "کوردستان" مە خوەست داناسینەک زور کورت ب کوڤار و روژنامەیێن کوردی یێن روژئاڤایێ کوردستان، چ یێن خوەر و ب زمانێ کوردی و چ یێن ب زمانێ کوردی و زمانەکی بیانی وەشینە، چێبکم.

مە باشتر دیت، کو نڤیسا مە، د دو خەلەکان دە وەرە وەشاندن، د خەلەکا یەکەمین دە، ئەمێ یێن کو ل وەلێت دەرچوونە و دەردچن بدن ناسین.

ئو د خەلەکا دوەهەمین دە، یێن کو کوردێن روژئاڤا ل دەرڤای وەلێت وەشاندنە و دوەشینن، ب خوەندەڤانێن خوشەویست بدن ناسین.

بەلێ، ب راستی ل دەستپێکێ، ئەم د وەشاندنا ڤێ نڤیسا خوە دە، لو رانی بو دو سەدەمێن سەرەکی، دودلی بون، یا پێشی: ئەم د ڤێ واری دە وەکی ئەکادیمیک-پسپور نینن، یانێ مە بڤێ نەڤێ، هەگەر کابرایەکی ئەکادیمیک-پسپور ئەڤ لێگەرینا مە بنڤیساندا وێ چاکتر با. یا دیتر، ب تایبەتی د بەشێ دووەم دە زور مخابن، ژێدەرێن مە کێم بوون، ئانکو مە نکاریبو هەموو کوڤار و روژنامە ب دەست خوە بخستانە، لوما پێشدە، ئەم دبێژن وێ کێماسی د ڤی بەشی پێهتر بن.

تەڤی ڤێ یەکێ، ل دوایێ مە بریار ستاند، کو نڤیسا خوە بوەشینن، بەلکی ل پێشەروژێ، ئەو ژ لێکولینێن بەرفرەە رە، ببە ژێدەرەکی کێرهاتی.

بەلێ مە پێویست نەدیت کو لسەر هەردو کوڤارێن میر جەلادەت بەدرخان دەردخستن. هاوار و (روناهی) راوەستن، لسەر وان ژی پر لێکولینێن هێژا هاتنە نڤیسین.

وەشانێن ل وەلێت دەرچوونە و دەردچن:

**کوڤار**

**١- ئاگاهی:**

پشتی راوەستاندنا هەردوو کوڤارێن میر جەلادەت بەدرخان "هاوار و روناهی" یەکەمین کوڤار، دەرچوویە. هەژمارا پێشن د سالا ١٩٦٦ان دە، دەرکەتیە. هەژمارا دوای (١٩)ان

دیروکا دەرچونا وێ د دەست مە دە نینە، کوڤارەکە سەربخوە بو، ماموستا حەسەن هشیار (م.حەسەنێ کوردی) دەردخست. لسەر ئەنیا وێ ولو هاتیە: کوڤارەکە سیاسی، تاریخی و ئەدەبی یە. ب داخوازەک خوسەر دەرتێ، ل گوری خودیێ وێ دبێژە، کو ئارمانج ژ دەرخستنا وێ ئەڤ بو: (ئارمانج ژ دەرخستنا ڤێ کوڤارا نهێنی، یا کو لسەر تیپنڤیس چێبویە، وەکی دیارە ژ رەوشەنبیر ڤە، و ب سەدەما زور و ستەم ل روژهلاتا ناڤین، هینکرنا خوەندن و نڤیساندنا ب زمانێ کوردی ل کوردستانێ، تشتەکی تاوانبارە، ب قاسی تاوانباریا بازرگانیا ب موخەدەرات، بەلێ ژێ بێهتر). (ئەم کورد. ژ بو خوە نە، نە دوڤکی روهلات و روئاڤا نە، بەری هەر تشتی گرینگە باوەریا مە ب مە هەبە). ئەبادا هەژمارا یەکەمین (٢٠-٤٠) بویە. روپەلێن وێ د ناڤبەرا (١٤-٣٤)بون. گوتارێن کو تێدە دهاتن وەشاندن ژێ، هەموو ژ نڤیسێن خودیێ وێ بون. تەنێ دو هەلبەست و نامەیەک نە یێن وێ بونە. هەلبەستەک یا هەلبەستڤان ئەحمەدێ پالو بویە، و یا دنێ یا حەمزە بەگ بو. نامە ژێ یا پروفیسور قەناتێ کوردو بو، ئەوی ئەڤ نامە د سالا ١٩٥٦ان دە ژ کومەلا زانستی و هەڤکاریا کورد رە شاندبو. بەلێ هن کەس ژ رەوشەنبیرێن حەسەن هشیار دبێژن، کو ئەڤ کوڤار دناڤ کوردان دە بەلاڤ نەبویە، هەگەر ئەو قاس هەژمار ژێ نڤیسیبن، ئەوی هەموو ل باخوە هشتن. لێ پرس ئەوە: گەلو ژ بو چ مروڤەکی وەک ح. هشیار وێ هەژمارێن کوڤارێ چاپ بکەو ل مال ڤەشێرە؟ ئەز وەر گومان دکم، ئان ئەوی نەویریبو "ئاگاهی" ب فرەهی بەلاڤکرا، تاکو ئەو نەیێ گرتن، ئان هەبونا وی یا ئابوری تونەبو تاکو، ب فرەهی چاپ بکە بەلاڤکرا، یانێ گەنگازی پرن، لەوما د چارچەوەکە پر تەنگ دە، و هنک هەژمار ژێ بەلاڤبوونە، تاکو مەرڤ ڤێ ئەنجامێ بهین دکە ژ گوتنا کورێ وی (گورگین) گاڤا دبێژە، کو ("ئاگاهی" د دەرفەتەکە رێزانی زور-زەحمەت دە دەردکەت). لەما دڤێ هەڤدەمێن وی نرینێن خوە ئەشکەرا ژ مەرا دبێژن.

**٢-گولیستان:**

یەکەمین کوڤار، ب شێوەیەکی گشتی دەرچویە و هاتیە بەلاڤکرن ل ناڤ کوردان دە. هەژمارێ پێشین د نیسانا سالا ١٩٦٨ان دە دەرکەتیە. یا داوی (٢٨) سالان ١٩٩٦ان دە دەرکەتیە. خوە وسا ددە ناسین: کوڤارەکە تورەڤانی و جڤاکی یە. د سازکرنا وێ دە، کو کوڤارەکە دەمسالییە. د بن چاڤدێری و رێڤەبەریا پارتیا دەموقراتا پێشڤەرویا کورد ل سوریایێ ئەو دەردکەت و دهات بەلاڤکرن، بێ کو ناڤێ پارتیێ لسەر هەبە: هەلبەستڤانێ کوردێ مەزن جەگەرخوین سەرنڤیسەرێ وێ بو. پشتی کوچبەرکرنا سەیدایێ جەگەرخوین، عەزیز داود سەرنڤیسەر وێ بو، ژ رێداکسیونا وێ فەرهاد چەلەبی ژێ، هەبو. ئەبادا هەژمێرێن پێشی (٢٩/٢١) بو، لسەر داکتیلیو دهات چاپکرن. ژ ئالیێ فورم دە، جارنا وەکو روژنامەکە مەزن، د چاپخانێ دە دەرکەتیە (دەما کو جەگەرخوین ل سویدێ دما)، و چەند هەژمارێن داوی ب ئەبادا (٢٠/١٤) ب چاپەکە فەرمی وەشینە. هەژمارا روپەلێ وێ هەر جارێ جودا بون. سالا ١٩٩٧ان، تەڤی کوڤارا "بهار"ێ بو و نەما دەرکەت. دڤێ ئەم بێژن کو کوڤارا گولیستان ب کەسایەتیا جەگەرخوین هەموو رەوشەنبیر و نڤیسکارێن وێ دەمێ ل دور خوە جڤاندن و رولەکە وێ یا پایە بلند د پێشخستنا چاندا کوردی دە، ب تایبەتی د هینکرن و فێربوونا زمانێ کوردی دە هەبوو.

**٣- پێشەنگ:**

"گرێدانا مارکسیستێن کورد" کوڤارەکە ب ناڤێ "پێشەنگ"ێ دبن سەرپەرشتیا مامۆستا مەنامێ قەنتەرێ ل عەفرینێ (کورداخ)، دەردخست.

هەژمارا یەکان د سالا ١٩٧٦دا دە، دەرکەت. کۆڤارەکە رێزانی، چاندی، وێژەیی و جڤاکی بو. تا سالا ١٩٨٢ان (٦) هەژمار ژێ دەردچون، روپەلێن وێ دەردورا (٤٠-٥٠) روپەلی بون.

پشتی جودابونێن رێزانی تێکەڵ دناڤ ئەندامێن رێڤەبەریا (گ.م.ک) ل ئەورۆپا

چێبـون: سـەدەمێن وێ ژێ، ب دو خالان تێ کورتکرن:
ا-هەلوەسـتا گرێدانێ ژ سوڤیەت و سیاسەتا وێ ل هوندر و دەرڤە.
ب-هەلوەسـتا گرێدانێ ژ هێزێن کوردسـتانا باکـور و بتایبەتـی ژ PPK ئانگـو، گرێـدان ل گـەل شورەشـا نـو، ژ بو سـەرخوەبونێ یـە، لێ نـا؟؟ بەشـەکی دگوت ئـەرێ، ئەم ل گەلن و پێویسـتە ئەم پشـتڤانیا ڤـێ باوەریا نـو د روژنامێ دە بکن. ئو بەشـا دن، دگوت، ئـەرێ ئەم ل گەلن و پێویسـتە ئەم پشـتڤانیا ڤـێ باوەریا نو د روژنامێ دە بکن. ئو بەشـا دن، دگـوت، نـا، ژ بـەر کو، ئەڤ رێخسـتان نو، پارتیەکە چەپگەرە (تەروریسـت) و نکارە شورەشەکە پێشڤەر و بکن، هەڤالێن گرێدانێ بێ شـەر و دەڤ ئاڤێتنێن ڤەکری، کارێ خوە راوەستاندن، و نەما "پێشەنگ" دەرخستن.

**٤- رێک:**

"پارتیـا سوسیالیسـتا کورد ل سـوریێ" گوڤـارا "رێک" د بن سەرپەرشـتیا نڤیسـکار محەرەم حەسـەن (جانکورد) دە، دەرخستن. ل گـور (م.ح) دبێژە، کو لسـەر سـینگی وێ وەها نڤیسیبوو:
-خەبـات ژ بـو پێکئانینـا سوسیالیسـتێ ل وەلێت.
-خودمختاری ژ بو گەلێ کورد ل سوریێ.

کوڤارا "رێک" ب زمانێ عەرەبی و کوردی دەردکەت. پشـتی ب زمانێ کـوردی، تەنێ ژ بو سەرنڤیسەرێ وێ، جانکور ژ من رە گوت: (کوڤـارا مە "رێک" کوڤارەکە دەمسـالی بو، ل گور تەخمینا من (٦-٧) هەژمارا ژ کوڤارێ، تا سالا ١٩٧٩ان، دەرچون).

لێ ئەم ژی تەخمین دکن، کو کوڤارا "رێک" پشتی سالا ١٩٧٩ان، ژ بەر سەدەمێن رێزانی، نەهات وەشاندن.

**٥- گەلاوێژ:**

هەژمـارا یەکـەم د سـالا ١٩٧٩ان دە، دەرچویـە. هەژمـارا داوی (٢٧-٢٨) د سـالا ١٩٩٦ان دە دەرچویە. خـوە وەها دناسـینە: کوڤارەکە رەوشەنبیری گشتی یە. د سازکرنا دە، کو کوڤارەکە دەمسـالیە. پارتیا دەموقراتا کورد ل سـوریێ "ئەلپارتی" ئەو دەردخسـت و بەلاڤدکـر. چەنـد هەژمارێـن پیشـی ناڤێ پارتیێ لسەر هەبو، لێ پێرە ناڤ ژ سەر هاتە هلانین.

پـرێ هەژمارێـن وێ ب ئەبـادا (٢٩/٢١) لسـەر داکتیلویو دهاتنـە چاپکرن، لێ هندکێن داوی ب ئابـادا (٢٥/١٧) دەرکەتنـە. د سـالا ١٩٩٧ان دە، ئەو ژی تەڤلی کوڤارا "بهار" بو.

بەلـێ دیسـا د دەرفەتـێ ڤـێ بابەتێ دە، ئاگاهیـک ل ڤـێ داویێ کەتە دەسـتێ مە: کو پ. –ئەل-پارتی- باسـکێ ب رێبەریا "نەزیر" ژ نوڤە دەسـت ب وەشـاندنا "گەلاوێژ" کرنە و هەژمـارا (٢٩-٣٠) د یەک بەرگی دە، داویا سالا ١٩٩٩ ان دەرخستنە.

**٦- گەلاوێژ ٢:**

بەلێ پشتی هەژمارا (٤)ێ، کوڤارا گەلاوێژ ل گوری P.D.k.S. (ئەلپارتی) بو دو گەلاوێژ. یەک وەکی مە ل ژور نیشانکر، کو (ئەلپارتی) دەردخسـت، ئو یا دنـێ ژ هەژمـارا (٥-١٩) پارتیا کار یا دەموقراتا کورد ل سوریێ، لسەر داکتیلیو دوەشاندن، ناڤێ پارتیێ پێشین لسەر هەبـوو، ئەدابـا وێ (١٩/٢١) بـو. رێڤەبەرێ هینگێ وێ: شێخ عەلی و. ئەو ژی د ساوکرنێ دە، کو کوڤارەکە دەمسـالی بە، هەلبەتێ PK پێرە ل تەڤلیبونەکێ بو "پارتیا یەکبوویی" ئەڤێ پارتیێ ژی (٥) هەژمار گەلاوێژێ، ژ هەژمارا (٢٠-٢٤)ب کراسەکی بەدەو و قەشەنگ، ئانکو ب چاپەکە فەرمی و ئەبادا (١٧-٢٥) دەرکەتن، بێ کو ناڤێ پارتیێ لسـەر وەرە داین، لسەر ئەنیا وێ وسا هاتبو داین، کوڤارەکە چاندی، تورەڤانـی و سـەربەخوٚیە، هەرسـێ مەهان هەژمارەک دەرتێ، ئەڤ دروشـم ژێ لسـەر بەرگێ پێشین هەنە:

<u>ئارمانجێن کوڤارێ ئەڤن:</u>

أ- فێربووناو خوەندن و نڤیسـاندن ب زمانێ دێ.

ب- پارستنا فوٚلکلوٚرا گەلێ مە ژ وەندابونێ و دانیسانێ وێ.

ج- حەزکرنـا ئاشـتی، دوٚسـتانی و مـروٚڤ پەرەستی یە، پێرە وەکی ئەم تەڤ دزان لگەڵ کوڤارا (ری)یا کو ب زمانێ عەرەبی دەردکەت

و (ستێر) (هەژمارا سێوی)، ناڤ ل خوە کرن (پرس).

**٧- ستێر:**

هەژمارا یەکان دبهارا سالا ١٩٨٣ان دە، دەرچوویە. لسەر سنگێ وێ وها نڤیسیە، کۆڤارا وێژەیی و چاندی، هەژمارا داوی (٢٥) د سالا ١٩٩٤ان دە، دەرکەتیە، پارتیا هەڤگرتنا گەلێ کورد ل سووریێ دەردخس و بەلاڤ دکرو بێ کو، ناڤێ پارتیێ لسەر بە. ژ ریداکسیۆنا (دەستەیا نڤیسینێ) وێ رەزو ئازو (عەبدولرەزاق ئوسێ) و بلورڤان (زاگرۆسێ حاجی) ئەبادا (٢٥/١٧).

دەرچونە. مینا هەڤالێن خوە د ساوکرنێ دە، کو کوڤارە دەمسالیە، ئەو ژی سالا ١٩٩٧ان دە، تەڤی کوڤارا "بهار" بو، و نەما دەردکەڤە. بەلێ دڤێ ئەم بدن نیشانکرن، کو ب هەژمارا (٢١)ێ، دو (ستێر) دەرکەتن. یا جودا باسکێ کێمانی یا (P.H.G.K.S) ب چاپەکە فەرمی، ب ئەبادا (٢٥/١٧) دەرخست. پشتی وێ خوە تەڤلی کوڤارا "پرس" بو، ئانکو هەژمارەکە سێوی بو.

**٨- خوناڤ:**

هەژمارا یەکان د بهارا سالا ١٩٨٦ان دە، هەژمارا داوی (١٨)د پایزا ١٩٩٥ان دە، وەشیە. د سازکرنێ دە، کو کوڤارەکە دەمسالیە. پارتیا دەموقراتا سوری ئەو دەردخست. ناڤێ پارتیێ ژی لسەر بەرگێ کوڤارێ هەبوویە، ئانگو ژ ناڤ کوڤارێن کوردی تەنێ کوڤارا "خوناڤ"ب وێرەکی ناڤێ پارتیا خوە تا هەژمارا داوی نیشانکر بو. لسەر داکتیلیو دهات چاپکرن، تەڤی کو د سالێن داوی دە کارینا گوهەرتنا کراسی وێ هەبو.

ئەدابا هەموو هەژمارێن وێ (٢٩/٢١)بو. ژ ریداکسیونا وێ: باڤێ نارین (مەحمود داود) و ئەڤینداری خەمگین (مەحمود سەبری) د سالا ١٩٩٧ان دە، ئەو ژی تەڤی کەروانێ کوڤارا "بهار" بو.

**٩- گورزەک گول:**

هەژمارا یەکان د سالا ١٩٨٩اد دە، دەرچویە. یا داوی (١٥) د بهارا سالا ١٩٩٢ان دە، دەرچویە. و سا لسەر ئەنیا وێ هاتبو: کوڤارا فولکلوری و چاندییە. پشتی وێ نەما دەرکەت. کوڤارەکە سەربخوە بو. بەرپسیارێ وێ کونێ رەش بو. پێشوەختێ عەبدالباقی حوسەینی ژی وەکی ریداکسیونا تەڤێ بو. فوتوکوپی دهات چاپکرن.

ئەبادا هەمو هەژمارێن وێ (٢٠/١٤)بویە. مینا کوڤارێ دنێ، د سازکرنێ دە، کو کوڤارەکە سێ مەهی یە.

**١٠- زانین:**

هەژمارا یەکان د تیرمەها سالا ١٩٩١ێ دە، دەرکەت. هەژمارا داوی (١٢) د هاڤینا سالا ١٩٩٧ان دە، دەرچویە. لسەر ئەنیا وێ وها نڤیسییە: کوڤارا تورەڤانی و چاندی. کوڤارەکە سەربخوە بو. چەند هەژمارێن پێشین نڤیسکار عەبدالباقی حوسەینی ب تەنا خوە دەرخستن، پێرە فەرهاد چەلەبی ژی تەڤلی بەرپسیاریا وێ بو. د سازیا وێ دە، کوڤارەکە دەمسالیە. ئەبادا هەموو هەژمارێن وێ (٢٠/١٤)بویە. ب چاپەکە فەرمی دوەشی. د سالا ١٩٩٧ان دە، تەڤلی کوڤارا "بهار" بو و نەما رێڤەبەرێ وێ عەبدالباقی حوسێنی روژا ئیرو ل نەرویجێ دمینە.

**١١- روژا:**

ئەحمەد سلێمان ئیجە و قادو شێرین، هەژمارا یەکان، د سالا ١٩٩١ ان دە، دەرخست لێ هەژمارا داویان بناڤێ "روژ" هات وەشاندن و پارتیا سوسیالیستا کورد ل سوریێ، خوە ئەشکەرە ل کوڤارێ کر خوەدی، لوما ژی ق. شێرین خوە ژ ریداکسیونا کوڤارێ ڤەکشاند.

وها لسەر ئەنیا وێ هاتبوو: رامانی، تورەڤانی و چاپکرن، ئەبادا وێ (٢٠/١٤) بو. هەژارا (٩) سالا ١٩٩٥ان دە، دەرکەتیە. نها جارەک دی ژ نوڤە دەردکەڤە.

**١٢-ئاسو:**

هەژمارا پێشی د سالا ١٩٩٢ان دە، دەرکەت. یا داوی (٧)ان، د هاڤینا سالا ١٩٩٩ان دە، دەرکەتیە. کوڤارەکە سەربخویە. چاپا وێ فەرمییە، ژ ئالی فورم و دەرخستنا هونەری، ژ ناڤ کوڤارێن روژئاڤایێ کوردستانێ، کوڤارا هەری بەدەو سپەهی بو. جار جاران هن روپەلێن هوندر ژی رەنگین تێن وەشاندن. دەرخستنا هونەری تا هەژمارا (٤)ان ژ لای هونەرمەند رەشید حسو ڤە بو. سیامەند

ئیبراهیم و عبدالحافظ و عبدالسلام داری تا هەژمارا (٤)ان لگەل هەڤ ئەو دەردخستن، لێ پشتی وێ، ئانگوری ئێستە سیامەند ئیبراهیم ب تەنا خوە سەرکێشا وێ دکە. ئەبادا وێ (٢٥/١٧)یە. وەک هەڤالێن خوە د سازیا وێ دە، کو "ئاسۆ" دەمسالیە.

**١٣- پرس:**

هەژمارا یەکان د نەوروزا سالا ١٩٩٣ان دە، دەرچویە. لسەر سینگێ وێ وها هاتیە نڤیسین: کوڤارەکە رەوشەنبیری سەربخوەیە. ئەبادا وێ (٢٥/١٧)، د چاپخانەیێ دە چاپ دبە. هەژمارا داوی (١٧)، د هاڤینا ١٩٩٩ ان، دەرکەت پێشبەری خوەندەڤانان. هێژی بەردەوامە. پارتیا یەکیتی یا دەموقراتا کورد ل سوریێ- یەکیتی- وێ دەردخە و بەلاڤدکە. رێداکسیونا وێ سەربخوەیە. ل گوری دیتنا مە، کو "پرس" کوڤارا هەری داگرتی و دەولەمەندە، ب لێکۆلین و ڤەکولین، لێگەرین و وەرگەرێن خوە. زمانێ وێ ژی بلندە. هێژی ژیانا خوە یا وەشانێ بەردەوام دکە. ژ رێداکسیونا وێ: دا.

عبدالمجید شێخو. حەیدەر عومەر (ژ داویا ١٩٩٩ ان دە، ل ئەلمانیا دمینە) بەرز و، رزو. دلاوەرێ زەنگی. ئازاد ئەحمەد "پاڤێ شەهین" (بەرێ) و تەنگەزار (بەرێ) نها ئەلمانیایە.

**١٤- بهار:**

هەژمارا پشی د سالا ١٩٩٤ان دە، دەرکەتیە، هەژمارا داوی (٦) ان، د بهارا سالا ١٩٩٩ان دەرکەتیە. هێژی بەردەوامە. لسەر سینگێ وێ وەها هاتیە نڤسین: کوڤارا رەوشەنبیری و فولکلوریە. ئەبادا وێ (٢٥/١٧)یە. فەرمی تێ چاپکرن. دبن چاڤدێری رێڤەبەریا هەڤبەندیا دەمقوراتا کورد ل سوریێ، یا کو ژ شەش پارتیێن کورد پێک تێ (پارتیا دەموقراتا کورد ل سوریێ- ئەل پارتیا- دەموقراتا کوردی یا سوری، پارتیا هەڤگرتنا گەلێ کورد ل سوریێ. پارتیا دەموقراتا پێشڤەر و کورد ل سوریێ -یەکیتی- تێ دەرخستن و بەلاڤ دبە. بەلێ د دەرمافێ "بهار" دە، دڤێ مەرڤ بێژە، کو زور مخابن تەڤێ ئاڤاهیا وێ ژ رێداکسیونا (٣-٤) کوڤاران پێکهاتیە، لێ د ناڤەروکا خوە دە قەلسە و وەکی ئەم دبینن ژی، د قوناخا (٦) سالان دە، تەنێ (٦) هەژمار دەرکەتینە، یانێ سالێ هەژمارەک؟! تەڤی کو د سازکرنا وێ دە سێ مەهییە.

## روژنامە

**١- نەوروز:**

یەکەمین روژنامەیەکی خوەر و ب زمانێ کوردییە. هەژمارا پێشی د مەها نیسان و گولانا سالا ١٩٩٥ان دە، دەرکەت. هەژمارا داوی (٢٨)د بەرچئە سالا ١٩٩٩ دە، دەرچویە. روژنامەکی سیاسی-چاندییە، هەر دو مەها جارەکێ دەرتێ. ب تەخمینا من ژ ناڤ وەشانێن کوردی دە، تەنێ "نەوروز" وەکی دەرچون، کاروبارێ خوە ب رێک دمەشینە، و سوزێن خوە ب خوەندەڤانێن خوە را تا روژا ئیرو بجە تینە. وێنەیێ هەردو تێکوشەرێن کورد: د.نورەدین زازا و ئوسمان سەبری لسەر ئەنیا وێ هاتنە. تا هەژمارا (٩)ێ، "ژ بەلاڤوکێن پ.ی.د.ک.س- یەکیتی- ل پارێزگەها حەلەبێ ژ وێ پێڤە بویە" ژ وەشانێن پارتیا یەکیتی یا دەموقراتا کورد ل سوریێ -یەکیتی- یە. ئەڤ سلوگان (دروشم) لسەر ئەنیا وێ هەنە:

خەبات بو:

-زورداری ژ سەر گەلێ کورد ل سوریێ رابە.

-ئازادیا دەموقرات و رێزگرتنا مافێن مرۆڤان.

-مافێن گەلێ کورد یێن نەتەوی د چارچەوا یەکیتیا وەلێت دە.

سەرنووسەرێ وێ تا هەژمارا (١٢) روژنامەڤان د. عبدالمجید شێخو بو. د دپشترە و لگور پێشنیازا وی، د.ک. بێکەس دبە رێڤەبەرێ "نەوروزێ".

بڤێ بونەیێ ئەم پێویست دبینین، کو ل وەرە دیارکرن وەکی کەدا ع.م.شێخو د دەرخستن و ئامادەکرنا روژنامەڤانێن "نەوروز" دە بەرز و بلند بو، و ئەوی بناڤێ د. دلشاد سندی د نەوروزێ دە بەرهەمێن خوە د نڤیسینە.

هەروەها، بەلکی ژ بو لێکولینەڤانا ئەرکەکە زانست و ئەکادیمی ژی، کو ئەم ناڤێن د.ع.م. شێخو یێن نەراست، کو پێ گوتار، لێکۆلین، وەگەر و هەلبەست د وەشانێن کوردی دە ل

کوردســتانێ و دەرڤەی وەلێت بەلاڤکرینە، ل ڤر ئەرکەرا بکن: کاردوخ، م.نەبەز، د.شـێرکۆ بەدرخان، م.بوتی، م. بوتانی، د.هشـیار عەلی، د. دلشاد سندی، د.پێشـرەو بەرواری، رێبەر روباری، م. کاردوخی و باقێ میدیا. هەروەسا ئـەز دخازم ژ بیرنەکم، کو ناما دوکتوریا وی ژی، (د سـالا ١٩٨٨ان دە) لسـەر وەشـانێن کوردی یە.

رۆژناما نـەوروز ب ٤ روپەلان دەست پێکـر، لێ پێرە گەهـا (١٢) روپەلان، جارنا ب (١٦) روپەلا ژی دەرتێ. فوتوکوپی چاپ دبە. ئەبادا وێ (٢٩/٢١)یە.

ژ رێداکسیونا وێ: د.کامران بێکەس، ئاپێ ئوسـنەبر، سـینورێ یەکتـا، د. روزدا عەلی، رەشویێ پیرێ.

**٢- هێڤی:**

هەژمـارا پێشـن د سـالا ١٩٩٤ان دە، دەرچویە. روژنامەکە سـەربخوە بو، بزمانێ عەرەبی دەردکەت. بەلێ کوشەیەکە بو فێربونا زمانێ کوردی ژی تێدە دهات وەشاندن. خوە وەک: دەنگـێ خوەندەڤانێن کورد د زانینگەها شام و حەلەبێ د دە خویاکرن. هەژمارا داوی (٧) د سالا ١٩٩٥دا دە، دەرکەت و تا گها (١٦) روپەلان. ئەبادا هەژمارا پێشـی (٢٩/٢١)بویە، وەکـی فوتوکوپی دهـات چاپکـرن، لێ دوێ داوی (٣٠/٢٩) ب چاپەکـە فەرمی بویە. هێڤی ب راسـتی هێڤینـە بلند تێ دە هەبـون، بەلێ زور بداخـەوە ئالیکاریا وێ نەهات کرن، هەر پارتیەکێ خوەسـت وێ د بن باندورا خوەکە، لگـەل هن پروبلێمێن کەسـایەتی یێ رێڤەبەر، وەها بەراڤێتی بو.

**٣- خوەندەڤان:**

هەژمـارا پێشـی (٠-١)د سـالا ١٩٩٧ ان دە، دەرکـەت. دەنگـێ خوەندەڤانێـن کورد د زانینگەها شـام و حەلەبێ بو. هەر دو مەهان جارەکێ دەردکەت. ژ وەشانێن پارتیا یەکیتی یا دەموقراتـا کورد ل سـوریێ-یەکێتی- یە. هەژمـارا داوین (٧) د سـالا ١٩٩٩ ان دە، دەرکەت و هات راوەستاندن.

**٤-دەلاڤ:**

هەژمـارا یـەکان د سـالا ١٩٩٥ان دە، دەرکـەت. هەژمـارا (٢) یا داوی بو، د سـالا ١٩٩٦ان دە، دەرکـەت، و هات راوەسـتاندن. ژ ئالـی هەڤالێن پارتیا یـا دەموقراتا کورد ل سـوریێ (یەکێتی)یێـن هەرێمـا سـەرێکانیێ و درباسـیێ ڤـە دهات وەشـاندن. ئەدابا وێ (٢٩/٢١)، چاپا وێ فەرمی بو.

**٥- رەوشەنبیر:**

هەژمـارا یـەکان د سـالا ١٩٩٥ان دە، دەرکەت. هەژمارا داوی (٦) د سـالا ١٩٩٨ان دە، دەرچویە. نەما دەردکەڤە.

**٦- دەنگ:**

هەژمارا یەکان د ئێلونا سالا ١٩٩٥ ان دە، دەرچویـە. یا داوی (٢٨)ێ، د سـالا ١٩٩٩دە، دەرکەتیـە. روژنامەکـە مەهانەیـە، سایسـی و چاندیـە، پارتیـا هەڤگرتنـا گەلـێ کورد ل سـوریێ وێ دەردخـە و بەلاڤدکـە. دەنگ ب (٤) روپەلان دەست پێبو، تا گها (٨) روپەلان. ئەدابا وێ (٢٩/٢١)یە. فوتوکوپی تێ چاپکرن. هێژی ژیانا خوە ددومینە.

پشتی کو مە، کوڤار و روژنامەیێ روژئاڤایێ کوردسـتانێ ب کورتی رێزکـرن، بێ کو ئەم لسـەر ناڤاروکا وان راوەستن، ئان بنرخینن، (مـە ئەڤ خـال ژ ئاکادیمیک و پسـپوران رە هێشـتیە) دڤێ کابرایەک بپرسە: ئەرێ ئەم ب وەشـانێن روژئاڤایێ وەلێت تێگهشـتن، بەلێ ئـەم دخوازن ڤێ گاڤێ ب راسـتی پسـپورێ رۆژنامەڤانیێ ع.م. شێخۆ بەری مە، د لێکولینا خـوە، یا کو د کوڤارا "پـرس" هەژمارا ١٤ان، سـالان ١٩٩٨ان دە، ئـەڤ بەرسـڤ ب چەند خالێن ژێرین دایە، ئەم ژی لگەل نرخاندنا وی نە، و بێ دودلی ژ وەرە رێدخن:

١-هەمو کوڤارێن مە ویژەیی نە.

٢-پرانیا کوڤارێـن ویژەیی ژی روپەلێن خوە ژ هەلبەستان تژی دکن.

٣-گوتارێن رەخنەیی لسەر چیروک، هەلبەست و گوتاران، د وەشانێن مە دە، پر کێمن.

٤-کێمبونـا گوتارێـن رەخنەیـی و نەرخەیی، پێشبەری پێشخستنا ویژە و نڤیسارێن مە دە، ژ ئالوزێن مەزنە.

٥- ویژەیـا جیهانـی د کوڤارێن مـە دە زور کێمـن، ئـەو ژی ب خـوە دبە سـەدەمەک ژ درەنـگ پێشخسـتنا ویـژا مـە ب تایبەتی ل سوریێ.

٦- تەڤی کو هند کوڤاران ناڤێن رەوشەنبیری ژ ل خوە کرنە، لێ دیسان، ئەو ژ چارچەوا وێژا کوردی دەرنەکەفتن.

٧- تا نها تو کوڤارێن تایبەتی لسەر دیروکا گەلێ مەو یێن دن تونەنە، ئەڤ یەکا ژی دهێلە کو خوەندەڤانێن رەوشەنبیر ڤەگەرن پرتوکێن ب زمانێ بیانیان و بێژن چاندا دیروکی ب زمانێ مە تونەیە.

٨- تا روژا ئیرو کوڤارەک نەمازە، لسەر ژنا کورد و رولا وێ، د پێشڤەبرنا جڤاکا مە دە نینە، ب تونەبونا وێ، ئەم رەفێن ژنان ژ کەروانێ مێران بدرودخن و نیڤێ گەلێ خوە ژ خەباتا نیشتمانی دلساردکین.

٩- ژ بەر کو نڤیسکار و روژنامەڤانێن مە ب زمانێ کوردی پر هندکن، لەورا ژی، پرانیا وان نەچاردبن د گەلەک واران دە بنڤیسن، ب ڤێ یەکێ ژی، پر جاران زیان دگینە بەرهەمێن وان.

١٠- پێوەندییێن هەمی رێدەکسیونێن مە ب نڤیسکارێن خوە رە، نە جهێ پەسنێ نە، چمکێ ئەو بەرسڤێن نڤیسکارێن خوە، نە ب ئەرێکرنا خوە، نە ب ئەرێکرنا سەر بەرهەمێن وان و نە ژی، ب نە پەژراندنا وان ددن.

١١- وەشانێن مە ب زمانێ کوردی د ناڤ گەل دە، زور و زور کێم تێن خوەندن و ئەڤ روداوا ژی نە دهێلە وەشان و زمانێ مە پێشکەڤە. ئەڤ د دەربارا کوڤارێن ب زمانێ کوردی دە، لێ وەک مە گوتبو، دو روژنامێن مە ژی هەنە، "نەوروز" و "دەنگ" تەڤی هەردو و نەمازە "نەوروز" پر گوتارێن نەیەکسانە لەسەر کێشا کوردی، رەوشەنبیری دوەشینە، لێ کێماسیا هەردوو روژنامان، تونەبونا گوتارێن سیاسی لسەر رێزانیا جیهانێ و شروڤەکرنا سیاسەت و هەلویستێن بیانی بەرامبەری پرسگرێکن ئیرونی یە.

ژ کەرەما د.ع.م. شێخۆ ئەز ژی دخوازم خەلەکێ دیتر ل یێن وی زێدە بکە، ئەو ژی ئەڤ: کوڤارێن کو ل گور رێبازا ئولی پرسگرێکا دنرخینن (چ ئیسلامی بە، چ ئێزدی بە) دناڤ کوڤارێن کوردی دە، نینن، وەکی چاوا کوڤارا "نوبهار" ل تورکیێ و کوڤارا "لالش" ل باشورێ کوردستان، هەروەها "روژ" کوڤارا چاندا ئێزدیا، کو بنگەها ئێزدیا ل دەرڤەی وەلات دەردخە. لورانی پرێ، گەر ئەم نەبێژن تەڤێ کوڤارێن مە ل گوری رێبازا چێپیتیێ نە. ل گوری دیتنا مە، هەبونا کوڤارێن وسا، باخچێ وەشانا کوردی دەولەمەند و رەنگین دکە.

بەلێ، تەڤی کو کەمی کوڤارێن مە نیشانکرنە، کو د وەشانا خوە دە، دەمسالی بونە، لێ د وارێ پراکتیکی دە، نە وسا یە، ئانگو گەلەکێ وان، ژ بەر سەدەمێن جور بجور، رێزانی، رێخستنی، چاپەمەنی، پەرچەبونا پارتیان، هەر شەش مەهان، جارنا هەر سالەکێ هەژمارەک وەشایە، بو نمونە "گولستان" د هوندر (٣٠) سالی دە، تەنێ (٢٨) هەژمار ژێ دەرچونە.

"بهار" ژ سالا ١٩٩٤ان دە، تا ئێستە تەنێ (٦) هەژمار ژێ هاتنە وەشاندن. "ئاسۆ" هەروەها د (٨) سالان دە ٧ هەژمار دەرکەتنە. ڤێجا، لگەل خالێن کو د.ع.م شێخو ژی رێزکرنە. پرسا مە ل ڤر ئەوە: گەلو ل گوری پیڤانێن روژنامەڤانیێ، ئانگو مەرج و ستونێن وێ، مروڤ دکارە وەکو روژنامەگەری ڤان وەشانان ب پەرژینە، ئان نا؟

ل داویێ، ئەگەر مە هن کوڤار، روژنامە ژبیرکربن، ئەم پێشدا لێبورینێ ژ خودی کوڤار و روژنامەیێن ژ بیرکری لاڤا دکن. و ئەز هیڤدارم، کو پێنوسێن چالاک، د ڤێ دەربارێ دە، لێکۆلینێن خوە رابەری زانستیا روژنامەگەریێ و چاندا کوردی بکن، و ڤالاهیێن لێکۆلینێن چاپەمەنیێ تژی بکن.

* ئەم بابەتە پێشتر لە ژمارە (٧، ٨)ی گۆڤاری (هاڤیبوون)، لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە، لەبەر دەستنەکەوتنی گۆڤارەکەو پەیوەندی بابەتەکە بە هەندێ بابەتی کە پێشووتر لە (رۆژنامەنووس)دا بڵاوکراوەتەوە، بەپێویستمان زانی جارێکی دیکە شوێنی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمان بکاتەوە، ئەوەی شایەنی باسە کاتێ سەرنووسەری گۆڤارەکەمان لە دوا رۆژانی کۆنفرانسی بەرلین سەردانی بنکەی کوردۆلۆجی لە بەرلین کردبوو، ئەم ژمارەیەی لای سەرنووسەری (هاڤیبوون) مامۆستا سالمێ جاسم دەستکەتبوو.

# وێنەو عەولەمەی راگەیاندن

شەوکەت هادی قادر*

هەواڵنامەی کتێب

لەنێو یەکێک لە داستانە سەرسوڕهێنەرەکانی چین دا هاتووە کە پاشایەکی ئەو وڵاتە داوای لە وێنەکێشی کۆشکەکەی خۆی کردووە، ئەو وێنەیە لا ببات کە بریتی بووە لە تاقگەیەک و لەسەر دیواری کۆشکەکەی نەخشێنرابوو، چونکە خوڕەی ئاوی تاقگەی وێنەکە نایەڵێت خەوی لێبکەوێت، ئەم چیرۆکە گوزارشتێکی راستگۆیانەیە کە هێزی وێنە کاریگەریی لەسەر هەموو هەستەکان بە گوێگرتن و بۆن کردن و بگرە هەندێک جار دەستلێخشاندنیش هەیە.

ئەو توانایەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەو گۆڕینی بۆ هێزێکی ماددی کاریگەر.

گومانی تێدا نییە، هۆیەکانی راگەیاندن وەکو دەستنووسی و کتێب و رۆژنامەو بڵاوکراوەو وێنەو (رقاع) تا دەگاتە سەردەمی تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ، پێشی ئەوانیش سینەما، بەپێی مێژوو چەندین وێنە ئایدیۆلۆژیاو بیرمەندی و بیروباوەڕی ئایینی بەرهەم هێناوە، ئەویش بە وێنەکردنی ئەو دۆخەی کە تێیدایە، کە ئەمانەش وایان کردووە ئەو بیرۆکانە لەمەنگەنە بدات و قەبارە و مەبەست و ڕەهەندی پێببەخشێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر کۆمەڵگەدا هەیەتی کە بەکاری بهێنێت لەداب و نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تاوەکو ئەو سەردەمەی ئێستا کە بەجیهانی ژیاری وێنە بەناوبانگە.

مێژووی وێنە مێژوویەکی دەگمەنە لە جۆرەکەیدا و گەیشتنە ئەو سەردەمەی کە تووشی کوێربوون هات، ئەمەیش لە ئەنجامی بەکارهێنان و زۆر نیشاندانی وێنەکان لە سینەماو تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر، هەروەها لە ڕێگەی جۆرەها روخساری ژیانی مادی وەکو ئەوەی لە ریکلام دا جل و بەرگ و پەیوەندییە گشتییەکاندا هەیە، بێ ئەوەی بزانین ئەوانە لە کوێ دێن و مانایان چییە و بۆچی بەکاری دەهێنین، تا وای لێهات هونەر بوو بە تەنیا پۆلین کردنێک نەک بۆ چێژ و تەماشاکردن و تەلەفزیۆن قووت دەدرێت بێ ئەوەی هەرس بکرێت و سینەما هونەرێکە و پەراوێز دەخرێت، بەو جۆرەی تا گەیشتینە ئەو ئاستەی چاو لە دەست بدەین، کاتێک کە هەر شتێک کە ببینین نرخەکەی نامێنێت و کەمی دیدگا پاڵمان پێوە دەنێت زیاتر بەرەو ئەندێشە بچین، لێرەدا مێژوو بە سێ قۆناغدا تێپەڕی:-

یەکەم: بواری وتن (Hogospher) یان

بازنــەی وتن، ئەم قۆناغە ماوەیەکی دوورودرێژی برد کە بەســەر مرۆڤایەتیدا تێپەڕی لەکاتی دەرکەوتنی نووســین هەتا دەرکەوتنی چاپکردن.

دووەم: بــواری نووســین (Graphospdere) یــان سەردەمی چاپکردن کە بە وێنە دەقەکە؟

دیــاری دەکرێت و نووســەر دەردەکەوێت بەشــێوەی نێرەر کە ئەویش دروســتی نووسینەکە دەردەخات لەگەڵ بە دەستهێنانی سەرچاوەی نووسراو.

ســێیەم: بــواری تەلەفزیۆنــی (Videosphere) یــان ســەردەمی ئەلەکتــرۆن، ئەمەش وای کــرد کتێب لە تاخچەکــەی بێنێتە خوارەوەو بیکاتە ســینبول، هەرچەندە ڕۆڵــی گوێگرتن زیادی کرد، بەڵام بینین لەو ســەردەمەدا بوو بە خاوەن دەسەڵات.

هــەر بوارێک لەو بوارانە هەریەکــە و بەپێی چۆنیەتی، ســوود لــە قۆناغی پێشــەوەی وەردەگیرێــت. بۆیە لێرەدا چاو کاری بینایــی خۆی دەکات بەیەکبوونێکی جیهانی. لە تەماشاکردندا تەلەفزیۆن و چاو لە دۆخی ڕەقیدا دەتوێنەوە، ئێمــە لێرەدا بەردەوام وێنــە لەبەرچاومانەو دەبێتە وێنەی لەبەرچاو زیندوو، بێ ئەوەی سەرچاوەی هەبێت ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ بەســتنەوەی دروســتی ســینبولەکە دەبێتە هۆی لەدەســت دانی ســەربەخۆیی و هەڵوەشــاندنەوە لە بنەمای ڕاستی و دروستیدا، وێنە بە هەموو چەمکەکەیەوە گوزارشتێکی بینایی و ڕێچکەی بیرکردنەوەو وتن دەگرێت، ئەمیش لە ڕێگەی خۆیەوە دەیگۆڕێت بۆ چەندین بیرۆکەو مانــای جیاجیا کە پابەنــدی ئەو ژینگە ڕۆشــنبیرییە بێت، لەوێشــەوە دەبزوێنێت بۆ گوتاری وێنە، بێگومان ئەمەش بەجیاوازی وێنــەکان و پەیوەندییــە بەردەوامییەکان دێتە کایــە، لەبــەر ئــەوەی هــۆکاری ڕەهەنــدی بەردەوامی و بەیەکگەیشــتن چەندیــن ئاکاری مــادی کاریگەریی دەبێت لەلایــەن وەرگــرەوە، بۆ دیــاری کردنی مانــاو نرخی ئەو کەســەی کە پشــتی پێ دەبەســتێت. لێرەدا دوو ئاست لە مانای وێنە دیاری دەکرێت.

(١)ئاســتی هــەواڵ: ئەو ئاســتەیە پەیوەندی نێــوان نێرەر و وەرگــر دیــاری دەکات و دەبێتــە ئەرکێک کە شــێوازی شــیکردنەوە وەردەگرێت، بێگومان دەبێت لە دەوروبەری پەیامەکەدا بخولێتەوە.

(٢) ئاســتی سینبول: ئاســتێکی ماناداری ڕوونە کە نێرەر مەبەستیەتی پەیامەکەی لە ئاستێکدا دیاری بکات و جۆری زمانەکەی بەتاکەکانی ســینبول دیاری دەکات، کەواتە سێ ئاستی سیستمی مانا لەوێنەدا کارا دەبێت کە هەر ئەویشە ڕەهەنــدی کاریگەری پێدەدات گوتاری زمانەوانی ئاســتی یەکــەم نابرێت کە ڕاپۆرتە هەواڵە، ئینجا ئاســتی زیندەگی

**"وێنــە بــــــــە هەموو چەمکەکەیەوە گوزارشتێکی بینـــــــایــی و ڕێچکەی بیرکردنەوەو وتن دەگرێت، ئەمیش لە ڕێگەی خۆیەوە دەیگۆڕێــت بــۆ چەندیــن بیرۆکــەو مانــای جیاجیا کــە پابەندی ئــەو ژینگە ڕۆشنبیرییە بێت"**

دواتر ڕەهەندی وێنەیە.

هەوڵ و کۆششــی بە عەولەمــە کردنی وێنە یەکبوونی هەستێکی دروســتی کردووە کە سەرچاوەکەی لە ژیاری ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە.

لێرەدا پەیامی تەلەفزیۆن ئامانجەکەی بەدەست هێنانی داخســتنی ئایدیۆلۆژیایە کە پەیوەســتە بــە نێرەروەوە یان بــە مانایەکی تر ئەوەی وێنەی تەلەفزیۆن پێشــانی دەدات ڕاســتییەکەو لێڵــی تێدا نییــە، هەروەهــا جێگۆڕکێی وێنە تەلەفزیۆنی کاردەکات لەسەر گۆڕینی وێنەکانمان لە جیهاندا کــە لەوێنە جوڵاوەکاندا بەتین دەبێت، بــەڵام کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان کۆنترۆڵی وێنە دەکات لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەوە، ئەوەی تۆڕی (C.N.N) پێشکەشــی دەکات جیهانێکی وێنەیە و چەندین فرمان دیاری دەکات لە ڕێگەی پێشــکەش کــردن و کاریگەرییــەوە لەلایــەن کارمەندانی تۆڕەکەو ئاراستەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە هەیە هەرچەندە وێنــەی تەلەفزیۆنی بەهێزبکرێت لــە ڕووی مادییەوە ئەوا وێنەکە چوارچێوەی هەستی لێکخشاندن بەتین تر دەکات، ئــەوەش وا دەکات پەیامەکە بەهێزتربێت و بە ئاراســتەی بیرکردنەوەی وەرگر. بەم جۆرە گوتاری وێنە ترسناکە لە توانایدایە زاڵبێت بەســەر بیرکردنــەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕاســتیدا هەیــە، بۆیــە پەیامی تەلەفزیــۆن دەبێتــە پەیامێکی بەرگر لەجیاتــی ئەوە جیهان بــە تەوەرێک لە وێنەکانیدا نیشــان دەدات کــە نایەوێت دیدگایەک هەبێت بــۆ ڕووداوەکان لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیرییەوە. ئەمەش لە چوارچێوەی دیاردەی عەولەمە پتەو دەبێت لە ئەنجامی بەکاربرانــەوە وەک ئامرازێکی پەیوەنــدی کە خۆی وەک نموونەیەکــی بەکارهێنــەر، وەک پەیامێک لــە هەمان کاتدا بــەکاری بهێنێت. ئەمانەش وەک هاوکارێک بەدی دەکرێت کــە تواناکانیــان بەشــێوەیەکی تایبەتی لە نووســینەوەی پرۆســەی گەیاندن لە کۆت و بەندی کات و شوێندا جۆرە دامەزراندنێکــی وێنــە لەنێوان مــرۆڤ و جیهانی بابەتێکی ڕاســتەقینەدا چالاکییەکان بەدیار بکەون کە خۆی لەخۆیدا پێچراوە بە بابەتە ڕاســتگۆییەکان کە ئەمەش وروژاندنی داســتانە پڕوپاگەندەکانی لێ دەردەکەوێــت، جگە لەمەش دەبێتە یەکێک لە ئامرازی دەسەڵاتدارەکان کە بەشێوەیەکی نادیــار دەســەڵات لــە ڕووی ڕۆشــنبیر و ئابوورییــەوە دەسەپێنێت و ئایدۆلۆژییەکان پتەوتر دەبێت.

ئامرازەکانــی پەیوەنــدی کاری یاریــدەدەر دەبینــن بەشــێوەیەک لــە شــێوەکان لــە هەڵمژینــی ناهۆشــیاری بەرانبەرەکانی لە ئەنجامــی بەرهەمهێنانی مادەکەیدا کەوا لەبەرهەم هێنەر دەکات بڕوا بە بەکارهێنەر بکات دەربارەی

> پەیــامــی تەلەفزیــۆن دەبێتــە پەیامێکی بەرگر لەجیاتــی ئەوە جیهان بە تەوەرێک لــە وێنەکانیدا نیشان دەدات کە نایەوێت دیدگایــەک هەبێت بــۆ ڕووداوەکــان لە ڕووی مێژوویــی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە



هەواڵنامەی کوردی

ئەو وێنەیەی کە پێیدا هەڵدەڵێت.
سەرەڕای ئەوە تەکنیکی ڤیدیۆ کلیپ پرۆسەیەکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کەلەپووری مۆسیقا بەلای خۆیدا رابکێشێت، وەک ئەو فیلم و کاسێتی گواستراوە لەو فیلمە رۆژئاوایانەدا هاتوونەتە ناو ماڵەکانمان ئەگەر لەگەڵ دابونەریتیشمان نەگونجێن.
ئەو کاریگەرییانە لە کرۆکدا لە سروشتی فەلسەفەی پەیوەندیدا بەدیار دەکەوێت کە ئەمەش وای کردووە لە رۆڵی راگەیاندندا بەدیار بکەوێت و ببێتە تەوەرێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا هەروەها لە تەوەری ئابوورییە گەورەکاندا مەرجێکی بنەڕەتییە بوژاندنەوەی بچووکەکانە ئەمەش تەوەری راگەیاندن لە ژیانی هاوچەرخماندا بەدیار دەکەوێت بەم پێیە راگەیاندن و ئامرازە ئەلکترۆنییەکان گۆڕەپانێکی رۆشنبیرییە پێی دەگوترێت رۆشنبیر میدیا و تەکنەلۆژیاو هۆکارە جۆر بەجۆرەکانی تر وەک چۆن بە ئەرستۆ دەڵێن مامۆستای یەکەم و بە واڵت دیزنی دەڵێن مامۆستای گەورە وەک ئەوەی گوتاری خوێندنگەی فرانکفۆرت وای دەبینێت کە میدیا ئامرازێکی دەست بەسەرا گرتنەو خوێنی سەرمایەداری نوێدەکاتەوە لەپێناو بەکارهێنان و وەرگەڕانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە راگەیاندن روخسارێکی نوێخوازییەو دەبێت بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دابنرێت و تەماشا بکرێت ناکرێت سەیری میدیا بکرێت، بەوەی لە روخسارە نوێکانی تر جیابکرێتەوە لێرەدا راگەیاندن بەردەوام دەبێت لەسەر ئەوەی بیەوێت ژیاری وێنە بخاتە هەموو کونج و کەلەبەرێک بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمپانیاکانی راگەیاندنی فرە رەگەزەکان دەست بەسەر دا بگرێت و لەلایەن ئەو جەماوەرەی کە راگەیاندن بەشێوەی گوێ گرتن و تەماشا کردن و بە سینەماو تەلەفزیۆن بەکاری دەهێنێت. لە دەرەنجامدا دەتوانین بڵێین چاپەمەنییەکان رەهەندێکی نەتەوایەتییان پێوە دیارە و رادیۆ رەهەندێکی کیشوەری پێوە دیارە. تەلەفزیۆنیش رەهەندێکی گەردوونییە ئەمە لە رووی تەکنیکەوە گونجاوە، بەڵام لەرووی کۆمەڵایەتی و هۆشیارییەوە نەگونجاوە، چونکە تەلەفزیۆنی گەردوونی ناتوانێت مرۆڤایەتی یەکبخات و بینەران هەموو لە یەک شوێندا کۆ بکاتەوە. بە هەر شێوەیەک بێت ناتوانرێت لە عەولەمە بگەین بێئەوەی سەرنجی عەولەمەی ئابووری نەدەین، لەبەر ئەوەی تێکهەڵکێشیەک هەیە لەنێوان ئابووری و بازاڕ و راگەیاندندا.

"

**میدیا ئامرازێکی دەست بەسەرا گرتنەو خوێنی سەرمایەداری نوێدەکاتەوە لەپێناو بەکارهێنان و وەرگەڕانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە راگەیاندن روخسارێکی نوێخوازییەو دەبێت بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دابنرێت و تەماشا بکرێت**

"

* خوێندکاری ماستەر لە (صحافه والأعلام).

# هەڵمەتی ڕاگەیاندن "Media Campaign"
# چەمک و گەشەکردن

د.حەمید جاعد دلێمی
و: بەهادین ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

**دەروازە**

ئەمڕۆ هەڵمەتی ڕاگەیاندن وەکو چەمک و کارلەسەرکردن، بۆتە باس و خواسێکی جێی بایەخ و گرنگی پێدانی میدیا و ناوەندە سیاسییە بڕیار بەدەستەکان، بەشێوەیەک ئێستا ئەم چەمک و پرۆسەیە چوارچێوەی ناوچەیی و هەرێمی و سنووردارییە کلاسیکییەکەی بەزاندووە، وەک دیاردەیەکی نێودەوڵەتیش لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان و سیاسیەکاندا دەردەکەوێت.

هەرلەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەش لەسەر ئەم چەمک و دیاردە ڕاگەیاندنە سەرنجی توێژەرانی بواری زانستی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی لە ناوەندەکانی توێژینەوەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی ڕاکێشاوە.

ئەم توێژینەوەیەش کە جۆرێکە لە توێژینەوەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن (Communication) دەیەوێت سەرنج و ڕووناکی بخاتە سەر چەمک و قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەم دیاردەیە وەکو بەشێک لە توێژینەوەی پەیوەندیکردنی جەماوەری (Mass Communication) کەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن (Mass Media) دەگرێتەوە.

**چەمک و پێناسەی هەڵمەتی ڕاگەیاندن (Media Campaign)**

پێش ئەوەی بچینە سەر پێناسەکردنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن، بە پێویستی دەزانم پێناسەی خودی چەمکی هەڵمەت (Campaign) بەشێوەیەکی گشتی بکەم کە بریتییە لە پرۆسەیەکی دەستنیشانکراو و گشتگیر کە سەرجەم هۆکارەکانی بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو تێدا بەکاردەهێنرێت.

هەروەها پێناسەی هەڵمەت (Campaign) لە فەرهەنگی (ویبستەر) بەم شێوەیە هاتووە:"زنجیرەیەک کرداری پلاندار و ڕێکخراوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکان".

هەروەک لە شـوێنێکی تری هەمان فەرهەنگدا چەمکی هەڵمـەت (کە لێرەدا مەبەسـت لێی هەڵمەتی سـەربازییە) (وەرگێڕ) بەم شـێوەیە ناسێنراوە: "بریتییە لە زنجیرەیەک لە پرۆسـەی سەربازیی بەمەبەسـتی گەیشتن بە ئامانجە سەربازییە تایبەتییەکان لە شەڕدا ".

هـەروەک (جۆرج بـۆش)ی سـەرۆکی ئەمریکا لەپاش ڕووداوی هێرشەکانی (١١)ی سێپتەمبەری سەر وڵاتەکەی و دواتـر ڕاگەیاندنـی هەڵمەتـی دژە تیـرۆر لـە میانـەی پێشکەشـکردنی وتارێکـدا لەبەردەم جەمـاوەری ئەمریکا زاراوەی کـرۆ سـیدا (Cru-Sade) ی بەکارهێنـا کـە بەواتای ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی ئیسلام دێت وەکو چەمک و زاراوەیەکـی سیاسـی، ئەمەش شـەپۆلێکی ناڕەزایی و خۆپیشـاندانی موسـوڵمانانی لەسـەرجەم وڵاتانی جیهان بەگشـتی و ئەمریـکا و ئەوروپا بەتایبەتـی بەدوای خۆیدا هێنـا. بێگومـان حکومەتی واشـنتۆن و سـەرۆکەکەی بە درکانـدن و وتنـی ئـەم زاراوە و دەسـتەواژەیە زیانێکی گەورەی سیاسی و جەماوەریی کرد، پاشان لەژێر فشاری جەمـاوەردا و لەترسـی ڕوودانی کاردانـەوە لەبەرامبەر ئـەم وتەیەی سـەرۆک بوش دا پاشـگەزبوونەوەی خۆی ڕاگەیانـد و داوای لێبووردنـی لە موسـوڵمانانی جیهان و ئەمریکا کرد.

> "زاراوەی کرۆ سیدا (Cru-Sade) ی بەکارهێنا کە بەواتـای ڕاگەیاندنی شەڕ لـەدژی ئیسلام دێت وەکو چەمک و زاراوەیەکی سیاسی، ئەمەش شەپۆلێکی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی موسوڵمانانی لەسەرجەم وڵاتانی جیهان بەگشتی و ئەمریکا و ئەوروپـا بەتایبەتی بەدوای خۆیدا هێنا"

#### پێناسەکانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن

زانـا و پسـپۆڕانی بـواری زانسـتی ڕاگەیانـدن و پەیوەندیکـردن هەریەکـە و لە ڕوانگە و دیـدگای تایبەتی خۆیەوە پێناسـەی ئـەم چەمک و دیاردەیـان کردووە کە زانا ولبەر شـرام (Wilber Schramm) بەیەکەم زانا و پسپۆڕ لەجیهاندا دادەنرێت کەلەساڵی (١٩٦٤) دا پێناسەی کـردووە، دواتر هەریەکە لـە زانایان ڕۆجەرز (Rogers) لەساڵی (١٩٧٣) و زانا س.سێل (C.Cell) لەساڵی (١٩٧٧) و زانـا ب. هیـل (B.Hall) لەسـاڵی (١٩٧٨) و زانایانی تر پێناسەیان کردووە.

لێـرەدا پێناسـەی هەندێک لـەو زانا و پسـپۆڕانە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١- پێناسەی ولبەر شرام (Wilber Schramm) لەساڵی (١٩٦٤):

پێویستە هەڵمەتی ڕاگەیاندن بەم شێوەیە بناسێنرێت و ئەنجامبدرێت:

أ- دەبێـت لەکاتـی ئەنجامدانـی هەڵمەتـی ڕاگەیاندندا کار لەسـەر ئەم لایەنانە بکەین و بەباشـی تێیان بگەین: ئاست و شـێوازی بژێوی، بیروباوەڕ، بیروڕای گوندنشـینەکان و فاکتـەری کۆمەڵایەتـی کـە هاوکاری شـێوازی ژیان و

چۆنێتی دەکات و دیاریدەکات.
ب- پێویستە ئەنجامدانی شێوازی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جوتیار و کرێکار و پیشەوەرانی تر لە شوێنی کارکردنیان بەهەند وەربگرین.
ج- پێویستە سەرجەم هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بە شێوازی شیاو و گونجاو لەگەڵ سرووشتی هۆکارەکەدا لەکاتی گونجاودا بە ئاقاری بەکارهێنانی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری بەسوود بەمەبەستی بەشداریکردنی جەماوەر لەو پرسەدا بەکاربهێنین.
٢- پێناسەی ئیڤیت. ئێم. ڕۆجەرز (Everett. M. Rogers) لەساڵی (١٩٧٣):
بریتییە لە دانانی پلانێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی چالاکییەکی پەیوەندیکردندا بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕان لە ڕەفتاری پەیام وەرگر لە کاتێکی دیاریکراودا.
٣- پێناسەی س.سێل (C.Cell) لەساڵی (١٩٧٧):
هەڵمەتی هاندانی جەماوەرە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ئامانجداری دیاریکراو بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕان لە هزر و بیری خەڵکدا و گەشەکردنی پەیوەندی هێزە چینایەتییەکان یان دامەزراوە ئابووری و بەرهەمهێنەکان.
٤- پێناسەی ب. هیل (B.Hall) لەساڵی (١٩٧٨):
هەڵمەتێکی جەماوەرییە بەزۆری لەبواری هاندانی سیاسیدا بەکاردەهێنرێت، هەروەک لەبواری خوێندن و تەندروستی و لایەنی دیکەشدا دەبێت. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەدوای ستراتیژیەتی پەیوەندیکردندا دەگەڕێن ئەویش بە بەگەڕخستنی ڕادیۆ، چاپخانە، ڕۆژنامە، تابلۆی ئاگادارییەکان، شانۆ و ڕێکخراوەکانی هاوتەریب و هاوکار لەگەڵ بابەت و سرووشتی ئەو هەڵمەتەدا.
٥- پێناسەی ئی. ڕۆجەرز (E. Rogers):
هەڵمەتێکی پەیوەندییکردنە کە خۆی لە پلاندانانی پێش وەخت و چوارچێوەی چالاکی و بزاوتێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە خەڵک و هاندانیان بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێک کە ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێت.
٦- پێناسەی سی. کەی. ئاتکن (C.K.Atkin):
هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی زانیارییە لەڕێگەی زنجیرەیەک پەیامی عاتیفییەوە، پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتیی جەماوەر، ئەمەش بە پێشکەکردنی ئەم زانیاری و پەیامانە دەبێت لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەرییەوە بۆ جەماوەری دیاریکراو.
٧- پێناسەی ئێس. ئێچ. جافی (S.H.Chaffee):
مەبەست لە هەڵمەتە سیاسییەکانە بۆ هاندانی لایەن و

**پێویستە ئەنجامدانی شێوازی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جوتیار و کرێکار و پیشەوەرانی تر لە شوێنی کارکردنیان بەهەند وەربگرین**

هۆکارێـک یاخود دەنگدان و لایەنگریکردن لە پاڵێوراوێکی هەڵبژاردن.

٨- پێناسـەی ب.ئـاڕ. فلای و تی. ئاڕ. کـوک (B.R.Flay &T.D.Cook):

چڕکردنـەوەی هەوڵ و کۆششـەکانە بۆ بەرگرتن لەو ڕەفتارە نامۆ و چەوتانەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە بەرپەرچ دەدرێنـەوە و ئازاریـان دەدات لەڕێگـەی بەکارهێنانـی هۆکارەکانـی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر و بەشـداریکردنەوە دەبێـت لـە هۆڵەکانـی خوێنـدن و بەرنامەکانـەوە و ئاڵوگۆڕکردنـی بیـروڕا لـەم ڕێگەیەوە لە ماڵـەوە یان لە شوێنی کار.

٩- پێناسەی و.جەی.پاسلی (W.J.Paisley):

بریتییـە لە هەڵمەتـی بڵاوکردنەوەی زانیاری گشـتیی سـەبارەت بە بابەت و کێشـە و تەوەرەیەک بەمەبەسـتی سەرنجڕاکێشـانی خەڵک و کارکردنە سـەر بیررکردنەوە و ڕەفتاریـان ئەمـەش بەبەکارهێنانـی پێداویسـتییەکانی پەیوەندیکردن ئەنجامدەدرێت.

١٠-پێناسەی د.مکویل (D.McQuail):

بریتییـە لـە هەڵوێسـت وەرگرتـن لەبەرامبـەر بابەت و دیاردەیەکـدا لەڕێگـەی بەکارهێنانـی ژمارەیـەک لـە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بە ئاقار و ئامانجی هێنانەژێربار (قەناعـەت پێکردن)ی ئەو جەماوەری دەستنیشـانکراوەی کە پرۆسەکە دەیانگرێتەوە وەکو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سیاسـی، ڕیکلامکـردن، کۆمەکـی دارایـی و مرۆیـی، تەندروستی و ئاسایش.

١١-پێناسەی و.جەی.مکجوری (W.J.Mc Guire):

هەڵمەتێکـی پەیوەندیکردنـی دروسـتە بەمەبەسـتی قەناعـەت پێکردنـی تاکـەکان بەشـێوەیەک هەسـتن بـە ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسـیارێتییە تاکە کەسـیەکانیان بە ئامانجی ڕێکوپێکردنی ژیانیان لە کەشێکی تەندروستی گونجـاودا ئەمەش لەڕێگـەی بەگەڕخسـتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و سـەرجەم کەناڵەکانی تری پەیوەندیکردنەوە دەبێت.

**مەبەستی سەرنجڕاکێشانی خەڵک و کارکردنە سەر بیررکردنەوە و ڕەفتاریان ئەمەش بەبەکارهێنانی پێداویستییەکانی پەیوەندیکردن ئەنجامدەدرێت**

### قۆناغەکانی گەشەکردنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن

قۆناغی یەکەم- کاریگەری سنووردار:

بەپێـی ئـەو توێژینەوانـەی کـە لەبـواری کاریگەری هەڵمەتـی ڕاگەیاندنـدا لەلایەن زانا و پسـپۆڕانی ناوەندی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەوە لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکا بەسەرپەرشـتی زانا لازارسفیلد (Lazarsfeld) لەساڵانی چل و پەنجاکانی سـەدەی ڕابـردوو ئەنجامدرا، دەرکەوت کە کاریگەری هەڵمەتی ڕاگەیاندن لەو ماوەیەدا سنووردار

بووە بەشێوەیەک ڕێژەکەی زۆر کەمتر بووە لەوەی کە میدیاکانی ئەمریکا پێشبینیان دەکرد کە کاریگەری بەجێی بهێڵێت لەسەر بینەران و بیسەران، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ توێژینەوەیەکی ورد نابینرێت کە هۆکاری لاوازی کاریگەری هەڵمەتی ڕاگەیاندن لەو سەردەمەدا بخاتەڕوو.

هەروەک لەو توێژینەوە سەرەتاییانەی کە لەسەر کاریگەری هەڵمەتی ڕاگەیاندن ئەنجامدراوە توێژینەوەیەکی لازارسفیلد و هاوڕێکانێتی لەساڵی (١٩٤٨) لەپاش پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا ساڵی (١٩٤٠) بەڕێوەچوو، لە ویلایەتی ئۆهایۆ (Ohio) ئەنجامیاندا کە تێیدا دەرکەوت ڕێژەیەکی کەمی هاووڵاتیان بەهۆی کاریگەری هەڵمەتی ڕاگەیاندنەوە لەو ویلایەتە بیروڕایان گۆڕاوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەکە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو هاووڵاتیانەدا بکەن کە پرۆسەی دەنگدانیان لەو هەڵبژاردنەدا بە هەند گرتبوو، بەڵکو زیاتر میدیاکان لە ویلایەتی ناوبراو لە ڕێگەی خاوەن بڕیار و بیروڕاکانەوە کاریان دەکردە سەر جەماوەر.

لەساڵی (١٩٤٧) یشدا توێژینەوەیەک سەبارەت بە هۆکارەکانی شکستخواردنی هەڵمەتەکانی زانیاریی تایبەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی هاووڵاتیان لەسەر چەند کاروبارێکی گشتیی ئەنجامدرا، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست بەرپرسانی هەڵمەتەکە بە شێوەیەکی سادە و ئاسان نەیانتوانیوە پشت بە شێوازی ڕاستەوخۆ بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ببەستن، لەبەرامبەردا ژمارەیەک فاکتەری دەروونییان بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە کە دواتر سەرنەکەوتن و پەکخستنی هەڵمەتەکەی لێ کەوتۆتەوە.

یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجامدرا، توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە پاش ئەوەی هەڵمەتێکی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ڕیزی ژنان، بەساڵاچووان و هەژاران دا لەژمارەیەک لە وڵات و ناوچەکانی جیهان ئەنجامدا تێیدا ئەندامانی (٢٨٠٠) ڕێکخراو کاریان تێدا کرد و (٦٠) هەزار پەڕەی کاغەزی زانیاری تێدا بەکارهات و (٦٠) بەرنامەی فێرکردنی هەفتانە لە ژمارەیەک ڕادیۆوە پێشکەشکرا، دەرکەوت ئەنجامی هەڵمەتەکە تەنیا ڕێژەی فێرکردنی زانیاری (٢٪) بەرزکردۆتەوە بەشێوەیەک پێش هەڵمەتەکە ڕێژەکە (٧٠٪) بووە و پاش هەڵمەتەکە بووەتە (٧٢٪) بەمەش توێژەرەکان بۆیان دەرکەوت هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ئەوتۆ کاریگەریان لە پرۆسەکەدا نەبووە.

**توێژینەوەیەک سەبارەت بە هۆکارەکانی شکستخواردنی هەڵمەتەکانی زانیاریی تایبەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی هاووڵاتیان لەسەر چەند کاروبارێکی گشتیی ئەنجامدرا، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست بەرپرسانی هەڵمەتەکە بە شێوەیەکی سادە و ئاسان نەیانتوانیوە پشت بە شێوازی ڕاستەوخۆ بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ببەستن**

لەبەرامبەر ئەمانەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و حاڵەتانە زانا کارت رایت (Cart Wright) چەند داواکاری و پێشنیازێکی گەلاڵە کرد تاوەکو لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن و توێژینەوەی بواری هەڵسەنگاندنی هەڵمەتەکاندا ڕەچاوبکرێت و کاری پێبکرێت لەوانە کۆکردنەوەی زانیاری (Information) و داتا (Data) لەسەر ئاراستەی تێڕوانینی جەماوەر و خواست وداواکاریەکانیان لەپێش ئەنجامدانی هەر هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن، ئەنجامدانی توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی ڕادەی چالاکی هۆکانی ڕاگەیاندن و بایەخدان بە ناوەرۆکی پەیامەکانی هەڵمەتەکان و هەڵسەنگاندن و شیکارکردنیان لەڕێگەی توێژینەوەی ناوەرۆکی پەیامەکانی ڕاگەیاندنەوە و ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاپرسی بۆ خوینەر یان بیسەر یاخود بینەرانی میدیاکان تاوەکو هۆکاری ڕاستەقینەی گرفتەکان بدۆزرێتەوە و چارەسەری ڕیشەییان بۆ دابنرێت. هەروەک ئەم زانایە بۆ یەکەم جار باسی لە گرنگی و بایەخی پەیوەندی مەعریفە (Cognition)، پاڵنەر (Motivation) و ڕەفتار (Behaviour) لە ڕوانگەی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنەوە کردووە تاوەکو پسپۆڕان و ڕاگەیاندکاران بایەخی پێ بدەن و پەیڕەوی بکەن.

<u>قۆناغی دووەم- سەرکەوتنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن هەر ڕوودەدات:</u>

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا تایبەت بە هۆکارەکانی شکستهێنانی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدراوە، توانراوە لە هەڵمەتەکانی نوێی ڕاگەیاندندا تاڕادەیەک سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ئەگەر پلان و ستراتیژیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ شێوازی کارکردنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی جەماوەری بەتایبەتی لەکاتی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەدژی یان بە ئاقاری خزمەتکردن بە بابەت و تەوەرەیەک ئەنجامبدرێت،دەتوانرێت سەرکەوتن مسۆگەر بکرێت، هەروەک سەرەتا مندلسۆن ( Mendelsohn) لەمیانەی وتارە بڵاوکراوەکانیدا لەساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئاماژەی پێکردووە و بەکلیلێک بۆ تێگەیشتن لە هەندێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی زانیاری بڵاوکردنەوە دادەنرێت.

لێرەدا ئاماژە بەو خاڵ و تەوەرانە دەکەین کە (مندلسۆن) کاری لەسەر کردووە وەک ئەزموونێک لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندندا تاوەکو ببێتە بنەمایەک بۆ شێوازی کار و ستراتیژیەتی خودی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن کە بەم

**"**

**-توانراوە لە هەڵمەتەکانی نوێی ڕاگەیاندندا تاڕادەیەک سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت**

**- لەکاتی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەدژی یان بە ئاقاری خزمەتکردن بە بابەت و تەوەرەیەک ئەنجامبدرێت، دەتوانرێت سەرکەوتن مسۆگەر بکرێت**

**"**

شێوەیەی لای خوارەوەیە:

١- هەڵسەنگاندنی شێوەی بەکارهێنراو (Utilize formative evaluation):

لەکاتی چوارچێوەدانان بۆ هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن پێویستە زانیاری و ئەنجامە کەڵەکەبووەکانی توێژینەوەکانی پەیوەندیکردنی دامەزراوەکە بە هەند و بایەخ وەربگیرێت کاریان لەسەر بکرێت یان ئەو زانیارییە کۆکراوانەی کە لەئەنجامی داتا و چاوپێکەوتنی بینەران لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکاندا بەدەست کەوتوون.

هەروەها ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر جەماوەری کارلەسەرکراوی هەڵمەتەکە کۆکراونەتەوە و دواتر هەڵسەنگاندنیان، بەشێوەیەک بنەمای هەڵسەنگاندنەکە لەنێوان ڕەخنەگرانی هەڵمەتەکە کەخۆی لەپسپۆڕ و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردندا دەبینێتەوە، هەڵسوڕاوانی ئەو هەڵمەتە دەبێت. بۆیە پێویستە ڕەخنەگرتنەکە لەسەر بنەمای زانیاری و بەڵگەنامە و شایەت بێت بەشێوەیەکی بابەتی و دوور لە توندوتیژی و لەکەشێکی ئاسایی و هێمنانەدا، تاوەکو هەڵسەنگاندنەکە بەرهەمدار و بەبایەخ بێت و شتێک لە واقیع شارەزامان بکات و کارێکی لەمڕووەوە لێوە فێربین.

٢- دانانی ئامانجی پەسەند بۆ هەڵمەتەکە:

پێویستە پێش ئەوەی هەر هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن بەڕێوە بچێت، ژمارەیەک ئامانجی پەسەند و بەرهەمدار بە ئاقاری خزمەتکردن بەجەماوەری بۆ دەستنیشان بکرێت، تاوەکو هەڵمەتەکە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی ون نەکات و ئامانجی دیاریکراوی خۆی بپێکێت. هەروەک ئاکامی هەندێ لە توێژینەوەکانی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن دەریانخستووە کە ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتیان ئامادەنەبوون کە بیروڕا و ڕەفتاری خۆیان لەکاتی یان لەدوای هەڵمەتەکە بگۆڕن، چونکە بەتەواوی زانیاریان پێنەگەیشتووە لەسەر دیاردە و تەوەرەکە یان لەئامانج و مەبەستی ئەنجامدانی هەڵمەتەکە نەگەیشتوون یاخود بابەتی هەڵمەتەکە جێی بایەخ و سەرنجیان نەبووە.

٣- پۆلین و دابەشکرنی جەماوەر:

لەوانەیە کارکردن بە ستراتیژیەتی پۆلین یاخود دابەشکردنی جەماوەر بۆ کۆمەڵە و گرووپی بچووکی هاوشێوە، هاوکار و یاریدەدەری باش بێت بۆ پلان داڕێژەرانی بواری هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەک بتوانن لەخواست و ئاراستەی بیرکردنەوەی جەماوەر تێبگەن کە ئەم شێوازە بەتایبەتی لەبواری پلانی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و ڕیکلامکردندا پەیرەو دەکرێت.

**"پێویستە پێش ئەوەی هەر هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن بەڕێوە بچێت، ژمارەیەک ئامانجی پەسەند و بەرهەمدار بە ئاقاری خزمەتکردن بەجەماوەری بۆ دەستنیشان بکرێت"**

٤- بایەخدان بە ڕۆڵی کەناڵەکانی پەیوەندییکردن لە نێوان تاکەکاندا:

سەرجەم پسپۆڕ و زانایانی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن بەتەواوی هەست بە بایەخ و گرنگی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی جەماوەری و تەنانە تاکەکەسی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەن، بۆیە پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندندا هەوڵ بدرێت سەرجەم کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بەئاقاری خزمەتکردن بە ئامانجەکانی هەڵمەتەکە بەگەڕبخرێن و سوودیان لێوەربگیرێت، چونکە ئەم کەناڵانە ڕێگە و شێوازی ئاسان و گونجاون بۆ کارکردن لەسەر هزر و بیرکردنەوە و خواست و ئارەزو و ڕەفتاری کۆمەڵ و ئەنجامدانی گۆڕان بەسەریاندا.

<u>قۆناغی سێیەم- کاریگەری نوێ:</u>

بابەت و قسەکردن لەسەر دیاردەی کاریگەری هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی لە دواچارەکی سەدەی ڕابردو (واتە: لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠-٢٠٠٠) بۆتە جێی بایەخ و گرنگیپێدان بەشێوەیەک ئاماژە بەوەدەکرێت کە هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن دەتوانێت بە سەرکەوتووی ئامانجەکانی بپێکێت و کاریگەری تەواو بەسەر جەماوەرەوە بەجێبهێڵێت، ئەگەر ئەم پرۆسەیە ستراتیژیەکی باش و ڕوون و پلانێکی پێش وەختی بۆ دابڕێژرێت و هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری (Mass Communication) بەشێوەیەکی کارا تێدا بەشداربکرێت و بەگەڕبخرێت کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن (Media Mass) لەکاراترین و سەرەکیترین هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەرین بەشێوەی ڕاستەوخۆ.

لەم ڕوانگەیەوە لەساڵی (١٩٧٣) مندلسۆن (Mendelsohn) بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە کە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە ڕابردوودا کە بکرێتە بنەمایەک بۆ بنیادنانی تێڕوانینی ئایندە سەبارەت بە هەڵمەتەکان، هەروەک ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکارەکانی سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری دەکرێت لەسەر بنەمای توێژینەوە لەئەزموونی هەڵمەتەکانی ڕابردو و هەڵسەنگاندنیان ئەنجامبدرێت بەشێوەیەک زانیاری لەسەر هەریەکە لە توێژینەوە لەبواری کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن، ئاراستەی ڕەفتاری کۆمەڵ و جەماوەر، ستراتیژیەتی پرۆسەی هەڵمەتی ڕاگەیاندن،ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاپرسی، پێوانەکردنی ڕێژەی کاریگەری هەڵمەتەکان لەسەر مەعریفە، بەکارهێنانی بنەمای زانستی و ئەکادیمی لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و هەڵمەتەکاندا.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (الباحث الإعلامي)، وەرزە گۆڤارێکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی بابەت و توێژینەوەی زانستیی ڕاگەیاندنە، کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغداد دەریدەکات، ژ. (١)، ئازاری / ٢٠٠٥، ل ٤٥-٧٢.**




# بیبلیۆگرافیای گۆڤاری "بۆ پێشەوە"

ئامادەکردنی: خالد گڕاوی

گۆڤاری بۆ پێشەوە گۆڤارێکی قەبارە فلسکاب، لەژمارە یەکی لەسەر بەرگەکەی نوسراوە بۆ پێشەوە (گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-لقی هەولێر) ە.لە ژمارە یەکی گۆڤارەکە ئاماژەی، ژمارەی لێدەرچوە ژمارە (١،٢)ی گۆڤارەکە لەساڵی (١٩٧٣) دەرچوە، بەلام ژمارە (٣)ی کە دواژمارەیەتی لەساڵی (١٩٧٤) دەرچوە و بڵاو نەکراوەتەوە بەهۆی تێکچونی مفاوەزاتی نێوان کورد وحکومەتی عێراقی،بەلام بەڕێز (هیوا سەرهەنگ) لەکاتی دەست بەسەرا گرتنی گۆڤارەکە لەبەغدا نوسخەیەکی هێناوە[١].

ژمارە (١)ی لەچاپخانەی(کاکەی فەلاح) لەسلێمانی لەچاپ دراوە و ژمارە (٢،٣) لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا بەچاپ گەیاندراوە.

سەرۆکی نوسینی لەژمارە یەک خوالێخۆش بوو مامۆستا (عوسمان دزەیی) بوە، لەژمارە دوو گۆڕاوە بە مامۆستا (محەمەد مەنگوڕی)، دەستەی نوسەرانی پێکهاتبوو لە مامۆستا

(عەزیز گەردی، یوسف دەرگەڵەیی، ئەحمەد نەقشبەندی و کەمال غەمبار) لەژمارە دووی کەلەهەمان ساڵ دەرچوە سکرتێری نوسین گۆڕاوە بە (یوسف دەرگەڵەیی) دەستەی نوسەرانی (عزیز گەردی، ئەحمەد نەقشبەندی، عوسمان حەسەن ڕەسول)، لە ژمارە سێی تەنها لەجەستەی نوسەرانی کەریم شارەزا زیاد بوە، دەکرێ ناوەڕۆکی گۆڤارەکان بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

### ١- بابەتی پەروەردەیی

* مامۆستاو پڕۆگرام، لەنوسینی مامۆستا محمد مەنگوڕی، لە ژمارە یەک ساڵی یەکەم- لاپەڕە (٤).




* کورتە باسێک لەبارەی پەروەردە، لەنوسینی ئەحمەد نەقشبەندی، لە ژمارە یەکی ساڵی ١٩٧٣، لاپەڕە ١١.
* مامۆستای پۆلی یەکەم، لەنوسینی (م) لە ژمارە (١)ی ی ساڵی یەکەم ١٩٧٣ لاپەڕە١١.
* چۆنیەتی فێر کردنی پیتی (ژ) لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی لەژمارە یەکی ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (١٦ تاکو لاپەڕە ٢١).
* مامۆستاو کۆمەڵ لەنوسینی ئەحمەد شەریف، لەژمارە ١ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٢٥).
* پڕۆگرامەکانی کۆمەڵایەتی و قوتابخانەکانی کوردستان، لەنوسینی یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی لە ژمارە دووی ساڵی یەکەم ١٩٧٣ لاپەڕە (٣٩ تاکو ٤٢).
* لەبارەی کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، لەنوسینی (نەجات عەساف) ژمارە (٢) ساڵی یەکەم ١٩٧٣، لاپەڕە (٢٥).
* سەرپەرشتی پەروەردەیی، لەنوسینی (عوسمان حسن دزەیی) لەژمارە ٣ ساڵی دوەم ١٩٧٤ لاپەڕە.(٣٩- ٤٢).
* پەروەردە و ئامانجەکانی، لەنوسینی (ئەحمەد نەقشبەندی) لە ژمارە ٣ ساڵی دووەم ١٩٧٤ لاپەڕە (٤ تا ٧).
* دیسان سەرپەرشتی پەروەردەیی، لە لەنوسینی(عوسمان حسن دزەیی) لەژمارە ٣ ساڵی دوەم ١٩٧٤ لاپەڕە (١٩).
* گیروگرفتەکانی قوتابخانەی ئامادەیی ئێواران لەنوسینی (دلشاد حەیدەر مختار) ساڵی دوەم ١٩٧٤ لاپەڕە (٢١،٢٢).
* ئامانجی مامۆستا لەگوتنەوەی زمانی ئینگلیزی دا لەنوسینی (عەزیز گەردی).
* سەرنجێک لەڕەخنەی شانۆگەری دا لەنوسینی(تەلعەت

سامان) لەژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٤٣ - ٤٧).

**٢- ئەدەب**

**A– شیعری کوردی**

* بەرەو سەنگەر لەنوسینی(سعدالله پەرۆش) لەژمارە ١ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٨).
* ئەی پێشمەرگە شیعری(جمیل ڕەنجەدەر) لەژمارە ١ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٨).
* بەشێکی تر لەپەراوێز کراوەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی- سامی شۆڕش/ لەژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (١٢).
* بەرهەمی ڕەنج لەنوسینی(پیربال محمود) لەژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (١٧).
* علی پرتۆ هەکاری، شاعیرێکی شۆڕشگێری کوردستانی تورکیایە لەنوسینی هیوا سەرهەنگ، لەژمارە ١ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٣٦).
* لەسامانی نەتەوایەتی لەنوسینی عەلی بەردەشانی، ژمارە ١ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە(٢١).
* دیاردەیەک لەنوسینی محسن ئاوارە، لەژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٢١).
* بارزانی، لەنوسینی جەمشید حەیدەری، لەژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە ( ٢٦- ٢٥).
* نەورۆز، لەنوسینی علاالدین سجادی، لەژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٢٧).
*سرودی سەربەست، لەنوسینی کاردۆ گەلالی، لەژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (٣٠).
* بانەوەستین، لەنوسینی ئازاد دلزار، لەژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٤ لاپەڕە (١٨).
* داستانێکی تری دلداری،لە نوسینی نەژاد عزیز سورمێ لەژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٤ لاپەڕە(١٨).
* گلەیی شیعری جەلال خۆشناو لەژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٤ لاپەڕە (٣٥).
* هانایەک لەناخەوە لەنوسینی عمر محمد بەرزەنجی لەژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٤ لاپەڕە(٣٥).
* دیاری ژمارە، وێنەیەک لەژیان لە گۆڤاری گەلاوێژ وەرگیراوە، لەژمارە(١) ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە(٩).
* لەسامانی نەتەوایەتیمان لەشیعری عەلی بەردەشانی، ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٤ لاپەڕە(٢٩).
* پەیامی خوێندن لەنوسینی عبدالخالق سەرسام -/ژمارە سێ یەم سالی ١٩٧٤/ لاپەڕە (٤٥).

**B– شیعری وەرگێردراو**

* گزنگ دان، شیعری (ئەفگین دولمائوفسکی)، گۆڕینی (گ)، ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە(١٢).
* دوو هۆنراوە، گۆڕینی (نەژاد عەزیز سورمێ)، ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە (١٧).
* دلدار کێ لات/ وەرگێرانی عبدالخالق علاءالدین/ ژمارە٣/ سالی دووەم/ ١٩٧٣ لاپەڕە ٥٣، ٥٠،٥١،٥٢.
*بانگەوازی تۆڵە – – لەئەدەبی ڤێتنامی/ گۆڕینی أسماعیل سەرهەنگ/ژمارە١/ سالی یەکەم/ ١٩٧٣/ لاپەڕە ٢٢.

**C – چیرۆکی وەرگێردراو**

*تاشەبەردی تێنوێتی –لەنوسینی علی عیسی – وەرگێرانی کەمال غەمبار/ژمارە یەکەم سالی ١٩٧٣ لاپەڕە ٣٤/٣٣.

**D– چیرۆک**

ڕیبازو خۆشبەختی/ لەنوسینی مەغدید سۆران/ لەژمارە ٢ سالی سالی ١٩٧٣/ لاپەڕە٥٦، ٥٧.

**٣- فۆلکلۆرو پەندی پێشینان**

* ڕەگی پەندی پێشینان لە ناوی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی/ لەنوسینی کریم شارەزا/ ژمارە ٢/ سالی یەکەم ١٩٧٣ لاپەڕە ١٣، ١٤،١٥ ،١٥.
* پەندی پێشینان و دانیشتگای لینیگراد- جەمشید حەیدەری – ژمارە ٣- سالی دوەم ١٩٧٤/ لاپەڕ ٤٣، ٤٤، ٤٥.
* لەسامانی نەتەوایەتیمان ژمارە ١/ سالی ١٩٧٣/ لاپەڕە ٩.
* پەندی پێشینان- لەژمارە ١- سالی ١٩٧٣ لاپەڕە ٣٥.
* پەندی پێشینان- لەژمارە ٢- سالی ١٩٧٣

لاپەڕە ٣٤.
* دەمەتەقەیەک: لەنوسینی عوسمان حسن رسول/ لەژمارە ٢ سالی سالی ١٩٧٣/ لاپەڕە ٥٤، ٥٥.

**٤- بیرو ووشیاری**

* سەرخان هەمیشە لەڕاژەی ژێرخانایە، لەنوسینی یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی،
ژمارە ١/ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە ١٢،١٣، ١٤،١٥.
* زمانی زگماک لەنوسینی ابراهیم محمد/ ژمارە ١/ ساڵی ١٩٧٣ لاپەڕە ٢٣، ٢٤.
* هێلی فەلسەفەی ژیان، لەشیعری کوردیمان، ژمارە ١ سالی ١٩٧٣/ لاپەڕە ١٦، ١٧.
* مامۆستاو پرۆگرام، ژمارە ١ سالی ١٩٧٣/ لاپەڕە ٤.
* گۆڕانی پەروەردە فەلسەفیەکان، ژمارە ١ سالی ١٩٧٣/ لاپەڕە ٦، ٧.
* لەپێناو بوژاندنەوەی کەلەپوری نەتەوایەتیمان، لەنوسینی حازم باجەلان و وەرگێرانی احمد شریف، لە ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣، لاپەڕە ١٨، ١٩، ٢٠.




**٥- زمانەوانی**

* پاشا گەردانی لەنوسینی عبدالخالق علاءالدین، ژمارە ١ ساڵی ١٩٧٣/ لاپەڕە ٢٩، ٣٠.
چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەل چەند مامۆستایەیەکی متقاعد، لە ژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٤، لاپەڕە ٢٣، ٢٤، ٢٥،٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩.

**٦- کشتوکاڵ**

کورتە باسێک لەسەر دارستانەکانمان، لەنوسینی هیوا سەرهەنگ، لە ژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٤، لاپەڕە ٣٩، ٤٠.

**٧- بابەتی ژنان**

* سەرنجێ لە دوارۆژی کچەکانمان لەنوسینی سامیە شاکر/، لە ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣، لاپەڕە ٤٨،٤٩.
* هۆنراوە و ژن/ لە نوسینی چیخۆف-وەرگێر مەغدید سۆران -، لە ژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٤، لاپەڕە ٤١،٤٢.

**٨- بابەتی نەتەوایەتی**

* دەوری مامۆستایانی کوردستان لەڕێرەوی نەتەوایەتی دا، نوسینی/ ئەحمەد نەقشبەندی/، لە ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٣،

لاپەرە ۲۲.

* پەیژە لەنوسینی ممتاز حیدری/ ژمارە ۱ سالی ۱۹۷۳/ لاپەرە ۳۱.

* نەورۆزو شاری هەولێر/ لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۵۱، ۵۲.

* وتاری ژمارە/ شەهید- لەنوسینی محمد مەنگوری/، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە۳.

*دەوری ئەدەب لەشۆرشدا/ لەنوسینی کەریم شارەزا/، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە ۱٤، ۱۵، ۱٦،۱۷.

* شەهیدێکی تری کاروانی قوتابینی کوردستان/ لەنوسینی کاردۆ گەلالی/، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە ۳۰.

### ۹- ڕێنمایی وبابەتی تەندورستی

* خورشت/ لەنوسینی دکتۆری پێست عبدالرحمن سلیمان/، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە ٤۸،٤۹.

### ۱۰- رەخنە

* چەند نوسینێکی زمانەوانی لەنوسینەکەی مامۆستا یوسف دەرگەڵەیی/ لەنوسینی عباس محمد حسین، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە ٤۸، ٤۹.

### ۱۱- ساڵنامەو بیرەوەریەکان

* ڕوداوە گرنگەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەنیوان ۱۹۱٤، ۱۹۱۸/، لە ژمارە ۱ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۳۱، ۳۲.

* لەنەورۆز چی رویداوە، لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۵۳.

* ڕوداوە کانی جەنگی جیهانی، لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۵۸، ۵۹،٦۰.

### ۱۲- ئاوات و خۆزگەو پێشنیار

* خۆزگە، لە ژمارە ۱ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە۷.

* خۆزگە، لەنوسینی مەولەوی، لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۲۸.

*پێشنیارێک،، لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە۵۰.

* چاپەمەنی کوردی و خوێندەواران نوسینی مدحت بێخەو، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە٤٦، ٤۷.

*لێرەو لەوێ لەنوسینی عوسمان حسن رسول، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە ٤۹.

بابەتی مێژوو-

لاپەرەیەک لەمێژووی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی/ لە نوسینی یوسف دەرگەڵەیی، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە ۹، ۱۰،۱۱، ۱۲، ۱۳.

### ۱۳- هەواڵ دەنگ وباس وچالاکیەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

* دەنگ و باسی یەکیتی/ لە ژمارە ۱ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۳٦، ۳۷.

* هەوالی کۆنگرەی چوارەمی یەکیتی مۆستایانی کوردستان/ دەورەی دووەم ٦/۵ ی شوباتی/ لەژمارە ۲سالی ۱۹۷۳، لاپەرە۳۸.

* سەرۆکی یەکیتی مامۆستایانی کوردستان- / بۆ گۆڤاری بۆ پێشەوە ئەدوێ لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۵، ٦.

* ووتاری ژمارە لەنوسینی محمد مەنگوری لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ٤.

* دیاری ژمارە لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۲۹.

* یەکیتی مامۆستایانی کوردستان لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۳۵.

*دەنگ و باسی یەکیتی لە ژمارە ۲ سالی ۱۹۷۳، لاپەرە ۵۷.

*هەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەری یەکیتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر/، لە ژمارە ۳ سالی ۱۹۷٤، لاپەرە ۲.

* کۆنگرەی یەکیتی مامۆستایانی کوردستان و نەقابەی مامۆستایانی عیراق

۱- ئەم زانیاریەم لە مامۆستا محمد مەنگوری وەرگرت لەکاتی وەرگرتنی گۆڤارەکان

# شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی
# هەوێنی بابەتە رۆژنامەوانییەکان بووە



ئیسماعیل عەلی

**بەشی دووەم**

خۆشەویستیی نیشتمان و شانازیکردن بە مێژوو و کەلەپوورو سەروەرییەکانییەوەو دەربڕینی وەفاداری بۆ خاکە پاک و بێگەردەکەی و هاندانی خۆبەختکردن و قوربانیدان لە پێناو ئەمڕۆ و داهاتوویدا، هەندێکن لە خەسڵەتە بەرزو دیارەکانی شیعری نیشتمانیی تورکمانی.

بەڵێ، شیعری سیاسی و نەتەوەیی تورکمانی، وەک چەشنە ئەدەبییە رەسەنەکانی دیکەی ئەم بوارە، بەهەست و نەست و گیانی نیشتمانپەروەرییەوە، لەمێژە ناسراوە، ئەم دیاردە بەرچاوو بەهادارەش شایەنی ئاماژەپێدان و باسکردن و نرخاندنە بەو شێوەیە لەگەڵ واقیعی نیشتمانپەروەری ئەم شیعرەدا بگونجێت. جا بەڕاستی هەستی نیشتمانپەروەری لە شیعری تورکمانیدا هەستێکی پاک و بێگەردو بەتینەو لە هزرو ناخ و دڵ و وێژدانی شاعیرانێکی ئەمەکدار و دڵسۆز بەخاکی شیرینی وڵات، هەڵدەقوڵێت و سەرچاوە دەگرێت.

شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانی تورکمان بە درێژایی چەندین دەیەو قۆناغ و لەسایەی چەندین بارودۆخ و پێشهاتی جیاجیادا، هەمیشە دەنگی زوڵاڵ و رەسەنی میللەتە ئازادیخوازەکەیان بوونە و ئیلیتیزام و ئەمەکداری و دڵسۆزی خۆیان و میللەتەکەیان بۆ خاکی باب و باپیران و زێدی دێرینیان دەربڕیووەو هەرگیز کەمتەرخەمییان لەو میانەدا نەکردووە.

وابزانم زیادەڕەویش ناکەم ئەگەر بڵێم شاعیرانی تورکمانی، بەوێنەی شاعیرانی جاهیلی عەرەب لە سەردەمی کۆندا، زمانحاڵی نەتەوەکەیان و ویژدانی زیندووی زێدو خاکەکەیان بوون. شاعیرە تورکمانەکان

توانیویانە قۆناغ لەدوای قۆناغ، گشت هەوڵ و توانایەکی خۆیان وەگەڕخەن تاکو لێهاتووانەو کارامانە، پێوەندیی پتەوی نەتەوەی تورکمانی و پابەندبوونی نەگۆڕی ئەم نەتەوە ڕەسەنە بەوڵات و گەلەکەیان و خاکی نیشتمانەکەیانەوە بەرجەستە بکەن و بەدەرخەن. لە هەمانکاتیشدا شاعیرانی تورکمان پابەندبوون و ئیلیتزامی ڕەوشتی خۆیان دەرهەق بە داب ونەریت و خەسڵەتە بەرزەکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکەیان، کە بەشێکی گرنگ و کاریگەرە لە پێکهاتەی ئەم وڵاتە موسڵمانەدا دەردەبڕن و شانازی پێوەدەکەن. هەمیسان شاعیرانی تورکمان ڕێزو ستایش و حورمەتێکی زۆریان هەیە بۆ هەست و خواست و ڕاوبۆچوونی گشت نەتەوەو چین و توێژەکانی دیکە لەم وڵاتەدا کە بەیەکەوە دەژین. لێرەدا باشترین بەڵگەو نموونە بۆئیسپاتکردنی مەبەستی باسەکەمان، ئەم بابەتەیە کەوا باسی مێژووی شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی دەکەین بەبێ جیاوازی نەتەوەیی....

### * عیمادەدین نەسیمی (١٣٣٩ – ١٤١٧)ز:

لەسەردەمی چواردەیەمی زایینی لە ناوچەیەکی دەوربەری شاری بەغدا لە دایک بووە، هەر لەویش پەروەردە ببوو، بە دامەزرێنەری ئەدەبی تورکمانی لە ئێراق دەژمێردرێت، یەکەم شاعیرە کە دیالێکتی تورکمانی کە لە پێکهاتەی دیالێکتی ئەنادۆلی ڕۆژهەڵاتی و دیالێکتی ئازەری یەکی گرتووە، بەکاری هێناوە.

نەسیمی لە شیعرەکانیدا ناسکی و زمان پاراوی جوانی لێ دەبیندرێت، قەسیدەکانی پڕ ماناو پڕ لە هزری سۆفیگەرین تەفسیری ئایینی کردووەو گوزارشتی لە ماناو دەلالەت و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی بۆ ژیان کردووە، بۆیە زۆرجار شیعرەکانی ئاژاوەو گرفتی فیکری و بۆچوونی جیاجیای خوڵقاندووە، تا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی زاناکانی شاری حەلەب (نەسیمی) یان بەزەندەقە ناوزەد کردووەو لەبەر ئەوەی بە ئاگرپەرستی (لەدین وەرگراو) تۆمەتبار کراوەو فتوای کوشتنیان دژی دەرکردووە، حوکمەکەش بەشێوەیەکی دڕندانە جێبەجێ کراوە، ئەویش بە کەوڵکردنی پێستی بەزیندوویی تا گیانی دەرچووە لە هەمان شاردا. نەسیمی بە دامەزرێنەری وێژەی تورکمانی دادەنرێت لە ئێراق و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی ئەدەبی دیوان و تەکییەکاندا، شیعرەکانی بە ناسکی و ڕاستبێژیی ناسراون و بە چامەی سۆفیگەرییانە (قصائد صوفیە)ی قووڵ و غەزەلی ناوداری سترانی شێواز ناوبانگی هەبوو.

شیعرەکانی لەسەر کێشی عەڕوزی عەرەبی هۆنیوەتەوەو کاریگەریی لەسەر شاعیرانی دیکە هەبوو، تەنانەت لەسەر (فزولی بەغدادی)یش.

(عیمادەدین) لە پاڵ ئەوەی بە یەکەم شاعیری تورکمانی لە ئێراق دەژمێردرێت، بە شاعیرێکی دەست ڕەنگین و پایەبەرزیش دادەنرێت کە لە پێشکەوتنی ئەدەبی دیوان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هەروەها شوێن پەنجەشی لە شیعری تەسەوفی تورکیش دیارە.

کاتێک جڵەوی دەسەڵات کەوتە دەست سوڵتان محەمەدی دووەم (١٤٥١–١٤٨١) زیاتر بایەخ و گرنگی بە ئەدەب و ڕۆشنبیری درا، هەر بە فەرمانی سوڵتان بوو بۆ هەر مزگەوتێک کە لەسەردەمی ئەو بنیاد نرابێت کتێبخانەیەکی گەورەی پڕاوپڕ لە کتێبی بەنرخی ئیسلامی تیا دادەنا، محەمەدی دووەم وەک هەموو سوڵتانەکانی عوسمانی حەزی لە شیعر دەکردو شاعیریش بوو، ئاسۆی شیعر لەو ڕۆژگارە زۆر فراوان ببوو، بەڵام نەیتوانی سنووری شیعری دڵداری یان هەوەسبازی ببڕێت کە لەسەردەمی (حافز)دا باوی هەبوو، لەو وەختەدا دیالێکتی تورکی ڕۆژهەڵاتی (خاقانی) بۆ دیالێکتی جغتائی گۆڕاو زۆر شاعیرو زاناش بەو دیالێکتە ئەفراندنی نەمریان تۆمارکردووە، وەک (سکاکی)ی شاعیر لەسەردەمی سوڵتان ئەولوغ بەگ (١٤٠٩–١٤٤٩)ی و میر میر عەلی شیرنوائی شاعیر (١٤٤١ – ١٥٠١).

لەسەردەمی سوڵتان حوسێن بیقرا (١٤٦٩ –

١٥٠٦)دا (نوائی) بەمیری شاعیرانی سەردەمی خۆی ناسراو بوو، شاعیرێکی نیشتمانی پەروەر بوو، بەرهەمەکانی لای زۆربەی تورکەکانی ببووە کتێبێکی کلاسیکی بەنرخ هەر لە شاری (تۆبۆل)ەوە تا شاری (ئەستەمبۆل)، سوڵتان بابرشاه (١٤٨٢ – ١٥٣٠) دامەزرێنەری دەوڵەتی مەغۆلی لەهیند ژیاننامەی لە کتێبێکدا بەناونی (بابرنامە) وەرگێرا، کە بەکتێبێکی کلاسیکی پەخشانی دادەنراو بە زمانێکی تورکی پاراوو ساکار نووسرابۆوە.

زۆربەی شاعیرەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی شازدەیەمی زایینیدا شیعریان بە تورکی هۆنیوەتەوە تا بووە هۆکارێکی گرنگی بەرەوپێش چوونی هونەر لەو سەردەمەدا. (کرامیرس)ی رۆژهەڵاتناس دەربارەی ئەدەبی تورکی لەسەدەی شازدەهەمدا نووسیویەتی و دەڵێ (ژیانی ئەدەبی هەر تەنها لەو رۆژگارەدا لە ئەستەنبۆل پێش نەکەوتبوو، بەڵکو لە بەغداو دیاربەکریش هەمان پێشکەوتن هەبوو).

ئەوکات زۆربەی شاعیرەکانی بەغدا بە تورکی شیعریان نووسیوە و شاعیری دیکەش هەبوونە بە تورکی و فارسی و عەرەبیش شیعریان داناوە لەوانەش (فزولی بەغدادی) و (حەکیم زادە) و (زەهنی عەبدولجەلیل نەجەف زادە) و چەندانی دیکەش.

دەتوانین ئەو سەردەمە بە رۆژگاری زێرین و نەمریی ئەدەبی تورکمانی لە عێراق دابنێین کە شاعیرێکی دیاری وەک (فزولی بەغدادی) (١٤٩٨ – ١٥٥٨)ی لێ کەوتۆتەوە، کە نوێکەرەوەی شیعری تورکی و بەباشترین داهێنەری ئەو سەردەمە دەژمێردرێت.

(عەبدولحەق حامد) لە وەسفی فزولی بەغدادیدا دەبێژێت، فزولی شاعیرێکی راستگۆبووە لەگەڵ ناخ و دەروونی خۆیدا، زۆر بەوردی تێرامانەکانی بۆ سروشت و دەوروبەرو سیحری جوانی و ئافرەت و جوانی بەهار ماناکانی پێکاوە.

(فزولی بەغدادی) توانیویەتی سوود لە کلتوورو داب و نەریتی کۆنی میللەتەکەی وەرگرێت لەبەرهەمەکانیدا بەرجەستەیان بکات، شاکارترین بەرهەمی ئەو سەردەمەشی داستانە بەناوبانگەکەی (لەیلا مەجنون)ە، کە تیایدا وێنەی مەرگەساتی ژیانی گەنجە تورکمانەکان دەکێشێ، بە تایبەتیش تورکمانی عێراق، هەنگاونان بەرەو باوەشی ئەدەبی رۆمانتیکی لەژێر چوارچێوەی خۆشەویستییە بێگەردە مرۆڤایەتییە کە دەگاتە تروپکی خاوێنی و دەبێتە خۆشەویستییەکی خودایی و سۆفیگەری..

(فزولی) بەهەمان دیالێکت شیعری نووسیوە کە (نەسیمی)

**ئەوکات زۆربەی شاعیرەکانی بەغدا بە تورکی شیعریان نووسیوە و شاعیری دیکەش هەبوونە بە تورکی و فارسی و عەرەبیش شیعریان داناوە لەوانەش (فزولی بەغدادی) و (حەکیم زادە) و (زەهنی عەبدولجەلیل نەجەف زادە) و چەندانی دیکەش**

پێی نووسیووە، دوای گەوهەرێکی زۆری لە بەرهەم بۆ جێهێشتووین کە ژمارەیان زیاتر لە (١٨) کتێب دەبێت. جگە لەو دیوانە شیعرییانەی کە بە زمانی عەرەبی و تورکمانی و فارسی نووسیویەتی، بە زمانی تورکمانی کتێبی (نیک و بادە) و داستانی (لەیلاو مەجنون)ی بە شیعر داناون و بە پەخشانیش کتێبی (تا بیروباوەڕ) لە زانستی ئاخاوتنی بە زمانی عەرەبی بەرهەم هێناوە. داستانی شیعر لەو چەرخەدا دەرکەوت لە هەمووشیان ناسراوتر داستانی (کوروغلو)ە، کە باس لە شەڕەکانی (کورغلو) دەکات، یەکێکە لە پاڵەوانە تورکمانەکان کە بەرهەڵستی لە داگیرکەرانی فارسی و مەغۆلی کردووە، شیعری ئایینیش بوونی هەبووە، (شاە ئیسماعیل سەفەوی) کە شیعرەکانی لەژێر ناوی (خگابی) نووسیوە دیارترین شاعیری ئەو ڕێبازەیە، هەروەها چیرۆکی میللیش پەیدا بووە کە زۆربەی چیرۆکەکان باسیان لە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) و شەهید ئیمام حوسێن دەکرد، ئەو چیرۆکانە بە شێوەیەکی سادەو ساکار نووسراون و لە قالبێکی شیعری نایابدا ڕووداوەکانیان دارشتووە.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا شیعری تورکی مۆرکێکی (سۆفیگەری ڕۆمانتیکی) بەخۆوە گرتبوو، شاعیرانی وەک جامی و نزامی لاسای دووانەییەکانی (جەلالەدین رومی) یان دەکردەوە، سەرۆکی ئەو تەوژمە ئەدەبیە (باقی) شاعیر بوو کە ساڵی ١٦٠٠ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، کتێبی (کلشن شعراء) کە شاعیری تورکمانی (عەهدی بەغدادی) نووسیویەتی باس لە ژیان و بەرهەمی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرە تورکمانەکان دەکات لەوانەش (الهی بەغداد) و (زهنی جلبی) و (ئاتش) و (ئەکرەم بگ فایتمز بگ قرە قویونلی) و چەندانی دیکەش. ئەو کتێبە دووەم کتێبی پەخشانییە دوای کتێبی (باخچەی شادمانی)ی شاعیری گەورە فزولی بەغدادی.

لەبەر توندکردنی بزاڤی جامیعەی ئیسلامی لەو سەردەمەدا شاعیرەکان بە دیالێکتی عوسمانی شیعریان دەنووسی کە گوزارشتێک بووە لەو بزاڤە، هەروەها لەو وەختەدا ژمارەیەک شاعیری تورکمان هاتنە سەر گۆڕەپانەکە وەکو (روحی بەغدادی) و (فزولی)، هەرچی لە ئەدەبی میللی تورکییە (کاتبی) و چەندانی دیکەش ناویان گەشابۆوە، لێکۆڵەرەوان وای بۆ دەچن کە داستانی (اصیلی کرم) هەر لەو سەردەمە نووسرابێت.

دوای فتوحاتی ئیسلامی کە تاکو سەدەی هەژدەهەم بەردەوام بوو، دەوڵەتی عوسمانی بەهێزترو شکۆمەندارتر دەهاتە بەرچاو، کە ماوەیەک بوو کزی و لاوازی کەتبووە

**"لەبەر توندکردنی بزاڤی جامیعەی ئیسلامی لەو سەردەمەدا شاعیرەکان بە دیالێکتی عوسمانی شیعریان دەنووسی کە گوزارشتێک بووە لەو بزاڤە"**

جەستەی ئیمپراتۆریەتەوە، ئەمیش بەهۆی ئاژاوەو ناکۆکی و شەڕەکانی ناوەخۆو جەنگە دژوارەکانی دەرەوەش لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لاوازی لێ دەرکەوت، لە ئاراستەی هێرش بردنەوەو کەوتە ئاراستەی بەرگری کردن لە خودی خۆی، ئەو بێ هێزییەش هەر تەنیا ژیانی سیاسی نەگرتبۆوە، چونکی سوڵتان و دەسەڵاتداران بەتەواوی ئەو بوارانەیان فەرامۆش و پشتگۆ خستبوو، شیعری تورکی کەوتبووە ژێر کاریگەریی شیعری فارسی کلاسیکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش چەند هەوڵێکی تاکە کەسی لێرەو لەوێ هەبوو بۆ ئەوەی شێوازی میللی تورکی بخاتەوە نێو ئەدەب.
ئێش و ئازارو ئەشکەنجەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەرێگای نزاکردن و موناجاتەوە لەرێگای شیعری چەند شاعیرێک خۆی نیشان دەداو رەنگی دابۆوە، لەوانەش شاعیری گەورەی تورکمانی (عەبدولڕەزاق نورس) کە ساڵی (١١٧٥) کۆچی، ئەمری خوای کردووە، ئەو شاعیرە زۆر بە توندی رەخنەی لە سوڵتان و وەزیرو دەست و پێی سوڵتانەکانی کردووە، هەر بۆیە سوڵتان و وەزیر دەست و پێی سوڵتانەکانی کردووە، هەر بۆیە سوڵتان فرمانی دوورخستنەوەی دەدات، تا مردنیش ژیانی لە تاراوگە بەسەر بردووەو بێ ئەوەی بۆشی لوا بێت دیوانە شیعرەکانی بە چاپ بگەیەنێت، بەڵام کتێبێکی بەناوی (مبالغ الحکم) کە بەپەخشان نووسراوەتەوە چاپکراوە.
لە پاڵ ئەو شاعیرەش کۆمەڵێک شاعیران دیکەی تورکمان دەرکەوتن وەک (غریبی ئەربیللی) و (ئەسعد نائب کەرکوکلی) و چەندانی دیکەش. شیعری کۆمەڵایەتی لەو سات و وەختەدا هاتە پێشەوە، ئەویش لەبەر خراپی باری کۆمەڵایەتی خەڵکەکەو سەرقاڵبوونی سوڵتانەکان بە کەیف و سەفاو رابواردن و دابەشکردنی وڵات لە نێوان خزم و کەسانی سوڵتانەوە.
شیعری شاعیرەکانی زۆر بەوردی و واقیعانە گوزارشتی لەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییە تاڵە کردووە، تاوێک رەخنەو گلەیی بوو لە دەسەڵات، تاوێکیش هاندان بوو بۆ رزگارکردنی وڵات لەمەرگەسات و وێرانکاری هەنگاونان بەرەو چاکسازی.
مەدح و ستایشی سوڵتان هەر لە رۆژی یەکەمی سەرهەڵدانی شیعری تورکی دەرکەوتووە، شاعیرانیش یان لە ترس و زوڵم و جەوری سوڵتان بووە یاخود مەبەست رەزامەندی سوڵتان و پارە کۆکردنەوە بووە ئەمجۆرە شیعرانەیان داناوەو وەک دیاردەیەک بینراوە.
شاعیرەکان لەگەڵ رووداوە مێژووییەکاندا ژیاون، وەک

> **ئێش و ئازارو ئەشکەنجەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەرێگای نزاکردن و موناجاتەوە لەرێگای شیعری چەند شاعیرێک خۆی نیشان دەداو رەنگی دابۆوە**

چـۆن لە قەسـیدەیەکی (غریبـی ئەربیللـی) دەبینین باس لــە هێنانی تەلەگـراف دەکات بۆ بەغدا لەسـاڵی (١٢٨١)ی کۆچـی، یـان قەسـیدەیەکی (عەبدوڵـڵا سـافی) بـاس لە بنیادنانــی پردێکی بەردین دەکات لە شــاری کەرکووک لە ساڵی (١٢٩٢)ی کۆچی.

لە سـەدەی نۆزدەهەمـدا تەوژمی نوێی هـزری ئەوروپی بەســەر ئیمپراتۆریەتــی عوسـمانی هەڵیکـرد، شــاکارو بەرهەمی هزری تازەی ئەورووپــی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە گەیشــتە نێــو ئــەدەب و زمانی تورکی، وەک نووسـین و بەرهەمەکانی (ڕۆسۆ) و (مونتیسکۆ) و (گۆتە) و (لوک) و (فوکتۆر هۆگۆ) و چەندانی دیکەی دیکەش....

گەنـج و لاوەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی دەسـتیان بە جولانەوەو دامەزراندنی کۆمەڵەی نهێنی و ئاشکرا کرد، بۆ بەرەو ئامێزکردنی ئەو بیرو هزرە سەربەسـت و ئازادانە، ئەوانەی کاتی خۆی لەبەر زوڵم و زۆرداری و چەسانەوەدا ڕوویـان لــە ئەوروپا کردبـوو ئەوانیش گەڕانــەوە ولات و لەگــەڵ خۆیاندا بیرو بۆچوونی ڕووناکیـان هێنابۆوەو بەڕێگای وتاری ئاگرین لــە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاویان دەکردەوە، دیارترین نووسـەری ئەو وەختەش (زیا پاشا) و (عەبدولحــەق حامـد) و (نامـق کەمال) و (شناسـی) و (ئەحمەد مەدحەق) بوون، کە لە نووسنەکانیاندا ڕێچکەیەکی نوێیـان گرتبووەبـەر کە پێشـتر ئەو ڕێچکەیــە لە ئەدەبی تورکیـدا نەبینرابـوو، تازەکردنەوەیەکی نـوێ و دۆخێکی نوێیان خستەوە بەر ئەدەب و هونەر، ئەدەبی تورکییان بە خوێنێکی نوێ و مێشکێکی ڕووناک و بیرو هزری ئەوروپی دەوڵەمەند کرد، وشــەی وەک (ولات و سەربەستی و گەل و ئازادی) یان خسـتە نێو ژیانی فیکری و ئەدەبی تورکی بەمانا دروسـت و ڕاسـتەکەیەوە، زیاتریش ئەو شۆڕشە فیکرییــە بۆ (نامق کەمـال) دەگەڕێتەوە کە ڕابەرایەتی ئەو جولانەوەیــەی دەکـرد، بەحــەق دەتوانین نــاوی لێ بنێین (شاعیری نیشتمانی گەورە)..

ڕۆشــنبیرە تورکەکان چاویان بە کەلەپوری ئەدەبی کۆنی میللەتەکەیـان خشـاندەوەو بــە هونەرێکی ڕەسـەنیان لە قەڵــەم نەدەدا، چونکی هونەرەکەیان لەژێر ڕکێف و چێژی فارسییەوە نووسرابۆوە، هەروەها شەسازیش تەواو باڵی بەسەر ئەو ئەدەبەدا کێشابوو، چونکە زۆربەی بەرهەمی ئەدەبەکەیان بۆ هاولاتیانی ولات نەنووسرابۆوە، بەڵکو بۆ ژمارەیەکی کەمی پیاوانی خاوەندەسەلات. بۆیە شۆڕشێکی گۆڕانکاری فراوانیان بەرپاکردو چاکسـازییەکی هونەریی پوختیـان ئەنجام دا، ئــەدەب لــە تاکە کەسـییەوە بەرەو گشـتکاری گوێزرایــەوە، پەیوەندییەکی پتەویـان لە نێوان

**ئەوانــەی کاتــی خــۆی لەبــەر زوڵــم و زۆرداری و چەســانەوەدا ڕوویــان لە ئەوروپا کردبوو ئەوانیش گەڕانــەوە ولات و لەگــەڵ خۆیانــدا بیــرو بۆچوونی ڕووناکیان هێنابۆوە**

ئەدەب و سیاسەت پەیڕەو کرد، لەلایەکی دیکەوە ئەدەب و ئامانجەکانی ئەو ئەدەبەیان لە خواست و ئاواتەکانی گەل نزیک کردەوە، ئەو چاکسازی و پوختەکارییە تەنیا ئەدەبی نەگرتبۆوە بەڵکو (زمان)ەکەشیان لە زۆر وشەو دەستەواژەی بیانی و زیادەرۆیەک بژارکردو ڕێساو ڕێزمانێکی پتەویان بۆی دارشتەوەو فەرهەنگێکی نایابیشیان بۆی ڕێکخست، داواشیان لە هەموو کاربەدەستەکانی خۆیان کردبوو کە پێویستە نووسینی ناردن و هاوردن بەشێوازی زمانەوانی بنووسرێ و قاڵبە کۆنەکان رەت بکرێنەوە.

زۆر سروشتیش بووە کە ئەدەبی تورکمانی لە عێراق کەوتبێتە ژێر ئەو فشارو چاکسازییەی کە روویدا، بۆیە هەست دەکەین ئەو شاعیرە تورکمانانەی کە رابەرایەتی ئەدەبی تورکمانییان کردووە لەسەر هەمان ڕێباز دەرۆیشتن، هەر لەو روانگەیەشەوە (عەبدوڵڵا سافی)ی شاعیر (١٢٤٢ – ١٣١٦) کۆچی، فەرهەنگێکی زمانەوانی دانا بەمەبەستی پوخت کردنی زمانەکەیان، هەروەها شیعری تورکمانی دەرگای چەندین بابەتی نوێ خستە سەرپشت وەکو شیعری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە چەند شاعیرێکی تورکمان و کوردی تیایدا هەڵکەوتن لەوانەش (شێخ ڕەزا) (١٨٣٥ – ١٩٠٩) زاینی، هەروەها بابەتی وەسف کردن کە (طیب اوغلو)ی شاعیر زۆر لەو بوارەدا دەست ڕەنگین بووە بە تایبەتیش لە وەسفی جوانی سروشت و ئافرەت، شیعری نەتەوەیی هەنگاوێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە کە (عەبدوڵڵا سافی) لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو شاعیرانە بووە کە دیویست رابەرایەتی شیعری نەتەوەیی تورکمان بکات، جگە لەمانە لە سەردەمەدا ژمارەیەک شاعیری دیکە هاتنە کۆڕی مەیدان وەکو (عەبدولرەحمان خاڵس) و (فائض) و (محەمەد مەهری) و (محیەددین قابل).

کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی بەسەر ئەدەبی تورکی شتێکی زۆر لەچاو گەورەیی کلتوری فارسی و گەورەیی قورئانی پیرۆز و زانستە ئایینیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی کە ئەدەبی عەرەبی پێی دەوڵەمەندە، بۆیە دەبینین ئەدەبی تورکی هەر لە سەدەی دەیەمی زایینییەوە تا سەدەی بیستەم لەژێر ڕەنگدانەوەی کلتوورو شارستانیەتی ئەو دوو نەتەوەیە مایەوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم شۆڕشێکی رۆشنبیری لە تورکیای نوێ هەڵگیرسا، ئەو شۆڕشە کە (نامق کەمال) و هاوڕێیەکانی رابەرایەتیان دەکردو لەسەر دەستی لاوەکانیش زیاتر تینی ئەو بزوتنەوە رۆشنبیری و هزرییە بەرزبۆوە، بە تایبەتیش لەسەر دەستی (عومەر یوسف) و

**شیعری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە چەند شاعیرێکی تورکمان و کوردی تیایدا هەڵکەوتن لەوانەش (شێخ ڕەزا) (١٨٣٥ – ١٩٠٩) زاینی**

(جناب شەهابەددین) و (زیا کوک ئاب) و (محەمەد عاکف) و (خالدە ئەیوب) و یەحیا کەمال بەیاتلی) و (حوسێن جاهد یالچین) و (رەزا تۆفیق) و چەندانی دیکەش، ئەمانە (ئەدەبی دیوان) و ئەلف و بێی عەرەبییان رەت کردەوەو لە جیاتی ئەوە ئەلفە بێیە لاتینییان لە شوێن داناو کێشی شیعری تازەیان خستە نێو شیعری تورکی نوێ، هەروەها چەندین قوتابخانەی هزری لە پەخشانی تورکی دامەزرا، ئەمانە هەموو بوونە هۆکاری پێ راگەیاندنی ئەدەبی تورکی و گەیاندنی ئەو ئەدەبە بۆ ریزی ئەدەبی میللەتە پێشکەوتووەکانی جیهان، هەر لەو قوتابخانە نێویانەدا کۆمەڵێک هزرڤان و زانا پێگەیشتن لەوانەش (رەشاد نوری) و (جاهد سدقی ترانجی) و (سەباحەددین عەلی) و (ئاتاج) و هێندێکی دیکەش کە نەتەوەی تورک تا مێژووی مابێت رێزیان لێدەگرێت، بەرهەمەکانیان بۆ سەر زمانی دنیاش وەرگێردراون لەمانەش بەرهەمانی (عەبدولحەق حامد) و (نامق کەمال) و (جناب شەهابەددین) و (حوسێن رەحمی) و (رەزا تۆفیق).

هەرچی ئەدەبی تورکمانی بوو لە عێراق هەر لەژێر کاریگەریی (ئەدەبی دیوان) مابۆوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، باشترین شاعیری ئەو سەردەمەش:

* **محەمەد سلیمان بەیاتلی ناسراو بە (فضولی)** (١٤٩٥ – ١٥٥٦ ز): کە بە نوێکەرەوەو جوانکاری شیعری تورکمانی دەژمێردرێت و شیعرەکانی سیمایەکی رۆمانتیکییانەی سترانییان هەیە و بە زمانێکی تێر لە رەوانبێژی زەخرفیانە داناون و لەوشەی فارسی و عەرەبی بە دەرنییە. زۆرێک لە شیعرەکانی چەمکی خۆشەویستنی مرۆڤی رەنجدەرو عیشقی ئەفلاتونی دەگرنە خۆ. ئەو شاعیرە لە هەموو بوارەکانی ئەدەبدا بەرهەمی هەیە.

* روحی بەغدادی (١٤٥٨-١٦٠٥ ز) لە شاعیرە دیارەکانی دیوانە، لە شیعرەکانیدا چارەسەری گرفتی کۆمەڵایەتی کردوەو رابەرایەتی ئەو ئاراستەیەی لە شیعری تورکمانیدا گرتۆتە ئەستۆ و بە دیقەت کەم و کوڕییەکانی واقیعی وێنە کێشاوە، بە پشت بەستن بە دووربینی و توانای پەیبردن بە ژیریی خۆی، لە دووتۆی شیعرەکانیدا دیاردە ناحەزەکانی سەردەمی خۆی بەدی دەکرێت، زمانی شیعری گەوارە و بێ گرێیە و بەرهەمی چاپکراوی هەیە. هۆنراوەکانی ئەو کەڵە شاعیرانەی کە ناومان بردن بە گوزارشتی راستگۆیانەیان و هەستە سۆزە ناسکەکانیان و بیری داهێنەرانەیان و ئارایشتی رەوانبێژیان، جوانترین نوینەرایەتی شیعری تورکمانی

**لەسەرەتای سەدەی بیستەم شۆرشێکی رۆشنبیری لە تورکیای نوێ هەڵگیرسا، ئەو شۆرشە کە (نامق کەمال) و هاورێیەکانی رابەرایەتیان دەکردو لەسەر دەستی لاوەکانیش زیاتر تینی ئەو بزوتنەوە رۆشنبیری و هزرییە بەرزبۆوە**

دەکــەن و کاریگەرییان بۆ چەندین ســەدە پەڕیوەتەوە تا بە ئەمڕۆمان و لەســەر بەرهەمی شــاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازو هاوچەرخەکان رەنگی داوەتەوە. بەڵێ هەریەکە لەو شــاعیرانە قوتابخانەیەکی شــیعریە بەخۆی. نەسیمی رێبــازی ســۆفیگەریی و (فضولی) و (لاهوتــی) و (نوائی) غەزەل و (روحی) حیکمەت دۆســتی، پێشڕەویی دەکەن و هەر هەموویان بە کێشــی عەرووزی عەرەبی شیعرەکانیان هۆنیوەتەوەو زمانی شیعریی زۆربەیان ئاوێتەیە لە واژەی عەرەبی و تورکی و فارسی.

*** هــەواری نیــوەی دووەمی ســەدەی هەژدەیەم تا کۆتایی ســەدەی نۆزدەیەم:**

ئــەم هــەوارە تــا ڕادەیــەک دوورو درێــژەو ژمارەیەکی زۆری شــاعیران دەگرێتەوە، لەوانەش (عبدالرزاق نورس قدیم) (٠٠٠ –١٧٦١) (مصطفی ابو بکر) ناســراو بە بەدری (١٧٤٣–١٨٢٠)، (بەکــر موفتــی) (١٧٦٦–١٨٣٠)، (اســعد حاجی محمد نائب) (١٨٤٨–١٩٣١)، (ســید قاســم قاسمی) (١٧٨٥–١٨٤٤)، (شــێخ عبدالرحمــن تاڵەبانــی) (١٧٩٧–١٨٥٨)، (عبدالقــادر غلامی) (١٨٥٤–١٨٨٦)، (ســید محمود عرفــی) (١٨٣٣–١٨٩٠)،(عبدالقــادر فائــچ) (١٨٣٤–١٨٧٩)، (عبدالله صافی) (١٨٠٩–١٨٩٨)، (محی الدین قابل) (١٨٣٤–١٩٠٩)،(شــێخ رەزای تاڵەبانی) (١٨٣٧–١٩١٠)و شاعیرانی دیکەش، ئەو ســەردەمە بەلوتکەی پەرەســەندنی شیعری کلاســیکی تورکمانی مەزنــدە دەکرێت، کــە تیایدا ژیانی کۆمەڵایەتــی و ڕووداوی مێژوویــی ئــەو ســەردەمە لــە شــیعری شــاعیرەکاندا رەنگی داوەتەوە، جا لەبەر ئەوەی چامەی کلاســیکی فرەلایەنــەو زیتر لە مەبەســتیک لەخۆ دەگریت، بۆیە دەقە شــیعرییەکان هەموو وارەکانی ژیانی گرتۆتــەوە، وەکو نامۆیی (غوربەت) و ســۆزی نیشــتمان پەروەری و مەینۆشــی و غەزەلیات و لاهوتی و شــیعری فێرکردنــی ئایینی و ســۆفیگەریی (تصوف) و پەنددادان و باری رامیاری و.. هتد. کە تیایاندا جۆرەها کێشی عەرووزی عەرەبــی رەکاربراوە بــۆ ڕاگرتنی ریتمی مۆســیقی، هەر وەکو لە قەســیدەکانیاندا جۆرەها شێوازی تەکنیکی بەکار براوە، وەکو پێنج خشتەکی و تێکهەلکێش و تەرجیع بەندو مەسنەوی و تاکە شیعرو چامەو چوارین.. هتد.

**ئەو ســەردەمە بەلوتکەی پــەرەســەنــدنــی شیعری کلاسیکی تورکمانی مەزەندە دەکرێت، کە تیایدا ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕووداوی مێژوویی ئەو سەردەمە لە شیعری شاعیرەکاندا رەنگی داوەتەوە**

*** هەواری سەرەتای سەدەی بیستەم تا کۆتایی شەستەکان:**

ئەم هەوارە ناوبرا بە (کلاسیکی تازە) لە شاعیرەکانی ئەو هــەوارە: (هیجــری دەدە) (١٨٧٧–١٩٥٢)، (محمــد صادق) (١٨٩١–١٩٦٧)، (خضر لطفی) (١٨٨٠–١٩٥٩)، (سعید بسیم دمیرچی) (١٩٠٢–١٩٦٥)، (رشید عاطف هرمزلی) (١٨٩٦–

١٩٧٢)، (اسعد نائب) (١٩٠٠-١٩٨١)، (علی صائب) (١٨٨٩-١٩٨٥)، (تۆفیق جلال اورخان) (١٩٠٥-١٩٨١)، (نازم رفیق قوجاق) (١٩٠٨-١٩٦٢)، (جەلال رەزا اورخان) (١٩٠٤-١٩٨١)، (رشید علی داقوقلو) (١٩١٨-١٩٧٥)، (محمد خطیب اوغلو) (١٩١٠-١٩٦٨)، (رشید کازم) (١٩١٤-١٩٨٣)، (عوسمان مظلوم) (١٩٢٢-٠٠٠٠)، (حەسەن گورەم) (١٩٢٤-٠٠٠٠)، (علی معروف اوغلو) (١٩٢٧-٠٠٠٠)، (عزالدین عبدی بیاتلی) (١٩٢٢-٠٠٠٠)، (فلک اوغلومحمد سید علی) (١٩٢٩-٠٠٠٠)، (مستەفا گوک قایا) (١٩١٠-١٩٨٣)، (اسماعیل سرت تورکمن) (١٩٢٦-٠٠٠٠)، (یدالله بللو) (١٩٣٢-١٩٨٦)، مستەفا کەمال احمد) (١٩٣٤-٠٠٠٠)، (ناصح بزرگان) (١٩٢٧-١٩٨٦)، (محمد عزت مبارک) (١٩٤١-٠٠٠٠) و زۆرانی دیکەش. دەکرێ بڵێین ئەو شاعیرانەی کە ناومان بردن، بەسەر دوو قوتابخانەی شیعریی دابەش بوونە کە ئەمانەن:

*** قوتابخانەی شیعری میللی:**

کە زمانی ئاسایی رۆژانەی کردووە بە بنچینەی دارشتنی شیعر، سادەیی و رەوانی و ئاشکرایی لە دەربڕین لە سیمای شیعرەکانی ئەم هەوارەیە، ئەو بابەتانەش هەڵدەبژێردرێن کە زۆرینەی خەڵک دەگرێتەوەو بەشێوازێکی کۆمیدیانەی گاڵتە ئامێز چارە بۆ کێشەکان دادەنێت، هەندێک لە شیعرەکانیش شێوازێکی داستانی دوورو درێژی هەیە و داب و نەریت و کەلتوری میللەتەکەی تێدا بەرجەستە دەکرێت، لە شێوەی پێنج خشتەکی کە ژمارەی بەیتەکانی گەلێ جار دەگاتە سەد بەیت یان زیاتر.

*** شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە ئەمانە:**

مستەفا گوگ قایە، رشید علی داقوقلو، ناصح بزرگان، حوسێن علی مبارک، محمد عزت خەتاب، اسماعیل سرت تورکمن، رشید کازم و جگە ئەمانەش. کە شیعرەکانیشیان لەسەر کێشی برگەیی داناوە.

*** قوتابخانەی کلاسیکی تازە:**

شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە لەژێر کاریگەریی شاعیرانی دیوان و پشت بە کەلەپوری شیعری تورکمانی کۆن کارە شیعرییەکانیان تاوتوێ کردوە، کەڵکیان لە بەهرەکانی شیعری عەرەبی وەرگرتووە لەکێش و سەروادا، هەندێکیشیان هەوڵیان داوە کە لاسایی کلاسیکییە کۆنەکان بکەنەوە لە شێوازی هونەری و نیازەکانی شیعریی، زمانی شیعریان بە واژەگەلی نامۆو دوور لە زمانی گفتوگۆی رۆژانە موتربە کردوە، هەندێکیان بایەخیان بە وەسف و زەخرەفەی رەوانبێژی و سەربەخۆیی بەیتەکان داوە.

> **هەندێک لە شیعرەکانیش شێوازێکی داستانی دوورو درێژی هەیە و داب و نەریت و کەلتوری میللەتەکەی تێدا بەرجەستە دەکرێت، لە شێوەی پێنج خشتەکی کە ژمارەی بەیتەکانی گەلێ جار دەگاتە سەد بەیت یان زیاتر**

هەندێکی دیکەشیان تێکۆشاون کە لەزمانی کۆنینەکان دوورکەونەوەو زمانێکی پاکتر بەکاربێنن کە لەگەڵ زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە جیاوازی هەبێت. سەبارەت بەو بابەتانەی کە ئەو قوتابخانەیە چارەسەری دەکرد، جۆراو جۆرە بوون، لە هەندێ لایەنەوە دیلی کەلەپوور بوون، وەکو وەسف و غەزەل و ستایش و پیاهەڵدان و.. هتد. لە سەرێکی دیکەوە ئەو قوتابخانەیە ئاسۆیەکی نوێی والا کرد کە لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێت و بەتەنگ پرس و پێویستییە شارستانییەکانەوە بێت و چارەی دۆزە مرۆیی یەکان و قەیرانەکانی سەردەم بکات. ئەم قوتابخانەیە بە پەخشە زۆرەکانییەوە قورسایی یەکی زۆری هەبوو لەرەوتی شیعری تورکمانی کە ڕۆڵەکەی لە پاراستنی نەریتی شیعری کلاسیکی و پێشخستنی هەندێ ئامرازو شێوازی هونەری و پێکەوە گرێدانی ڕابردوو و ئێستاو ئایندە بەرجەستە دەبێت. کارایی لە خولقاندنی دەقە شیعری دانسقەو توانای ئەفسونی لە خروشاندنی جوانی و چەژەی ئەدەبی، دەردەکەوێت. ئەمەش بەهایەکی دیرۆکی و تەکنیکی پێ بەخشیوەو بنکەیەکی جەماوەریی فرەوانی لە دەوری خۆی گرد کردۆتەوە.

*** گەڕانەوەیەک بۆ قەڵەمی شاعیرانی سەدەی بیستەم:**

لەنیوەی سەدەی بیستەم باشترین شاعیری تورکمانی کە نەکەوتبووە ژێر فشاری ئەو ئەدەبە، بەڵکو بۆ خۆی قوتابخانەیەکی دامەزراند، کە ڕێژەوی نێوان ئەدەبی دیوان و ئەدەبی واقیعی نوێ ڕەچاو دەکردو گوزارشتیان لە کێشەو خەون و ئاواتەکانی تورکمان بە دیالێکتێکی تورکمانی هاوچەرخە نەدەکرد، خەسڵەتەکانی شیعری ئەو شاعیرانە بە ساکاری ماناوەو وشەی پوخت و بەهێز دەناسرێنەوە کە زیاتر ڕەنگدانەوەی ڕەوشتی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی بۆ بنیادەم تیا بەدی دەکرا، زۆر بەرهەمی چاپکراوان بۆمان جێهشتووە، دواین شاعیر کە نوێنەرایەتی ئەدەبی دیوانی کردووە شاعیری تورکمان هاوچەرخ (محەمەد سادق) بوو.
دوای نیوەی سەدەی بیستەم بایەخدان بە ئەدەبی تورکمانی دەستپێکردان کاتێک ڕۆشنبیرە تورکمانەکان هەستیان کرد پێویستیان بە پێشخستنی ئەو ئەدەبە هەیە، ئەویش بەهۆی ڕۆژنامەی کەرکووک بە شێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن شاعیری تورکمانی سەید محەمەد جواد (١٣١٠-١٣٧٩)ی کۆچی و گۆڤاری (کوکب معارف) دامەزرا کە سەکۆیەکی رووناکی ژمارەیەک لە قەڵەمی بەپێز بوو، کە بەرهەمی خۆیان تیایدا بڵاودەکردەوە، لەوانەش (خضر لوتفی) و (مەلا سابیر) و هەندێکی دیکەش، بەڵام زۆر نەخایاند وەستا.


**سەرچاوە:**

* کتێبی (فنون الادب الشجی الترکمانی) د. ئیبراهیم داقوقی.
* کتێبی (ازدهار القرنفل) دراسه فی الشعر الترکمانی فی العراق ١٢٠ بغداد ١٩٩٢.
* گۆڤاری باریش ژمارەی ٨ و ٣١.



# چەند شیرەتێن سەعیدی کوردی

ئامادەکردن و وەرگێڕان: کەرەم سۆلیۆ

کاتی خۆی (دیاری ژمارە)ی ژمارە (٩) گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)، کە لە هاوینی ٢٠٠٢ دا بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی (کورد) بووە، ئەوسا لەوێدا وا پێناسەی (کورد)م کردووە کە ڕۆژنامەی (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد) بووە، پێچەوانەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی یەکەم شارەوشار لە ئەستەنبۆلی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هاتۆتەوە (کوردستان) و بەئازادی ئەودەست و ئەو دەستی کردووە، دیارە ئەوەش بەربڵاوی و ئاسۆ ڕوونی ڕۆژنامەکەو سەرپەرشتکارانی و نووسەرەکانی دەسەلمێنێ، ڕۆژنامەی (کورد) خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری مەسئولی، حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)ی لەمەڕ خۆمان بووە، هەرچی (سەرۆکی نووسین)ەکەی بووە، ئەوە (ئەحمەد جەمیل دیاربەکری) بووە، لەسەر لاپەڕەکانی (کورد)دا کۆمەڵێک ئیمزای ناسراوو نەناسراو و دەبینین، لە ناسراوەکانی (خەلیل خەیالی) و (سلێمان نەزیف) و (ئیسماعیل حەقی بابان) و (سەعید نەورەسی) کە بە (سەعیدی کوردی)ش بە ناوبانگە.

ئەو ناوەی دواییان (١٨٧٦–١٩٦٠)ئەوەندە کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی بووەو (دەسەڵات) ئەوەندە لێی ترساوە کە کۆچی دوایی کردووە لێنەگەڕاون بە ئازادی بینێژن و (گۆڕ غەریب) کراوە، کاتێ لە ژیاندا بووە سەراو و دەراوی زۆر کردووە. ژیانی هەر بە سڕ

**گومی بردە سەر، زۆر هاریکاری ڕێکخراوەکانی کوردی کردووەو خۆیشی لە هەندێکیاندا ئەندام بووە، یەک لەم ڕێکخراوانە (کرد تعاون و ترقی جمعیتی)بووە، ناوەڕۆکی ژمارەکانی (کورد) کە ئەم وتارەی ئێرەی تێدا بلاو کراوەتەوە شایانی لا لێ کردنەوەیە، بەلام ئاخ بۆ (تورکی) زانێک هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، کاتی خۆی لە (ڕۆژنامەڤانی) ئاماژە بۆ کراودا (دۆسێ) یەکم لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە بلاوکردۆتەوە، لەوساوە کەسێک چنگ نەکەوتووە یارمەتیم بداو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەم بۆ وەربگێڕی، ماوەیەک لەمەو بەر کاک (حەمید ئەبوبەکر)ی بەرپرسی (دەزگای بەدرخان) چووبووە ئەستەنبۆل، لەوێ سەردانی (ئەنستیتۆی کوردی) کردبوو و کۆمەلێک گۆڤاری (زەند)ی لێ خواستبوون، چەند دانەیەکی بەخشیە من ئەم بابەتەی لێرەدا دەیخوێنیەوەو لە پەراوێزیشدا ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی کراوە لە هەمووان پتر سەرنجی ڕاکێشام.**

**وا دیارە کاک (کەرەم سۆلیو) زۆر بە ئەمانەتەوە کردوویەتیە کوردی، دلنیام بە خوێندنەوەی زۆر لایەنی مێژوویی و ڕۆژنامەنووسیمان ڕوون دەبێتەوە، بەتایبەتی کە دەبینین نووسەر ئاماژەی بۆ چالاکی زانای گومناو (خەلیل خەیالی) و (ڕێزمان)ەکەی کردووە، ئەم ئاماژەیەش مێژووی چاپکردنی کتێبی (ڕێزمان)ەکەمان بۆ دیاردەکات.**

**سەرنووسەر**

ئەی گەلێ کورد، د یەکێتیێ دە هێزو ژیان، د براتیێ دە خوەشی و قەنجی، د دەولەتێ دە سەلامەتی هەیە. بەنێ یەکێتیێ، زەنجیرا ژ هەڤ حەزکرنێ زەخم بگرن دا کو وە ژ بەلایێ بپارێزە، رند گوهێ خوە بدنێ ئەزێ ژ وە رە تشتەکی ببێژم، هوون بزانن کو سێ حەب جەواهرێن مە هەنە، پاراستنا وان ژ مە دخوازەن یا یەکەم، ئیسلامیەتە و بەردێلا وێ ب هەزاران خوینا شەهیدانە. یا دویەم، مرۆڤاتییە. دڤێ کو ئەم ل بەر چاڤێن گەل خەباتەک زانستی، عەگیتی و مرۆڤایەتییا خوە ب هەموو جیهانێ بدن نیشان. یا سێیەمین، گەلپەروەرییا مەیە کو مەزناهی دایە مە. یێن د بەریا مە دە ب قەنجی و ڕوومەتێن خوە دژین. یێن کو ب کێری خوە تێن، نەتەوەیا خوە دپارێزن، ئەڤ یەک رووحێ وان د گورا وان دە شاد دکە. ژ خەینی ڤان، تشتێ کو مە تێک دبە، سێ حەب نەیارن:

١) خزانی یە، چل هەزار بارکێشێن (حەمال) ستانبۆلێ دەلیلا ڤێ یەکێ یە.

٢) نەزانی و بێ پەروەردەییە. ب هەزاران ژ مە نکارن ڕۆژنامەیان بخوینن. ئەڤ ژی دەلیلا ڤێیە.

٣) نەیارتی و دووبەندیا د ناڤبەرا مە دە یە.

ئەڤ ژی هێزا مە کێم دکە، مە دخە بن دەست، لەورە حەکومەتا بێ ئینساف زولمێ ل مە دکە.

هەکە وە ئەڤ گۆتن سەح کربن، بزانبن کو چارەیا خلاسیا مە ئەڤە، دڤێ کو ئەم شوورێ سێ حەب ئەلماستان بدن دەستێ خوە.

لەورا هەتا کو ئەم وان هەرسێ جەواهرێن خوە ب دەست خوە نەخن، ئەم نکارن ڤان هەرسێ نەیاران ژ سەر خوە ڕاکن.

١-عەدالەت، زانین و خوەندن.

٢-یەکیتی و ژ هەڤ حازرکرنا نەتەوەیی.

٣-خوە ب خوە کرنا کارێ خوە، باوەرییا ب هێزا خوەو باوەری پێ نەئانینا ب بەلەنگازان.

شیرەتا داوین ئەڤە:

خوەندن! خوەندن! خوەندن!.. دەستێ هەڤ گرتن! دەستێ هەڤ گرتن! دەستێ هەڤ گرتن!

گۆتنا داوین

هەکە کو ژ زارۆکێن نەتەوەیا خوە ڕە ژی ل ڤێ دەرێ چەند گۆتنان نەکم، ل گۆر دیتنا من، مژار کێم دمینە. ئەی کوردێن کو د دەما ئاسووری و کیانیێن جیهانگیر دە خوەدی پار و خوەدی لەشکەرێن عەگیت و کوردێن شێر بوون! ٥٠٠ سالە کو هوون رازانە. بەسە ئیدی شیار بن، سبەیە. هەکە هوون شیار نەبن وەحشەت، خەشیمی و خەواری وێ د چۆلستانا بێ ئاگاهیێ دە ئێرش بیننە سەر وە.

حەکمەتا خوەدێ یە کو ژێ رە ماشینا

گەردوونێ یا ب رێک و پێک تێ گۆتن، ئەوا کو وەک خەتاتیلێ درێژی با تەمامی گەردوونێ و وان قانوونێن وێ یێن ب چق و نوورانی بوویە. تلیا قەدەرێ بلند دکەو ژ وە رە فەرمان دکە.

میرانی و فکرا خوە یا نەتەوەیی و هێزا خوە یا کو وەک دلۆپێن ئاڤێ ژ هەڤ قەتیایە و وندا بوویە، دبن فکر و براتیا ئیسلامیەتێ دە بکن یەک. ب هەڤ ڤە بزەلقینن و وەک مۆلەکولێن، ب جازیبەیەکە دلکێشیا تەڤهەڤی، نەتەوەیی گرسەیەک کوردانا هەری مەزن چێکن. کو وەک کورەیێ کو ل دۆرا خوە بزڤرە و دناڤ رۆژا ئیسلامیەتێ دە وەک ستێرکەک هەری گەش رۆناهی بدە. دڤێ کو هوون ڤێ بالکێشی و یەکیتیا تەڤهەڤی و نەتەوەیی بپارێزن.




ئەو سولتانێ ئازادیێ کو لەسەر سەرێ چیایێ سیپان و ئاگریێ پر بلند رابوویە پیان، کەتنا بن دەستان و زلم و زۆرا ل سەر مرۆڤان قەدەخە کریە و خوە سپارتیە قانوونا خوەدا، ب دەنگەک بلند بانگ دکە. دبێ کو نەتەوەیەک وەک وە، یێ کو د نەوالێن پێڤاژۆیێن بهوری دە بێ ئاگاهی چاڤ گرتنی و ژ هەڤ و دن بەلاڤ بوونی مایە ژ بۆ ل هەمبەر دەرکەتنا نەزانی و خزانیێ و ژ بۆ پێشڤەچوونا فەن و پیشەو ژ بۆ دەستئاڤێتنا چەکێ، فەرمانا ئیرشا وە دکە، پێش کەڤن! پێش کەڤن!

هەم ژی دبن وان پەردەیێن راستین دە، پەردەیێن زۆردەستی و تونەکرنێ ژ هۆلێ رادبن. ب ڤێ ئاوەیێ ژی تەبەقەیا کو نەزانی و بێ ئاگاهی یە ل سەر ملان هنەک سڤک دبە و خەبەربێژێ هەری راست رابوویە سەر پییان ژ وە رە، د هەر ئالیێ دە ئاگاهداریێ ددە کو ئەو چاندنیا دەستێ قەدەرێ یە د دەربارێ راستیا گەلتیا وە دە کو قەدەری دەردخە پراتیکێ و ئەو ئەخلاق و خوویێن کو راستیا نەتەوەیا وە تێ دە ڤەشارتیە، ب ئاڤا ژیانا پەروەردەهیێ بدن ئاڤدان. هەکە کو هوون ولۆ نەکن ئەو دار وێ هشک بە ئان ژی ئەوێ وندا بە.

هم ژی باڤێ شارەزاهیێ و دامەزرینەرێ سەرکەفتنێ کو ئوستادێ پێویستێ یە. سیلا خوە بلند کریە، ل وە حکم دکە کو ئان هوونێ ژیان و ئازادیا خوە د ڤێ چۆلستانا هۆڤیتیێ دە بدن وندا کرن، ئان ژی د قادا شارەزاییێ دە فەن، پیشە،

ل بالۆن و شیمەندیفەرێ سوار بن.

د پێشەرۆژێ دە وان تەورێن خوە یێن بەلاڤ باڤێژن و ب لەزو بەز برەڤن ب با کابەیا سەرکەفتنێدا.

هەم ژی نەتەویتیا کو ژ نەوالێن دەمێن دەرباسبوویی و ژ چۆلستانێن نها، ژ چیایێن پێشەرۆژێ یە. یێن وەک روستەمێ زال و سەلاحەدینێ ئەیوبی کوردێن داهی و لەهەنگ د دیرۆکێ دە روونشتنە ئەو وەک مالباتەکێ نە ئەو فکرا وە یا نەتەوی کو فێکیێ ژیانا هەری بلندەو هەرکەسەکی ب شەرەف و حەیسەتا وی ددە روومەتدارکرن، ژ وە رە ب فەرمانەک ڤەبر فەرمان دکە. هەتاکو هەریەک ژ وە ببە نەینکا ژیانا تەمامی گەل و پارێزڤانێ تەمامێ گەل، خوەدیێ تەمامی بەرژەوەندیێن گەل و تەمامی گەل د خوە دە ببینن، ببن یەک. وێ دەمێ وەک نها هوون نە ب تەنێ نە، هوون وەک نەتەوەیەک مەزنن.

هەم ژی ئەو مەشرووتەیا کو سەبەبێ بەختەوەریا گەلانە و حوکوم کرنا نەتەوەیا ددە پێش، ب خوەرە نیشانا ژیانێ یە کو ئیرادەیا بچووکا د ئازادیێ دە ژ زۆربەتی و داگیرکەریێ ددە رزگارکرن.

ب شێوراندنا شەرعی تێ تێ هەڤێن کرن. ئەڤ چڤاکا مەشرووتیەتا مەشروع بانگی بەر ب ئەزموونێ ڤە دکە کو هوون گهشتن با سالێ کەملاندنێ واستەیێن مرۆڤاهیێ دخوازن کو هەوجەدارییێن وە ببینن.

دەما کو فکر مەزن ببە هێز ژی مەزن ببەو ب جۆشا نەتەوەیی ئەخلاق ژی تی سەرانسەریێ، ب هەر ئاوایی سەرکەفتن چێ دبە.

هەم ژی ئەو مەشرووتیەتا کو سەبەبێ بەختەوەریا گەلانە و حوکوم کرنا نەتەوەیا ددە پێش، ب خوە رە ماشینا ژیانێ یاکو ئیرادەیا بچووکا د ئازادیێ دە ژ زۆربەتی و داگیرکەریێ ددە رزگارکرن، ب شێوراندنا شەرعی تێ تێ هاڤێن کرن.

ئەڤ جڤاکا مەشرووتیەتا مەشروع بانگی بەر ب ئەزموونێ ڤە دکە کو هوون گهشتن با سالێ کەملاندنێ و واستەیێن مرۆڤاهیێ دخوازن کو هەوجەدارییێن وە ببینن. خوە ژ ئەزموونێ رە ئامادە بکن. هەبوونا خوە ب یێکیتیا خوە بدن خوویاکرن. ب پاراستنا نەتەوەیا وە فکر و ویژدانا خوە یا کەسیتی وەک دل و مێژوویێ هەڤکاری، نەتەوی بدن خوویاکرن. هەکە هوون وەها نەکن هوونێ دەستڤالا بمینن. دیپلووما ئازادیێ ناکەڤە دەستێ وە.

بەلی، د چۆلستانێن دەرباس بوویی دە تشتێن کو بوونە هنجەتا کێشمەکێشی و گەنگەشیا ناڤبەر وە دە، ئاغاتی و خودبینی، ئەزیتی یە. دڤی دەمێ دە وێ وەرگەرە بال کۆشکا ئازادی و خوەشیێ و ئافراندنا فکرا شارەزاهی و سەرخوەبوونێ. هەتا ئەز دکارم بێژم کو ل گۆر مەدرەسەیێن هن نەتەوەیێن دن ئێ بێ دەنگ، مەدرەسەیێن وە یێن ب گەرەمۆل ئیشارەتا مەجلیسا یا زانیاری نیشان ددە.

ب خوەندنا فاتحەیێ ل پەی ئیمام، گنەگنێن وە یێن سەماوی و روحانی ب مەزهەب، ب ب مەدرەسەو ب نەتەوەیی د سرا وە یا مەشروتیەتێ یا کو دێ وە رە ئامادەکرن دە، نیشانا ڤەدەرێ هەیە.

تو تشت ژ بۆ ئینسان هەروە چێنابە، لێ هەر تشت ل گۆر کەدا وی تێ پێ.

د وێ ئایەتا پیرۆز دە فەرمانا تەشویقا کەسایەتی و نەتەوەیی هەیە. جەسارەت و ناموسا نەتەوەیی یا کو پارێزڤان و دامەزرێنەرێ هەر سەرکەفتنێ یە وەها فەرمان دکە: چاوا کو هەتا نها د ناڤبەرا دل و مێژی دە وە رێیەک ڤەکر و وە دل و مێژی کرە یەک، وە زانینا خوە ژی ژ خەتێن جەوهەر یێن شوور گرت. وە جەسارەتەک نەدیتی نیشان دا. نها ژی ژ دل بەر ب رامانێ ڤە رێیەک زراڤ ڤەکن. هێزێ ل هاوارا مێژی ژ بۆ پشتگریا رامانان بشینن. ژ بۆ کو د قادا شارەزاییا مەژییێ ب جەسارەت دە ناموسا نەتەوەیی پایمال نابە، دڤێ کو شووری وە ژ جەوهەرێ فەن و پیشەیێ بێ چێکرن. هەم ژی زمانێ مادەری نەینکا رۆناهیا نەتەوی یە. ئەو دارا وێژەیێ یا ب فێکی یە و ئاڤا ژیانێ یە، جەتوەلێن زاناتیێ روومەت و سەرکەفتنا وە یە. راستە د هەمبەر وژدانا هەرکەسی دە رێ ڤەکریە. ژ سەدەم کەماسیێن وە، تێ دە گەلەک تەڤلێهەڤی

چێبوونە. د چقێن زمانێ وە دە گەلەک کۆبوون چێبوویە. دارا زمانێ وە یێ وەک دارا توبایێ ب سەجەرەو چقێن خوە ڤە دبوویا کو خوە بدا خویان. لێ، ژ سەدەم کو وەک دارەک هشک بێ فێکی مایی، پەریشان و ژ زمانێ شارەزاهییێ"کو ویژەیە" پاش دەماییە، هەم ژی زمانێ مادەری نەینکا رۆناهیا نەتەوەیی یە. ئەو دارا ویژەیێ یا ب فێکی یەو ئاڤا ژیانییە، چەتوەلێن زاناتییێ روومەت و سەرکەفتنا وەیە. راستە راست د هەمبەر وژدانا هەرکەسی دە رێ ڤەکریە. ژ سەدەم کەماسیێن وە، تێ دە گەلەک تەڤلێهەڤ چێبوونە. د چقێن زمانێ وە دە گەلەک کووبوون چێبوویە.

زمانێ وە بە خەجیلی، ب خوەدی دەرکەتنا نەتەوەیی وە ددە گلی و گازن کرن. د ژیانا مرۆڤان دە سکەیا قەدەرێ زمانە. سوورەتێ مرۆڤایەتیێ ژی د رووپەلێ زمێن دە نەخشێ داخوویانیێ ددە وێنەکرن. زمانێ دایکێ ژی ژ بەر کو خوەزاییـیە بێ گازیکرنا پەیڤان تێ هشێ مرۆڤ. دانوستاندن، ژ بەر کو ب تەنێ نە د گۆتنێ دە دمینە، هشمەندی دوسەری نابە، ئو ئەو زانینا کو دکەڤە زمێن وەک نەخشێ ل سەر کەفر تم دمینە و ب وێ خەملا زمانێ نەتەوەیی چ وەرە دیتن ژی مرۆڤ پێ رە ل هەڤ هاتی دمینە.نها ژی ئەزێ ژ وە رە میناکەک ل سەر خوەدی دەرکەتنا زمانێ نەتەوەیی نیشان بدم:

خەلیل خەیالیێ مۆتەکی چاوا ل تەمامێ شاخێن نەتەوەیی خوەدی دەرکەتییە وسا د قادا شاخا زمێن دە ژی پاراستن و زەخیرە چێکریە. زمانێ مەیێ بنگەهێن"کو ئەلیف با، و گرامەرە" ئانیە هۆلێ.

هەتا ئەز دکارم ببێژم کو دقرنا خوەدی دەرکەتنێ، غیرەت و فەداکاریی دە یەکیتیا خوە یا مەعنەوی دایە چێکرن. ب راستی ژێ مادەنێن کوردستانێ دەما کو راستی جەوهەرەک وەها بێ، پێشەرۆژا مە وێ ب ئومووداا گەلەک کەسێن مینا وی، ب گەلەک جەوهەران بێن رۆنیکرن. وی زاتی نموونەیەک ژ لێ خوەدیدەرکەتنا نەتەوەیی دایە خوویاکرن. ئەو لایقە کو مەرڤ خوە بسپێریێ.

وی دەربارێ زمانێ مە یێ نەتەوەیی دە کو پێویستیا وی ب تێگهیشتنێ هەیە خیمەک ئاڤێتیە. ژ تەمامی لێ خوەدی دەرکەتنا نەتەوەیی رە وەسیەت و شیرەتا من ئەوە کو هەرکەسی ل سەر رێکا وی هەرەو ل سەر خیمێ وی ئاڤاهیا چێکە.

چاڤکانی. رۆژنامەیا کورد تەعاون و تەرەقی.

هەژمار ۲۲/۱/یێ تەشرینا دووەم ۱۹۰۸.

* ئەم بابەتە لە ژمارە (٥)ی ساڵی ٣ی گۆڤاری (زەند) لە ساڵی ١٩٩٨ دا بڵاوکراوەتەوە.

زەند: کۆڤارا سێ مەهی یا لێکۆلێن و لێگەرِیین.

زانستی، لەلایەنی ئەنستیتوی کوردی لە ئەستەنبۆل بڵاودەکرێتەوە.

# مێژووی ڕۆژنامەنووسی جیهانی و عەرەبی

ڕەفیق ساڵح

چەمکی ڕۆژنامەنووسی (press) لە بنەڕەتدا لاتینییە، پێشتر گشت چاپکراوەکانی، وەک: (کتێب و ڕیکلام و پۆستەرو گۆڤارو ڕۆژنامەو نامیلکە)ی دەگرتەوە، بەڵام ئەم چەمکە لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسیدا، مەوداکانی بەرتەسک بوونەوەو تەنها بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە بەکارهێنرا.

مێژوونووسان بیروڕای جیاجیایان سەبارەت بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی لە جیهاندا هەیە: هەندێک پێیان وایە یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا ڕۆژنامەی "کین پان"بووە، کە لە ساڵی٩١١ پ.ز لە"پەکین"ی پایتەختی وڵاتی چین دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی ڕەسمی حکوومەت بووە.

بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن، یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا لە ساڵی ٩٥٨ پ.ز لە ئەوروپا، لەلایەن "یۆلیۆس قەیسەر"ی ئیمپراتۆری ڕۆماوە دەرکراوە، بە ناوی (Acta durina)*ەوە بڕیارەکانی حکوومەت و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پیران و هەواڵی جەنگ و دادگایی کردنەکان و هەواڵە کۆمەڵایەتییەکانی بڵاو دەکردەوەو لەسەر دەرگای ماڵان لە شاری ڕۆما هەڵدەواسرا، تا خەڵک بیخوێنێتەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە، لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما وەستاوەو بڵاوکراوەیەکی دیکە بە ناوی (نامەی هەواڵ) جێگەی گرتەوە کە بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپاو تا سەدەکانی (١٦،١٥،١٤) لە شاری ڤێەننا بەردەوام بووە، تایبەتیش بوو بە بڵاوکردنەوەی هەواڵە بازرگانیەکان و هەواڵی وڵاتانی ئەوروپا.

بۆچوونێکی دیکەش هەیە دەڵێت: "مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بە توندی بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە بەستراوە. بۆیە مێژووی ڕۆژنامەنووسیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی مرۆڤ بە شوێن کەرەستەی زارەکی و نووسراودا دەگەڕا".

بەڵام پێمان وایە هەر سێ بۆچوونەکە سەبارەت بە سەرهەڵدان و پەیدابوونی

ڕۆژنامەنووسی هەڵەیە، چونکە مێژووی پەیدابوون و ناوەڕۆک و ڕۆڵ و ئاراستەی ڕۆژنامەنووسیی، بەستراوە بە سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتیو مێژوویی چینی بۆرژوازی، کە لە سەدەی پانزەیەمەوە جێگەی چینی دەرەبەگی گرتەوە. بەو واتایەی کە ڕۆژنامەنووسیی بەرهەمی بۆرژوازیەو، ئەم چینەش لە ململانێی ئابووریی و کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژییەکانی لەگەڵ چینی دەرەبەگدا، ڕۆژنامەنووسیی وەک چەکێکی کاریگەر بەکارهێناوە.

ئەورووپا، لە کۆتایی چاخەکانی ناوەڕاستدا، گەشەسەندنێکی پیشەییو بازرگانی بەخۆوەبینی کە بووە هۆی سەرهەڵدانی چینێکی نوێی پیشەوەرو بازرگانن. ئەم چینە نەیدەتوانی ئەرکی مێژوویی خۆی بە تەواوی ئەنجام بدات، کە خۆی لە دۆزینەوەی هێزی بەرهەمهێنانی نوێ و سەپاندنی شێوازی نوێی بەرهەمهێناندا، دەبینییەوە، تا کۆسپی سەرەکی بەردەم ئەو پەرەسەندنە تێک نەشکێنێت، ئەو کۆسپەش بریتی بوو لە سنوورو رووبەری دەرەبەگایەتی، هەروەها ئەو ئەرکە ئەنجام نەئەدرا ئەگەر بازاڕە ناوخۆییە بچووکەکان لەناو نەبرانایە، بە تەواوی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیش بەتەواوی بنبڕ نەکرابایە کە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی سروشتی دامەزرابوو. بەم شێوەیە ململانێ لە نێوان بۆرژوا لەلایەک و دەزگاکانی دەوڵەت و کڵێساکانی کاسۆلیکی لەلایەکی دیکە، دروست بوو.

ئەم ململانێیە بە تەنیا لە یەک بواردا نەهاتە کایەوە، بەڵکو ململانێیەکی ئابووریو کۆمەڵایەتییو سیاسیی و فیکری بوو. بۆرژواکان بەردەوام بوون لەسەر فراوانکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیان لە ژیانی ئابووریدا.

### چۆن کاری پیشەسازی گەشەی کرد؟

هەڵمەتەکانی تاڵانی دەرەبەگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و جەنگە ئاینییەکان و دۆزینەوەی جوگرافی بووەتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و کارابوونی پیشەو چالاکی نوێ، کە پێشتر نەبوون، هەروەها بووە هۆی دەرکەوتنی جۆرە جیاجیاکانی بازرگانی.

دەرەبەگەکان خاوەنی زەوی و زاری خۆیان و خاوەنی جووتیار بوون، بەو شێوەیە دەژیان، بەڵام ئەم چینە نوێیەی پیشەوەران خاوەنی زەوی نەبوون، بەڵکو بە هێزو بازووی خۆیان دەژیان، لەبری ئاڵوگۆڕی سروشتی کاڵاو شمەک پەیدا بوو، دواتریش لە پەیوەندی نێوان کەلوپەل و کاڵا، دراو (عملە) هاتە ئاراوە.

گشت ئەو دەرکەوتە نوێیانە لە شارەکاندا پەیدابوون، بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا کە بوونە ناوەندی بازرگانی.

**هەڵمەتەکانی تاڵانی دەرەبەگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و جەنگە ئاینییەکان و دۆزینەوەی جوگرافی بووەتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و کارابوونی پیشەو چالاکی نوێ، کە پێشتر نەبوون**

هەواڵنامەی کتێب

لــەو کۆمەڵگا مرۆییانەدا ڕۆژنامەی دەوری دەرچوو، واتە ئەو ڕۆژنامانە لە قەڵای پادشا یان شازادەو کڵێساکان و دێرو کۆشکی دەرەبەگەکاندا دەرنەچووە.

لەگــەڵ گۆڕانــی شــێوازەکانی بەرهەمهێنــان چەندین گۆڕانکاریــش لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاســیدا ڕوویداو ئایدۆلۆژیایەکــی بــۆرژوازی نــوێ هاتــە ئــاراوە، کــە خاوەنــی تێڕوانینێکــی نوێ بــوو بۆ ژیــان و کۆمەڵگە، لە دژی دەرەبەگ و کڵێســاکانی کاســۆلیکی کاریان دەکردو دروشمی مرۆڤایەتیشیان بەرز کردەوە.

هەر لەم ســەروبەندەدا ئەدەب و هونەرو فەیلەسوفی مەزن پەیــدا بوون، کە ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکانی ڕزگاری نیشــتمانیان دەکرد لە نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەمدا، هەروەهــا جوڵانەوەیەکــی بەهێزی ڕیفــۆرم و داهێنان و دۆزینەوەی نوێ، ســەری هەڵــدا. داهێنانی هونەری چاپ، بــووە پێویســتییەکی کۆمەڵایەتــی و گرنگ و شــێوازێکی کاریگەر بۆ چاپی نوێ.

لــە ســاڵی ١٤٣٦دا "یۆهانــس گۆتەنبــرگ"، لە شــاری ماینزی ئەڵمانیا، بــۆ یەکەم جار چاپی داهێنا، ئەم داهێنانە نوێیە، بە گشــت ئەوروپادا بــڵاو بووەوە، بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب و زانست و هونەرو فکرو هەواڵ و ئاڕاســتەکردنی ڕای گشــتی و بیروڕا گۆڕینەوە. هەڵبــەت ئەم داهێنانەش بە بێ کاغەز نابێت. چینییەکان لە سەدەی هەشــتەمی زایینەوە کاغەزیان دروست کردووە، پاشــان عەرەبەکان نهێنی چۆنێتی دروستکردنی کاغەزیان لە چینیەکان وەرگرت، دواتریش لە ســەدەی دوازدەهەمدا، لە کاتی شــەڕی خاچ پەرســتەکاندا، ئیسپانییەکان چۆنێتی دروستکردنی کاغەزیان لە عەرەب وەرگرت.

عەرەبەکان نهێنی چۆنێتی دروستکردنی کاغەزیان لە چینیەکان وەرگرت، دواتریش لە سەدەی دوازدەهەمدا، لە کاتی شەڕی خاچ پەرستەکاندا، ئیسپانییەکان چۆنێتی دروستکردنی کاغەزیان لە عەرەب وەرگرت

لە ســاڵی ١٢٧٦یشــدا ئیتاڵییەکان، فێری دروستکردنی کاغەز بوون، پاشان لە ساڵی ١٣٨٩ لە شاری "نۆرمبێرگ"ی ئەڵمانیا، "ئۆلمان شــترۆنەر"، یەکەم ئاشــی دروستکردنی کاغەز دروستکرد، لە سەدەی چواردەیەمدا، چەندین ئاشی دیکــەی دروســتکردنی کاغەز دامەزرا تا لە ســاڵی ١٤٥٩، یەکەم کارگەی دروستکردنی کاغەز دامەزرا.

### سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە

ئەڵمانیا:

زیادبوونــی بەرهەمــی پیشــەیی، بە تایبــەت لە دوای جەنگــی خــاچ پەرســتەکان و گەشەســەندنی بازرگانــی نێودەوڵەتیــو تێپەڕبوونی ڕێگاکانی بازرگانی بە ئەڵمانیادا، بووە هۆی دروســت بوون و فراوان بوونی دەســەڵات و هێزی چینی بۆرژوازی، لە شارەکانی کۆڵۆن و فرانکفۆرت و هامبۆرگ و شــارەکانی دیکەدا. نووســینگەکانی ناردنی

هەواڵ دروست بوو و پەرەی سەند.

ئەڵمانیا بە هۆی پێگەی جوگرافی کەوتۆتە ناوڕاستی ئەورووپاوە، بازرگانی تیایدا گەشەیەکی زۆری کرد، شاری کۆڵۆن، هەمیشە پەیوەندی هەبووە بە هۆڵەنداو بریتانیاوەو شاری "فرانکفۆرت" یش کەوتۆتە نێوان ڕێگای بازرگانی گشتی، هەروەک شارەکانی دیکەی وەک هامبۆرگ پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ وڵاتانی ئەسکەندنافیادا هەبووە.

یەکەم جار لە شاری (ئۆکسمبێرگ)، ژوورێکی بازرگانی دروست بوو بە ناوی (فۆگێر). چەندین لقی بازرگانی لە سەرتاسەری ئەورووپادا هەبوو. کاری فۆگێر، بریتی بوو لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هەواڵ و دابەشکردنی بەسەر لقەکانی خۆیدا، تا ڕەوانەی ناوچە جیاجیاکانی ئەورووپای بکات. هەواڵی بازرگانی جێگەو بایەخێکی تایبەتی هەبوو لە کۆشکی میرو پادشاکاندا، بەتایبەتی ئەو هەواڵانەی تایبەت بوون بە دۆزینەوەی جوگرافیی و جەنگیی دژی تورکە عوسمانییەکان و هەواڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

ئەو کەسانەی لە دەرکردن و نووسینی ئەو ڕۆژنامانەو کۆکردنەوەی هەواڵەکانیدا بەشداربوون، کەسانێکی پەیوەندیدار بوون کە هەواڵیان دەگواستەوە لەبەرانبەر دەسکەوتێکی دارایی باشدا.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی شانزەدا "ئێریمیا کۆسێر"، یەکەم نووسینگەی پۆستی لە شاری ئۆکسمبێرگ دامەزراند کە پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ خانەی فۆگێر.

دواتر هەواڵ بە مانای کۆکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکدا، بووە یەکێک لە بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان. واتە وەک کاڵایەک کۆکردنەوەو دابەشکردنی دەسکەوت و داهاتێکی بەرچاوی بەدەست دەهێنا. بەڵام دابەشکردنی هەواڵ بە شێوەیەکی باشترو کاریگەرتر پێویستی بە دامەزراندنی تۆڕێکی پۆستی باشتر هەبوو، بۆیە لە سەردەمی "قەیسەر ماکسیمیلیان"ی یەکەم (١٤٩٣-١٥١٩)، یەکەم تۆڕی پۆست لە ئەڵمانیا دامەزرا، ئینجا پەیامنێر دروست بوو، کە بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو بە ئەسپ هەر هەشت ڕۆژ جارێک هەواڵی جیاجیاو پۆستیان ئەگواستەوە. ڕۆژنامەکان لەو سەردەمەدا پێیان دەوترا "ئۆردینێری تیستۆنگ"، واتە ڕۆژنامەی پەیامنێران و لە سەر یەک لاپەڕەش چاپ دەکران. ئەو ڕۆژنامانە ناوونیشانی جیاجیایان هەبوو، دیارترینیان: ترسناک، سەرسوورهێن، سەیر، ڕاستی، ڕاستگۆ .. هتد بوو.

> **هەواڵ بە مانای کۆکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکدا، بووە یەکێک لە بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان. واتە وەک کاڵایەک کۆکردنەوەو دابەشکردنی دەسکەوت و داهاتێکی بەرچاوی بەدەست دەهێنا**



هەواڵنامەی ...

لە کۆتایی سەدەی پانزەدا، سەرەتاکانی پرۆسەی ڕیفۆرم سەری هەڵداو چینی بۆرژوازیش لە نێوان جەماوەری خەڵکدا، دەستی بەبڵاوکردنەوەی دروشم و پرنسیپی بۆرژوازی کرد کە تیایاندا داوای دەکرد لە دژی ڕەوشت ورەفتاری دەرەبەگ کاربکەن و بانگەشەیان بۆ یەکێتی نەتەوەیی و زیادکردنی ئازادی تاکەکەس دەکرد، ئەوەش لە ساڵی١٥١٧ لەسەر کاغەزی بچووک چاپ و بڵاو دەکرایەوە. هاوکات "تۆماس میونتیزەر" ژمارەیەک ڕۆژنامەی دەرکردو تیایاندا داوای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە چەوساندنەوەی دەکرد. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە گوزارشتی لە کۆمەڵێک بنەما دەکرد وەک پێویستە کۆمەڵ نەچەوسێنرێتەوە، چینایەتی کۆمەڵ و خاوەندارێتی تاکەکەس نەمێنێت، دەسەڵاتی دەوڵەت لاببرێت. بەڵام لە دوای شکست هێنانی ڕاپەڕین و شەڕی جوتیاران، ڕۆژنامەنووسیی کەوتە دەست سازشکاران و تەنیا تایبەتیش بوو بە هەواڵەکانی دەرەوە و هەوڵەکانی هوشیارکردنەوەی خەڵک. ڕێگە نەئەدرا هەواڵەکانی ناوخۆ بڵاوبکرێتەوە.

پاش نیوەی دووەمی سەدەی (شازدەیەم، ڕۆژنامەیەک پەیدابوو، بەناوی (پەیوەندی Relation) کەلە ستراسبۆرگ، لەلایەن "یۆهان کارلۆس"ەوە هەفتانە دەرئەکراو تەنیا یەک لاپەڕە بوو. پاشان ڕۆژنامەی میس پەیدابوو، کە تەنیا لە بۆنەکاندا دەردەچوو. لە ساڵی (١٦٠٩)یش لە فولفنبویل، ڕۆژنامەی کەشتی هەواڵ، لەلایەن یەعقوب لۆنسیوس دەرکرا.

ئەم دوو ڕۆژنامەیە بە یەکەم ڕۆژنامەی دەوری دادەنرێن لە ئەڵمانیاداو هەفتانە دەردەچون و هەردووکیان لە ساڵی (١٦٠٩) دا پەیدا بوون، کە ئەوەش ساڵی دروست بوون و لەدایکبوونی ڕۆژنامەنووسییە لە جیهاندا.

"تۆماس میونتیزەر" ژمارەیەک ڕۆژنامەی دەرکردو تیایاندا داوای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە چەوساندنەوەی دەکرد. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە گوزارشتی لە کۆمەڵێک بنەما دەکرد وەک پێویستە کۆمەڵ نەچەوسێنرێتەوە

بەریتانیا:

مێژووی یەکەم چاپکراوە دەورییەکان لە بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٤٧٧). لە ساڵی ١٤٨١دا یەکەم چاپخانە لە لەندەن دامەزرا، بەڵام پەرەسەندن و گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی لە بریتانیا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە:

١. دەرکەوتنی کاغەزو بڵاوکراوەی چاپکراو کە یەک وێنەی لێ دەردەکراو هەواڵی ناوخۆو دەرەوەی لە خۆ دەگرت و لەژێر چاودێری میرو دەرەبەگەکاندا بوو.

٢. لە ساڵی ١٥٨٦دا، مەرسومێکی پادشایی دەرچوو، کە ژمارەی خاوەندارێتی چاپی دیاری کردو تەنیا ڕێگەی دەدا بە بڵاوکراوەو کاغەزی چاپکراو لە لەندەن و ئۆکسفۆردو

کامبرج دەربچێت، هەرچەندە ئەو ڕێوشوێنە توندە کۆسپی زۆری خستە بەردەم دەرکەوتنی ڕۆژنامەی دەوری، بەڵام نەیتوانی بە تەواوی پەکی بخات و ڕێگەی لێ بگریت.

٣. لە ساڵی ١٦٢٠دا "جۆرج ویزلەر"، چەند ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی لە هۆڵەندا چاپکردو بە نهێنی دەیگواستەوە بۆ بەریتانیا، لە ساڵی ١٦٢١یش دا ئەو ڕۆژنامانە ناونران (نامەی هەواڵ ) News Letter).

٤. لە ساڵی ١٦٢٢دا هەریەک لە :ناتانێل پیتەرو نیکۆلا بیرکش، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیان دەرکرد بە ناوی News Week، ئەمەش بە یەکەم ڕۆژنامەی هەفتانە دادەنرێت لەو وڵاتەدا.

لە سەدەی هەژدەدا چینی بۆرژوازی ئینگلیزی چەندین ئاراستەو تێڕوانینی جیاجیای تێدا سەرهەڵدا وەک حزبی پارێزگاران و حزبی لیبراڵ . لەبەر نەبوونی سانسۆر لە کاری ڕاگەیاندندا ڕۆژنامەنووسیی گەشەی کرد، زەمینەش خۆش بوو بۆ دەرکردنی چەندین ڕۆژنامە لە بەریتانیادا. ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی جیهاندا ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "دەیلی گراند" دەرچوو، واتە "ڕەوتی ئەمڕۆ". ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لە ساڵی (١٧٠٢)دا لە لەندەن دەرچووو و تا ساڵی (١٧٣٥) بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٧٠٢ دانیال دیفۆ، ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی:
(weekly review of the affairs of France)
(ڕاپۆرتی هەفتانەی کاروباری فەرەنسی)، ئەم ڕۆژنامەیە، دوو ساڵ بەردەوام دەرچوون.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی لەو سەردەمەدا ئەوەیە، کە بایەخی زیاتر بە هەواڵ داوە، بەڵام "ویکلی ریڤیو"، ڕەخنە و بۆچوونی خۆی لەسەر ڕەوتی هەواڵەکان بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ١٧٠٩ ریچارد ستیل، ڕۆژنامەیەکی دەرکرد، بە ناوی (talker) قسەبێژ، لە ساڵی (١٧١١) بە هاوکاری لەگەڵ "ئەدیسون" ڕۆژنامەی (سباکتاتۆر– چاودێر) .

هنری فیلدینگ، ڕۆژنامەی (True Patriot) (نیشتمانی ڕاستەقینە) ی دەرکرد، چەندین کەسی دیکەش ڕۆژنامەی دیکەیان دەرکرد، وەک (لەندەن جۆرناڵ). ئەم ڕۆژنامەیە دەستی بەسەر بازاری کتێب گرتوو، باشترین ڕۆژنامەش بوو کە داکۆکی لە بورژواز دەکرد.

بۆ یەکەم جار لە مێژوی ڕۆژنامەنووسی بەریتانیادا (دانیال دیفیو)، پاشکۆیەکی تایبەتی بە ڕۆژنامەکەی دەرکرد بە ناوی (ئابڕووبەر–فچائح) کە دەتوانرێت بە یەکەم پاشکۆ لە مێژووی رۆژنامەنووسیی جیهان دابنرێ کە زۆر گاڵتە جارِیانەو بێ ڕەحمانە هێرشی دەکردە سەر

**"یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی لەو سەردەمەدا ئەوەیە، کە بایەخی زیاتر بە هەواڵ داوە"**

هەواڵنامەی کتێبی

چەمک و بەهاو نەریتی دەرەبەگایەتی.
دواتر ئەدیسون ستیل و سیبیت، پاشکۆیەکی تایبەتیان دەرکردو کەوتنە مشتومڕو ململانێ لەگەڵ پاشکۆکەی پێشودا. ساڵی ١٧٣١ ڕۆژنامەی جنتلمان ماگازین، دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر داکوکی لە پیشەوەران و چینی بورژوازی بچووک دەکرد.

فەرەنسا:

پاش تێپەر بوونی بیست ساڵ بەسەر دۆزینەوەی چاپ لەلایەن (گۆتنبرگ) لە ساڵی (١٤٧٠) یەکەم چاپخانە لە پاریس دامەزراو پاشان چاپخانە بە گشت فەرەنسادا بڵاوبووەوە.

بەهۆی زیادبوونی توندوتیژی و ململانێی نێوان کاسۆلیک و پروتستانت و خواستی پادشا بۆ دەسەڵاتی ڕەها، لە چلەکانی سەدەی شازدەدا بڵاوکردنەوەی کاغەزی چاپکراوی بچووک و بڵاوکراوە چاپکراوە نهێنییەکان پەرەی سەند، پاشان کاسۆلیکەکان بە شێوەیەکی ڕەها دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و چاودێریەکی توندیان خستە سەر ڕۆژنامەکان، وەک سزای لە سێدارەدان بەسەر هەر کەسێک کە ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەی چاپکراو دەربکات. ئەمەش هۆیەکی بەهێز بوو بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی نهێنی.

دەرکەوتن و گەشەسەندن و زۆربوونی هێزو کاریگەری ڕۆژنامەکان، دەسەڵاتی پادشاییان ناچارکرد، دەرک بە گرنگی و توانای وتەی نووسراو بکات.

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٦٣١ دا پزیشکی ناوداری فەرەنسی "نیو خراست ربنودو" بە موڵەتی حکوومەت، لەسەر پێشنیار، پشتگیری کاردینال رۆشیلو، ڕۆژنامەیەکی وەرزی دەرکرد بە ناوی (گازێت) . ئەم ڕۆژنامەیە فەرمان و بڕیارو یاساکانی پادشاو وتاری زانستی و هەواڵ و بابەتی سادەی بڵاودەکردەوە و بۆ ماوەی ١٣٠ ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام لە ساڵی (١٧٦٢) ناوی ڕۆژنامەکە گوڕا بۆ (گازێت دوفرانس) واتە (ڕۆژنامەی فەرەنسا). ئەم ڕۆژنامەیە بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشەنبیری ومەعریفە لە نێو جەماوەری خەڵکدا کرد، بەمەبەستی چەسپاندنی چەمکەکانی بۆرژوازی.

**"گرنگی دان بە ئەدەب و تاکە کەسیی، یەکێک بوو لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی فەرەنسی"**

گرنگی دان بە ئەدەب و تاکە کەسیی، یەکێک بوو لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی فەرەنسی، بەر لە دەرچوونی ڕۆژنامەی گازێتو، "کاسپوڤان هیلتن"، ڕۆژنامەیەکی بە زمانی فەرەنسی لە "ئەمستردام" ی هۆڵەندا دەرکرد، بە ناوی (پۆستی ئیتالیاو ئەڵمانیاو قبرس) دەگەیشتە فەرەنسا، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

<u>وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:</u>

لە ساڵی (١٦٣٨)دا کۆلیژی هارڤارد، دوو ساڵ دوای دامەزراندنی، چاپخانەیەکی لە بەریتانیاوە هێنایە ئەمریکا. لە سەرەتادا ڕۆژنامەکان لە بەریتانیاوە ڕەوانەی ئەمریکا دەکران، چونکە بەپێی یاسایەک کە پادشا "جیمس" دەریکردبوو قەدەغەبوو ڕۆژنامە لە کۆلۆنیاڵەکانی بەریتانیا، لە ئەمریکا دەربکرێت.

لە ساڵی (١٦٦٥)دا ڕۆژنامەی (لەندەن گازێت)، تەنیا ڕۆژنامە بوو کە بە ڕەسمی ڕێگەی پێ دەدرا بچێتە ئەمریکاوە. بە هۆی بوونی خەڵکی بەریتانی لە ئەمریکادا، ئەم ڕۆژنامەیە ڕەواجێکی گەورەی پەیداکرد، بەو پێیەی تاکە هۆکارە کە هەواڵی نیشتمانی دایکی بەو کەسانە دەگەیاند.

خاوەنی یانە و قاوەخانەکانیش چەندین بڵاوکراوەی هەواڵیان دەردەکرد، کە بە (ڕۆژنامەی دیوار) ناسرابوو، پاشان قۆناغێکی دیکە بەسەر ڕۆژنامەنووسیی ئەمریکادا هات، کە ئەویش سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ڕۆژنامەکانی بریتانیا بوو. لەم بوارەشدا (ساموێل گریین) لە ساڵی (١٦٨٦)، ڕۆڵی گەورەی گێڕاو ڕۆژنامەی "لەندەن گازێت"ی چاپکردەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیالی بریتانیا لە ویلایەتی ماشاشوستس ڕێگەیان دا کە چەندین ڕاپۆرتە هەواڵی ڕەسمی دەربچێت، بەڵام ئەو بڵاوکراوانە خاوەنی زنجیرەو ناونیشانێکی نەگۆڕو هەمیشەیی نەبوون، لە یەک لاپەڕەدا بڵاودەکرانەوە، تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پروپاگەندانە بوو کە لە دژی دەسەڵاتدارانی ویلایەتەکە ڕادەگەیەنران. یەکێک لەو ڕۆژنامانەش ناوی (The Present of The New English Affairs) بوو.

لە ٢٥ ی ئەیلوولی ١٦٩٠ دا بینیامین هاریس کە دوورخراوەیەکی سیاسی بوو، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژنامەی (public occurrences) ( ڕووداوە گشتییەکانی ناوخۆو دەرەوە) ی دەرکرد، بەڵام لە دوای چوار ڕۆژ ڕۆژنامەکە داخرا، بە بیانوی نەبوونی مۆڵەتی ڕەسمی. ڕۆژنامەنووسی ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەوروپا، هەر لە سەرەتادا شێوازێکی بازرگانی لەخۆگرت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەندین هەنگاوی گەورەو گرنگی ناوە.

**"ڕۆژنامەنووسی ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەوروپا، هەر لە سەرەتادا شێوازێکی بازرگانی لەخۆگرت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەندین هەنگاوی گەورەو گرنگی ناوە"**

### ڕۆژنامەنووسی لە سەدەی هەژدەدا

<u>بەریتانیا:</u>

لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا چەندین ئاراستەی سیاسی جیاجیای بۆرژوازی ئینگلیزی سەری هەڵدا، چەند حزبێکی وەک حزبی لیبراڵی و پارتی پارێزگاران

دەرکەوتــن. بە هۆی نەبوونی هیچ جۆرە سانســۆرێکیش زەمینەیەکی لەبار بۆ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە بەریتانیاو جیهاندا رەخسا کە ئەویش ڕۆژنامەی (دەیلی گرانت) بوو، کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی(١٧٠٢)، لە لەندەن دەرچوو، تا ساڵی (١٧٣٥) بەردەوام بوو .

لە ســاڵی (١٧٠٤) دا( دانیاڵ دیڤۆ)، ڕۆژنامەی ( ویکلی ریڤیــو ئــۆف ژە ئەفایرز ئــۆف فرانس) ی دەرکــرد واتە (ڕاپۆرتــی هەفتانەی کاروباری فەرەنســا)، ئەم ڕۆژنامەیە مــاوەی دووســاڵ بــەردەوام بــوو، هەرچەنــدە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە سروشتێکی بازرگانیان هەبوو، بەڵام ڕۆژنامەکەی دیڤیۆ بە ڕوونی ســیمایەکی تێکۆشان و شۆڕشــگێڕی پێوە دیار بوو، بەو پێیەی کە هەواڵەکانی کۆدەکردەوەو بە شێوەیەک ڕێکی دەخست کە گۆشەنیگاو بیروڕای خۆی ســەبارەت بە ڕووداوەکان دەخستەڕوو و ڕەخنەی لە گشت بوارە جیاجیاکانی ژیان دەگرت .

لــە ســاڵی (١٧٠٩) ڕیچارد ســتیل، ڕۆژنامەی (تۆکەر) (قســەبێژ)ی دەرکــرد، ســاڵی (١٧١١) بــە هــاوکاری ئەدیســۆن، ڕۆژنامەی (سباکتاتۆر) (چاودێر) یان دەرکرد، پاشــان (هێنری فیڵدینگ) ڕۆژنامەی (تــرو پاتریۆت) واتە (نیشــتمانی ڕاســتەقینە) ی دەرکــرد، دواتریش ڕۆژنامەی (لەنــدەن جۆرنــاڵ) دەرکرا، کــە کۆنترۆڵی بــازاڕی کتێب و بڵاوکردنــەوەی کــردو بووە گەورەتریــن داکۆکیکار لە بەرژەوەندییەکانی بۆرژواکان.

بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی بریتانیادا (دیڤۆ)، پاشــکۆیەکی بــۆ ڕۆژنامەکەی دەرکــرد، بە ناوی (یانــەی ئابڕووبــردن) کە تیایدا بە توندی و بێ ڕەحمانە هێرشــی دەکردەســەر ئاکارو نەریتەکانی دەرەبەگایەتی. لە دوای پاشــکۆکەی دیڤۆ، ئەدیســۆن ســتیل و ســویفت، پاشــکۆی تایبەت بــە ڕۆژنامەکەیان دەرکــردو دیالۆگ و مشتومڕێکی فراوانیان لەگەڵ دیڤۆ، دەست پێکرد.

> **بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی بریتانیادا (دیڤۆ)، پاشکۆیەکی بۆ ڕۆژنامەکەی دەرکرد**

لــە ســاڵی (١٧٣١) ڕۆژنامــەی (جێنتڵمــان ماگازیــن) دامــەزرا، کــە گوزارشــتی لــە بەرژەوەنــدی پیشــەوەرو بــۆرژوا بچووکەکان دەکرد. لە ســاڵی (١٧٦٩) ڕۆژنامەی (مۆرنینــگ کرۆنیــکل) دەرچــوو تــا ســاڵی (١٨٦٢) وەک پرۆژەیەکــی بازرگانی لە پێنــاوی قازانجدا بەردەوام بوو، لە ســاڵی (١٧٧٢) ڕۆژنامەی (مۆرنینگ پۆســت) دەرچوو، پاشــان لەگــەڵ ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگــراف) یەکخرا، کە تــا ئێســتاش لە دەرچــوون بەردەوامە. لە ســاڵی (١٧٨٥) ڕۆژنامەی (تایمز) دەرچوو.

ڕۆژنامەکانــی بریتانیا ئەو پرانســیپانەیان گرتەبەر کە ڕۆژنامەنووســیی مۆدێــرن پەیــڕەوی دەکات و بریتیە لە

پەیداکردنی خوێنەری نوێ، زیادکردنی بڵاوکردنەوە، واتە زیادکردنی وەرگرتنی ڕیکلامە بازرگانییەکان بەو پێیەی کە سەرچاوەی سەرەکی داهات و قازانجە.

<u>ئەڵمانیا:</u>

پاش دەرچونی ڕۆژنامە دەورییەکان لە ئەڵمانیا، ئەو ڕۆژنامانە بە شێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ دەستیان کرد بە بە گۆڕینی ناوەڕۆک وێڕای ترسی زۆریان، بەڵام بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان دەکرد، هۆکاری ئەم وریاییەش ناکۆکی و جەنگە ئاینییەکان بوو.

لە ساڵی ( ١٦٤٩) دا (تیمۆتیس ڕایتش) توانی ڕۆژنامەیەک دەربکات و لە ساڵی (١٦٦٠)یشدا دا پرۆژەکەی فراوانتر کردو ڕۆژنامەکەی (٦) جار لە هەفتەیەکدا دەردەکرد بە ناوی (هەواڵە نوێیەکان سەبارەت بە جەنگ و ڕوداوە جیهانییەکان) .

ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە بوو لە ئەورووپاو جیهاندا، بەڵام دواتر (ڕایتش) ئیمتیازەکەی لێ سەنرایەوەو ڕۆژنامەکەش گرنگی خۆی لە دەست دا وەک بڵندگۆ و مینبەرێکی سیاسی بۆرژوازی و ژمارەی بەشدارانی کەم بووەوە تا بە تەواوی لەناو چوو .

لە کۆتایی سەدەی هەڤدەمدا چەندین گۆڤاری زانستی دەرکەوت کە ڕۆڵی گرنگیان لە ڕەتکردنەوەو هێرشکردنە سەر فکری دەرەبەگایەتی گێڕا، ئەو سەردەمە بە سەردەمی زێڕینی گۆڤارەکان دادەنرێت.

لە ساڵی (١٦٨٢) دا لە شاری (لایبیزیگ ) یەکەم گۆڤار دەرچوو بە ناوی (ئەکتا ئەیرۆ دیترۆم) کە بۆ ماوەی سەدەیەکی تەواو بەردەوام بوو، لە ساڵی (١٦٦٨) دا (کریستیان تۆمازیۆس) کە مامۆستایەکی زانکۆ بوو لە شاری (لایبیزیگ) گۆڤاری (دایالۆگی مانگانە) ی دەرکرد بە زمانی ئەڵمانی، بەڵام لە دوای دەرچوونی تەنیا (٣) ژمارە، گۆڤارەکە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی پیاوماقوڵان و میری دەرەبەگەکان بووەوە و لە ئەنجام دا (تۆمازیۆس) کۆچی کرد بۆ (هالە) .

لە سەرەتای سەدەی (١٧) وە گۆڤارەکان بە شێوەیەکی نوێ دەردەچون کە چارەسەری کێشەکانی تایبەت بە ڕەوشت و بانگەشەیان بۆ پشتگیری کردنی ئاکار و نەریتەکانی بۆرژوازی دەکرد، یەکەم گۆڤار لە ساڵی (١٧١٣) دا لە شاری هامبۆرگ دەرچوو بە ناوی (دێرفیر نۆفتلیر) بوو، تا ساڵی ١٧٦٠، ژمارەی گۆڤارەکان گەیشتە زیاتر لە ١٠٠ گۆڤار کە چەند گۆڤارێکی تایبەت بە ژنانیشی تیادا بوو. لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی (١٨)دا گۆڤارە

لە کۆتایی سەدەی هەڤدەمدا چەندین گۆڤاری زانستی دەرکەوت کە ڕۆڵی گرنگیان لە ڕەتکردنەوەو هێرشکردنە سەر فکری دەرەبەگایەتی گێڕا

ئەدەبیەکان دەرکەوتن و لەم بوارەدا پرۆفیسۆر (گۆکشید) و دواتر (لیسینگ) ڕۆڵێکی گەورەیان لە پێشخستنی ئەو گۆڤارانەدا گێڕا.

لە ساڵی (١٧٧٣) ئەو بایەخە گۆڕا بۆ دەرکردنی گۆڤاری سیاسی ئەدەبی و (کریستۆف مارتن ڤیلاند)، لە ساڵی ١٧٧٣ دا گۆڤاری (دۆچەر مێرکوری) دەرکرد، کە تا ساڵی (١٨١٠) بەردەوام بوو و تایبەت بوو بە چارەسەرکردن و وروژاندنی مەسەلە سیاسییەکانی وەک شۆڕشی فەرەنساو ئەو مەسەلانەی ئەو شۆڕشەی هێنایە کایەوە.

پاش ئەوەی گۆڤارە ئەدەبییەکان پەیامی کۆمەڵایەتی خۆیان گەیاند، ئەو گۆڤارانە پەیدا بون کە سروشتێکی سیاسی دیار و ئاشکرایان هەبو وەک گۆڤاری (دویچە خرۆنیکا) (هەواڵی ئەڵمانیا) کەلە نێوان ساڵانی ١٧٧٤-١٧٧٧، لەلایەن (ک.ف.د. شوبارت)، بەڵام بە هۆی بۆچوونە بوێرییەکانی سەبارەت بە دامەزراندنی ڕایخ (واتە ئەنجومەنی نوێنەران (شوبارت )ی بۆ ماوەی دە ساڵ حوکم درا .

فەرەنسا:

لە سەدەی حەڤدەدا، کڵێسای کاسۆلیکی و ڕژێمی پادشایی، کە دەسەڵاتێکی ڕەها بوون، دەستیان بەسەر گشت وڵاتدا گرت، گشت ڕۆژنامەکانیان خستەژێر چاودێری حکوومەتەوەو سزای لە سێدارەدانیان دەرکرد بۆ هەر کەسێک کە بەبێ چاودێری حکوومەت هەر بڵاوکراوەیەک دەربکات، بەڵام سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنە توندوتیژانە، بڵاوبونەوەی هوشیاری شۆڕشگێڕییو ڕۆشنبیرییو مەعریفەو چەمکە نوێیەکان لەبارەی زانست و هونەرو ئەدەب و فەلسەفە لەلایەک و لەلایەکی دیکەش زیادبوونی ڕۆڵی چینی بۆرژوازی لە ژیانی ئابووریدا بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین ڕۆژنامەی سیاسییو فیکری کە بە شێوەیەکی نایاساییو نهێنی دەردەچوون و ژمارەیان لە پەنجاکانی سەدەی حەڤدەدا گەیشتە ٦٠٠٠ ڕۆژنامە.

> **لە سەدەی حەڤدەدا، کڵێسای کاسۆلیکی و ڕژێمی پادشایی، کە دەسەڵاتێکی ڕەها بوون، دەستیان بەسەر گشت وڵاتدا گرت، گشت ڕۆژنامەکانیان خستەژێر چاودێری حکوومەتەوەو سزای لە سێدارەدانیان دەرکرد بۆ هەر کەسێک کە بەبێ چاودێری حکوومەت هەر بڵاوکراوەیەک دەربکات**

شانبەشانی ڕۆژنامەی (گازێت لۆندۆ) کە تا ساڵی (١٧٨٩) بەردەوام بوو، ژمارەیەک ڕۆژنامەو گۆڤاری هەفتانە دەرچوون، ئەویش لە ڕێی جۆرێک لە سازشکردن و ڕێککەوتنی نێوان کۆشکی پادشاییو چینی بۆرژوازییەوە دەردەکران، بەڵام لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتی کاردینالەکاندا بوو، لەو سەروبەندەدا (دانی دی سالۆ) یەکەم گۆڤاری ئەدەبی، بە ناوی (جۆرنال دی ساڤان) واتە (ڕۆژنامەی خوێندەواران) دەرکرد.

هاوکات یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە ساڵی (١٧٨٧) بە ناوی (جۆرنال دی باری) دەرچوو واتە (ڕۆژنامەی

پاریس) کە لە گشت ناوچەکانی ئەوروپادا بڵاودەکرایەوەو پەیامەکانی هەواڵی لەخۆدەگرت، لەسەر هەمان شێوازی ڕۆژنامەی پاریس لە هەرێمەکانی دیکەدا، چەندین ڕۆژنامە بە ناوی ئەو شوێنانەوە دەردەچوون وەک (جۆرناڵ دی هاڤر) و چەندانی دیکە.

پاشان لە ساڵی (١٨٦٨) لە پاریس، یەکەم ڕۆژنامەی تایبەت بە (جلوبەرگ) دەرچوو، لەوانە (نووسینگەی جلوبەرگ) کە لە ساڵی (١٨٧٩)دا دەرچوو، چەندین وێنەی جوان و سەرنج ڕاکێشی تیادابوو. پاش شۆڕشی فەرەنسا ئەو ڕۆژنامە سیاسیانە دەرکەوتن کە پێشتر بە شێوەیەکی نهێنیو لە تاراوگە دەردەچوون، بە تایبەت لە هۆڵەندا کە فەرەنسییە دوورخراوەکانی تیادا نیشتەجێ ببوون، بەڵام ئەو ڕۆژنامانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

<u>ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:</u>

پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (چالاکییە گشتییەکان) ی (هاریس) دا، ڕۆژنامە هەڵواسراوەکانی سەر دیواری قاوەخانەو گازینۆکان کە بە دەست دەنووسران و نامەی هەواڵەکانیش NewsLetter بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کرد، یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو کەسانەی کە لەنامەکانی هەواڵدا کاریان دەکرد، بەڕێوبەری پۆستەی بۆستن بوو، گشت نامەکانی پۆست، دەگەیشتە بەڕێوبەری پۆستەو ئەویش پاش کردنەوەو خوێندنەوەی گشت نامەکان ئاگاداری هەواڵی سەرجەم ناوچەکانی وڵات دەبوو، لە ڕێی ئەو نامانەوە نامەکانی هەواڵی ئامادە دەکرد، بە تایبەت ئەو هەواڵانەی پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نەبوو. بەو پێیەی سەنتەری پۆستە قەدەغە نەبوو، (کامبل) بڕیاریدا بازنەو ژمارەی بەشداران و، خوێنەرانی بڵاوکراوەو نامەکانی هەواڵ زیاد بکات تا لە (٢٤ی نیسانی ١٧٠٤)دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی دەرکرد بە ناوی (بۆستن نیوز لێتەرز) واتە (نامەی هەواڵەکانی بۆستن) و بۆ ماوەی ٧٢ ساڵ بەردەوام بوو، ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتادا ٢٥٠ ژمارەی بە چوار لاپەڕە دەردەچوو، دوو لاپەڕەیان بەتاڵ بوو، تا خوێنەران بتوانن هەواڵی دیکەی لەسەر بنووسن و بۆ کەسانی نزیکی خۆیانیان بنێرن لە ناوچەکانی دیکە. کامبل، دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیەی بە پرۆژەیەکی بازرگانی دادەنا بۆ دەسکەوت و قازانج، بۆیە لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەدا بانگەشەی بۆ بڵاوکردنەوەی گشت جۆرە ڕیکلام و ئاگادارییەکی تایبەت بە فرۆشتنی زەوی و خانوو یان کۆمپانیاو کەشتیو شتی دیکە، بەرامبەر کرێیەکی کەم.

**"پاش شۆڕشی فەرەنسا ئەو ڕۆژنامە سیاسیانە دەرکەوتن کە پێشتر بە شێوەیەکی نهێنیو لە تاراوگە دەردەچوون، بە تایبەت لە هۆڵەندا کە فەرەنسییە دوورخراوەکانی تیادا نیشتەجێ ببوون، بەڵام ئەو ڕۆژنامانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو"**

هەواڵنامەی کتێب

ناوەندەکانی پۆست لە شارەکانی دیکەشدا هەمان ڕێچکەی (کامبل)یان گرتەبەر لە دارشتنی (نامەکانی هەواڵ) و بڵاوکردنەوەی لەلایەن ئەو پەیامنێرانەی کە بە کرێ کاریان دەکرد. ڕۆژنامەی (بۆستن نیوز لێتەرز) تاکە ڕۆژنامە بوو کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بە ڕێکوپێکی دەرئەچوو. لە ساڵی (١٧١٩) دا یەکەم ڕۆژنامەی ڕکابەر بۆ ڕۆژنامەکەی کامبل دەرچوو، کە ئەویش ڕۆژنامەی (بۆستن گازێت) بوو، کە لەلایەن (ویلیام برۆکەر) ەوە دەردەچوو، جێگەی "کامبل"ی گرتەوە لە بەڕێوەبردنی پۆستەدا. بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی لەلایەن بەڕێوبەری پۆستەکانەوە دەردەکران، بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە سیاسەت، هیچ خزمەتێکیان بە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی بۆرژوازی ئەمریکا نەکرد، بۆیە بە هۆی ڕووداوە سیاسیو زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەوروپاو تێکەڵبوونی نووسەرانی ئینگلیز لە کاری ڕۆژنامەنووسی، پێویستییەکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی بابەت و وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەنووسیدا هاتە کایەوە.

بنیامین فرانکلین ڕۆژنامەی (بۆستن گازێت)ی دەرکرد لە چاپخانەی (جایمس)دا کە ئەویش لەلای خۆیەوە لە ساڵی ١٧٢١دا ڕۆژنامەی (بۆستن گارانت) ی دەرکردو دواتر بوو بە (نیو ئینگلاند گارانت) کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی زمانحاڵی بۆرژوای بچووک بوو، چەندین کەسایەتی سیاسی ئەمریکا کاریان تێدا دەکرد. ئەم ڕۆژنامەیە ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی بەڕێوەبەری کۆلۆنیالی ئینگلیز کرد لە ئەمریکا، بە تایبەت سەبارەت بە گوێنەدانە چەتەکانی کەناری خۆرهەڵاتی وڵات، بۆیە (جایمس) دەستگیرکراو، خرایە زیندانەوەو ڕێگەی پێ نەدرا، ڕۆژنامەکەی دەربکات. بەڵام دواتر براکەی (بینیامین فرانکلین) وەک سەرنووسەری (نیو ئینگلاند گارانت) جێی گرتەوە.

پاش ڕێککەوتن لەگەڵ براکەیدا، "بینیامین فرانکلین" ڕووی کردە فیلادلفیاو پاشان لەندەن تا شارەزای شێوازە نوێکانی ڕۆژنامەنووسی بریتانیا ببێت و دواتر گەڕایەوە فیلادلفیاو لە ساڵی ١٧٢٩دا ڕۆژنامەی"پێنسلڤانیا گازێت"ی کڕی کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە دۆزینەوەی سیماو سروشتی تایبەتی بۆرژوازی ئەمریکاو ڕۆژنامەنوسیی و لە ساڵی ١٧٤١یشدا گۆڤاری "جۆرناڵ ماگازین"ی دەرکرد. لە ساڵی ١٧٣٣ دا (جۆن پیتەر تسینگەر) ڕۆژنامەی (نیویۆرک ویکلی جۆرناڵ)ی بە چاپ گەیاند، بەڵام بە هۆی ڕەخنە گرتن لە ئیستعماری بریتانی و شێوازی بەڕێوەبردن دەستگیرکراو خرایە زیندانەوە.

لە ماوەی ساڵانی جەنگی سەربەخۆیی کە لە (١٩

**"به هۆی ڕووداوه سیاسی و زانستی و ڕۆشنبیرییه‌کانی ئه‌وروپاو تێکه‌ڵبوونی نووسه‌رانی ئینگلیز له کاری ڕۆژنامه‌نووسی، پێویستییه‌کی زۆر به بڵاوکردنه‌وه‌ی بابه‌ت و وتاری سیاسی له ڕۆژنامه‌نووسیدا هاته کایه‌وه"**

نیسانی١٧٧٥)دا دەستی پێکرد چەند ڕۆژنامەیەکی نوێ دەرچوو کە پشتگیری خەباتیان دەکرد لە پێناوی سەربەخۆییدا، لەوانە ماساتشوتیس سبای کە لە ساڵی ١٧٧٠ لە بۆستن دەرچوو.

زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی لەو ماوەیەدا دەرچوون، هەفتانە بوون یان لە هەفتەیەکدا دوو جار دەدەچون و سروشتێکی حزبییان هەبوو، لایەنگری بەرەی شۆڕشگێڕان بوون، پاش سەربەخۆیی ئەمریکاو لە ساڵی ١٧٨٧دا دەستووری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەرچوو کە دانی نا بە سەربەخۆییو ئازادی پیشەیی ڕۆژنامەنوسیی و پێویستی ئازادکردنی لە گشت چاودێری و سانسۆرێک، بەمەش ڕۆژنامەنووسیی پێشکەوتنێکی گەورەو قازانجێکی زۆری بەدەست هێنا، کە بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ هەموو گەشەکردنەکان.

### ڕۆژنامەنووسی لە سەدەی نۆزدەدا

پەرەسەندن و گەشەسەندنی گەورەی ئابووری و شۆڕشی پیشەسازی لە خۆرئاواو ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، لە نێوانیاندا ئازادی ڕادەربڕین، لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە، هۆکارێکی گەورە بوو بۆ سەر پەرەپێدان و پێشخستنی هونەری ڕۆژنامەنووسی، بەڵام ئەو ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕینە لە سەرەتادا بووە هۆی خولقاندنی پەشێوی بە جۆرێک کە هەرکەس توانایەکی نووسینی هەبووایە، هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی دەداو تیایدا بە خواستی خۆی وشەی ناشایستەو نارەواو ناشرینی ئاراستە دەکرد. لە ماوەی دە ساڵی دوای شۆڕشی گەورەی ئەم وڵاتە لە (١٧٨٩– ١٨٠٠) نزیکەی ١٣٥٠، ڕۆژنامەی نوێ کەوتە بازارەوە.

کاتێک ناپلیۆن، دەسەڵاتی گرتەدەست سنوورێکی بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی داناو ئەیوت پێویستە حاکم واتە دەسەڵاتدار ڕۆژنامەنووسی بخاتە خزمەتی خۆیەوە، بۆیە ئیتر نووسین و بڵاوکردنەوە بەبێ مۆڵەت قەدەغە کراو، تەنیا یەک ڕۆژنامە مایەوە کە ئەویش "لۆمینۆر" بوو، کە لە خزمەتی دەسەڵاتداو ناپلیۆن بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ڕۆژنامە بیانییەکان شتی تیادا دەنووسی.

پاش گەڕانەوەی پادشایەتی، ڕۆژنامەنووسی کەمێک ئازادی دەستەبەر کردو چەند کەسایەتییەکی وەک "شاتوبریان، کۆلارد، لامارتین"و چەندین کەسی دیکە، هاتنە بواری ڕۆژنامەنووسییەوە. بەڵام ئەم ئازادییە زۆری نەخایاند.

لە سەدەی نۆزدەدا، ڕۆژنامەنووسی پێشکەوتن و گەشەسەندنێکی بێ وێنەی بە خۆوە بینی، لە ساڵی١٨٤٥

> **کاتێک ناپلیۆن، دەسەڵاتی گرتەدەست سنوورێکی بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی داناو ئەیوت پێویستە حاکم واتە دەسەڵاتدار ڕۆژنامەنووسی بخاتە خزمەتی خۆیەوە**

دا. "ڕۆژنامـــەی ئیبۆک" لـە پاریس دەرچووەو تایبەت بوو بە باسـکردن و چارەسەرکردنی مەسـەلە یاساییەکان. لە سـاڵی ١٨٢٩ گۆڤـاری العالمین و پاریـس، دەرچوون کە تایبەت بوون بە توێژینەوەی ئەدەبی.

بەڵام لـە ئینگلتـەرا ژمـارەی ڕۆژنامە چاپکـراوەکان زیـادی کـردو لە نۆ ملیـۆن و نیو سـاڵی ١٧٦٠دا بوو بە بیست وچوار ملیۆن ساڵی١٨١١، ژمارەی خوێنەرانیش لە ساڵی (١٨٢٠) گەیشتە بیست و نۆ ملیۆن کەس.

سـاڵی ١٨٠٣ دامەزرێنـەری "تایمز" کـە (جۆن واڵتەر) بوو، شێوازێکی نوێی داهێنا بۆ دەسکەوتنی هەواڵ، ئەویش لـە ڕێی دامەزراندن و کارپێکردنـی ژمارەیەک پەیامنێری تایبەتەوە لە دەرەوەی وڵات، بەمەش تێچووی داڕشـتن و چاپکردنـی ڕۆژنامە زۆر زیادی کـردودەزگاو دامەزراوە ڕۆژنامەنووسـییەکان پێویسـتییان بە سەرمایەکی گەورە هەبـوو کە لـەو کاتەدا دەگەیشـتە یەک ملیـۆن جونەیهی ئیستەرلینی.

ڕۆژنامەنووسـی بەریتانیا لە دەست پێکردنی شۆڕشی فەرەنسـاو جەنگی سـەربەخۆیی ئەمریکاوە ڕووبەڕووی سـەرکوتکردنێکی گەورە بـووە. "ماکۆلی" بە یەکەم کەس دادەنرێـت کە لـە سـاڵی (١٨٢٨)دا زاراوەی "دەسـەڵاتی چوارەم"ی بە ڕۆژنامەنووسی بەخشی.

لە دوای ساڵی ١٨٤٠ ەوە ئەوروپای ناوەڕاست جۆرێک لە ئازادبوون و بەئاگاهاتنەوەی بەخۆوەدی و بەناوبانگترین ڕۆژنامـە کـە لەو کاتـەدا دەرکەوت ڕۆژنامـەی "ڕایتینگ زایتۆنـگ" بـوو، لە کۆلۆنیـا دەردەچـوو، (کارل مارکس) بەشداری کرد لە دەرکردن و چاپکردنی ئەم ڕۆژنامەیەداو بووە یەکێک لە ناوە پرشنگدارەکانی ڕۆژنامەنووسان.

ڕۆژنامەنووسـی لە سـەردەمی "نیکـۆلای دووەم" ی قەیسـەری ڕوسـیادا بەوە دەناسـرێت کـە ڕووبەڕووی توندترین شـێوازی سـەرکوتکردن بۆتـەوە، بە جۆرێک نووسـینگەکانی چاودێری لەو سەردەمەدا گەیشتە بیست و دوو نووسینگە.

بەڵام ڕۆژنامەنووسـی یۆنانی بە پێچەوانەی ڕوسـیاو نەمسـاو ئیتاڵیـاوە زیاتر ئازادی بە خـۆوە بینی. هاوکات لـە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریکا، ڕۆژنامەنووسـیی پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی لە ڕووی هونەریی و بە باشی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و ژمارەی ڕۆژنامەکانیش لەو وڵاتەدا بە شـێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. لە سـاڵی ١٨٠٠دا ژمـارەی ڕۆژنامـەکان لـە ئەمریـکادا گەیشـتە ٢٠٠ ڕۆژنامـەو ١٧ ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە. لە سـاڵی ١٨٥٧ ئـەو ژمارەیە گەیشـتە ٤٠٠٠ ڕۆژنامە. ئەم پێشـکەوتنەی

> **لـــــــە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ڕۆژنـــــامە نووسیی پێشکەوتنێکی گـەورەی بـەخـۆوە بینـی لـە ڕووی هـونـەریـی و بـە بـاشـی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و ژمـارەی ڕۆژنامەکانیش لەو وڵاتـەدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد**

ڕۆژنامەنووسیی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی چاپ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە بواری چاپکردندا.

**ڕۆژنامەنووسیی لە سەدەی بیستدا**

لە سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەنووسی بە هۆی ئەو ئازادییەی بۆی ڕەخسا، گەشەو پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆوە بینی، بەڵام لە ماوەی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهاندا، ڕووبەڕووی سانسۆڕو چاودێری بووەوەو وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندەو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکان بەکارهێنرا.

بەڵام لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو جەنگانە ڕۆژنامەنووسی ژیایەوەو گەشەی کردو لە ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات، وەک فەرەنساو بریتانیا، پاوانخوازی گەورە لە نێو ڕۆژنامەکاندا دەرکەوت بۆ نموونە لە ئەمریکا "ویلیام ڕاندۆلف هێرست" (خانەی ڕۆژنامەنووسیی هێرست) ی دامەزراند، کە دە بڵاوکردنەوەی وەرزی بەڕێوە ئەبردو کۆنترۆڵی پەنجا بڵاوکراوەی دیکەی کردبوو.

لە ماوەی سست بوونی ئابووری جیهاندا لە ساڵی ١٩٢٩، تێچووی ڕۆژنامەنوسیی زیادی کردو لە بەرامبەردا داهاتیش کەم بووەوەو لە هەریەک لە ڕوسیاو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا، دەسەڵاتی دیکتاتۆری تیایاندا جڵەوی گرتەدەست و ئەو دەسەڵاتانە ئازادی ڕۆژنامەنووسییان نەهێشت و تەنیا ئەو ڕۆژنامانە مانەوە کە زمانحاڵی حزبی دەسەڵاتداربوون.

بە پێی ئاماری ڕێکخراوی یونسکۆی ساڵی ١٩٥٩، ژمارەی ڕۆژنامەکان لە جیهاندا گەیشتووەتە ٣٠٠ هەزار ڕۆژنامەو لەو ساڵەدا هەشت هەزار ڕۆژنامەیان ڕۆژانەیەو بە سەرجەمیان ٢٠٠ ملیۆن تیراژیان دەرکردوە. سێ یەکی ڕۆژنامەکانی جیهان کە دەگاتە ١٨٠٠ ڕۆژنامە، لە ئەمریکای باکوور دەردەچێت و سێ یەکی دیکەی لە ئەورووپاو پاشماوەکەی لە گشت ناوچەکانی دیکەی جیهان دەردەچێت.

**مێژووی ڕۆژنامەنووسی عەرەبی**

ناپلیون لە لەشکرکێشییەکەیدا بۆ سەر وڵاتی میصر (١٧٩٨-١٨٠١)، کۆمەڵێ زاناو پسپۆری بواری جیاجیای لەگەڵ خۆی بردبوو، جگە لە دەزگایەکی چاپ بەپیتەکانی عەرەبی، لاتینی، یۆنانی. کۆڕی زانیاری میصریی و کتێبخانەیەک و دوو قوتابخانەی فەرەنسی بۆ مناڵە فەرەنسییەکان دامەزراند. دوو ڕۆژنامەی فەرەنسی بەناوی "پۆستی میصر" Le courier d`Egypt و"العشریە المصریە" La Decade Egyptienne

**لە سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەنووسی بە هۆی ئەو ئازادییەی بۆی ڕەخسا، گەشەو پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆوە بینی**

و ڕۆژنامەیەکیی عەرەبی بە سەرپەرشتی فۆرییەو بەهاوکاری نووسەری ناسراوی میصر "ئیسماعیل ئیبن سەعد ئەلخشاب" دەرکرد. ئەم ڕۆژنامەیە فەرمان و هەواڵەکانی میصری بڵاودەکردەوە، بەردەوام بوو لەدەرچوون تا فەرەنسییەکان میصریان بەجێهێشت.

پاش دەرچوونی فەرەنسییەکان، محەممەد عەلی پاشا ساڵی ١٨٠٥ بوو بەوالی میصر. ساڵی ١٨٢٧ ڕۆژنامەیەکی نیومانگانەی بەناوی جۆرنال خدێوی کە ساڵی ١٨٢٨ ناوەکەی گۆڕا بە (الوقائع المصرية) دەرکرد، وەک زمانحاڵی حکوومەت. ڕۆژنامەی ناوبراو تا سەردەمی حوکمی خدێوی ئیسماعیل پاشا بەنارێکوپێکی و، سەرەتا بە تورکیی دواتر بە تورکی و عەرەبی، ئینجا تەنیا بە عەرەبی دەردەچوو. نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەم ڕۆژنامەیە "رفاعە ئەلگهگاوی، حەسەن ئەلعەگار، شێخ شەهاب ئەددین، ئەحمەد فارس ئەلشدیاق و چەندانی تر بوون.

سێیەم ڕۆژنامەی عەرەبی ڕۆژنامەی (المبشر)ی جەزائیرییە کە لەلایەن فەرەنسیەکان ساڵی ١٨٤٧ بە فەرمانی لوی فیلیپ پاشای فەرەنسا، بە قەوارەی بچووک و سێ لاپەرەی ٤ ستوونی، هەر نیو مانگ جارێک دەرئەچوو.

رەزاق ئەللا حەسون ئەلچەلەبی منشئ، یەکەم عەرەبە بە ناوی (مرێە الاحوال) لە ئەستەنبولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٨٥٥ بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک ڕۆژنامەی دەرکردبێ. هەواڵەکانی جەنگی قرەمی نێوان رووس و عوسمانییەکان و سوریاو لبنان و رەخنە ئامێزی دژ بە فەرمانڕەوانی عوسمانییەکان بڵاو دەکردەوە.

یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی لە بێروت لەسەرەتای کانوونی دووەمی ١٨٥٨ بە ناوی (حديقة الاخبار) لەلایەن خەلیل ئەلخوری دەرچووە. لە هەمان ساڵدا رەشید دەحداح لە پاریس ڕۆژنامەیەکی نیو مانگی بە ناوی (برجس پاریس) دەرکردووە.

ساڵی ١٨٦٠ ئەحمەد فارس شدیاق، رۆژنامەیەکی هەفتانەی عەرەبی بە ناوی (الجوائب) دەرکرد کە تا ساڵی ١٨٨٣ بەردەوام بوو لە دەرچوون. لە هەمان ساڵدا بگرس بوستانی ڕۆژنامەیەکی قەوارە بچووکی دوو لاپەڕەیی بە ناوی (نفير سوريا) بۆ تووندوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان ئایین و ئاینزا و نەتەوە جیاجیاکانی وڵاتی شام دەرکرد.

ساڵی ١٨٦١ لەلایەن بای تونس (محەممەد صادق

**"یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی لە بێروت لەسەرەتای کانوونی دووەمی ١٨٥٨ بە ناوی (حديقة الاخبار) لەلایەن خەلیل ئەلخوری دەرچووە"**

پاشا)، ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی، بە ناوی (الرائد التونسی) بەسەرپەرشتی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (منصور کرلتی) دەرچوو. ناوبراو ساڵی ١٨٥٨ لە مەرسیلیا بۆ ماوەی ساڵێک ڕۆژنامەی (عگارد)ی دەرکرد. کەپاش داگیرکردنی تونس لەلایەن فەرەنسییەکانەوە بوو بە نیوهەفتانەو بەشێکی فەرەنسی خرایەسەر.

ساڵی ١٨٦٥ لە قاهیرە بە زمانی عەرەبی لەلایەن محەمەد عەلی ئەلحەکیم و ئیبراهیم دەسوقی یەکەم گۆڤاری عەرەبی بە ناوی (یعسوب الطب) دەرچوو. لەهەمان ساڵدا لە شاری دیمەشق ڕۆژنامەیەکی هەفتانە لەلایەن ڕاشد پاشای والی بە ناوی (سوریا) بە چوار لاپەڕەو بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکی دەرچوو، کە ئەمیش محەممەد عەلی کوردی و عەبدوڵڵا ئەبو ئەلسعود بەشدارییان لە دەرکردنی دەکرد.

ساڵی ١٨٦٦ عەبدوڵڵا ئەبو ئەلسعوود، گۆڤارێکی زانسی نیو هەفتانەی بە ناوی (وادی النیل) لە میصر دەرکرد کە تا مردنی خاوەنەکەی لە ساڵی ١٨٧٨ بەردەوام بوو لە دەرچوون. ساڵی ١٨٦٧ والی حەلەب جەودەت پاشا ڕۆژنامەی (الفرات)ی بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی و دواتر ئەرمەنی دەرکرد. لە هەمان ساڵدا داود پاشا لە جەبەل لوبنان بۆ خزمەتی حکوومەت بە هەردوو زمانی عەرەبی فەرەنسی ڕۆژنامەی (لبنان)ی دەرکرد. ساڵی ١٨٦٩ مەدحەت پاشای والی بەغداد وەک زمانحالی حکوومەت ڕۆژنامەی (الزوراء)ی بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی کە تاساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوو دەرکرد.

سەرچاوە:
– تأریخ الصحافة في العالم, د. ئۆرۆدۆن، ترجمة: أدیب خضور.
– الصحافة العربیة نشأتها وتطورها, أدیب مروة، دار المکتبة الحیاة، بیروت ١٩٦١.

# راپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکای
# رۆژنامەنووسانی کوردستان
# بۆ کۆنگرەی دووەم

## پێشەکی

**پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە نێوان ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دابین کردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسانی کوردستان) بەسترا، کە تێیدا (٤٧٥) رۆژنامەنووس بە نوێنەرایەتی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، ئەویش بەرهەم و دەرئەنجامی یەکخستنەوەی ریزەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو لە چوارچێوەی سەندیکایەکی سەرتاسەریی یەکگرتوودا کە هەنگاوێکی بابەتی و وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە مێژووی بزاڤی کاری رێکخراوەیی و پیشەیی رۆژنامەنووسانی وڵاتەکەماندا.**
**لە کۆنگرەکەدا چەندین بڕیار و راسپاردە پەسەندکراو، بوو بە ئەرکی یەکەمی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو بە مەبەستی جێبەجێکردن و بەدواداچوونی.**
**پاش تەواوبوونی کۆنگرە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و تێیدا پۆستەکانی ئەنجوومەن و لیژنەکانی سەندیکا، بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا دیاریکرد،کە تێیدا سەرکەوتووانە توانی ئەرکەکان لە ئەستۆ بگرێت و لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی بەپێی بەبایەخیان جێبەجێیان بکات خوارەوەدا..**

### کۆنفرانسی لقەکانی سەندیکا

لەبەر رۆشنایی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە، ئەنجوومەنی سەندیکا، بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو لەماوەیەکی دیاریکراودا توانی کۆنفرانسی لقەکانی (سلێمانی دهۆک، کەرکووک، بەغدا، موسڵ) ئەنجام بدات، کە تێیدا ئەندامانی سەندیکا لە سنووری ئەو لقانەدا بەشداری کۆنفرانسەکانیان کرد و لە پرۆسەیەکی ئازاد و دیموکراسیدا لیژنەی لقەکانیان هەڵبژارد، بە جیاوازی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و بیروڕای سیاسی.

لیژنەی لقەکانی سەندیکا بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لە یاسای سەندیکا و پەیڕەوی ناوخۆو لە چوارچێوەی دروشمی ناوەندی سەندیکادا، ئەرکەکانیان جێبەجێکرد، سەرەڕای جیاوازی راپەڕاندنی ئەرکەکان و ئاستی جێبەجێکردن، کە لە کات و ساتی کۆنفرانسی لقەکاندا بەدرێژی هەڵدەسەنگێندرێن و وردەکارییەکانیان دەخرێنەڕوو.

وێڕای بەستنی کۆنفرانسی لقەکان،

ئەنجوومەنی سەندیکا رووبەڕووی هەندێ داخوازی رۆژنامەنووسانی هەردوو دەڤەری (سۆران و گەرمیان) بووە، کە تێیدا داوای کردنەوەی لق یاخود نووسینگەیەکی سەندیکا لەو دوو دەڤەرە خرایەڕوو، بەڵام لەگەڵ پەسەندکردنی ئەو داوایە لەلایەن ئەنجوومەنەوە، نەتواندرا ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکرێت لەبەر:-

أ- ئاستەنگی یاسایی، چونکە وەکو لە بڕگەی (١) لەمادەی (١٦)ی یاسای سەندیکادا هاتووە، کردنەوەی لق تەنیا لە سنووری پارێزگاکاندا دەبێت.

ب- نەبوونی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایە و راپەڕاندنی ئەرکەکان لەو دوو دەڤەرەدا، بەڵام سەرەڕای ئەو دوو ئاستەنگەش، ئەنجوومەنی سەندیکا لەبەر تایبەتمەندی ئەو دوو دەڤەرە، وەک چارەسەرێکی مام ناوەندی بەڕاوێژ لەگەڵ رۆژنامەنووساندا توانی رۆژنامەنووسێک دەستنیشان بکات بۆ هەر یەک لەو دوو دەڤەرە، وەکو رێکخەر (منسق)ی کارەکان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری رۆژنامەنووسان لەو دوو سنوورەدا، کە لە ئاکامدا توانیان سەرکەوتوانە ئەرکەکانی خۆیان رابپەڕێنن.

سەبارەت بە خاڵی چوارەمی بڕیارەکانی کۆنگرەی پێشوو کە تێیدا هاتووە (پاش بەستنی کۆنفرانسی لقەکانی سلێمانی و دهۆک، هەوڵبدرێت لقەکانی کەرکووک و بەغدا و هەولێر و نووسینگەیەکیش لە موسڵ بکرێتەوە).

ئەوەبوو کۆنفرانسی لقەکانی کەرکووک و بەغدا، پاش کۆنفرانسی لقی سلێمانی و دهۆک ئەنجام درا، بەڵام سەبارەت بە نووسینگەی موسڵ، ئەنجوومەنی سەندیکا پاش خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی پێکهاتەی رۆژنامەنووسانی موسڵ و رەوشی رۆژنامەگەری لەو پارێزگایەداو سەرەڕای داخوازی ژمارەیەکی زۆر و بەرچاوی رۆژنامەنووسانی پارێزگاکە، ئەنجوومەن بەباشی زانی لەجیاتی نووسینگە لقێک بکاتەوەو لەسەر بنەمای پێکهاتەی رۆژنامەنووسانی موسڵ، بۆیە کۆنفرانسێکی هاوشێوەی لقەکانی دیکەی سەندیکا سازکراو لیژنەی لق هەڵبژێردرا.

## دەربارەی لقی هەولێر

لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی سەندیکادا کە تەرخان کرابوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری بەستنی کۆنفرانسێک بۆ رۆژنامەنووسانی سنووری هەولێری پایتەخت، بڕیاری ئەوە درا کە کۆنفرانسی هەولێریش لەسەر شێوازی کۆنفرانسی لقەکانی دیکە سازبکرێ و رێوشوێنی تایبەتیشی بۆ دەستنیشانکرا، بەڵام ئاستەنگی سەرەکی هۆکاری جێ بەجێ نەکردنی ئەو بڕیارە نەبوونی بودجەی پێویست بوو، چونکە وەکو ئاشکرایە لقی هەولێریش پێویستی بە جێگەو پێگەیەکی تایبەت هەیە کە بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی پایتەخت، کە ئەمەشیان پێویستی بە بوودجەیەکی دیاریکراو هەیە، سەرەڕای باڵەخانەیەکی سەربەخۆ کە ئەنجوومەن بەهۆی دیاریکراوی و سنووورداری بودجەکەی نەیتوانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، دیسان ئەنجوومەن سەرەڕای سەرقاڵی و راپەڕاندنی ئەرکەکان، توانی جێگرەوەی لقی هەولێریش بێت بێ ئەوەی هیچ بۆشاییەک بەجێ بهێڵێ و رۆژنامەنووسانی هەولێریش ئەو شایەدییە بۆ ئەنجوومەن دەدەن.

## بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەم

**أ- بڕیارەکان:**

دەربارەی چالاکی و ئەرکەکانی سەندیکا کە خۆی لە سەرجەم بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی پێشوو دەبینێتەوە، لێرەدا بەپێی راگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەیانخەینەڕوو، کە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- **(هەموارکردنی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ و پێشکەش کردنی بە پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی پەسەند کردنی)**

لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارەدا ئەنجوومەنی

سەندیکا لیژنەیەکی لەو ڕۆژنامەنووسانە پێکهێنا کە لەناو هۆڵی کۆنگرە دەست نیشان کرابوون بەسەرپەرشتی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، کە پاشتر لە دوو کۆبوونەوەی چڕوپڕدا ئەو بڕگە و مادانە دەستنیشان کران بەمەبەستی هەموار کردنی، بە نووسراوی ژمارە(٤٣٣) لە ٢٠٠٤/٣/٢٠ پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا. پەرلەمانی کوردستانیش لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/٥ گفتوگۆی لەسەر پێشنیازەکان کرد و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/٦ پەسەند کران، کە ئێستاکە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕگەو مادە هەموارکراوەکانی لە دوو توێی ئەم نامیلکەدایە لەبەردەستی ئەندامانی کۆنگرەدایە.

٢- (گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی یاسای نوێی چاپەمەنی، بە مەبەستی زیاتر ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ئازادیی زیاتری چاپ و بڵاوکردنەوە، ڕادەربڕین و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە یاساییانەی لەم ڕووەوە بەدی دەکرێن و، پێداویستییەکانی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری و ژیانی سیاسی **و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دەیخوازێ)**.

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە گرنگەش، ئەنجوومەنی سەندیکا لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەم ئەرکە، لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ داڕشتنی پرۆژەیەک بە ناوی (پرۆژە یاسایەک بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان) پێکهاتەی لیژنەکەش بریتی بوو لە نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن و چەند پسپۆڕێک کە بریتی بوون لە یاساناس و مامۆستای زانکۆو پەرلەمانتار. بە سوود وەرگرتن لەو ڕەشنووسەی کە پێشتر لە سلێمانی لەلایەن یەکێتی ڕۆژنامەنووسانەوە گەڵاڵە کرابوو.

ئامادەکردنی پرۆژەکە ماوەی (١٦) مانگی خایاند، کە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری بۆ سازکراو لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٦/٨ دەستی پێکرد و لە ٢٠٠٦/١٠/١٦ کۆتاییان هات.

قۆناغی دووەمی ئامادەکاری پرۆژەکە بریتی بوو لە:-

ا- بڵاوکردنەوەی دەقی ڕەشنووسی پرۆژەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامەی **(الصحفی)** و گۆڤاری **(ڕۆژنامەنووس)** و چەندین ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکەی کوردستان ..

سەرەرای بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەڕی سەندیکا ئەمەش بە مەبەستی ئاگاداربوونی ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیرانی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەو ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گفتوگۆکردن و دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە.

ب-سازدانی چەندین کۆڕ و سمینار لە سەرجەم لقەکانی سەندیکا و هەردوو دەڤەری سۆران و گەرمیان و نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لە (لەندەن) سەرەڕای سازدانی چەندین دیمانەی ڕۆژنامەگەری لە کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندندا.

ج-ڕێکخستنی سیمینارێکی فراوان لە ٢٠٠٦/٩/١٦ لە هەولێر بە ئامادەبوون و بەشداری زیاتر لە (١٥٠) ڕۆژنامەنووس و نووسەر و پەرلەمانتار و یاساناس و مامۆستای زانکۆ و سەرنووسەری زۆربەی ڕۆژنامەکان و بەرپرسانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، کە تێیدا بە شێوازی (وۆرک شۆپ) بەسەر چەندین گروپ و لیژنە دابەشکران بەپێی ژمارەی ماددەکانی پرۆژەکە کە ڕۆژێکی تەواوی خایاند.

د- پاش تەواوبوونی سیمنیار و کۆڕ و کۆبوونەوەکان لیژنەی ئامادەکار دوو کۆبوونەوەی چڕوپڕی بەمەبەستی داڕشتنەوەی پرۆژەکە لەبەر ڕۆشنایی ڕاو بۆچوون و پێشنیازی بەشداربووانی کۆڕ و سیمینارەکان ئەنجام داو بۆ جاری سێیەم بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە.

ە- دەقی پرۆژەکە لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ بە نووسراوی ژمارە (   ) درایە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

و- لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێک بکەین کە پەیوەندی بە دواکەوتنی پەسەندکردنی پرۆژەکەوە هەیە، کە ئەویش دەبوایە پروژەکە لە ڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە

ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێردراباو لەوێشەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکرابایە.
ز- ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەتی بە سەرۆکایەتی وەزیری داد و ئەندامییەتی نوێنەرانی سەندیکا و هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و رۆشنبیری پێکهێنا و لە دوو دانیشتنی جیاجیادا گفتوگۆی گەرم لە بارەی پرۆژەکە کراو دواتر سەرەڕای بۆچوونی جیاواز لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٩/٢٧ بە نووسراوی ژمارە (٢٤٤٧)ی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران نێردرایە پەرلەمانی کوردستان.
ح- لەرێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٨ لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە تەلاری پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەنجامداو راوبۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە برگەو مادەکانی پرۆژەکە ئاڵوگۆڕکرد.
ط- رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٥ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لیژنەی رۆشنبیری پەرلەمان و شاندی سەندیکا بە مەبەستی تاوتوێکردنی هەندێ مادەو برگەکانی پرۆژە یاساکە ئەنجامدرا.

٣. **(هەوڵدان بۆ بەگەڕخستنی یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان و قەرەبووکردنەوەی ئەو رۆژنامەنووسانەی دواکەوتنی ئەم دەست بەکاربوون و وەگەڕخستنە زەرەرمەندی کردوون).**

أ- دەربارەی خودی یاساکە وەکو ئاشکرایە ئەنجوومەنی سەندیکا کاتی خۆی پرۆژە یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠١) پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردبوو، دواتر لەلایەن پەرلەمانەوەو بە ژمارە (١٣) لە رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٣ پەسندکرا، بەڵام سەرەڕای داواکاری بەردەوامی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ جێبەجێکردنی، یاساکە ماوەیەکی زۆری خایاند و لە ئاکامدا لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە رێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٩ بڕیاری جێبەجێکردنی درا، بەڵام دیسان چەند مانگێک بەهۆی دواکەوتنی بودجەی پێویست و دامەزراندنی دەستەی سندوق و هەندێ هۆکاری دیکە، جێبەجێکردنی کەوتە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧، ئەوەبوو لە وەجبەی یەکەمدا شەش رۆژنامەنووس سوودمەند بوون لەو یاسایەو لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ وە مووچەی خانەنشینی لە سندوق وەردەگرن.
ب- وەکو ئاماژەی پێکراوە، ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠٠١ لە پەرلەمان پەسندکراوە کە ئەو کاتە مامەڵە بە دراوی چاپی سویسری دەکرا و بڕی مانگانە بریتی بوو لە (٧٢٠) دیناری سویسری کە ئەو کاتە (٣) بەرابەری مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت بوو، بەڵام پاش ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر دراودا هات ئێستا یەکسانە بە بڕی (١٠٨,٠٠٠) دینار چاپی نوێ کە ئەمەشیان بە بەراورد لەگەڵ مووچەی ئێستای فەرمانبەران و خانەنشینانی دەوڵەت زۆر کەمە، بۆیە جارێکی تر ئەنجوومەنی سەندیکا بە ئەرکی خۆی زانی کە داوای زیادکردنی ئەم برە موچەیە بکات، ئەویش بەهەموارکردنی ئەو برگەو مادانەی کە لە یاساکەدا تایبەتن بە زیادکردنی بڕی مووچەکە، بۆ ئەم مەبەستەش:
١- لە ٢٠٠٥/٩/٢٦ یاداشتێکی بە ژمارە (٨٥) هاوپێچ لەگەڵ ئەو برگەو مادانەی کە پێشنیارکراوە بۆ هەموارکردن لەگەڵ دەقی یاساکە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد بە گۆڕینی بڕی پارەکە لە (١٠٨,٠٠٠) دینارەوە بۆ (٣٠٠,٠٠٠) دینار.
٢- لە ٢٠٠٧/٤/١٤ بە نووسراوی ژمارە (١٢٧٨) ئەنجوومەنی سەندیکا جارێکی دیکە بۆ هەمان مەبەست یاداشتنامەیەکی پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد.
٣- ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ هەمان مەبەست بە نووسراوی ژمارە (١٣٥١) لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٧/٣٠ یاداشتنامەیەکی پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان کرد کە تێدا داوای زیادکردنی بڕی مووچەی خانەنشینی رۆژنامەنووسان لە (١٠٨,٠٠٠)ـەوە بۆ (٥٠٠,٠٠٠) دینار کرد، کە ئەم بڕە

پارەیە بە رادەیەک گونجاوە لەگەڵ باروودۆخی ئێستا و داهاتی هاووڵاتی (دخل الفرد) و باری گوزەرانی گشتی.

**٤. (پاش بەستنی کۆنفرانسی لقەکانی سلێمانی و دهـۆک، هەولبدرێت لقەکانی کەرکووک و بەغداو هەولێر، نووسـینگەیەکیش لە موسڵ بکرێتەوە).**

دەربـارەی ئـەم بڕیارە لە برگـەی تایبەت بە کۆنفرانسی لقەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

**٥. (یارمەتیدانـی رۆژنامەنـووس لەکاتـی نەخۆشـی و کارەسـات و تـووش هاتنـدا لەلایـەن سـەندیکاوە لـە چوارچێـوەی توانا داراییەکانیدا).**

بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئـەو بڕیـارە، ئەنجوومەنـی سـەندیکا لـە چوارچێـوەی تواناداراییەکانیـدا مانگانە لە خودی بودجەی ئەنجوومەن داواکاری ئەو رۆژنامەنووسانەی کە داوای یارمەتییان کردووە بەم شـێوەیەی خـوارەوە جێبەجـێ کـردووە، جگـە لـەو یارمەتییانەی کە لەلایەن لقەکانی سـەندیکاوە پێشـکەش بـە رۆژنامەنووسـان کـراون کە ئەمەش لەکاتی بەسـتنی کۆنفرانسی لقەکاندا روون دەکرێتەوە.

**٦. (برینـەوەی یارمەتییەکـی مانگانـە بۆ ئەو ئەندامانەی لە ئەنجوومەنی سەندیکاو لقەکاندا بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی سەندیکایان دەکەوێتە ئەستۆ).**

بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئـەو بڕیـارە، ئەنجوومەنـی سـەندیکا لـە کۆبوونەوەیەکی ئاسـایی خۆیدا دوای دابەشکردنی پۆستەکان و هەڵسـەنگاندنی بـاری دارایی سـەندیکا و لەبەر رۆشـنایی داهاتەکانیدا بڕیاری دا بەم شـێوەیەی خوارەوە ئەو یارمەتییانە تەرخان بکرێت:

أ- بـڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار لـە ٢٠٠٤/١/١ بۆ هەریەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە ژمارەیان (٧) ئەندامـە، دواتر لـە ٢٠٠٦/٦/١ زیادکرا بۆ (١٥٠,٠٠٠) دینار.

ب- بـڕی (٦٠,٠٠٠) دینـار کە دواتـر کرا بە (٨٥,٠٠٠) دینـار بـۆ هەریـەک لە سـەرۆکی

| ساڵ | ژمارەی رۆژنامەنووسی سوودمەند | بڕی پارە بەدینار |
| --- | --- | --- |
| ٢٠٠٤ | [redacted] | [redacted] |
| ٢٠٠٥ | [redacted] | [redacted] |
| ٢٠٠٦ | [redacted] | [redacted] |
| ٢٠٠٧ | [redacted] | [redacted] |
| کۆی گشتی تاکو لە ٢٠٠٧/١٢/١ | | ٢٠,٩٤٢,٠٠٠ |

لیژنەی بەرزەفت کردن و چاودێری.

ج- بڕی (٤٠,٠٠٠) دینار دواتر کرا بە (٥٠,٠٠٠) دینار بۆ ئەندامانی هەردوو لیژنەی بەرزەفت و چاودێری، دواتر لە ٢٠٠٦/١٠/١ زیادکرا بۆ (٧٥,٠٠٠) دینار.

د- بـڕی (٣٠,٠٠٠) دینـار بـۆ هەریـەک لـە ئەندامانی یەدەگی ئەنجوومەن و لیژنەکان.

ە- بڕی (٦٠,٠٠٠) دینار بۆ سکرتێری لقەکان کـە دواتر کرا بە (٧٥,٠٠٠) دینار و (٥٠,٠٠٠) دینـار بۆ ئەندامانی لقـەکان، کە دواتر کرا بە (٦٠,٠٠٠) دینار.

و- بـڕی (٣٠٠,٠٠٠) دینـار کـە دواتـر لـە ٢٠٠٦/٦/١ کرا بە (٣٥٠,٠٠٠) دینار بۆ نەقیبی رۆژنامەنووسـان لەبـەر ئـەوەی کـە ئەو بە تەواوی موتەفەریغە بۆ کاروباری سەندیکا.

ز- بڕی (١٥٠,٠٠٠) دینار دواتر لە ٢٠٠٦/٦/١ کـرا بـە (٢٥٠,٠٠٠) دینار بـۆ جێگری نەقیب لەبەرهەمان هۆکاری پێشەوە.

ئەو برە دەرماڵانەی کە لە خاڵەکانی پێشووتر ئامـاژەی پێکراوە لـەو چوارچێوەدا بووە، کە نەقیـب و جێگـرو ئەندامانـی ئەنجوومـەن و لیژنەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکان وەکـو مەسـروفاتی هاتووچۆ و پێداویسـتی رۆژانـە بەکارهاتووە کە لە راسـتیدا ئەو برە پارەیـە رەمزیە بە بـەراورد لەگەڵ دەرماڵەی هەندێ سەندیکاو رێکخراوەکانی دیکە.

**٧. (کۆنگـرە داوا لـە هەردوو سـەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتی کوردسـتان و سەرۆکی هەردوو ئیدارەکـەی کوردسـتان دەکات بـۆ کۆتایـی هێنان بە حاڵەتی کەرتبوونی کارگێری یاسایی هەرێـم و زەمینـە سـازکردن بـۆ پێکهێنانی دامودەزگایەکی یەکگرتووی نیشتمانی).**

لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارە گرنگە ئەنجوومەنی سەندیکا لە روانگەی هەست کردنی بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆی بەرامبەر پرسە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان لە رێکەوتی ٢٠٠٤/١١/١٧ یاداشتنامەیەکی پێشکەش بە هەردوو بەڕێزان (مام جەلال تاڵەبانی و کاک مەسعود بارزانی) و هەردوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کرد، ئەمەش بڕگەیەکە لە دەقەکەی:

(ئەمڕۆ هەر هەموو لایەک لە بەرامبەر بەرپرسیارییەتێکی مێژوویی داین بۆیە لە ناخەوە دەخوازین گەلەکەمان رەنجەڕۆ نەبێت و لە هەموو نسکۆیەک بپارێزرێ و دەبێ هەموو لایەکیش ئەو راستییە بزانن کە تەنازول کردن بۆ یەکدی و مرونەت نواندن لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان بە کەمی و لاوازی ناژمێردرێ، بەڵکو دەچێتە خانەی سەروەری و نیشتمان پەروەری و، مێژوو بە قەڵەمی زێڕین تۆماری دەکات، لە کۆتاییدا چاوەڕوانین تا کات لەدەست نەچووە با ئەم هەلە مێژووییە لەدەست نەدرێت لەگەڵ رێزی بێ پایانمان).

٨. **(داوا لەسەرجەم رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی دیکەی کوردستان دەکات کە تاکو ئێستا یەکیان نەگرتووەتەوە سوود لە ئەزموونی رۆژنامەنووسانی کوردستان وەربگرن بۆ پێکهێنانی رێکخراوی سەرانسەری خۆیان).**

لەسەرجەم کۆڕو کۆنگرەو بۆنە جیاکانی رێکخراوە پیشەییەکان کە سەندیکا ئامادەی بووبێت، داوای لێ کردوون هەنگاوی جیدی بنێن بە مەبەستی یەکخستنەوەی ریزەکانی خۆیان و سوود لە ئەزموونی سەندیکای رۆژنامەنووسان وەربگرن، خۆشبەختانە هەندێ لەو رێکخراوانە بەم ئاراستەیەدا هەنگاویان ناوەو ماڵی خۆیان رێکخستووە.

٩. **(ئاسانکاری یاخود یارمەتیدانی رۆژنامەنووسانی ئەندام لە سەندیکا بە مەبەستی وەرگرتنیان لە کۆلێژەکانی راگەیاندن و بەشەکانی رۆژنامەگەری لەزانکۆو پەیمانگاکانی کوردستاندا).**

سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ هەریەک لە پەیمانگای تەکنیکی/ بەشی راگەیاندن لە هەولێر و زانکۆی سلێمانی بە مەبەستی وەرگرتنی چەند کورسییەک بۆ رۆژنامەنووسانی ئەندامانی سەندیکا، بەڵام ئەوەی کە کراوە بریتییە لەو سێ خاڵەی خوارەوە:

أ- لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ماوەی سێ ساڵە لەسەر داوای ئەنجوومەنی سەندیکا ژمارەیەک رۆژنامەنووس وەرگیراون.

ب- دیسان لەسەر داوای ئەنجوومەنی سەندیکا لەسەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین چ بە سەردان و چ بە نووسراوی رەسمی توانرا ژمارەی وەرگیراوانی زیادبکرێت کە تێدا ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ئەندامی سەندیکا بوون.

ج- بۆ ساڵی خوێندنی ئەمساڵیش ٢٠٠٧-٢٠٠٨ پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر لەگەڵ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا رەزامەندی وەرگیرا بۆ تەرخان کردنی (٨) کورسی بۆ سەندیکا، چواریان لە بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی و چواریشیان لەزانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، هەروەها دیسان لە هەریەک لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر و سلێمانی/ بەشی راگەیاندن (٦) کورسی بۆ سەندیکا تەرخان کراوە کە ئەویش بە هەوڵ و کۆششی سەندیکا بوو.

١٠. **(پابەندبوون بە هەڵوێستی سەربەخۆیی سەندیکا لە بەرامبەر هەر سەندیکاو یەکیەتییەکی رۆژنامەنووسان کە لە عیراق دادەمەزرێ و رەتکردنەوەی پاشکۆیەتی بۆ یان و مامەڵەکردن لەگەڵیان دا لەسەر بنەمای هەماهەنگی و پەیوەندی لەنێوان دوو رێکخراو و سەندیکادا و پابەندبوون بە دەقی بڕیاری ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە راگەیاندراوی رۆژی ٢٠٠٣/٧/٢١ لە سلێمانی).**

دەربارەی ئەم بڕیارە ئەنجوومەنی سەندیکا توانیویەتی بەتەواوی پیادەی بکات، سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێ

لەسەر ئاستی عیراق و دەرەوەی وڵاتیش و لە زۆربەی بۆنەو کۆبوونەوەکانی دەرەوەی وڵاتدا، کە لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان سەرپەرشتی دەکرا، هەروەها لە هەموو بەشداریکردنێکی بۆنەو کۆنگرەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە تایبەت بەکاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری یان سەندیکایی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرەڕای جێگیرکردنی پێگەی تەواوی خۆی، ڕۆڵی گەورەو کاریگەریشی هەبووە کە بەرادەیەک چەندین جار (ئایدن وایت) سکرتێری (IFJ) و (ڕۆبەرت مینارد)ی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور و (جیم بومیلا)ی سەرۆکی تازەی فیدراسیۆن ڕۆڵی سەندیکایان لە چەند بۆنەدا بەرز نرخاندووە.

١١. (کۆنگرە داوای ئازادکردنی ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان "تۆفیق کەریم" سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆمەڵ دەکات کە بۆ چەند مانگێک دەچێت لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە دەستگیر **کراوەو چارەنووسی دیار نییە).**

ئەم خاڵە لە بەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا کە تایبەتە بە ڕەوش و ئازادی ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان، باسکراوە..

**١٢. (گرنگی دانێکی تایبەت لە هەردوو ڕووی مادی و مەعنەوییەوە بە ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لەناوچە تازە ڕزگار کراوەکانی کوردستان).**

دەربارەی جێبەجێکردنی ئەم خاڵە ئەنجوومەنی سەندیکا توانی لەماوەیەکی کورتدا ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات:

أ- پێکهێنانی لێژنەیێکی ئامادەکار لە شاری کەرکووک بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن و زەمینەسازی بۆ بەستنی کۆنفرانسی لقی کەرکووک..

لەماوەی چەند مانگێکدا تواندرا زەمینەی بەستنی کۆنفرانس ئامادەبکرێت، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/١٤ کۆنفرانسەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو.

ب- لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسانی ناوەوەو دەرەوەی شاری موسڵ بریتین لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بە مەبەستی بایەخدان بەم توێژە ئەنجوومەنی سەندیکا بڕیاری کردنەوەی لقی موسڵی دا پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنووسان ئەم داوایەیان لە ئەنجوومەن کرد، ئەوەبوو لە ٢٠٠٥/١/٨ لقی موسڵیش دامەزرا.

ج- سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسانی ناوچە ئازادکراوەکانی پارێزگای دیالە کارئاسانییان بۆ کرا کە ببنە ئەندامی سەندیکا و کاروباریان لەڕێگای ڕێکخەری کاروباری ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان کە سەر بە لقی کەرکووکە جێبەجێ بکرێت.

**١٣. (پێکهێنانی لێژنەیێکی یاسایی لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بۆ داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسان لەبەردەم دادگادا لەو کێشانەی کە پەیوەندی بەکارو پیشەکەیان هەیە).**

ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ پیادەکردنی ئەو بڕیارە لێژنەیەکی تایبەتی بە داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنووسان پێکهێنا.

کارو چالاکییەکانی ئەم لێژنەیە لە بەشی تایبەت بە ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان لەم ڕاپۆرتەدا دیاری کراوە.

١٤. (گرنگی دان بە بەستنی کۆڕو مێزگردی حواری بە مەبەستی بەشداریکردنی جیدی ڕۆژنامەنووس لە قوڵکردنەوەی گیانی **لیبوردەیی و فرەیی و ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەرو لانانی توندوتیژی).**

بەدرێژایی ماوەی نێوانی هەردوو کۆنگرە ئەنجوومەنی سەندیکا لە مێزگردو کۆڕو کۆبوونەوەکان هەروەها ڕۆژانە پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسان کردووە، یاخود سەردانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کردووە، لە چوارچێوەی سەردانی ئەنجوومەن بۆ لقەکانی سەندیکا ئەم بابەتە بەشێکی گرنگی کارنامەی خۆی بووەو، کاتێک هەست کراوە لە قۆناغێکدا لە ساڵی ٢٠٠٤ خەریک بووە هەندێ جار پەیامی ڕاگەیاندن لە هەندێ کەناڵدا بە ئاراستەیەکی نادروست و پێچەوانەی پەیامەکەی خۆی

دەڕوات، ئەنجوومەنی سەندیکا راگەیاندنێکی ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، کە پەیامی راگەیاندن ببێتە ئامرازی پتەوکردنی ریزەکانی گەلی کوردستان و دوور لە کولاندنەوەی برینەکان و سەرلەنوێ خولقاندنەوەی هەلومەرجێکی ئاڵۆز کە لە مێژووی رابردوودا شانازی پێوە ناکرێت.

**<u>ب- راسپاردەکان:</u>**

سەبارەت بە راسپاردەکانی کۆنگرە، سەرەڕای ئەوەی کە راسپاردە حوکم و هێزی بڕیاری نییە، بەڵام ئەنجوومەنی سەندیکا بە بایەخەوە هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە لە سنووری دەسەلات و تواناو چوارچێوەی یاسادا.

لێرەدا بەپێویست دەزاندرێ کە راسپاردەکان بۆ دوو بەش دابەش بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

<u>یەکەم</u>: ئەو راسپاردانەی کە هەوڵی بۆ دراوەو هەندێکیان جێبەجێ کراون، وەکو برگەکانی (٣، ٤، ٦، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٥، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٢، ٢٣، ٢٥).

<u>دووەم</u>: برگەکانی (١، ٢، ٥، ٨، ١٣، ١٤، ١٦، ٢٦)، لە راسپاردەکان کە نەتوانراوە سەندیکا جێبەجێیان بکات، چونکە:

لە سنووری دەسەلاتی سەندیکا نەبووەو لە توانای ئەو بەدەر بووە (دەقی راسپاردەکان هاوپێچن لەگەڵ راپۆرتی گشتی).

سەرەڕای بڕیارو راسپاردەکان، ئەنجوومەنی سەندیکا لەبەر رۆشنایی دروشمی ناوەندی خۆیدا (لە پێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) چەندین دەسکەوتی دیکەشی بۆ رۆژنامەنووسان دابین کردووە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

<u>یەکەم: زەوی</u>

أ- دابین کردنی (٣٣٠) پارچە زەوی لە پاش کۆنگرەی گشتییەوە لە کەرکوک و هەولێرو دهۆک.

ب- رەزامەندی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە لەسەر پێدانی (١٨٩) پارچە زەوی لە هەولێر کەماوەی دوو ساڵە کاری بۆ دەکرێ.

ج- هەوڵدان لەپێناو دابین کردنی (١٩٣) پارچە زەوی بۆ رۆژنامەنووسانی سلێمانی و (١٠٥) پارچە بۆ رۆژنامەنووسانی دهۆک و (١١٩) بۆ رۆژنامەنووسانی هەولێر و (٥٧) بۆ رۆژنامەنووسانی دەڤەری گەرمیان کە سەر بە لقی کەرکووکە بۆ رۆژنامەنووسانی دەڤەری سۆرانیش لەگەڵ لیستی هەولێر دایە.

<u>دووەم: خزمەتی رۆژنامەنووسی</u>

ئەژمارکردنی ماوەی خزمەتی رۆژنامەنووسی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دامەزراون بە مەبەستی (سەرمووچەو بەرزکردنەوەو خانەنشین) لەنێوانی دوو کۆنگرەدا کە(٦٠٢) رۆژنامەنووس لەم بوارەدا سوودمەندبوون لە حساب کردنی راژە لە ساڵێکەوە بۆ (١٢) ساڵ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. (٢٤٥) رۆژنامەنووس لە پارێزگای هەولێر.
٢. (١٧٦) رۆژنامەنووس لە پارێزگای سلێمانی.
٣. (١٦٧) رۆژنامەنووس لە پارێزگای دهۆک.
٤. (١٤) رۆژنامەنووس لە پارێزگای کەرکووک.

## پەیوەندییەکانی سەندیکا

<u>یەکەم</u>: پەیوەندی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق:

بە مەبەستی پیادەکردنی بڕیاری کۆنگرەی پێشوو دەربارەی پاراستنی پێگەی سەربەخۆیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەر رۆشنایی ئەو خاڵانەی کە لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەست نیشان کرابوو لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی فیدراسیۆن لە ٢٠٠٣/٧/٢١، کەبریتین لە:

١. پاراستنی قەوارەی سەربەخۆیی سەندیکا بەرامبەر هەموو رێکخراوەکانی رۆژنامەنووسانی عیراق کە بریتی بوون لەسەندیکاو یەکیەتی رۆژنامەنووسانی عیراق.

٢. پێكهێنانی لێژنەیەكی باڵا لەسەر ئاستی هەردوو ئەنجوومەن (كوردستان و عیراق) بۆ هەماهەنگی و هاوكاری كردن لەبواری پیشەیی دا.

٣. رەتكردنەوەی داوای هەر رۆژنامەنووسێك بۆ ئەندامیەتی لە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، ئەگەر هاتوو لە هەمانكاتیشدا ئەندامیەتی لە سەندیكای رۆژنامەنووسانی عیراق هەبوو.

خاڵەكانی سەرەوە راستەوخۆ بە ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی عیراق گوتراوەو هەڵویستی نەگۆری سەندیكایان پێ راگەیاندراوە، ئەوانیش پشتگیری تەواویان نیشانداوە.

پاش دوو كۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان هەردوو سەندیكا لە سلێمانی و لە هەولێر، لێژنەیەكی باڵا پێكهێندرا لە ئەنجوومەنی هەردوولا بۆ درێژەپێدانی هاوكاری و جێبەجێ كردنی ئەو بریارانەی كە لەسەری رێككەوتووین، و لەبەر هەندێ هۆكاری بابەتی نەتواندراوە لێژنەی باڵا وەكو پێویست كارا بێت، بەڵام دیسان هەندێ كارو چالاكی هاوبەش لەگەڵ رۆژنامەنووسانی عێراق لە كوردستان ئەنجام درا، لەوانە:

أ- سیمینارێكی فراوانی (٣) رۆژە لە ٢٧-٢٠٠٥/٤/٢٩ لە هەولێر بە بەشداری (١٣٠) رۆژنامەنووسی كوردستان و عیراق لەژێر دروشمی (رۆژنامەگەری ئازاد، لە عێراقی نوێدا) كە تێدا چەندین بابەت و لێكۆڵینەوە پێشكەش كرا.

ب- كۆنگرەیەك بەناوی (یەكەم كۆنگرەی نیشتمانی لەژێر دروشمی "پیادەكرنی ستراتیژیەتی پاراستنی رۆژنامەنووسانی عیراق) بە سەرپەرشتی (IFJ) و ئامادەبوونی سكرتێری گشتی (IFJ) و بەشداری هەردوو سەندیكای كوردستان و عیراق لە ١٠-٢٠٠٧/٥/١١ لەهەولێر كە تێدا نوێنەرانی حكومەت و پەرلەمانی كوردستان و عێراق ئامادەبوون و بریاری پێكهێنانی گروپێك بەناوی (لێژنەی پاراستنی رۆژنامەنووسانی عیراق) درا..

ج- كاراكردنی لێژنەی ناوبراوی سەرەوە بەدەست نیشانكردنی ئەندامانی لێژنەكەو ئەركە سەرەكییەكانی لە كۆبوونەوەیەكی هاوبەش كە لە بەغدا رۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٢ بەستراو تێدا سكرتێری لقی بەغدای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بە نوێنەرایەتی سەندیكا ئامادەبوو.

د- سەرەرای جموجۆڵ و كۆبوونەوەی ناوەوەی عیراق و كوردستان نوێنەرانی هەردوو ئەنجوومەنی سەندیكا چەند جارێك لە عەممانی پایتەختی ئوردون و جەزائیر كۆبوونەوە دەربارەی رەوشی رۆژنامەنووسانی عیراق.

دووەم: پەیوەندی لەگەڵ سەندیكاو رێكخراوە رۆژنامەنووسییەكان لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و جیهانی.

سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، وە نەبێ پەیوەندییەكانی تەنها لەسەر ئاستی ناوەوە بوو‌بێت، بەڵكو چالاكانە لەنێوانی ئەو چوار ساڵەدا توانیویەتی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەم سەندیكا و رێكخراوە رۆژنامەنووسیانە رێك بخات.

١. پەیوەندی نێوان سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و سەندیكای رۆژنامەنووسانی میسر كە تێدا لەكاتی بەشداریكردن لە (سیمیناری دارشتنی میساقی شەرەفی پیشەیی) بەسەرپەرشتی (IFJ) شاندی سەندیكا سەردانی بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی میسری كردو كۆبوونەوەیەكی هاوبەش گرێدرا تێدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی میسر (جلال عارف) لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنەكەیان بەشدارییان تێدا كردو باس لە پەیوەندی نێوان هەردوولا كرا، بەڵێنی ئەوەیان پێ داین كەوا هاوكاری سەندیكا بكەن لەرووی كردنەوەی خولی تایبەت بە كاری رۆژنامەگەری و ناردنی رۆژنامەنووسان بۆ میسر، لە هەمان كاتدا پەیوەندی بەردەوام هەیە لەگەڵ هەندێ سەندیكای وڵاتانی عەرەب وەكو (فەلەستین و ئوردن و كوێت و بەحرێن و ئیمارات و جەزائیر).

٢. بەڵام تاکو ئێستا هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب نییە، پاش ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤییەی کە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بە سەرۆکایەتی (ئیبراهیم نافع) دەربارەی ئەندامیەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە (IFJ) نیشانی دابوو..

دواتر لە چەندین دیدارو بۆنەی جیاجیادا، هەندێک لە ئەندامانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب پاشگەزبوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندو، پشتگیری و هاوکاری خۆیان بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەربڕی، لەوانە: ڕۆژنامەنووسی ئوردنی بەناوبانگ (سیف الشریف) سەرۆکی کۆمیتەی ئازادییەکان لەیەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و (نەعیم گوباسی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی فەلەستین و، (محجوب بن علی) جێگری سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی یەمەن..

٣.پەیوەندی لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی یۆنان، کە لە کۆنگرەی بیست و پێنجەمی (IFJ) دەستی پێ کرد، کە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەسینا بەڕێوەچوو تاکو ئەمڕۆش ئاڵوگۆڕی بیروڕا بەردەوامە، شایانی باسە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە، سەندیکای یۆنان یارمەتییەکی بەرچاوی ئەندامێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی داوە، ئەویش بەدابین کردنی نەخۆشخانە بۆی کە کاتی خۆی لە کارەساتی یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ بریندار بووە.

٤. پەیوەندی نێوان سەندیکاو هەریەک لە سەندیکاکانی ئەلمانیاو ڕووسیا و بەریتانیا و بەلجیکاو کۆریای باشوور و ژاپۆن دروست بووە، بە تایبەتیش لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا کە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە داوەتێکی ڕەسمی ئەوان چووە ئەو وڵاتەو بەیاوەری بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەگەڵ سەرۆک و هەندێ ئەندامانی ئەنجوومەنەکەیان کۆبوونەوەو داوای هاوکاری کردنی پیشەیی لێ کردن بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆبوونەوەکەدا جیم بومیلا سەرۆکی (IFJ) ئامادە بوو.

٥. پەیوەندی نێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەنجوومەنی پیشەیی ڕۆژنامەنووسانی ئێران کە لە ئاکامی ئاڵوگۆڕی سەردانی شاندی هەردوولادا هاتۆتە ئاراوە.

٦. پەیوەندی سەندیکا لەگەڵ فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) کە ئەم بابەتە لە بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا خراوەتە ڕوو.

ئەنجوومەنی سەندیکا هەر لە پاش دامەزراندنی سەندیکاوە کەوتە هەوڵ و کۆشش بەمەبەستی ناسین و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوو سەندیکا جیهانییەکان، لە سەرووی هەموویانەوە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەسان کە چوارچێوەی (١٢٠) سەندیکا و ڕێکخراوە، ژمارەی ئەندامانی (٦٠٠) هەزار ڕۆژنامەنووسە لە (١١٦) وڵات.

لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە نامەیەک نێردرا بۆ سکرتێری لیژنەی ڕاپەڕاندن، بە مەبەستی بوونە ئەندام، ئەوەبوو لە (٢٣)ی حوزەیرانی (٢٠٠٣)، سەندیکا بە ئەندامی بەشدار وەرگیراو بۆ یەکەمجاریش بەشداری لە کۆنگرەی بیست و پێنجەمی فیدراسیۆن کرد کە لە (ئەسینا)ی پایتەختی یۆنان لەسەرەتای هاوینی/٢٠٠٤ بەسترا.

لەوکاتەوە بیر لەوە کرایەوە کە نووسینگەیەک لە دەرەوەی وڵات پێکبهێنرێت چ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕێکخراوو سەندیکاکانی دەرەوەی هەرێم چ بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ فیدراسیۆن، بە مەبەستی گۆڕینی ئەندامیەتی سەندیکا لە بەشدارەوە بۆ کارا،سەرەڕای پێکهێنانی چەترێک بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.

لە سەرەتادا ڕۆژنامەنووس (شێرکۆ حەبیب) لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەست نیشان کرا، چونکە ئەندامی سەندیکا و نیشتەجێی وڵاتی بەریتانیایە، هەر لە ڕۆژی دەست بەکاربوونەوە زۆر بە لێبووردوانە ئەرکەکانی

جێبەجێ کردووە.

لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە، وەکو نووسینگە بە فیدراسیۆن و ڕێکخراوەکانی دەرەوە ناسرا، ئەنجوومەنی سەندیکا لە ڕێگای ئەو نووسینگەیەوە پەیوەندی و هەوڵی بەردەوامی لەگەڵ فیدراسیۆن هەبووە، تاکو لە حوزەیرانی ساڵی/ ٢٠٠٦، لیژنەی ڕاپەڕاندنی فیدراسیۆن بڕیاری بەرزکردنەوەی ئەندامیەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لە (بەشدارەوە) بۆ (کارا)دا.

شایانی گوتنە تاکو ٢٠٠٧/٨/١ لەسەرجەم ئەندامانی سەندیکا (١٥٩٢) ڕۆژنامەنووس پێناسەی (IFJ) وەرگرتووەو ئەوەی ماوەیشە تەنها (١١٢) ڕۆژنامەنووسە کە پارەیان لێ وەرگیراوەو بە ئەمانەت لە خەزێنەی بەرپرسی دارایی ئەنجومەنی سەندیکا کە بری (١٦٨٠) یۆرۆیە.

**٥- چالاکییەکان"**

<u>أ- چالاکییەکانی ناوخۆ:</u>

١- لە ڕۆژانی (١٤-٢٠٠٥/٦/١٥) لە بەغدا کۆمیسیۆنی نیشتمانی عێراقی بۆ گەیاندن و ڕاگەیاندن، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی فراوانی لەژێر ناونیشانی (بۆ ئایندە. بۆ ڕاگەیاندن لە عێراقدا) سازکرد، بە ئامادەبوونی ئایدان وایت سکرتێری (IFJ) ولەلایەن سەندیکاوە ئەندامی ئەنجوومەن (حامید محەمەد عەلی) بەشداری تیاکرد.

٢- لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ئەنجوومەنی سەندیکا ئامادەی کردبوو، ڕۆژی (٢٠٠٦/١٠/١٢) لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسعود بارزانی) لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆبووەوە، کە تێدا جەختی لەسەر ڕێزگرتنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە سنووری یاساو پابەندبوون بە لێپرسراوێتی نەتەوەیی و نیشتمانی کردەوە.

پاشان ڕۆژنامەنووسان، ئازادانە بیروڕای خۆیان خستە ڕوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش وەڵامی پرسیارو بۆچوونەکانیانی دایەوە

٣- بەشداری کردنی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لە (وۆرک شۆپ)ی (١٨-٢٠٠٦/١١/١٩) کە لە هەولێر سازکرا لەژێر ناونیشانی (تعزیز حکم القانون والنزاهه فی العراق) بەسەرپەرشتی وەزارەتی دادی هەرێم و داوەتنامەی سەنتەری عەرەبی بۆ یاساو دەستپاکی.

٤- دیدارێک لەنێوان شاندێکی سەندیکاو مولحەقی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق، ڕۆژی (٢٠٠٧/٢/٧) لە هەولێر لە شارۆچکەی عەنکاوە، سازکرا.

بۆ جاری دووەمیش شاندێکی سەندیکا لەسەر داوەتی (ماریۆکریفۆ) مولحەقی ڕاگەیاندن لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا. لە ڕۆژی (٢٠٠٧/١١/١)، سەردانی ناوبراوی کرد و بابەتی سەرەکی هەردوو دانیشتنەکە، ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی بوو لە کوردستان.

<u>ب- چالاکییەکانی دەرەوە:</u>

١- لەماوەی نێوانی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی سەندیکادا نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە (٢٠٠٤/١/١) تا مانگی (٣)ی ٢٠٠٦ توانی بە (٣) وەجبە یارمەتی بۆ خانەوادەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس و بریندارانی (ای شوباتی ٢٠٠٤) لەلایەن ڕێکخراوی (ڕۆری پێک تراست)ی بەریتانی خێرخواز دابین بکات، وەکو لە بەشی (ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکان)دا بەدرێژی ئاماژەی پێکراوە.

٢- لە (٢٢-٢٠٠٤/١١/٢٤) بەشداریکردنی شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا کە پێکهاتبوو لە هەردوو ئەندامی ئەنجوومەن (حامید محەمەد عەلی و ئەکەد موراد) لە (وۆرک شۆپ)ێک لە عەمانی پایتەختی ئوردون. کە تێیدا ژمارەیەک لە نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەریەک لە میسرو تونس و جەزائیرو مەغریب و یەمەن و بەحرێن و فەلەستین و ئێران و عێراق لەگەڵ یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بەشداربوون، کە بە هاوکاری دەزگای (فردرش لیبرتی ئەلمانی و کۆمیسیۆنی ئەورووپی) بەڕێوەچوو، تایبەت بە بابەتی سێکوچکەکانی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسی،

مافە پیشەییەکان، مافە ئابوورییەکان، شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان توانی بەشداربوونێکی کاریگەر بکات و وێنەیەکی گەشی واقیعی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان بخاتە روو.

٣- بە نوێنەرایەتی سەندیکا (فەهیم عەبدوڵلا و سۆزان مامە) ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا،بەشداری (وۆرک شۆپ)ێکیان کرد، کە لە رۆژانی (٢١-٢٠٠٤/١٢/٢٢) لە عەممانی پایتەختی ئوردون سازکرا، کە تێدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەری چەندین ئەنجوومەنی سەندیکاو ناوەندی رۆژنامەنووسی وڵاتانی جیهان بەشداربوون.

شاندی سەندیکا توانی لەم وۆرک شۆپەدا، بەشدارییەکی کارا بکات، چەندین بابەت و زانیاری بەسوود بە ئامادەبووان بگەیەنێت.

٤- بەشداریکردنی بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە خولی فێرکردنی سەلامەتی پیشەیی لە (برۆکسلی) پایتەختی بەلجیکا، لە رێکەوتی (٢/١٠ تا ٢٠٠٥/٢/١٧)، لەگەڵ نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسانی عێراق، هەروەها سەردانی بارەگای یەکێتی ئەوروپا کرد، لەوێش باسی لە رەوشی رۆژنامەگەری کوردستانی بەتێروتەسەلی کرد. هەروەها بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی فراوان لە بنکەی راگەیاندن لە بەلجیکا بارەگای فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی تێدایە کرد. لە کۆبوونەوەکەدا ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆن و (حەیات زغیش) بەرپرسی پرۆژەکانی فیدراسیۆن لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەلی هەواری) رێکخەری پرۆژەی عێراقی بەشداربوون، تەرخانکرابوو بە پێداچوونەوەی کۆبوونەوەی پێشووتر کە لە عەمان سازکرابوو.

٥- لەدوای بەشداریکردنی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کۆبوونەوەی (برۆکسل)، بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی، کۆمپانیایەکی بەریتانی (ئەی. کەی) خولێکی سەلامەتی پیشەیی بۆ کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسانی کوردستان لە رۆژانی (٢٣ - ٢٠٠٥/٣/٢٧) لە شاری هەولێر سازکرد، کە تێیدا (٤٠) رۆژنامەنووس لە هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و موسڵ و دهۆک بەشدارییان کرد.

٦-لە(٢-٢٠٠٥/٤/٤)بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەشداری کۆبوونەوەیەکی کرد، لە شاری (بیل باو) لە ئیسپانیا، سەبارەت بە رۆژنامەگەری و جەنگ و مافی مەدەنی، کە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسیی ئەوروپی بەشداریان تیا کرد و بابەتێک لەلایەن بەرپرسی پەیوەندییەکانەوە پێشکەش کرا، کە وەکو بابەتێکی سەرەکی لە کۆبوونەوەکە وەرگیرا.

٧- بە هەماهەنگی نێوان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکاو یەکێتی رۆژنامەنووسانی عێراق و بەهاوکاری و یارمەتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، لە رۆژانی (٤/٢٧ تا ٢٠٠٥/٤/٢٩) سیمینارێکی فراوان بۆ زیاتر لە (١٥٠) رۆژنامەنووسی کوردستانی و عێراقی لە شاری هەولێر سازکراو چەندین بابەتی جۆراوجۆری رۆژنامەنووسیی پێشکەشکرا.

٨- لە رۆژانی (٨-٢٠٠٥/٥/١٥) لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا خولێکی سەلامەتی پیشەیی لەلایەن بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرایەوە، کە (١٠٠) رۆژنامەنووس بە چەند وەجبەیەک بەشدارییان تیاکرد.

٩- لە (٢٠٠٥/٥/١٩) و رۆژانی دواتر و بە مەبەستی گەیاندنی داواکارییەکان و پێداویستییەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە یەکێتی ئەوروپا، لە ئاکامی ئەو دیدارەی رۆژی (٢٠٠٥/٢/١٤) لەگەڵ بەرپرسی مەلەفی عێراقی لە یەکێتی ئەوروپا سازکرا، تێدا باس لە پێداویستییەکان کرا، ئەویش لە ئاکامی کۆبوونەوەی بەرپرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ زۆربەی سەرنووسەرو بەرپرس و بەڕێوەبەری راگەیاندن لە هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک و موسڵ هاتەدی.

١٠- لە (١٥-٢٠٠٥/٨/١٧) لە هۆڵی (بەترا) لە ئوتێلی (ریجینسی پالاس) لە عەمانی پایتەختی ئەردەن شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا کە پێک

هاتبوو لە رۆژنامەونووسان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان، مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب، زیرەک کەمال سکرتێری سەندیکا، ئەنوەر حوسین ئەندامی ئەنجوومەن و شێرکۆ حەبیب بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوە، بەشداری لە کۆبوونەوەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کرد، بە مەبەستی دارشتنی پلانی کاری رۆژنامەگەری لە عێراقداو ئایدان وایت سکرتێری گشتی (IFJ)، کۆنگرەی ئازادی راگەیاندن و دەستووری عێراقی کردەوە، کە تێدا جگە لە شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، شاند و نوێنەری ئەم لایەنانەش بەشداریان تێدا کرد، سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق و (جیم مانکان) لە مەڵبەندی هاوکاری نووسینگەی ئیقلیمی لە عەممان و (کریس مورلی) جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی بەریتانی، محەمەد خەلیل نوێنەری (FES) و مفید جەزائیری وەزیری رۆشنبیری پێشووی عێراق و سەیف شەریفی لە یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب.

تەوەرەکان بریتی بوون لە (مافە یاساییەکان لە دەستووری عێراقی، دۆزە بزوێنەرەکان، یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزدا و مافی رۆژنامەنووسان و پەیوەندی لەگەڵ دەسەلات و سیستەم و یاساکان) بابەتی جۆراوجۆری کۆنگرە بوون.

١١- بەشداریکردنی شاندی سەندیکا لە کۆنگرەی میساقی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی لە عەممانی پایتەختی ئوردن لە رۆژانی (٢٧-٢٠٠٥/٩/٣٠) و بە ئامادەبوونی چەندین رۆژنامەنووسی عێراقی، شاندی سەندیکا بریتی بوولە رۆژنامەنووسان:

(نصر الله سورچی لە لقی بەغدا، شەوقی حوسێن سەرۆکی لێژنەی چاودێری، ئاکۆ محەمەد سەرۆکی لێژنەی بەرزەفتکردن و عبدالغنی علی یحیی سکرتێری لقی موسڵ و سدیق کەریم سکرتێری لقی کەرکووک) بەشدارییان لەم کۆنگرە کرد.

١٢- بەشداربوونی شاندی سەندیکا لە سیمیناری تایبەت بە میساقی شەرەف و یەکسانی مافی سەندیکایی لە راگەیاندندا و پەیکەری دایەلۆگ و دیدگەی (رصد) راگەیاندن و هاوکاری ئایندەیی لە رۆژانی (١١-٢٠٠٦/٢/١٢) لە قاهیرە، بە سەرپەرشتی (IFJ) و ئامادەکردنی رێکخراوی یونسکۆ، کە تێدا چەندین رۆژنامەنووسانی عێراقی و بیانی بەشداربوون.

شاندی سەندیکا پێکهاتبوو لە نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری لقی بەغدا و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە لە لەندەنەوە بانگهێشت کرابوو.

شاندی سەندیکا، رۆڵێکی دیاری هەبوو لە گفتوگۆی سیمینارەکەدا، سەرەرای دیدارێک لەگەڵ نووسەرو رۆژنامەنووسی میسری (ئەحمەد حەمروش) و سەردانی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی (میسر) و سەردانی بارەگای رۆژنامەی (الاهرام) و سەردانی سەنتەری قاهیرە بۆ توێژینەوەکانی مافی مرۆڤ.

١٣- بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە، چەندین کۆری دەربارەی سەلامەتی رۆژنامەنووسان و نووسینی هەواڵ لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ساز کرد.

١٤- پاش داوەتێکی رەسمی کە ئەنجوومەنی سنفی رۆژنامەگەرانی ئێران ئاراستەی ئەنجوومەنی رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد، شاندی سەندیکا لەنێوان (١ تا ٢٠٠٦/٥/٧) سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردو لە رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەگەریدا لە ئاهەنگی رێزلێنانی رۆژنامەنووسی ئێرانی بەناوبانگ (ئەکبەری گەنجی) و هاورێیانی بەشداربوو، تێدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان وتاری خوێندەوەو دیاریشی پێشکەش بە رێزلێنراوان کرد و هەروەها چەندین دیداری دۆستانەی لەگەڵ ئەنجوومەنی سنفی ئێرانی بەست، سەرەرای سەردانی هەردوو رۆژنامەی (ئێران) و (شەرق)، سەردانی ئاژانسی (ئیسنا) و ئەنیستیوتی کوردی لە تاران کرد، هەروەها سەردانی یاریدەدەری وەزیری رۆشنبیری و ئیرشادی

ئێرانی و پەیمانگەی رۆژنامەنووسی سەر بە ئەنجوومەنی سنفی رۆژنامەنووسانی ئێرانی کرد.

ئەندامانی شاندەکەش بریتی بوون لە (٨) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکاو عوسمان دەشتی ئەندامی لیژنەی چاودێری و ئیسماعیل بادی سکرتێری لقی دهۆک و عەدنان مزوری ئەندامی لقی موسڵ و ماجد محەمەد ئەندامی لقی بەغداو هانا شوان ئەندامی لقی سلێمانی و نەبەز رۆستەم ئەندامی لقی کەرکوک.

١٥- لە (٢٠٠٦/٦/١٢) بەرپرسی پەیوەندییەکان سەردانی بارەگای پەیامنێرانی بێسنووری لە (پاریس) کرد، کە تێدا چاوی بە رۆبرت میناردی سەرۆکی رێکخراوی ناوبراو کەوت و بابەتی سەرەکی گفتوگۆکان هاوکاری رۆژنامەنووسانی کوردستان و کردنەوەی خولی سەلامەتی بوو، لەم کۆبوونەوەیەشدا بڕیاری هاوکاری و یارمەتی کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی رۆژنامەنووسانی عێراق و کوردستان درا.

١٦- لە (٢٠٠٦/٦/١٥) کۆبوونەوەیەک لەنێوان بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ (کریس مۆرلی) سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا بە ئامادەبوونی (جیم بومیلا)و خاتوو (میشێل) سەرۆکی ئێستای سەندیکای بەریتانیا، سازکرا. کە تێدا باس لە رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان کراو شاندی بەریتانی خۆشحاڵی دەربڕی بەرامبەر بەزرکردنەوەی ئەندامیەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ پلەی ئەندامیەتی (کارا) لە (IFJ).

١٧- لە ٢٠٠٦/٦/١٥ بەهاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانی و بەشداری کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق، چالاکییەکی پەناگیرییان بەرامبەر باڵیۆزخانەی عێراقی فیدراڵ لە لەندەن سازکرد، بە مەبەستی هاوکاری و پشتگیری لە رۆژنامەنووسانی عێراق.

١٨- لە (٢٠٠٦/٧/٢٥) بە رەسمی سەردانی بارەگای (IFJ) لەلایەن بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرا، سەرەڕای باسکردنی پەیوەندی هەردوولا، رەخنەیەکی توندیان لێگیرا، دەربارەی نەبوونی چالاکییەکانی فیدراسیۆن لە کوردستاندا.

١٩- سازکردنی کۆڕێکی فراوان سەر لە ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٦/٧/٢٨) لە شاری (لەندەن) بۆ کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان.

٢٠- رۆژی (٢٠٠٦/١١/٧) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە، سەردانی برۆکسلی کردو چاوی بە خاتوو (کریستیان دینز) سکرتێری لیژنەی راپەڕاندنی (IFJ) کەوت، کە تێدا شێوازی هاوکاری نێوان سەندیکاو فیدراسیۆن و کردنەوەی خول تاوتوێکرا.

٢١- لە (٢٠٠٦/١١/١٧) بەرپرسی پەیوەندییەکان سەردانی بارەگای (IFJ) کردو لەگەڵ بەرپرسی پرۆژەکان کۆبۆوەوە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی پیشەیی لە کوردستان

٢٢- لەپێناو پشتگیرکردنی رۆژنامەنووسانی عێراق، ئەنجوومەنی سەندیکا بەشداری کۆبوونەوەی عەمانی کرد کە لە رۆژانی (١٨-٢٠٠٦/١٢/١٩) بەڕێوەچوو، بەسەرپەرشتی (IFJ) و پشتگیری یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب و میوانداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئوردون.شاندی سەندیکا بریتی بوو لە رۆژنامەنووسان فەرهاد عەونی، مستەفا ساڵح کەریم، وحامد محەمەد عەلی و شێرکۆ حەبیب.

٢٣- بە بەشداربوونێکی کاریگەری سەندیکاو لەسەر داوەتنامەیەکی فەرمی دەستەی راگەیاندن و گەیاندنی عێراقی، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەشداری لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی ئازادی رادەربڕین و گەشەپێدانی راگەیاندن لە عێراقدا کرد، کە لە رۆژانی (٨-٢٠٠٧ /١/١٠) لە (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا بەڕێوەچوو، کاروباری کۆنگرەکەش لە بارەگای (یونسکۆ) بەڕێوەچوو، کە تێیدا (٢٧) رۆژنامەنووس و کارمەندی راگەیاندن لە کوردستان و

(١٠٠) لـە کارمەندانی ڕاگەیاندنـی عێراقی و ژمارەیـەک لە کەسـایەتی میدیاکانی عەرەبی و جیهانـی بەشـدارییان تێدا کرد، کـە توانرا وشـەی (کوردسـتان) و پێشخسـتنی کاری ڕۆژنامەنووسـی لە کوردسـتاندا، لە بڕگەی (٩)ی بەیاننامەکە بچەسپێنرێت.

٢٤- لە ڕۆژانی (٢٦-٢٠٠٧/١/٢٨) بەداوەتێکی ڕەسمی تاکەکەسی بۆ نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردسـتان بۆ بەشـداریکردن لـە دیدارێکی فراوان لـە پایتەختی وڵاتـی (جەزائیر) لەژێر دروشـمی (ڕاگەیانـدن لەنێـوان خۆجێیـی و جیهانیـدا و یارمەتـی هەرێمایەتـی لەگـەڵ جیهانـی عەرەبی و ئێراندا) بە سەرپەرشـتی (IFJ) بەسترا.

کە تێدا بەدووروردرێژی لە وتارێکی سەرەکیدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان باسی لەکاری پیشەیی و پرۆژەی یاسـای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردسـتان کرد، ئامادەبووانیش سـەرەڕای سـەندیکاو ڕێکخـراوە ڕۆژنامەنووسـییە عەرەبییـەکان، ئایدان وایت سـکرتێری (IFJ) و جیم بومیلا لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیـا و ئێرلەنـدەو (مـار سـیمونس) لە سـەندیکای بەلجیـکاو ڕەجـەب مەزروعی لە ئەنجوومەنـی پیشـەیی ڕۆژنامەنووسـانی کۆماری ئیسـلامی ئێران و شـەهاب تەمیمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسـانی عێراق و هاشـمی جەیـار وەزیـری گەیاندنی جەزائیـر و تەیب لوح وەزیری کارو کەمال عەمارنی ئەمینداری گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی (جەزائیر) بوون.

کە توانـرا لە بڕگەیەکـی بەیاننامەی کۆتاییدا ئامـاژە بە کردنەوەی خولێکی ڕاهێنان بکرێت لە هەولێر و بەغدا.

٢٥-لە (٢٠٠٧/٢/١٦) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەسەر داوای ئەنجوومەن، سەردانی بارەگای فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی (IFJ) کردو دیدارێکی لەگەڵ ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسـیۆن بە ئەنجام گەیاند، سـەبارەت بە بەشـداری سـەندیکا لە بیسـت و شەشەمین کۆنگـرەی فیدراسـیۆن لە مۆسـکۆ، کـە تێدا داواکـرا ڕێـژەی بەشـداربووانی سـەندیکا زیادبکرێـت و هەروەهـا داواکـرا پیتـی (K) کە پیتی یەکەمی وشـەی کوردسـتانە لەسەر ناسـنامە نێودەوڵەتییەکە بنووسـرێت، کە لە ئاکامـدا هـەردوو پێشـنیازەکە قەبـوڵ کراو جێبەجێ کرا.

شـایانی باسە، بـۆ یەکەمجارە لـە مێژووی فیدراسـیۆندا ناوی وڵاتێک لەسەر ناسنامەی (IFJ) دابنرێت کە دەوڵەتی نییە.

٢٦- لـە ڕۆژانـی (١/٢٨ - ٢٠٠٧/٢/١) لـە عەمانـی پایتەختـی ئـوردون ژمارەیـەک لە یاساناسـان و ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی و عیراقی بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژەی یاسـای ڕاگەیانـدن لـە عێراقدا کۆبوونەوە، کـە تێـدا دادوەر ئـازاد عیزەددیـن وەزیری دادی پێشـوو و کەمـال ڕەزا بەرپرسـی لقی سـلێمانی سـەندیکای پارێـزەران و شـێرکۆ حەبیب سـکرتێری پەیوەندییەکانـی دەرەوە، ئامادەبـوون، لـە کۆبوونەوەکـەدا گفتوگۆ سـەبارەت بـە چەندین بابەت کـرا، کە بریتی بوون لە ڕێکخسـتنی ڕاگەیاندن- شەفافیەت- یاسـای سـتایش و توانج گرتن- ئاسایشـی نیشـتمانی- یاسـا پەیوەنـدارەکان بـەکاری تیرۆریستی.

٢٧- لـە ڕۆژانـی ٩-٢٠٠٧/٥/١١) لـە ئاکامی سەردانی بەردەوامی بەرپرسی پەیوەندییەکان بۆ بارەگای (IFJ) لە برۆکسل، کۆبوونەویەکی فـراوان بـۆ ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و عێـراق بـە ئامادەبوونـی ئایـدان وایت و هەندێک لە بەرپرسـانی حکومەتـی ناوەندی بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەژێر دروشـمی (لەپێنـاو پلانێکـی نیشـتمانی بـۆ سەلامەتی پیشـەیی) لە هەولێر سـازکرا، کە تێدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـوو لە ڕێکخسـتن و ئامادەکردنی ئەم کۆبوونەوەیە.

٢٨- سازکردنی ئێوارە کۆڕێک لە ٢٠٠٧/٧/١٣ بۆ پرۆفیسـۆر (د. کەمال مەزهەر) سەبارەت بـە دۆزی کەرکـووک، لەلایەن نووسـینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە لەندەن.

٢٩- بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بڕیاری لە سـێدارەدانی دوو ڕۆژنامەنووسی

کورد لەلایەن دادگایەکی شاری سنەوە، لەمانگی تەمووزی (٢٠٠٧) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە بەشداری رەوەندی کورد خۆپیشاندانێکیان بەرامبەر باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لەندەن سازکرد.

٣٠- وەکو ئاشکرایە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) (٣) ساڵ جارێک کۆنفرانسی گشتی خۆی سازدەکات، کە تێدا سەرجەم ئەو یەکێتی و سەندیکایانەی کە ئەندامی فیدراسیۆنن مافی بەشداربوونی ئەم کۆنفرانسەیان هەیە، هەر بەم پێیەش سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەروەک لە پێشەوە ئاماژەی پێکراوە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦/ پلەی ئەندامیەتی کارای وەرگرتووە، بۆیە لەلایەن لیژنەی راپەڕاندنی (IFJ)یەوە بە رەسمی بانگهێشت کرا بۆ بەشداربوون لە بیست و شەشەمین کۆنفرانسی فیدراسیۆن کە لەنێوان (٥/٢٨ تا ٢٠٠٧/٦/٢) لە شاری مۆسکۆ بەسترا، شاندی سەندیکا لە ئەنجوومەنی سەندیکاو سکرتێری لقی کەرکووک و ئەندامێکی لیژنەی بەرزەفت و سەرنووسەری (گۆڤاری رۆژنامەنووس) و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و مامۆستایەکی پسپۆری بواری رۆژنامەنووسی لە زانکۆی سەلاحەدین پێکهاتبوو، شاندی سەندیکاش بەشدارییەکی کاریگەریی لە کارو چالاکییەکانی کۆنفرانس کرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. لە سەرەتادا سەرجەم ئەندامانی شاندەکە بە جل و بەرگی میللی و نەتەوایەتییەوە بەشداری کۆنگرەیان کرد، کە بووە مایەی سەرنج راکێشانی ئەندامانی کۆنگرەو دەزگاکانی راگەیاندن.

ب. سێ لە ئەندامانی شاند لەسەر سەکۆی سەرەکی کۆنگرە وتارو موداخەلەیان پێشکەش کرد، دەربارەی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان و رۆڵی سەندیکا لە داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان و پەرەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری، سەرەڕای روونکردنەوەی هەندێ خاڵ سەبارەت بە ماددەی (١٤٠) و دۆزی کەرکووک و شوێنە دابڕاوەکانی دیکە..

ج. ئەنجامدانی دیمانەی جیا جیا لەگەڵ هەندێ کەناڵی راگەیاندن.

د. پەیوەندیکردن بە ژمارەیەکی زۆر لە شاندەکانی بەشداربووی کۆنگرەو گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی کاری سەندیکایی و لایەنی تر.

هـ . دابەشکردنی چاپەمەنییەکانی سەندیکا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە بریتیبوون لە گۆڤاری (رۆژنامەنووس) و رۆژنامەی (الصحفی) و پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی و یاسای سەندیکاو چەندین بڵاوکراوەی تر.

و. بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک و لیژنەی راپەڕاندنی (IFJ)، کە تێدا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە تەنیا (٣) دەنگی هەبوو و لەبەر ئامادەنەبوونی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق شاندی کوردستان لەسەر داوای سەندیکای عێراقی نوێنەرایەتی ئەوانیشی کرد، کە مافی (٢) دەنگیان هەبوو.

لە ئاکامیشدا لە پرۆسەی کۆتایی پاڵێوراوی سەندیکاکەمان کە سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە بوو، بە هەوڵ و کۆششی تێکڕای شاندەکە لە قۆناغی یەکەم (٧٥) دەنگی بەدەستهێناو لە قۆناغی دووەمیشدا (١١٥) دەنگی هێنا، کە ئەمەشیان بەسەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێت، چونکە بۆ یەکەمجارە سەندیکایەکی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکو ئەندامێک بچێتە ئەم مەیدانەوە، بەماوەیەکی کورتیش بتوانێت ئەم ژمارە دەنگانە بەدەست بهێنێت.

ز. شاندی سەندیکا پێشنیارێکی خستە بەردەم سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی، کە بیست و حەوتەمین کۆنگرەی (IFJ) لە کوردستان ببەسترێت.

ح. لە پەراوێزی رۆژانی کۆنگرەدا، شاندی سەندیکا بەشداری کۆڕێکی فراوانی لە یانەی سەربەخۆیی رۆژنامەنووسان و ئاژانسی (نۆڤۆستی) کرد.

گ. شاندی سەندیکا بەپێی داوەتنامەیەکی

پێشــوەختە ســەردانی بــارەگای ســەرەکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی رووسیای کرد. کــە لەلایەن جێگــری ســەرۆک و ژمارەیەک لــە ئەندامانی ئەنجوومەن پێشــوازیان لێکرا، لــە میانــی ســەردانەکەدا شــاندی ســەندیکا بــە دوورو درێــژی باســی لــە هەلومەرجی بــاری رۆژنامەنووســی لە کوردســتان کرد، لــە هەمان کاتیشــدا داوایــان لە ســەندیکای رۆژنامەنووسانی رووسیا کرد، کە هاوکاری رۆژنامەنووســانی کوردســتان لــە رووی پیشــەییەوە بکەن و هەروەها دیاری لەنێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕ کرا.

ی. سەردانێکی رەسمی بۆ بارەگای پەیمانگای رۆژهەڵاتناســی رووســیا/ بەشــی کــوردی کــراو لەلایەن خاتوو (ئۆلــگا) و ژمارەیەک لە مامۆســتایان پێشــوازی لە شــاندی سەندیکا کراو (خاتوو ئۆلگا) هیوای خواســت کە یادی (١١٠) ســاڵەی رۆژنامەگەریــی کــوردی لــە مۆسکۆ سازبکرێت.

## سەردانی شاندی سەندیکا و ڕێکخراوە رۆژنامەنووسییەکان وکەسایەتییەکان بۆ سەندیکا

لەروانگەی پێویستی دروستکردنی پەیوەندی لەنێــوان ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان لەگــەڵ رێکخــراو و ســەندیکا رۆژنامەنووســییەکانی دەرەوەی کوردستان، ئەنجوومەنی ســەندیکا چالاکانــە لەم بوارەدا توانیویەتــی ئامادەیی و بەشــداری بەرچاوی هەبێــت، کە تێیدا توانراوە لــە ماوەی ئەم (٤) ساڵەدا، بەشداری کۆروکۆبوونەوەو سیمیناری جۆراوجۆر بکات و ســەرەرای پێشوازیکردن لە چەندین شــاندو کەســایەتی رۆشنبیری و رۆژنامەنووســی، سازدانی سیمیناری تایبەت بە بارودۆخ و کاری رۆژنامەنووسی کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

١. لــە (٢٠٠٤/١/٢٢) شــاندێکی گــەورەی فیدراســیۆنی نێودەوڵەتــی رۆژنامەنووســان و یەکێتــی رۆژنامەنووســانی عــەرەب کــە پێکهاتبــوو لــە ئایدان وایت سکرتێر گشــتی فیدراســیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووســان، مەحجوب بن عەلی جێگری ئەمینداری گشتی یەکێتــی رۆژنامەنووســانی عــەرەب و (جیم بومیــلا) بەرپرســی دارایــی (IFJ) نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا، یەحیا قەلاش نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی میســر، (ئۆلیڤــەر) نوێنــەری ســەندیکای رۆژنامەنووســانی فەرەنســا و (ســوفیان بن عەلی) نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی تونس، سەردانی کوردستانییان کرد.

شــاندی ناوبراو بــە مەبەســتی ئاگاداربوون لــە نزیکــەوە لەرەوشــی پیشــەیی کاری رۆژنامەنووســی و ئاشــنابوون لــە پێکهاتەو چۆنیەتــی دروســتبوونی ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان، ســەردانی زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستانیان کــرد لــە شــاری هەولێــر، بــە جیــاوازی پێکهاتەکانیــان و لــە شــەوی دووەمــی هاتنەکەیان ئێوارە خوانێکی شیاوو گەورەیان بۆ ئامادەکرا، کــە تێیدا (٢٥٠) رۆژنامەنووس لە هەولێرو لقەکانی سەندیکا بەشدارییان تێدا کــردو چەندین وتــارو بیروبۆچوونی جیاجیا و چالاکــی هونــەری پێشکەشکران کە بووە جێگەی خۆشــحاڵی و مایەی سەرســوڕمانی ئەندامانی شاندەکە.

شــایانی باسە ســەردانی ئەم شــاندە لەسەر ئاستی سیاسی و رۆژنامەگەری و نەتەوەیی، پاڵپشــتێکی مەعنــەوی بــووە، بــۆ دۆزی گەلەکەمان بەگشــتی و بزاڤــی رۆژنامەگەری بەتایبەتی.

٢. (فریدیکــو بارۆتیــا) نوێنــەری رێکخراوی پزیشــکانی بێســنوور ســەردانی بــارەگای ســەندیکای کرد لە رێکەوتــی (٢٠٠٧/٢/٢٠)، ناوبراو ئامانجی سەردانەکەی روونکردەوە کە بریتییە لە سوود وەرگرتن لە کاری راگەیاندن لە کوردســتاندا لە پێناو خستنەڕووی چالاکی نێردراوەکە لەکاتی روودانی کارەساتەکاندا و یارمەتی و فریاگوزاری ســەرەتایی پێشکەش بە بەرکەوتووەکان بکرێت.

٣. رۆژی (٢٠٠٧/٤/١) (د.خەلیــل شــمە) راوێژکاری کاروباری ئابووری لە باڵیۆزخانەی کۆمــاری چیک لە بەغدا، بەیاوەری (د.قاسم

مەندەلاوی) مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین سەردانی بارەگای سەندیکایان کرد.
٤. لەسەر بانگهێشتی سەندیکا، بەمەبەستی ئاگاداربوون لە واقیعی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا و بەسەر کردنەوەی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمدا، شاندێکی پەیامنێرانی بێسنوور لە نێوان (٢-٢٠٠٧/٤/٩)، سەردانی کوردستانیان کرد، شاندەکەش پێکهاتبوو لە (ڕۆبرت مینارد) سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور و (پیۆنیل تومسون) لە ڕادیۆی (ئینتەر فرانس)ی نێودەوڵەتی و (ئەندریس ئەلمۆند) سەرۆکی بەشی نێودەوڵەتی لە ڕادیۆی (تریبۆن) و (دی ئۆلیڤی) وێنەگری ڕۆژنامەنووسی و دکتۆر (قەیس عەزاوی) سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاری کردنی ڕۆژنامەنووسان و دکتۆر (وساب سەعدی) سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەکان لە پاریس و (د.حوسنی عوبێدی) بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەکانی جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سویسرا. لەمیانەی سەردانەکەیدا، شاندی ناوبراو کۆبوونەوەیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ ئەنجوومەنی سەندیکا سازدا، پاشان سەردانی چەندین دەزگای ڕۆژنامەنووسی حیزبی و ئەهلی لە (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) و سەنتەری ئەنفال لە دهۆک کرد.
لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/٤)دا لە بارەگای سەندیکادا، ڕێوڕەسمی دابەشکردنی یارمەتی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور بەسەر کەس و کاری شەهیدانی ڕۆژنامەنووس بەڕێوەچوو.. شیاوی گوتنە کە سەرۆکی پەیامنێرانی بێسنوور بۆ جاری دووەم بە یاوەری (د. قەیس ئەلعەزاوی) سەردانی کوردستانی کردو لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا چاوی بە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسانی برینداری کارەساتی ١ی شوبات کەوت بە مەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی کوردستان.
لەم دیدارەدا واقیعی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و پێویستییەکانی ڕۆژنامەنووسان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان تاوتوێکرا.

## چاپەمەنییەکانی سەندیکا

**یەکەم: گۆڤاری** (**ڕۆژنامەڤانی - ڕۆژنامەنووسان - ڕۆژنامەنووس**)

بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە هەندێ لایەنی مێژوویی و هونەری و کەلتووری کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بە تێکڕای پێکهاتەکانییەوە، ئەنجوومەنی سەندیکا لە سەرەتادا بڕیاری یەکخستنی هەردوو گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) و (ڕۆژنامەنووسان)ی لە یەک گۆڤاردا بەناوی (ڕۆژنامەنووس)دا، بۆ ئەوەی ببێتە گۆڤارێکی سەرتاسەری هەمەلایەنەی کاری ڕۆژنامەنووسی، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژنامەنووس (عەبدوڵڵا زەنگەنە) وەکو سەرنووسەری گۆڤارەکە دانراو دەستەی نووسەرانیشی بۆ دیاری کرا.
گرنگترین ئەو تەوەرانەی کە گۆڤارەکە بەخۆیەوە دەگرێت بریتین لە:
١. مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی و کاریگەریی بەسەر ژیانی کوردەواریدا.
٢. مێژووی ڕۆژنامەنووسی جیهانی.
٣. توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییانەی کە زیاتر لە (١٠٠) ساڵی رابردوودا دەرچوون.
٤. هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ڕۆڵی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە خەباتی شۆڕشگێڕی شارو شاخدا.
٥. مێژووی ڕۆژنامەنووسی ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ کورد گەلی کوردستان پێک دەهێنن وەکو (کلدانی سریانی، ئاشووری و تورکمان).
٦. بایەخدان بە پاراستنی زمانی کوردی و پاراو ڕاگرتنی.
٧. بایەخدان بە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، نووسراو).
لە پاش کۆنگرەی یەکەمەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ (١٢) ژمارە لەم گۆڤارە لە کات و ساتی خۆی وەکو گۆڤارێکی وەرزی دەرچووە، کە کۆی لاپەڕەکانی زیاتر لە (٣٠٠٠) و (٣١٥) بابەتی کورت و درێژی لەخۆگرتووەو پتر لە

(١٠٠) توێژەرو ڕۆژنامەنووس بەشدارییان تێداکردووەو کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دەگمەن و دانسقەی بڵاوکردۆتەوە.

ئەمەشیان بە شاهیدی پسپۆڕانی ئەم بوارە ئەرشیفێکی باش و بەرچاو بۆ ڕۆژنامەنووسی کوردی و جیهانی لەدوو تویی ژمارەکانی گۆڤارەکە هەڵگرتووە.

دیسان بە مەبەستی گرنگیدان بە کەلتووری ڕۆژنامەنووسیی ئەو دوو نەتەوە، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس دوو دۆسیەی تایبەت سەبارەت بە مێژوو و واقیعی ڕۆژنامەگەری سریانی و تورکمانی بە تایبەتی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین بڵاوکردۆتەوە. شیاوی وتنە ئەرکی لەچاپدانی ئەم گۆڤارە هەر لەسەرەتاوە لەلایەن شەهید (شەوکەت شێخ یەزدین) وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، پاشتریش بەهەمان شێوە لەلایەن بەڕێز (سەرکیس ئاغاجان) وەزیری دارایی ئێستای حکومەتی هەرێم دابین دەکرێ.

**دووەم: ڕۆژنامە - گۆڤاری (الصحفی)**

بە مەبەستی گەیاندنی بیروبۆچوون و چالاکییەکان و ئەرکەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە شێوەیەک کە ببێتە سەکۆیەک بۆ گشت ڕۆژنامەنووسان، ئەنجوومەنی سەندیکا بە پێویستی زانی لە پاڵ گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) ڕۆژنامەیەک بە زمانی عەرەبی بەناوی (الصحفی) دەربکات، بۆ ئەوەی خوێنەرانی عەرەبیش ئاگاداری چالاکییەکانی سەندیکاو ڕەوشی ڕاگەیاندن بن لە کوردستان.

هەر بۆیەش بەپێی بڕیارێک لە (٢٠)ی مانگی ئاداری ٢٠٠٥ەوە یەکەمین ژمارەی کەوتە بەردەستی خوێندەوەران، کە تا مانگی تەمووزی ٢٠٠٧، (٣٢) ژمارەی لێدەرچووە، پاشان لەبەر هەندێ هۆکاری بابەتی و پەرەپێدانی ڕۆژنامەکە بڕیاری گۆڕینی ڕۆژنامەکە بۆ (گۆڤار) درا، ئەوەبوو یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لەمانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ کەوتە بەردەستی خوێنەران، کە تاکوئێستا (٢) ژمارەی لێدەرچووە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە سەرنجی ئەندامانی کۆنگرە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە بەشداری ڕۆژنامەنووسان لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) و ڕۆژنامەی (الصحفی) لە ئاستی پێویستدا نەبووە، هەروەها پێویستە ئەوەش بگوترێت کە بودجەی سەندیکا یارمەتیدەر نەبوو، ئەگینا لە نەخشەی ئەنجوومەنی سەندیکا دابوو هەنگاوی گەورەترو بەرچاوتر بنێت، وەک: بڵاوکردنەوە پشتگیری هەندێک چاپەمەنی و کتێبی تایبەتمەند بە بواری ڕاگەیاندن.

## بەیاننامەو ڕاگەیاندراوەکانی سەندیکا

سەندیکا وەکو ناوەندێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان و نوێنەری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەو توێژەی کاراترین دامەزراوی کۆمەڵگای مەدەنی پێکدێنێت، هەر بۆیەش لە بەرامبەر هەوڵدان بۆ زیاتر داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان و بۆ زیاتر بەرفراوانکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری، هەروەها بەرپرسیاریەتی بەرامبەر پرسە سیاسی و مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و زیاتر پتەوکردنی پایەکانی ئەزموونی کوردستانیش، خۆی بەرپرسیار زانیوەو هەمیشە ئامادەباشی لەو گۆڕەپانەدا هەبووە، ئەم ڕاگەیاندراو و بەیاننامانە گوزارشت لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی دەکەن کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. ڕاگەیەنراوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ٢٠٠٤/٢/٢ سەبارەت بە ئیدانەکردن و ڕیسواکردنی کارە تیرۆریستییەکەی یەکی شوباتی شاری هەولێر، کە تێدا ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان شەهید و برینداربوون.

٢. یاداشتێکی سەندیکا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە تێدا داوای ئەژمار کردنی خزمەتی کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات، چونکە تاکو (٢٠٠٤/٣/٣) هەندێ لە وەزارەتەکان

جێبەجێیان نەکردبوو.
٣. راگەیەنراوی سەندیکا سەبارەت بە مەحکومکردنی تاوانەکەی قامیشلۆ لە ٢٠٠٤/٣/١٦.
٤. یاداشتی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ (ئیبراهیم نافیع)ی ئەمینداری گشتی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب، دەربارەی هەڵوێستی خراپیان بەرامبەر سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە (٢٠٠٤/٥/٣٠).
٥. راگەیاندراوی رۆژنامەنووسی سەبارەت بە بەشداری شاندی سەندیکا لەکارەکانی بیست و پێنجەمین کۆنگرەی گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کە لە (٥/٢٥ - ٢٠٠٤/٦/١) لە (ئەسینا) سازکرا.
٦. سەندیکا لە بەیاننامەیەکدا کارە تیرۆریستییەکەی (٢٦)ی حوزەیرانی (٢٠٠٤) مەحکوم کرد، کە هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیری رۆشنبیری ئەوسای حکومەتی هەرێمی کوردستانی تیا درا.
٧. پیرۆزبایی سەندیکا لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، بەبۆنەی بە ئەندام بوونیان لە یەکێتی نێودەوڵەتی پارێزەران، لە ٢٠٠٤/٧/١.
٨. راگەیاندراوێک لە ژێر ناوی (با راگەیاندن ببێتە ئامرازی پتەوکردنی ریزەکانمان) لە (٢٠٠٤/٩/٨).
٩. راگەیاندراوێکی رۆژنامەنووسی دەربارەی دیاردەی فڕاندنی رۆژنامەنووسانی بیانی لە عێراق، لە ٢٠٠٤/٩/٢٩.
١٠. یاداشتی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەربارەی هەمووارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨، لەسەر بڕیاری کۆنگرەی گشتی.
١١. یاداشتی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی دەربارەی ئەژمارکردنی خزمەتی رۆژنامەنووسیی.
١٢. سوپاسنامەیەک کە ئاراستەی (٢٢) رۆشنبیر و نووسەری پێشکەوتووخوازی عەرەب و عێراقی کراوە، دەربارەی هەڵوێستیان بەرامبەر هەڵوێستی خراپی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب لە بەرامبەر سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سەرەڕای پێ راگەیاندنیان کە وەکو ئەندامی فەخری وەرگیراون، لە (٢٠٠٤/٦/١٦).
١٣. راگەیاندراوێک دەربارەی یادی رووداوی (٨)ی نیسان کە یادی دووەمین ساڵەی ئەو رووداوە بوو، کە لە (٨)ی نیسانی ٢٠٠٣، لە ئوتێلی (فەلەستین میردیان) روویداو ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی عێراقی و بیانی تێدا شەهید بوون.
١٤. بەیاننامەیەکی ئەنجوومەن لە ٢٠٠٥/٤/١٥ کە تێدا ئیدانەی تیرۆرکردن و بریندارکردنی کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسانی عێراق دەکات.
١٥. بەیاننامەیەکی ئەنجوومەنی سەندیکا لە نیسانی ٢٠٠٥ کە تێدا سەندیکا داوا لە دام و دەزگاکانی راگەیاندن دەکات کە ئاڵای کوردستان ببێتە سیمبولی زیندوو لە هەموو بۆنەو یادەکاندا بەمەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی کەلتووری پێکەوە ژیان لە کوردستاندا.
١٦. بەیاننامەی سەندیکا سەبارەت بە رۆژی جیهانیی ئازادی رۆژنامەنووسی لە (٢٠٠٥/٥/٣).
١٧. پیرۆزبایی ئەنجوومەنی سەندیکا لە سەندیکاو یەکێتی رۆژنامەنووسان عێراق، بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەنووسی عێراقی لە (٢٠٠٥/٦/١٥).
١٨. راگەیاندراوێک سەبارەت بە ئازادی راگەیاندن و دەستووری عێراق، لە (٢٠٠٥/٨/١٧).
١٩. راگەیاندراوی کۆتایی دووەمین کۆبوونەوەی گشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە (٢٠٠٥/٩/١٩)، کە تێدا جەخت لەسەر دوو خاڵی سەرەکی کرایەوە کە بریتیبوون لە:
أ. گرنگی دابین کردنی ئازادی رۆژنامەنووسی و ئازادی بیروڕا و نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر دەستگیرکردنی هەندێ لە

ڕۆنامەنووسان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکە ڕۆژنامەنووسەکانیان و هەروەها ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی سەندیکا لەهەر جۆرە لێکۆڵینەوەو بانگهێشتێکی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داوادەکات کە دەزگاکانی ناوبراو پابەندبن بە یاسای سەندیکا.

ب. لەهەمان کاتیشدا داوا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات کە بە هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ڕەوشی کوردستان و قۆناغی هەستیارو چارەنووسساز هەڵسوکەوت بکەن لە چوارچێوەی یاسادا.

٢٠. ڕاگەیاندراوێک دەربارەی دیداری نێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراق.

٢١. ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی سەندیکا دەربارەی تیرۆر کردنی سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، لە (٢٠/١٠/٢٠٠٥).

٢٢. بەیاننامەی سەندیکا بەبۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە، لە (١٩/١١/٢٠٠٥).

٢٣. ڕاگەیاندراوێک دەربارەی سەردانی ڕۆژنامەنووس (یۆرگن هوبا) نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەلمانیا بۆ بارەگای سەندیکا، کە نامەیەکی لە سەندیکای ئەلمانیاوە هێنابوو، لە (١٩/١٢/٢٠٠٥).

٢٤. بروسکەی سەرەخۆشی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ ئەنجوومەنی سنفی ڕۆژنامەنووسانی ئێران، بەبۆنەی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی ئێرانی، کە لەو ڕووداوەدا (٦٨) ڕۆژنامەنووس بوونە قوربانی.

٢٥. بەیاننامەی سەندیکا دەربارەی ئازادی ڕادەربڕین و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی لە (١١/٢/٢٠٠٦).

٢٦. بەیاننامەیەک لە ٢٤/٢/٢٠٠٦ تایبەت بە مەحکوم کردن و ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (ئەتوار بەهجەت).

٢٧. بەیاننامەی ئیدانەکردنی ئەنجوومەنی سەندیکا، دەربارەی تیرۆرکردنی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی (العراقیە) لە (١١/٣/٢٠٠٦).

٢٨. بەیاننامەی سەندیکا سەبارەت بە مەحکومکردنی تیرۆرکردنی (محسن خچیر) سەرنووسەری گۆڤاری (الف باء) لە (١٥/٣/٢٠٠٦).

٢٩. بەیاننامەی سەندیکا سەبارەت بە ئیدانەکردنی ئەو هەڕەشانەی کە دژ بە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق کرابوو، لە (٣٠/٣/٢٠٠٦).

٣٠. بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەندیکا لەژێر ناوونیشانی (نەبوونی دادپەروەری کاریگەریی سەلبی بەسەر دیموکراسییەت لە جیهاندا دەبێت) لەسێیەمین ساڵیادی کوژرانی (٣) ڕۆژنامەنووسی بیانی لە بەغدا، لە (٨/٤/٢٠٠٦).

٣١. ڕاگەیاندراوێک دەربارەی بەڵگەنامەی هاوکاری لەنێوان هەردوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە (١١/٤/٢٠٠٦).

٣٢ بانگەوازێک لە ئەنجوومەنی سەندیکاوە، دەربارەی پشتیوانیان لە ڕۆژنامەنووسانی عێراق، لە (١٤/٦/٢٠٠٦).

٣٣. بەیاننامەی ناڕەزایی سەندیکا دەربارەی ڕۆژنامەنووسە گیراوەکان، لە چەند شارو شارۆچکەیەکی کوردستان پاش کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجوومەن بۆ ئەم مەبەستە لە (١٩/٨/٢٠٠٦).

٣٤. بەیاننامەیەکی ئەنجوومەنی سەندیکا تایبەت بە ئیدانەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی (هرانت دینک) لە (٢٢/١/٢٠٠٧).

٣٥. بەیاننامەیەکی ناڕەزایی سەندیکا سەبارەت بە هەڵکوتانەکەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، لە (٢٠/٢/٢٠٠٧).

٣٦. بەیاننامەیەکی سەندیکا بۆ یادی (١٠٩) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی.

٣٧. ڕاگەیاندنی سەندیکا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، لە (٣/٥/٢٠٠٧).

٣٨. ڕاگەیاندراوێک سەبارەت بە ڕاگرتنی

مووچەی ڕێزلێنانی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، لە (٢٠/٦/٢٠٠٧).

٣٩. ڕاگەیاندراوێک لە سەندیکاوە، تایبەت بە ئیدانەکردنی لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر سنووری هەرێمی کوردستان، هەروەها مەحکومکردنی ئەو کارە تیرۆریستییەی کە لە شاری کەرکووک ئەنجامدرا، کە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییانی مەدەنی بوونە قوربانی و ژمارەیەکی زۆرتریش بریندارببوون، کە لە نێوانیاندا چەندین ڕۆژنامەنووسی تیا بوو.
لەخاڵێکی دیکەشدا مەحکومکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی هەردوو ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆژهەڵات (عەدنان حەسەن پوور و هیوا بوتیمار) هاتووە، لەگەڵ دەربڕینی نیگەرانییەکی زۆر دەربارەی هەواڵی گرتنی چەند ڕۆژنامەنووسێک لە (کەلار و دەربەندیخان و هەڵەبجەی شەهید و هەڵەبجەی تازە)، لە (٢١/٧/٢٠٠٧).

٤٠. بانگەوازێک لە ئەنجوومەنی سەندیکاوە بۆ ڕای گشتی جیهانی و (IFJ) و ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور و سەندیکا و ڕێکخراوەکانی جیهانی دەربارەی بڕیاری لە سێدارەدانی هەردوو ڕۆژنامەنووسی کورد (عەدنان حەسەن پوور و هیوا بوتیمار)، لە (٢١/٧/٢٠٠٧).

٤١. بانگەوازێک لە ئەنجوومەنی سەندیکاوە کە ئاراستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان کراوە، دەربارەی کۆکردنەوەی ژیاننامەو وێنەو هەموو جۆرە زانیارییەکان لەسەر ڕۆژنامەنووسانی شەهید لەنێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٩١) لە (٢١/٧/٢٠٠٧)..

## ڕۆژنامەنووسە شەهید و بریندارەکان

وەکو هەموو لایەک ئاگاداری کاری ڕۆژنامەنووسین، سەرەڕای ئەوەی بەپیشەی (ماندووبوون) ناوزەدکراوە، لەو ساڵانەی دواییدا بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ، نازناوی (پیشەی مەترسییەکان)ی وەرگرتووە، لەم بوارەشدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش دووچاری کاری ترسناک بوون، کە بووە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەکیان و هەندێکیش لە مەیدانی کاردا بریندار بوون.

ئەنجوومەنی سەندیکا جارێکی تریش سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەم شەهیدانە دادەنەوێنێ، هەموو هەوڵ و کۆششێکی تەرخانکردووە وەک ئەرکێکی پیرۆز، بە مەبەستی خزمەتکردن و یارمەتیدانی خانەوادەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی بەپێی توانا، کە تێیدا مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بە ڕێنمایی ئەنجوومەنی سەندیکا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆیی و جیهانییەکان بۆ هاوکاریکردنی خێزانی ئەو شەهید و بریندارانە.

کە ئەم ڕێکخراوانەی خوارەوە، بە دەنگ داواکارییەکانمانەوە هاتوون:

١. ڕێکخراوی (ڕۆری پێک تراست)ی خێرخوازی بەریتانی بەسێ (٣) وەجبە لە ڕێگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە، یارمەتی خێزانی (١٤) ڕۆژنامەنووسی شەهید و برینداری داوە، بە بڕی (٣٤,٣٠٠$).

٢. فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ)، بە بڕی (٧,٠٠٠) یۆرۆ بۆ خانەوادەی (١٧) ڕۆژنامەنووسی شەهید.

٣. ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، بە بڕی (١٠,٠٠٠)$ بۆ خانەوادەی (٢٠) ڕۆژنامەنووسی شەهید.

٤. یارمەتیدانی ڕۆژنامەنووسێکی بریندار بە بڕی (١٠٠٠) یۆرۆ لەلایەن (IFJ)، هەروەها بڕی (١٠٠٠) یۆرۆ لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی یۆنان و لەگەڵ دابینکردنی خەرجییەکانی نەخۆشخانە لە ئەسینا، هەروەها سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیاش بەشێکی ئەم یارمەتییەی لە ئەستۆ گرت، کاتێ ئەو ڕۆژنامەنووسە لە ئەڵمانیا بوو.

سەرەڕای ئەو بڕە یارمەتییانەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا لە بۆنە جیاجیاکاندا پێی داون..

٥. تۆمارکردنی ناوی ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکان لە تۆمارگای فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) لە بەلجیکا، هەروەها لە چاپەمەنییەکانی تایبەت بە فیدراسیۆن بڵاوکراونەتەوە.

٦. بەرز ڕاگرتنی ناوونیشانی ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکانی کوردستان، لە پەیکەری یادەوەرییەکانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی، لە شاری نۆرماندی لە فەرەنسا بەبۆنەی ڕۆژی ئازادی ڕۆژنامەگەری جیهانی. لە (٣/٥/٢٠٠٧).

کە تێیدا روبرت مینارد سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، (بایۆ باتریک) سەرۆکی شارەوانی شاری ناوبراو و سیناتۆر جان لوینس و قەیس العزاوی سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و هەندێک لە خانەوادەی شەهیدان لە ئەمریکاو کەنەداو ئوستراڵیاو هایتی و ڕوسیاو کۆریا و ئەوروپا بەشداربوون، تێیدا بە سوپاسەوە ڕۆژنامەنووس (قیس العزاوی) بەناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراقەوە بەشداریکرد.

٧. یادکردنەوەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس لە هەموو بۆنەو دیدارەکانی ناوەوەو دەرەوەدا، کە ئەنجوومەنی سەندیکا تیایدا بەشداربووە.

### ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی

وەکو نەریتێکی ساڵانە، ئەنجوومەنی سەندیکا هەموو ساڵێک لە (٢٢)ی نیسان کە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییە، بە مەبەستی پیرۆز ڕاگرتنی ئەم یادە، ئەنجوومەن و لقەکانی چەندین چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، هەر لەپێشوازیکردنی میوانان و سازکردنی سیمیناری تایبەت بە کاری ڕۆژنامەنووسی و ئامادەکردنی پێشانگای فۆتۆگرافی ڕۆژنامەنووسی و دەرکردنی ژمارەی تایبەتی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) و ڕۆژنامەی (الصحفی) و دەرکردنی بەیاننامەی تایبەت بەم بۆنەیەوە.

سەرەڕای ئەنجامدانی دوو فێستیڤاڵی فراوان لە (دهۆک و هەولێر) بەهاوکاری نێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دەزگای بەدرخان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کە بووە مایەی گلەیی و گازاندەی هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان، چونکە پێیان وابوو، کە سەندیکا دەبووایە خۆی بە تەنیا ئەم کارەی ئەنجام بدایە، بۆ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە سەندیکا لە (٢٢)ی نیسانی ٢٠٠٧ بە تەنیا، سیمینارێکی فراوانی لە هەولێر سازکرد، کە دوو دانیشتنی خایاند، دەربارەی هەڵسەنگاندنی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) و هەندێ لایەنی کاری ڕۆژنامەگەری و چەندین بابەت لەلایەن پسپۆران و لێکۆڵەرەوان پێشکەشکرا، سەرەڕای بەرنامەی تایبەتی لقەکانی سەندیکا کە هەریەکە لە شوێنی خۆی بە شێوازی جیاجیا یادی ئەم ڕۆژەیان کردەوە.

لێرەدا شایانی گووتنە، ئەنجوومەنی سەندیکا بیرۆکەی سازدانی سیمینارێکی گەورەتری هەبوو لە بەهاری ڕابردوو لەیادی ئەم ڕۆژەدا، ئەویش بە بانگهێشتکردنی چەندین ڕۆژنامەنووسی وڵاتانی دەرەوە، بەڵام نەبوونی بودجەی پێویست، بووە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی ئەم بیرۆکەیە.

هەروەها لە پاڵ بەرز ڕاگرتنی یادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ئەنجوومەنی سەندیکا چالاکانە بەشداری لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری سریانی کردووە، کە ساڵانە لەمانگی تشرینی دووەمدا، بەبۆنەی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی سریانی بەناوی (زەهریری بەهرا) کۆڕو ئاهەنگی بۆ ساز دەکرێت.

### ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان

لە پاش ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی/ ١٩٩١، وەکو لای هەمووان ئاشکرایە، ڕۆژنامەگەری کوردی پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، تێیدا ئازادی ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەک هاتە کایەوە، کە هەموو لایەک بەجیاوازی بیروڕای سیاسی و ئاینی و نەتەوەیی، بەبێ بوونی سانسۆر بواریان بۆ ڕەخسا بەڕادەیەک هیچ پێکهاتەو لایەنێک نەما، ڕۆژنامەو کەناڵی ڕاگەیاندنی

خۆی نەبێت.
بەشێکردنەوەی قۆناغی ئێستای ئەزموونی گەلی کوردستان و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، سەرەڕای کاریگەریی هەندێ لە وڵاتانی دەوروبەر، تا رادەیەک ڕەوشەکە بە گشتی لە بازنەیەکدا خولاوەتەوە، کە لە ئاستی ئامانج و خواستی ڕۆژنامەنووسان نەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە کوردستانیش وەکو بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێوەی گیرۆدە بووە، ئەمەشیان هەوڵ و کۆششی بەردەوامی دەوێ بۆ ئەوەی قۆناغەکان یەک لەدوای یەک تێپەڕێنین و دوورکەوینەوە لە سیاسەتی (سووتاندنی قۆناغەکان)، کە بە ئەزموونی پراکتیکی سەلمێنراوە، چەندین کۆمەڵگای تووشی زیان و نەهامەتی کردووە.
لێرەدا ئەرکی سەرەکی ڕۆشنبیران بە گشتی و ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی ئەوەیە، کە قۆناغەکە بابەتیانە هەڵسەنگێنن و شیبکەنەوە، بۆ ئەوەی بیانوو نەدرێتە دەست هیچ لایەک دەستدرێژی بکاتە سەر ئازادی ڕۆژنامەگەری.
ئەم ئازادییەش سەرەڕای بوونی هەندێ لەمپەر و ئاستەنگ، بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوەو یاسای چاپەمەنی ژمارەی (١٠)ی ساڵی/١٩٩٣، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بناغەی بەیاسابوونی ئەم ئازادییەی داڕشت، ئەویش بە نەهێشتنی یاسایی هەبوونی سانسۆر. پاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرەی گشتی ڕۆژنامەنووسان کە لە ڕۆژانی (١٣،١٤،١٥/١٢/٢٠٠٣) لە هەولێر، لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان) بەسترا،ماڵی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی ڕێکخرایەوە، کە ئەمەش هۆکاری یەکەمی بەرەوپێش چوونی ئەو هەوڵ و کۆششانە بوو لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی.
لەبەر ڕۆشنایی دروشمی ناوەندی سەندیکاو بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە، ئەنجوومەنی سەندیکا بە بەردەوامی لە هەوڵ و کۆشش دا بووە، لەپێناو داکۆکی کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی.
هەروەها بە مەبەستی پیادەکردنی ئەم دروشمە، ئەنجوومەنی سەندیکا بە چەندین ڕێگاو شێواز، لەوانە دروستکردنی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان. ڕۆژانەش سەرقاڵی بەدواداچوونی ئەو کێشانە بووە، کە ڕوو بە ڕووی ڕۆژنامەنووسان بوونەتەوەو تاڕادەیەکی باش سەرکەوتنی وەدی هێناوە، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییانەش ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی چەندین پێشێلکاری و ئاستەنگی جۆراوجۆر بووەتەوە، کە تاڕادەیەک ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی تەماوی کردووە، ئەوەش لە سەرووی دەسەڵاتی یاسایی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە، بە مەبەستی نەهێشتنی ئەم پێشێلکاریانەی کراون، ئەوجا بە هەر جۆرێک بووبێت و دیسان بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، ئەنجوومەنی سەندیکا کەوتە کار بۆ گەڵاڵە کردنی پڕۆژەیەک لە پێناو ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە چوارچێوەی یاسادا.
ئەوەبوو ئەنجوومەنی سەندیکا لیژنەیەکی فراوانی پێکهێنا لە نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن و ژمارەیەک یاساناس و پەرلەمانتار و مامۆستای زانکۆ و لە ماوەی زیاتر لە ساڵێکدا چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەو سیمیناری فراوانی بۆ بەسترا، کە دواییان سیمینارە فراوانەکەی هەولێری ڕۆژی (١٦/٩/٢٠٠٦) بوو کە تێیدا زیاتر لە (١٥٠) ڕۆژنامەنووس لەسەرتاسەری کوردستان بەشدارییان تیاکردو، راو سەرنجیان خستنەڕوو، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە، بەمەش دەتوانین بڵێین پڕۆژەکە بووە پرۆژەی زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە (١٧/١٠/٢٠٠٦) پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە.

زۆرجار برگەی (٥)ی ماددەی (١٩) لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ١٩٩٨ لە لایەن هەندێ لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشێلکراوە،، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (پێویستە خەبەری سەندیکا بدرێت، لەکاتی شکایەت کردن، کە لە دژی رۆژنامەنووس پێشکەش دەکرێ، لەکاتی تاوانی بینراودا نەبێت، نابێت رۆژنامەنووس پرسیارو وەلام و توێژینەوەی لەگەڵ بکرێت، بە تاوانێک کە دراوەتە پاڵی و پەیوەندیدارە بە ئەنجامدانی کارەکەیەوە تا سەندیکا ئاگادار نەبێت).

هەندێ جاریش ژمارەیەکی کەم لە رۆژنامەنووسان بێ گوێدانە پێوەرە پیشەییەکان و بێ پشت بەستن بە بەڵگەی سەلمێنراو، هەندێ هەواڵ و زانیارییان بڵاوکردۆتەوە، کە بە پێچەوانەی کاری رۆژنامەنووسی بووە لە چوارچێوەی یاسادا، کە لە ئاکامدا کاریگەرییەکی سەلبی هەبووەو هۆکاری تۆمارکردنی سکاڵا بووە لە دادگاکان، بەڵام سەرەرای ئەم راستییەش، ئەنجوومەنی سەندیکا رۆڵی داکۆکیکەری بینیوە، تەنانەت هەندێ جاریش پەنای بردۆتە بەر شێوازی ئاشتەوایی و رازی کردن.

ئێمە لێرەدا زیاتر باس لەو پێشێلکارییانە دەکەین کە رووبەرووی رۆژنامەنووسان بۆتەوە، چ لەلایەن دام و دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ و هەندێ لایەنی سیاسیش، کە گرفتێکی گەورەی بۆ ناوبانگی ئەزموونەکەمان دروست کردووە، تا رادەیەکیش بۆتە هۆکاری جۆرێک لەناو زراندن کە ئەمەشیان خۆی لە راپۆرتەکانی رێکخراو و نێوەندەکانی تایبەت بە داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی دەبینێتەوە، بەشێوەیەک کە ئەنجوومەنی سەندیکاشی ئیحراج کردووە.

بۆیە جارێکی دیکە داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، کە رێز لە یاسا بگرن و پیرۆزی کاری رۆژنامەنووسی بەرز راگرن، سەرچاوەکانی هەواڵ بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسان بەوپەری شەفافیەتەوە واڵا بکەن، وەڵام و بەدواداچوونی ئەو سکاڵاو رەخنەو سەرنج و تێبینیانەی کە رۆژنامەنووسان بڵاویان دەکەنەوە، بدەنەوە. بۆ ئەوەی هەندێ جارو هەندێ لە رۆژنامەنووسان ناچارنەبن پەنا ببەنە بەر سەرچاوەی نادیارو ناراستەوخۆ.

لێرەدا ئەنجوومەنی سەندیکا، بەشێک لەو پێشێلکارییانە (بەبێ ناوهێنانی ئەو رۆژنامەنووسانەی مافیان پێشێلکراوە) دەخاتەروو، بە مەبەستی ئاگاداربوونی هەموو لایەک و بەو هیوایەی کە ببێتە هۆکاری بنبڕکردنی ئەم پێشێلکارییانە.

هیواداریـن کۆنگرەی دووەم ئەم پێشنیارە پەسند بکات، ئەنجوومەنی سەندیکا بیکاتە ئەرکی سەرەکی خۆی، کە ساڵانە راپۆرتێکی تێرو تەسەل بە هەموو وردەکارییەکانیەوە، لەسەر رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان بڵاوبکاتەوە، ئینجا لەهەر لایەنێک و تاکێک بووبێت، بەوپەری بێلایەنی و راستگۆییەوە.

بە مەبەستی ئاگاداربوونی ئەندامانی کۆنگرەش کە نوێنەری سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانن، ئەنجوومەنی سەندیکا بەپێویستی دەزانێت، راشکاوانە و بە ئامار راستییەکانی تایبەت بە رەوشی ئازادی رۆژنامەگەری بخاتە روو، چونکە ئەنجوومەنی سەندیکا ئەمە بەئەرکێکی سەرەکی خۆی دەزانێت.

وەکو لە بەشێکی دیکەی ئەم راپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە، ئازادی رۆژنامەگەری بۆ هەمو ولایەک دەستەبەر کراوە، بەدەرکردنی رۆژنامەو گۆڤارو دامەزراندنی رادیۆو تەلەفزیۆن لە چوارچێوەی یاسادا، بەرادەیەک هیچ لایەنێکی سیاسی و پێکهاتەیەکی گەلی کوردستان بە تێکرای چین و توێژەکان بە رۆژنامە ئەهلییەکانیشەوە بە (تاک و بە کۆمەڵ) بەپێی برگەکانی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣و هەموارکردنی، سەرەرای یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ کە تایبەتە بە حیزب و کۆمەڵەکان، بەهیچ شێوەیەک بەپێی یاسای ناوبراو، سانسۆری پێشوەختە لەسەر هیچ چاپەمەنییەک و

بڵاوکراوەیەک نەبووە، ئەنجوومەنی سەندیکا ڕۆڵی لە پیادەکردنی برگەکانی ئەم یاسایانە بینیوەو چەندین جاریش تووشی کێشەی لاوەکی بۆتەوەو زۆر جاریش توانیویەتی ئەم ئاستەنگ و لەمپەرانە ببەزێنێ، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت و تێروتەسەل بە ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، چەندین جار لەلایەن دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان جۆرە ناحاڵی بوونێک هاتۆتە ئاراوە، کە تێدا هەندێ لە دەزگاکانی حکومەتی کوردستان بەبێ گوێدانە یاساو بەتایبەتی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ هەڵسوکەوتیان کردووە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین، ئاماژە بەم پێشێلکارییانە بکەین، (کە تەواوی هەموو پێشێلکارییەکان نین) لەبەر نەبوونی زانیاری کە لەلایەن خودی ڕۆژنامەنووسانەوە پێمان ڕانەگەیەنراوەو هەندێکیشیان لای هەندێ لە لقەکانی سەندیکا بەگرنگی وەرنەگیراوە، کە بۆتە جێگای نارەزایی و ڕەخنەی بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان، لێرەدا دیسان دەیخەینە ڕوو وەک لە پێشەوە باسمان لێوە کردووە، پێویستە کۆنگرە بڕیاری پابەندبوونی ئەنجوومەنی داهاتوو بدات، بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی ساڵانە بە ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا.

دەربارەی ئەو پێشێلکارییانەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا لێی ئاگادارە، کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ئاگادار کراوین، یاخود بەشێوەیەک لە شێوەکان زانیاریمان دەست کەوتووە، دەیخەینە ڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە کە تەوقیف کراون لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی (٣٤) ڕۆژنامەنووسە.

٢. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە لێیان دراوە (١٢) ڕۆژنامەنووسە.

٣. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کەلوپەلی ڕۆژنامەنووسیان لێسەندراوە (٥) ڕۆژنامەنووسە.

٤. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە زامدار کراون لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە (٣) ڕۆژنامەنووسە.

٥. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕفێندراون (١) ڕۆژنامەنوسە.

٦. ژمارەی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی ڕووبەڕووی داخران بوون (٦) دەزگایە.

٧.ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بەبڕیاری دادگا حوکمدراون بە (٦) مانگ زیندانی لەگەڵ (وقف التنفيذ) (٣) ڕۆژنامەنووسە.

شایانی گوتنە دەقی وردەکارییەکانی خاڵەکانی سەرەوە کە تایبەتە بە پێشێلکارییەکان، بەناو و شوێن و کاتی ڕووداوەکان لە پاشکۆیەک لەلایەن لێژنەی داکۆکیکردنی لە ڕۆژنامەنووسان کە سکرتێری سەندیکا سەرۆکایەتی دەکات، ئامادە کراوە.

ئاواتە خوازین پاش دەرچوونی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کە زۆربەی کەلێنەکانی کاری ڕۆژنامەگەری چارەسەر کردووە، ئەم پێشێلکارییانە نەمێنێت و تەنیا دادگا ببێتە خاوەنی بڕیارو یەکلاکەرەوەی هەموو کێشەکان، هەموو لایەکیش پابەندی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی بین.

## کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پانتایی وەرزش لە جیهانی ئەمڕۆدا فراوانترو گەورەتر دەبێت، ڕەنگدانەوەشی لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا بەهەمان شێوە فراوان دەبێت.

دەتوانین بڵێین لە کوردستانیش بەڕادەیەکی بەرچاو ئەم دیاردەیە ڕۆژانە بەرەوپێش دەچێت، تەنانەت ڕۆژنامەو گۆڤارێک نەماوە کە (پاشکۆ) یان لاپەڕە یان گۆشەی بۆ ئەم بوارە تەرخان نەکردبێ، سەرەڕای دەرچوونی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەتمەند لەم

بوارەدا، هەروەها لە کەناڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنیشدا بەرنامەو کاتی تایبەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ تەرخانکردووە، بە مەبەستی بایەخدان بەم بوارە، لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە بە پێویست زانرا بەپیر داخوازی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی بواری وەرزشییەوە بچێت، بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەک لە چوارچێوەی سەندیکادا، بۆ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کاری ڕۆژنامەنووسی وەرزشی و ڕۆژنامەنووسانی ئەو بوارە.

ئەوەبوو سەرەتا بە سەرپەرشتی ئەنجوومەنی سەندیکا لێژنەیەکی ئامادەکار لە ٢٠٠٦/٦/٢٤ دروست بوو و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان لەهەولێر بەست. لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیە (٤٢) ڕۆژنامەنووسی بواری وەرزشی بە ئاگاداری لقەکانی سەندیکاو هەردوو دەڤەری گەرمیان و سۆران بانگهێشت کران بۆ بەشداریی لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەکە، پاش چەندین کۆبوونەوەی لێژنەی ئامادەکار لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی سەندیکا، یەکەمین کۆنفرانسی ئەم بوارە بەڕێوەچوو، لە کۆتاییدا کۆمەڵەیەک بەناوی (کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی) بڕیاری لەسەر دراو لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا لێژنەیەکی ڕاپەڕاندن بۆ کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا. دواتر لێژنەکەش لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا سکرتێری کۆمەڵەو پۆستەکانی دیکەی بە هەڵبژاردن دیاری کرد..

لێژنەی ڕاپەڕاندن لەنێوان ڕۆژی دروستبوونییەوە، تاکو ڕۆژانی پێش کۆنگرە چەند کێشەو لەمپەرێکی هاتووەتە ڕێ کە نەیهێشتووە ئەرکەکانی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن. هۆکارەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١. هاوکاری نەکردنی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێژنەی ئۆلۆمپی و لێژنەی باڵای وەرزش لە کوردستان، سەرەڕای ئاگادار کردنیان لەبوون و ئامانجی کۆمەڵەکە.

٢. بەهیچ شێوەیەک (رابطة الصحفيين الرياضيين العراقيين) کە لە چوارچێوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقدا کاردەکات، هاوکاری ئەم کۆمەڵەی نەکرد، بگرەهەڵسوکەوتیان وەکو سەردەمی ڕژێمی ڕووخاو بوو، تەنانەت تاکو ئێستا سەرەڕای ئیفادکردنی دەیان ڕۆژنامەنووسی وەرزشی عێراقی بۆ وڵاتانی دەرەوە، تاکە ڕۆژنامەنووسێکی کۆمەڵە بەشدار نەکراوە، ئەگەرچی چەند جارێک ئەوان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقیش ئاگادارکراونەتەوە.

٣. نەبوونی بودجەی تەواو و پەرش و بڵاوی ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن، تارادەیەک بووە هۆی سستی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانی کۆمەڵە.

ئەو خاڵانەی سەرەوە وای کرد چەند جارێک دەنگی ناڕەزایی لەلایەن هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی ئەو بوارە بەڕووی لێژنەکە بەرزبێتەوە، کە لە ئاکامدا چەندین جار نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ لێژنەکە دانیشتوون و گوێیان لە داخوازی ناڕازیبوانیش گرتووە. لە ئەنجامدا لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٥ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ئەندامانی لێژنەکەو ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کە ڕەخنەیان لە کارو کردەوەکانی لێژنەکە هەبوو، بە سەرپەرشتی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان کۆبوونەوەیەکی دوو سەعاتی سازکرا، ڕۆژنامەنووسانی ئامادەبوو گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ وردەکێشەکان بدۆزنەوە، کە ئەویش خۆی لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە دەبینێتەوە کە بەهۆی ئەو خاڵانەی سەرەوە دروست بووبوون.. لە ئاکامدا ڕێککەوتن لەسەر ئامادەکردنی میکانیزمێک بۆ کارو چالاکی داهاتوویان.

هیواداریین کۆنگرە چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی گونجاو بە مەبەستی کاراکردنی ڕۆڵی ئەو کۆمەڵەیە لە خزمەتکردن بە ڕۆژنامەنووسانی

وەرزشی و رۆژنامەگەریی وەرزشی بخاتەڕوو.

## ئەرک و کارەکانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن

بەپێی مادەی (١٤، ١٥)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ی سەندیکا، دوو لیژنەی سەرەکی هەیە لە پاڵ ئەنجوومەندا، کە ئەوانیش لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

هەر لیژنەیەک بریتییە لە سەرۆک و دوو ئەندام، ئیش و کاری ئەم دوو لیژنەیە وەکو لە یاسای ناوبراودا هاتووە، راستی ئەندامیەتی (صحة العضوية) رادەی پیادەکردنی یاسایە بۆ لیژنەی چاودێریکردن، بەڵام لیژنەی بەرزەفتکردن، لێکۆڵینەوەیە لەو سکاڵایانەی کە لە ئەنجوومەنەوە بۆیان دەچێت، بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایەو ئیش و کارو چالاکییەکانی هەردوو لیژنەش لەم خاڵانەی خوارەوە خۆیان دەبیننەوە:

**یەکەم: لیژنەی بەرزەفتکردن (لجنة الانضباط).**

وەکو لە برگەی مادەی (١٥)ی یاسا هاتووە، کاری ئەم لیژنەیە پێداچوونەوەی ئەو سکاڵایانەیە کە لە رێگای ئەنجوومەنی سەندیکایەوە پێیان دەدرێت، دەربارەی هەر سکاڵاو شکایەتێکی ئەندامانی سەندیکا، لەماوەی نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا، لیژنەی بەرزەفت (١٠) سکاڵانامەی پێ گەیشتووە، کە (٨)یان تایبەت بوونە بە سکاڵاکردن لە جۆری ئەندامیەتی، بە مەبەستی گۆڕینی ئەندامیەتیان لە بەشدارەوە بۆ کاراو دوای لێکۆڵینەوە (٦)یان پەسندکراون و (٢)یان رەتکراونەتەوە.

هەروەها سەرۆکی لیژنەش رۆژنامەنووس (ئاکۆ محەمەد) ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن بووە لە رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە سەرۆکی لیژنەکە سکرتێری سەندیکا بووە.

شایانی باسە کەمی سکاڵا لە بەردەم ئەم لیژنەیەدا بەو مانایە دێت، کە ئەنجوومەنی سەندیکا بەپێی یاساو بەرێک و پێکی کارەکانی بەڕێوەبردووە.

**دووەم: لیژنەی چاودێری (لجنة المراقبة)**

بەپێی مادەی (١٤)ی یاسای سەندیکاو پەیڕەوی ناوخۆ، لیژنەی چاودێری ئیش و کارەکانی بەڕێوەبردووە، بەهەموو توانایەکیان و ئەوەی لە ئەستۆی ئەم لیژنەیەدا بووە، جێبەجێ کراوە. بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی بەردەوام لیژنەی ناوبراو کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێداوە، بۆ تاوتوێکردن و راپەڕاندنی ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆیدا بووە، کە بریتی بووە لە چاوخشاندن و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ بەئەندام بوون، تێکڕای ئەو داواکارییانەی کە هاتوتە بەردەم لیژنەکە، ژمارەیان (٢١٤٧) داواکارییە، کە بەم شێوەی خوارەوە بڕیاری لەسەر دراوە:

أ. ژمارەی ئەو داواکارییانەی کە بوون بە ئەندامی کارا، لەلایەن لیژنەی چاودێری بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجوومەن، لە ئەنجوومەنیشەوە پەسندکراوە، ژمارەکەی (١٥٦٨) داوکارییە لە سەرجەم لقەکانی سەندیکا لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا.

ب. (٣٩٣) داواکاری وەکو ئەندامی بەشدار پەسندکراون.

ج. (١٦٨) داواکاری وەکو ئەندامی مەشقکار پەسندکراون.

د. لەگەڵ ئەوانەشدا (١١٠) داواکاری رەتکراونەتەوە، یاخود لەژێر لێکۆڵینەوەدا ماونەتەوە، دیارە ئەمانەش بەهۆی ناتەواوی مەرجەکانی بە ئەندام بوونە لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

لێرەدا وەکو لە دەقی راپۆرتی لیژنەی چاودێریدا هاتووە زۆری ژمارەی ئەو داواکارییانەی کە هاتوتە بەردەم لیژنەکەش و پاشان بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا، بەمەبەستی بە ئەندام بوون دەگەڕێتەوە بۆ:

أ. یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، وەکو لە مادەی (١٩)دا هاتووە، ژمارەیەکی زۆر لە ناوونیشان

(عناوین) دەگرێتەخۆ کە (١٤) ناوونیشانی ڕۆژنامەنووسییە، کە ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت لەبەردەم داواکارییەکی زۆر، تاوەکو داخوازی بە ئەندام بوون پێشکەش بە سەندیکا بکات.

ب. بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە دەزگاو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا، لەهەموو پارێزگاو شارو شارۆچکەیەکدا، بەهۆی ئەو ئاسانکارییەی کە لەو بوارەدا ڕەخساوە سەرەڕای نەبوونی سانسۆر بەرادەیەک هەموو لایەنێکی سیاسی و ڕێکخراو و سەندیکاو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تەنانەت هەندێ لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گۆڤارو بڵاوکراوەیان هەیە، سەرەڕای کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەی وڵات و ڕۆژنامەنووسانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە ئەندامن لە سەندیکادا.

## کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و کۆبوونەوە گشتییەکان

بە مەبەستی پیادەکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی ڕۆژانەی سەندیکاو ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسان و دانانی پلانی گونجاو بۆ بەرەو پێشەوەچوونی ئەرکە سەرەکییەکانی سەندیکا، کە تێدا ئەنجوومەن بەرپرسیاریەتی تەواوی هەیە بەرامبەریان، بەرادەیەک ئەنجوومەنی سەندیکا بە بەردەوامی سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانە بووەو هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن زۆربەی کاتیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانە تەرخان کردووە، سەرەڕای تەرخانکردنی کاتی تەواو و ڕۆژانەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان کە بە پێچەوانەی هەموو ڕێکخراو و سەندیکاکانی دیکە، ڕۆژانە دوو دەوامیان کردووە، ئەمەش هۆکاری یەکەمی سەرکەوتنی ئەنجوومەن بووە لە بوارە جیاجیاکاندا، شێوازی کارکردنی ئەنجوومەنی سەندیکا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

١. ئامادەیی نەقیب و بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەن، ئەوانەی لە هەولێر نیشتەجێن بە تەرخانکردنی زۆربەی کات و ساتەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی سەندیکا.

٢. بە نیسبەت جێگری نەقیب و دوو ئەندامەکەی دیکەی ئەنجوومەن، کە لە سلێمانی نیشتەجێ بوون، ئەوانیش بەتایبەت جێگری نەقیب، هەموو کاتی ئێوارانی خۆی بۆ مەبەستی سەرەوە تەرخانکردبوو، ڕۆژانەش پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێواندا هەبووە، هەروەها بە نیسبەت ئەندامێکی دیکەی ئەنجوومەن، کە لە دهۆک نیشتەجێیە، ئەویش بە هەمان شێوە، لە بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکان بەتایبەت لە سەرپەرشتیکردنی لقی دهۆک ڕۆڵی خۆی بینیوە، کە لە ئەنجوومەن بۆی دەستنیشان کرابوو.

شێوازی ئیشکردنی ئەنجوومەن شێوازێکی دیموکراتیانە بووەو کارەکان بەکۆمەڵ بەڕێوەچوون، بڕیاری گونجاویان بۆ دراوە کە تێدا تێکڕای ئەندامانی ئەنجوومەن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان بەهاوبەشی بەرپرسیاربوون، بەڵام ئەگەر هەندێک کەموکوڕی لێرە یاخود لەوێ ڕوویدابێ، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ تەفەڕوغ نەکردنی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەن بەهۆی ئەو ئیش و کارانەی کە بەشێکی گرنگی گوزەرانیان پێوە بەندە، چونکە لای هەموو لایەک ئاشکرایە، ئەندامانی ئەنجوومەن و ئەندامانی لێژنە سەرەکییەکان و سکرتێرو ئەندامانی لقەکانیش، بەبێ بەرامبەر خۆبەخشانە کاریان کردووە، تەنیا ئەو برە پارە ڕەمزییە نەبێ، کە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی گشتی پێشوو، پێیان دراوە، کە ئەمەش تەنانەت بەشێکی یەکجار کەمی گوزەرانی پێ بەڕێوە ناچێت، هەروەک لە برگەیەکی ڕاپۆرتی دارایی ئاماژەی تەواوی بۆ کراوە.

پیادەکردنی بڕیارو ڕاسپاردەو بەرنامەو پلانەکان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بە درێژایی تاوتوێکراون، بۆ ئەم مەبەستەش هەفتەی وا هەبووە، چەند جارێک کۆبوونەوەی

بۆ کراون، سەرەڕای کۆبوونەوەی مانگانەی ئەنجوومەن، کە هەر جارەی چەند رۆژێکی دەخایاند، ژمارەی کۆبوونەوەکانیش لەنێوان دوو کۆنگرەدا گەیشتۆتە (١٣٤) کۆبوونەوە، کە تێکڕای بابەتەکانی لە دەفتەری تایبەت بە کۆنووسی کۆبوونەوەکان تۆمارکراوە.

سەرەڕای کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن لەنێوان دوو کۆنگرەدا، دوو کۆبوونەوەی گشتی ئەنجامدراون کە تێدا ئەنجوومەنی سەندیکاو سەرۆک و ئەندامانی هەردوو لیژنە بە یەدەگەکانییەوە لەگەڵ سکرتێرو ئەندامانی لقەکانی سەندیکا و لێپرسراوی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەنووس تیایدا بەشداربوون.

کۆبوونەوەی یەکەم لە رێکەوتی (٢٠٠٤/١٢/١٣) و کۆبوونەوەی دووەمیش لە رێکەوتی (٢٠٠٥/٩/٩) لە هەولێر بەستران، کە ئەمەشیان شێوازێکی تازەبوو، لەکاری پیشەیی سەندیکاداو نیاز وابوو بکرێتە نەریتێک کە لە کۆتایی هەموو ساڵێک ببەسترێت، بەڵام هەندێ هۆکاری بابەتی و ناوەکی و داراییش، بووە هۆی ئەوەی بەستنی ئەم کۆبوونەوانە پیادەنەکرێت، بەڵام بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، ئەنجوومەنی سەندیکا بە بەردەوامی سەردانی تێکڕای لقەکانی سەندیکای کردووە، بۆ ئەوەی راستەوخۆو لەنزیکەوە سەرپەرشتی و چاودێری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیش و کاری لقەکان بکات، کە هەندێ جار بە کۆمەڵ و هەندێ جاریش، هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەشدارییان تیاکردووە، هەندێ جاری تریش کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن لە لقەکان ئەنجام دراون..

وەکو لە پێشەوە ئاماژەی پێکراوە، ئیش و کارەکان لەسەر بنەمای رێککەوتنی تەواو ئەنجامدراوەو هیچ کاتێک کێشەیەک لەناو خودی ئەنجوومەن سەری هەڵنەداوەو دەتوانین بڵێین وەکو دەستەیەکی نموونەیی و یەک تیم کارەکانیان راپەڕاندووە، کە ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو چوارچێوە فراوانەی کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لەخۆگرتووە، بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و بیروڕای سیاسی، هیواداریین ئەم رێڕەوە لە قۆناغەکانی دیکەی سەندیکادا پەرەی پێبدرێت و پیادەبکرێت.

لەپاڵ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وکۆبوونەوە گشتییەکان، ئەنجوومەنی سەندیکا چەند چالاکییەکی دیکەی ئەنجامداوە، لەوانە بەستنی کۆڕی جۆراوجۆرو سەرەڕای ئامادەباشی ئەندامانی ئەنجوومەن لە کۆڕو سیمیناری تایبەت بە بواری ئازادی رۆژنامەنووسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و کاری دژە تیرۆرو پەرەپێدانی کاری راگەیاندن، کە هەمووی رۆژانە چ لە کەناڵەکانی راگەیاندنی سەندیکا چ لە کەناڵەکانی راگەیاندنی دیکەی کوردستان کەم و زۆر بڵاوکراونەتەوە.

لێرەدا ئەنجوومەنی سەندیکا بە پێویستی دەزانێت ئەندامانی کۆنگرە وەکو نوێنەرانی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە بابەتێک ئاگاداربکات دەربارەی رێڕەوی سەربەخۆییانەی ئەنجوومەنی سەندیکا، کە رەنگدانەوەی لەسەرجەم ئیش و کارەکانیدا دیارەو بەهیچ شێوەیەک تەرەفگیری هیچ لایەنێکی نەکردووە، لەسەر بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی، بەڵام ئەوەی شانازی پێوە دەکرێت، ئەوەیە کە ئێمەش وەکو هەموو یەکێتی و سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکانی گەلی کوردستان، خۆمان بە بەشێک لە ئەزموونی کوردستان دەزانین.

چونکە ئێمە لامان وایە، گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەم ئەزموونە، گەشەسەندن و پەرەسەندنی دیموکراتیەت و ئازادی بیروڕاو مافی مرۆڤ و ئازادی رۆژنامەنووسییە، کە یەکێکە لەو ئامانجە بنەڕەتییانەی کە ئێمە کاری بۆ دەکەین، هەروەک لە یاسای سەندیکادا هاتووە، بەڵام ئەوەی جێی تێڕوانین و هەڵوەستە کردنمانە، ئەوەیە کە هەندێک جار هەندێ لە رۆژنامەنووسان ئەگەرچی ژمارەشیان یەکجار کەمە، سەندیکا بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە گوایە پێکهاتەیەکی

حیزبی و دەست کەلای دەسەلاتی سیاسی کوردستانە، هەر بەم شێوەیە هەندێ جاریش ئەنجوومەن بەوە تۆمەتبار دەکرێت، کە پشتی لەدەسەلاتی سیاسی کوردستان کردووەو وەکو شێر سنگی دەرپەڕاندووەو بە هەق و ناهەق داکۆکی لە رۆژنامەنووسان دەکات، بەلام لێرەدا ئەنجوومەنی سەندیکا رایدەگەیەنێت، کە سەندیکا داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان بە ئەرکی یەکەمی خۆی زانیوە و دەزانێت، لە چوارچێوەی یاساو بەرژەوەندی بالای گەلی کوردستان، ئەوەی لە تواناد‌ا بووە دریغی نەکردووەو ئەگەر شانازییەکی هەبووبێ لەو بوارەدا دەیبینێتەوە.

هیواداریـن ئەندامانی کۆنگرە، بە تێڕوانین و لێکدانەوەیەکی بابەتییانەو واقیعییانە، ئەم رۆڵەی ئەنجوومەن هەلبسەنگێنن، بەو هیوایەی کە ئەنجوومەنی داهاتوو بتوانێت سەندیکا لەم قۆناغە بەرەو قۆناغێکی باشترو پێشکەوتووتر ببات.

بۆ زانینی ئەندامانی کۆنگرە ژمارەی سەرجەم ئەندامانی سەندیکا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ژمارە ئەندامانی کارا (٣١١٠) رۆژنامەنووسە.
٢. ژمارە ئەندامانی بەشدار (٦٤٨) رۆژنامەنووسە.
٣. ژمارە ئەندامانی مەشقکار (١٨٢) رۆژنامەنووسە.

هەولنامەی کتێب

**<u>ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا</u>**

- **فەرهاد عەونی/ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.**
- **مستەفا سالح کەریم/ جێگری نەقیب.**
- **زیرەک کەمال/ سکرتێری سەندیکا.**
- **حامید محەمەد عەلی/ ئەندامی ئەنجوومەن.**
- **خالید بەکر ئەییوب/ ئەندامی ئەنجوومەن.**
- **فەهیم عەبدوللا/ ئەندامی ئەنجوومەن.**
- **ئەکەد موراد/ ئەندامی ئەنجوومەن.**
- **سۆزان مامە/ ئەندامی ئەنجوومەن.**
- **ئەنوەر حوسێن/ ئەندامی ئەنجوومەن.**

# هەواڵ و
# چالاكییەكان

ئامادەكردنی: سكرتێری نووسین

# هەڵبژاردنی ئەندامانی دووەمین کۆنگرەی گشتی سەندیکا

لەمیانی مانگەکانی (ئاب و ئەیلوول و تشرینی یەکەم)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا و بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی دووەمین کۆنگرەی گشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان..

پرۆژەی هەڵبژاردن لەسەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن (بینراو، بیسراو، نووسراو) لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدرا، ئەم پرۆسەیەش جگە لە شاری هەولێر، لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکانی (کەرکووک، سلێمانی، دهۆک، بەغدا و موسڵ) و ناوچەکانی گەرمیان و سۆرانی گرتەوە.

پرۆسەکەش کە بە سەرپەرشتی لێژنەکانی ئەنجومەنی سەندیکا بەرێوەچوو، لە رەوشێکی هێمن و دیموکراسیانەدا سەرکەوتووانە بەکۆتا هات.

لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەش نزیکەی (٣٦٠) رۆژنامەنووس وەک ئەندامی کۆنگرەو نوێنەری (٢٥٠٠) رۆژنامەنووس هەڵبژێردران.

شایانی باسە، بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی کانوون یەکەمی ٢٠٠٧، دووەمین کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان ببەسترێت.



چەند دیمەنێک لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی دووەمین کۆنگرەی سەندیکا

* * *

# نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان پێشوازی لە سەرۆکی دەزگای (المدی) دەکات

رۆژی (٢٠٠٧/١٠/١٨) (فەخری کەریم) سەرۆکی دەزگای (المدی) بۆ راگەیاندن و رۆشنبیری و هونەر سەردانی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کردو لەگەڵ نەقیبی رۆژنامەنووسان کۆبۆوە.

لەمیانی کۆبوونەوەکەدا باس لە رەوشی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان کرا، هەروەها باس لەو دەستدرێژییەی کە بۆ سەر دەزگای (المدی) ئەنجامدرا کە چەندین کتێب و نامیلکەو بەڵگەنامە لەلایەن هێزێکی لەشکری عێراقییەوە دەستی بەسەردا گیرا، کرا. سەرەڕای

پێشێلکارییەکانی هێزێکی چەکداری ئەمەریکی دژی دەزگای ناوبراو.

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەناوی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەم پێشێلکارییانەی مەحکوم کردو داوای لەلایەنە بەرپرسەکان لەحکومەتی عێراق کرد، کە واز لەم جۆرە کارانە بهێنن و داوای لێبوردن بەشێوەیەکی ئاشکرا بکەن و هەروەها داوای لە هێزەکانی ئەمەریکا کرد، کەوا رێز لە دام و دەزگاکانی راگەیاندن بگرن.

* * *

# ئەنجوومەنی سەندیکا تیرۆر کردنی رۆژنامەنووسانی عێراقی مەحکوم دەکات

**ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا تیرۆر کردنی چوار رۆژنامەنووسی عێراقی مەحکوم کرد، ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:**

لەکاتێکدا هەموو شێوەیەکی تیرۆرو توندوتیژی وەک: کوشتن و فڕاندن و هەڕەشکردن کە رۆژنامەنووسانی عێراقی رووبەڕووی دەبنەوە، وەک ئەوەی لە رۆژانی یەکشەممەو دووشەممە رێکەوتی (١٤، ٢٠٠٧/١٠/١٥) روویانداو بووە هۆی کوشتنی ساڵح سەیفەدین پەیامنێری رژنامەی (واشنتۆن پۆست) لە بەغداو هەریەک لە جاسم ئەحمەد نوفان و خالد محمد نوفان و زیاد تاریق لە کارمەندانی رۆژنامەی (الوطن) بە دەستی چەند چەکدارێکەوە لەسەر رێگای گشتی بۆ کەرکووک، مەحکوم دەکەین.

داوا لە حکومەتی عێراقی دەکەین، هەموو شێوازێک پیادە بکات بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم مەترسییانەی کە هەڕەشە لە گیانی رۆژنامەنووسان و مەدەنییەکان لە عێراقدا دەکەن کە ژمارەی کوژراوانی رۆژنامەنووسیش لە (٢٠٠)ی تێپەڕاندووە، ئەمەش بەڵگەیەکە کەوا رۆژنامەنووسان لە سەرووی ئەو توێژانەوە دێن، کە دووچاری توندوتیژی و تیرۆر دەبنەوەو بوونەتە ئامانجێکی ئاسان بۆ تیرۆریستان، چونکە هیچ شێوازێکی پاراستنیان بۆ دابین نەکراوە، بۆیە داواکاریمان دووبارە دەکەینەوە، لەدەسەڵات و لایەنی بەرپرس بەپێویستی دابینکردنی لایەنی کەمی پاراستن بۆ رۆژنامەنووسان، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش داواکراوە کە کاری پێویست بە ئەنجام بگەیەنێت بەرامبەر ئەم قەیرانە مرۆیی و پیشەییە لەعێراقدا.

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەمیانی هەماهەنگی لەگەڵ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی و کۆمەڵەی عێراقی بۆ سەلامەتی پیشەیی، لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی راگەیاندن، لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی سەلامەتی پیشەیی رۆژنامەنووسان و داکۆکیکردنی لەمافی ئاساییان لە ژیان و ئازادییدا.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٧/١٠/١٨**

* * *

# بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا، ئەنجوومەنی سەندیکا لە شاری دهۆک کۆبوونەوەیەک ساز دەکات



*کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەندیکا لە شاری دهۆک*

رۆژانی (٢٠-٢١/١٠/٢٠٠٧) ئەنجوومەنی سەندیکا بە تەواوی ئەندامەکانی لە شاری دهۆک کۆبوونەوەیەکی سازکرد، سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکاو سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەنووس)، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

لەدوو دانیشتندا باس لە چۆنیەتی بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا کرا، کە بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ ببەسترێت، هەروەها ناوی ئەندامانی کۆنگرەکە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە هەڵبژێردرابوون، پەسند کرا.

لە تەوەرێکی دیکەشدا، ئەنجوومەن بڕیاریدا کە کۆنگرە لە ژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان) کە دروشمی پێشووی سەندیکایە، بەڕێوە بچێت.

هەروەها کۆبوونەوەکە پێداویستییەکانی کۆنگرەو ئامادەکردنی راپۆرتی گشتی و دارایی تاوتوێکرد.

شایانی باسە راپۆرتی گشتی، کارو چالاکییەکانی سەندیکا لەنێوان دوو کۆنگرەدا لە (١/٤/٢٠٠٤ تا ١/١٢/٢٠٠٧) لەنێوانیشیاندا یاسای کاری رۆژنامەنووسی و یاسای خانەنشینی رۆژنامەنووسان و حسێب کردنی خزمەتی رۆژنامەگەری بۆ زیادکردنی مووچەو خانەنشینی و دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر رۆژنامەنووسانداو کردنەوەی خول و دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ رۆژنامەنووسان و یارمەتیدانی خانەوادەی رۆژنامەنووسە شەهیدەکان لەخۆ دەگرێت.

لەلایەکی ترەوە، ئەنجوومەن بڕیاریدا جیم بومیلا سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆنەکەو نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی و ئێرانی و یۆنانی بۆ کۆنگرە داوەت بکات.

* * *

# (ئاوارەبووانی نێو نیشتمان) بەرجەستەکردنی مەینەتییەکان

بە ئامادەبوونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاو کۆمەڵێ لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی شاری هەولێر و شارۆچکەی عەنکاوە، لە هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدانی لە عەنکاوە، دوای نیوەڕۆی رۆژی (٢٠٠٧/٩/٢٠)، فیلمێکی دیکۆمێنتی بەناوونیشانی (ئاوارەبووانی نێو نیشتمان) نمایش کرا.ئەم فیلمە مەینەتییەکانی برا مەسیحییەکانی عێراق لە کوشتن و فڕاندن و تەقاندنەوەی کەنیسەکان بە تایبەت لەناوچەی (دورە) لە پایتەختی عێراق (بەغدا) بەرجەستە دەکرد، نمایشکردنی ئەم فیلمە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەهاوکاری کەناڵی (عەشتار)ی ئاسمانی کە فیلمەکەی بەرهەمهێنابوو، رێکخرا.

شایانی باسە فیلمەکە لە دەرهێنانی هونەرمەند (فەرید ئاکرەیی) بوو، لەلایەن (حەسەن قاسم) ئامادەکرابوو، هونەرمەندان (حەسەن عیماد و سوهەیل غازی) وێنەیان گرتبوو.




*خۆپیشاندانێک دژی کرداری توندوتیژی بەرامبەر برا مەسیحییەکان*

* * *

# بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی سەندیکا سەنتەری رۆشنبیری (بلێ) کۆڕێک سەبارەت بە هەڕەشەکانی تورکیا رێکدەخات

سەنتەری رۆشنبیری لەناحیەی (بلێ) کە سەر بە قەزای (مێرگەسۆرە)، دوانیوەڕۆی رۆژی (٢٠٠٧/١٠/٢١) کۆڕێکی بۆ نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەناوچەی بارزان، رێکخست.

لەمیانی کۆڕەکەدا فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنوسانی کوردستان گوتەیەکی پێشکەش کرد، تێیدا لەشکرکێشی تورکیای بۆ سەر سنووری هەرێمی کوردستان مەحکوم کردو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە پێویستە کێشەکان بەزمانی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن چارەسەر بکرێن.

دواتر هەریەک لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناوچەکە، گوتەیان سەبارەت بە هەڕەشەکانی تورکیا پێشکەش کردو شێوازی هەڕەشەکردنیان رەتکردەوەو داوایان لە تورکیا کرد

لەم شێوازە دوور بکەوێتەوە، پەنا بۆ زمانی گفتوگۆ ببات.

لەکۆتایی کۆڕەکەدا، بەیاننامەیەکی هاوبەشی ڕێکخراوەکان خوێندرایەوەو شایانی باسە سەرەڕای نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕۆژنامەنووسان زیرەک کەمال سکرتێری سەندیکاو حامد محەمەد عەلی و ئەکەد موراد و خالید بەکر ئەییوب ئەندامانی ئەنجومەن و شێرکۆ حەبیب سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکاو عەبدوڵلا زەنگەنە سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) ئامادەی کۆڕەکە بوون.

* * *

# کۆڕێک سەبارەت بە سەلامەتی پیشەیی

سەر لەبەیانی ڕۆژی (٢٠٠٧/١٠/٢١) لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆڕێکی سەبارەت بە سەلامەتی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا ساز کرد.

ڕۆژنامەنووس شێرکۆ لەم کۆڕەدا دەربارەی مافی ڕۆژنامەنووسان و ئەرکەکانیان دواو چۆنیەتی خۆپاراستنیانی بۆ ڕوونکردنەوە، ئامادەبووانیش بەپرسیارو تێبینییەکانیان بابەتەکەیان دەوڵەمەند کرد.



کۆڕی ڕۆژنامەنووسی شێرکۆ حەبیب لە دهۆک

* * *

# شاندێکی ڕۆژنامەگەری شاری نەجەف سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات

شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان عێراق/ لقی پارێزگای نەجەف و دەزگای شەهیدی میحراب لەمانگی تەمموزی ٢٠٠٧دا سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرد.

لەدیدارێکدا کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا ئامادەی بوون، باسی لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕۆژ نامەنووسی و بارودۆخی ئێستای عێراق و کوردستان کراو جەخت لەسەر ئەوەش کرایەوە، کە لە ئایندەدا پەیوەندییەکان توندوتۆڵتر بکرێن و سەردان لەنێوان هەردوولادا ئاڵوگۆڕ بکرێت.

لەکۆتاییدا نەقیبی ڕژنامەنووسانی کوردستان، ئەم دەستپێشخەرییەی بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ ڕۆژنامەنووسانی نەجەف دەربڕی.

* * *

# شاندی سەندیکا لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان کۆدەبێتەوە

ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/٢٩ شاندێکی سەندیکا سەردانی پەرلەمانی کردو لەگەڵ لیژنەی یاسایی کۆبۆوەو سەبارەت بە پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی گفتوگۆ کراو ئەندامانی لیژنەی یاسایی پشتگیریان بۆ پڕۆژەکەو مادەکانی یاساکە دووپات کردەوە.

* * *

# لیژنەی نێودەوڵەتی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات

لە ڕۆژانی (٢٩-٢٠٠٧/١٠/٣٠)، بەڕێز جومبل کمباجنا ڕێکخەری پڕۆگرامە پێشکەوتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان کرد.

لەمیانی چەند دیدارێکدا، بابەتەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و کاروبارەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی سەندیکا لە دابینکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، تاوتوێکران.

هەروەها لە تەوەرێکی دیکەدا، باس لە پشتگیرکردنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و کردنەوەی خولی شیاندن بۆیان. کراو لەم بوارەشدا بەڕێز جومبل بەڵێنی دا، هەموو جۆرە یارمەتییەک پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکات.

* * *

# کۆڕێکی ڕۆژنامەنووسی لە عەنکاوەدا

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی لە ڕۆژی (٢٠٠٧/١٠/٣١)، کۆڕێکی بۆ ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب لەژێر ناوونیشانی (سەلامەتی پیشەیی و چۆنیەتی داڕشتنی هەواڵ و ئەرکی



رۆژنامەنووسان) سازکرد.

دوای پێشکەشکردنی بابەتەکە. ئامادەبووان بە پرسیارو تێبینییەکانیان بابەتەکەیان دەوڵەمەند کرد.

شایانی باسە کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی شارۆچکەی عەنکاوە ئامادەی کۆڕەکە بوون.

لەلایەکی دیکەوە رۆژی دوو شەممەی ٢٠٠٧/١١/٥ بەهەمان ناونیشان رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب کۆڕێکی دیکەی بۆ کارمەندانی تەلەفزیۆنی ئەلعراقیە لەناو بارەگای تەلەفزیۆنی ناوبراو لە شارۆچکەی عەنکاوە سازدا، کە کۆمەڵێک رۆژنامەنووس ئامادەی کۆڕەکە بوون و لە کۆتاییدا وەڵامی پرسیارو تێبینییەکانی ئامادەبووانی دایەوەو گفتوگۆی تێرو تەسەل دەربارەی بابەتەکە کرا.

* * *

# شاندێکی سەندیکا سەردانی مولحەقی رۆشنبیری و راگەیاندن لە باڵیۆزخانەی ئەمریکی دەکات

شاندێکی سەندیکا لە رۆژی (٢٠٠٧/١١/١) سەردانی بەڕێز (ماریۆ کریفۆ) مولحەقی رۆشنبیری و راگەیاندن لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا. لە بارەگای خۆی لە شارۆچکەی عەنکاوە کرد.

لە دیدارێکدا، چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە ئازادی رۆژنامەگەری و مافی رۆژنامەنووسان و پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، گفتوگۆی تێرو تەسەلیان سەبارەت کرا..

هەروەها شاندی سەندیکا هیوای سەرکەوتنی بۆ مولحەقی رۆشنبیری لەکارە تازەکەی خواست و ئاواتەخوازیش بوو کە ئەو بەڕێزەی شوێنی دەگرێت، پشتگیریکەرو داکۆکیکەر بێت لە ئازادی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان لە کوردستاندا.

شایانی باسە، شاندی سەندیکا لە فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان و حامید محەمەد عەلی و ئەکەدو موراد و خالید بەکر ئەییوب ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا، پێکهاتبوو.

* * *

# لەساڵی ٢٠٠٧ دا، (٤٥) رۆژنامەنووسی عێراقی کوژراون

ئا: شێرکۆ حەبیب

لەدوای رزگارکردنی عێراق، لە ٢٠٠٣ دا، توێژی رۆژنامەنووسان لە عێراقدا زیاتر لە توێژەکانی دیکە، رووبەڕووی تیرۆرو گوشتن بوونەتەوە، جا لەلایەن تیرۆریستانەوە بێت، یا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، یاخود لەلایەن هێزەکانی عێراقییەوە.

هەر لە رێکەوتی پێشووەوە زۆرترین کوژراو لەنێو رۆژنامەنووسانی جیهاندا رۆژنامەنووسانی عێراق بوونە، لە میانی ساڵی ٢٠٠٧دا، تاکو ئێستا (٤٥) رۆژنامەنووسی عێراقی کوژراون لە کۆی (١٠٦) رۆژنامەنووس لە جیهاندا.

شایانی باسە لە ساڵی رابردوودا (١١٠) رۆژنامەنووس لەجیهاندا کوژراون.

* * *

# لە عەمان
# سەندیکا کاریگەرانە لە (Work Shop)ی دەستەی گەیاندن و راگەیاندنی عێراقی بەشداری دەکات

لەسەر بانگهێشتی دەستەی گەیاندن و راگەیاندنی عێراقی، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و جێگری نەقیب، لە رۆژانی (٤-٢٠٠٧/١١/٧) بەشدارییان لەچەند (Work Shop)ێک کرد، کە بە مەبەستی گەشەپێدانی هۆیەکانی راگەیاندن لە عێراقدا، لە ئوتێلی (ئەنتر کونتینینتال) لە عەمانی پایتەختی ئەردەن بەڕێوەچوو.

هەردوو دانیشتنی یەکەم و دووەم رۆژی (٢٠٠٧/١١/٤) بۆ بابەتی (سەربەخۆیی راگەیاندن) تەرخانکرابوو و بە سەرپەرشتی د. سیامەند عوسمان بەڕێوەچوون، لەم دوو دانیشتنە دکتۆر قەیس عەزاوی و د. حەیدەر سەعید و بورهان شاوی و عەبدولحەمید کازم و توانا عوسمان و مستەفا سالًح کەریم و شەهاب تەمیمی و چەندین کەسایەتی دیکەی راگەیاندن قسەیان کرد و جەختیان لەسەر پێویستی رێکەوتن لەسەر داڕشتەی میساقی شەرەف و پێکهێنانی بنچینەی راگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم و یاسای نوێ، کردەوە.

دانیشتنی سێیەم و چوارەمیش دەربارەی رێکخستنی سەربەخۆیی راگەیاندن بوون، هەردوو دانیشتنەکەش بە سەرپەرشتی (عەلی شبو) بەڕێوەبەری نووسینگەی نیشتەجێ مرۆییەکان بەڕێوەچوو، بەڕێزان د. سەلیم جبوری و د. کاترین متکالیف و سامی تۆما و د. حوسێن ئەمین و غازی جەنابی و فازڵ قازی گوتەیان پێشکەش کردو سەبارەت میکانیزمی هێنانە دی رێکخستنی سەربەخۆ دوان.

### رۆژی دووەم ٢٠٠٧/١١/٥

دانیشتنی یەکەم (رێکخستن و کارکردن)، سەرۆکی دانیشتن: د. سەلیم جبوری، بڕیاردەری دانیشتن: ئەحمەد شێخ عەلی.

لەم دانیشتنەدا، بەڕێزان دبیتر لورین، د. کاترین میتکالیف، فەرهاد عەونی، فەلاح مەشعەل،



لایەنێک لە (وۆرک شۆپ)ەکان - عەمان




قسەیان كردو جەختیان لەسەر ڕەوشی خودی و پاراستنی دارایی، ڕوونكردنەوەی چەمكی ئاسایش نەتەوەیی و چۆنیەتی ڕێكخستنی خودی و ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەگەری، كردەوە.

تەوەری باسەكەی فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان سەبارەت ڕێكخستنی خودی سەندیكای ڕۆژنامەنووسان و ڕۆڵی ئەنجومەن و لقەكانی سەندیكا، لە بواری دانانی یاسای ڕێكخستنی كاری ڕۆژنامەگەری و یاسای حسێبكردنی خزمەت و یاسای سندوقی خانەنشینی بوو.

دانیشتنی دووەم و سێیەمیش بەناوونیشانی (ڕێساكانی كاری پەخشی ڕاگەیاندن) بە سەرپەرشتی فریاد ڕواندزی بەڕێوەچوو.

لەم دوو دانیشتنە، د. ئوسامە مەهدی، حوسین عادلی، عەباس عیساوی، ڕاسم مەروانی، گوتەیان پێشكەشكردو سەبارەت چۆنیەتی دانانی پەخشی ڕاگەیاندن لە عێراقدا و داواكردنی دارشتنی یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندن دوان.

دانیشتنی چوارەمیش بۆ بابەتی ڕێساكانی ڕێكلامی بازرگانی تەرخانكرابوو، بە سەرپەرشتی د. بورهان شاوی بەڕێوەچوو.

هەر لەم ڕۆژەشدا و لە هۆڵێكی دیكە، دانیشتنی یەكەم بۆ بابەتی (خزمەتی پەخشی گشتی) بە سەرپەرشتی عەبدولحەلیم ڕەهیمی تەرخانكرابوو.

دانیشتنی دووەمیش سەبارەت ڕێساكانی كاری هۆیەكانی ڕاگەیاندن و دانیشتنی سێیەمیش دەربارەی سەركوتكردنی ئازادی دەربڕین و هی چوارەمیش دەربارەی پێوەرەكانی نێودەوڵەتی بوو.






**ڕۆژی سێیەم ٢٠٠٧/١١/٦**

هۆڵی یەكەم: سەبارەت بەشداری كارمەندانی ڕاگەیاندن لەچوارچێوەی یاساییەكاندا، دانیشتنی یەكەم بە سەرپەرشتی مەیسون دەملوجی و بڕیاردەر مستەفا ساڵح كەریم بەڕێوەچوو، لەم دانیشتنەدا بەڕێزان ئەحمەد عەبدولمەجید، فەرهاد عەونی، سەلوا قەزوینی، سەبارەت بابەتی دانیشتنەكە دوان.

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستانیش سەبارەت یاساكانی سەندیكا:

یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ی سەندیكا، یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان، یاسای حسێبكردنی خزمەت، یاسای كاری ڕۆژنامەگەری لە كوردستاندا ڕوونكردنەوەی پێشكەش كرد.

دانیشتنی دووەم: بۆ بابەتی ڕێساكانی ڕێكلامی بازرگانی تەرخانكرابوو، بەسەرپەرشتی هیشام میدفەعی بەڕێوەچوو و بڕیاردەریش مستەفات ساڵح كەریم بوو.

دانیشتنی سێیەمیش بەناونیشانی (ڕۆڵی كارمەندانی ڕاگەیاندن لە پێشخستنی ڕێكخستن و كاری ڕاگەیاندن)دا بە سەرپەرشتی (دبیتر لورین) بەڕێوەچوو، بەڕێزان ریاز عارف و كوردە حەسەن و عەبدولعەزیم محەمەد قسەیان كرد.

لە دانیشتنی چوارەمیشدا هەمان بابەت تاوتوێكرا...

لە هۆڵی دووەمیشدا: دانیشتنی یەكەم بەناوونیشانی (چەمكی ڕێكخستنی سەربەخۆ) بەسەرپەرشتی زوهێر جەزائیری و دانیشتنی دووەمیش (گفتوگۆ سەبارەت ڕەشنووسی یاسای ڕاگەیاندن) بە سەرپەرشتی موفید جەزائیری و دانیشتنی سێیەمیش (تەواو كردنی بابەتی دانیشتنی دووەم) بەڕێوەچوون.

**ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٧ (Work Shop)ی گشتی**

دانیشتنی یەكەم بە ناوونیشانی (دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن) بوو و لەلایەن د. بەها ئەعرەجی بەڕێوەچوو و دانیشتنی دووەمیش بۆ هەمان بابەت تەرخانكرا، لە دانیشتنی كۆتاییشدا دوای ئەوەی ڕاپۆرتەكان خوێندرانەوە، لێژنەیەك بۆ داڕشتنی بەیاننامەی كۆتایی هەڵبژێردرا، كە لەم بەڕێزانە: عەبدوزەهرە زەكی سەرنووسەری مەدا، مستەفا ساڵح كەریم جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، عومەر غەسان بەڕێوەبەری دائیرەی قانونی لەدەستەی ڕاگەیاندن، د. ئەحمەد عەبدولحەمید سەرنووسەری زەمان و عیماد خەفاجی پێشكەشكەری پرۆگرام پێكهاتبوو.

**بەیاننامەی كۆتایی**

* * *

بەیاننامەی کۆتاییش چەندین راسپاردەی لەخۆ گرتبوو،لەمیانیاندا:

پێویستی هەبوونی دەستەیەک بۆ راگەیاندن و گەیاندن وەکو رێکخراوێکی سەربەخۆ،دابینکردنی زەمانەتی یاسایی بۆ مافی هاووڵاتییان لە دەستکەوتنی زانیارییەکان،ئازادی دەربڕین مافێکی پیرۆزە، دەستەی راگەیاندنیش راپۆرتی دەوری دەربکات، بەشێک لە داهاتی دەستەی راگەیاندن بۆ پێشکەوتنی پرۆژەکانی کاری راگەیاندن لە عێراق دابنرێت.

### چاوپێکەوتنی ئێستگەی (العراق الحر)

لەگەڵ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

دوای بە کۆتا هاتنی (Work Shop)ەکان، ئێستگەی (العراق الحر) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان سازکرد. سەبارەت بە ئامانجی (Work Shop)ەکان ئاماژەی بە باشترین دارشتەی میکانیزمی راگەیاندن عێراقی و رەشنووسی یاسای راگەیاندنی عێراقی و بیرۆکەکان سەبارەت میساقی شەرەف کرد.

دەربارەی میساقی شەرەفیش گوتی: ئەم میساقە رۆژنامەنووس بە ئەخلاقیاتی پیشەو رێزگرتن لە کارکردن پابەند دەکات.

### لە پەراوێزی وۆرک شۆپەکاندا

* کتێبێک بەناونیشانی (شەهادات) کە بابەتێکی دەربارەی شاعیری ناوداری کورد (شێرکۆ بێکەس)ی تیابوو، دابەشکرا.

* گۆڤاری (الصحفی) کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات، بەسەر بەشداربووان دابەشکراو لەلایەن هەندێکیان بەرز نرخێنرا، لەم بارەیەوە شەهاب تەمیمی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی گوتی: (خەمەکانم تازەبوونەوە. خودا ماندووبوونتان پیرۆزکات)..

د. سەلوا زەکیش گوتی: وام زانی لە دەرەوەدا چاپکراوە، (دەسکەوتێکی دیکەتان بەدی هێنا)، ئەمەش قسەی د. قەیس عەزاوی سەرنووسەری (الجریدە) بوو، د.عەبدولحەمیدیش سەرنووسەری (الزمان) گوتی: گۆڤارەکەتان تەنها گۆڤاربوو، کە کۆنگرەی (IFJ) لە مۆسکۆدا، تەوسیق کرد.



# ئەنجوومەنی سەندیکا، بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا چەندین کۆبوونەوە دەبەستێت

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە رۆژانی (٢٥-٢٠٠٧/١١/٢٧) چەندین کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەکی بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی دووەمین کۆنگرەی سەندیکا. بەست.

لە کۆبوونەوەکاندا راپۆرتی گشتی سەندیکا کە سەرجەم چالاکییەکان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی پێشوو و راپۆرتی دارایی تاوتوێکرا، ئەنجوومەنی سەندیکاش ئەم دوو راپۆرتە پێشکەش بە ئەندامانی کۆنگرەی دووەم دەکات.

هەروەها ئەنجوومەن بڕیاریدا ژمارەیەک لیژنە بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ بەستنی کۆنگرە پێکبهێنێت. ئەم کۆبوونەوانەش (٣) رۆژی خایاند..

شایانی گوتنە ئەندامانی کۆنگرە (٣٦٠) رۆژنامەنووسی ئەندامی کاران و لەلایەن دەزگاکانییانەوە هەڵبژێردراون و نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسان لە سەرجەم لقەکانی سەندیکا دەکەن.

* * *



# پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی

سەرنووسەر

لە ژمارە (١١)ی گۆڤارەکەمان و لە تەک بابەتەکەی کاک (سدیق ساڵح)دا، کە بەناونیشانی (رۆژنامەی کوردستان – مەهاباد ١٩٤٦) بوو، بە ئیمزای (رۆژنامەنووس) نووسراوە: (ئەم بابەتە لەسەر (٨٢) ژمارەی رۆژنامەی "کوردستان"ی دەورانی کۆمار نووسراوە، دواتر دەکرێتە پێشەکی بۆ کتێبێک هەموو ئەو ژمارانەی رۆژنامەکە لەخۆ دەگرێت، ئومێدەوارین سەرکەوتووبین، لەو رۆژانەدا

هەواڵنامەی کتێب

**کارێکی وا بکەین تا هەردوو دەزگای "ئاراس" و "بنکەی ژین" بەهاوبەشی بڵاوی بکەنەوە).**

مژدە دەدەینە خوێنەرانمان وا (**رۆژنامەنووس**)، ئەگەر بەگرانیش لەسەرمان کەوتبێ، ئەم گفت و بەڵێنەی خۆی گەیاندە جێ و لە هەوڵەکەی سەرکەوتووبوو، ئەوەتا ژمارەکانی (**کوردستان**) بەجوانترین شێوەو قەبارە بە ئاسانی کەوتە بەردەست، دەبێ لێرەدا بەراشکاوی بڵێم من هەرچەندە بەفەرمی یەکێک لە هاوکارە سەرەکییەکانی (**بنکەی ژین**)م، بەڵام دەبێ دیسان زۆر بە راشکاوی باس لە زیاتر هاتنە پێشەوەی (**دەزگای ئاراس**) بەتایبەتی کاک (**بەدران ئەحمەد حەبیب**)ی بەرپرسی دەزگاکە بکەم، چونکە ئەگەر ئەو نەبووایە، بە تەمای وردو باریک لێکدانەوەی هاوکارانم بوومایە ئەم هەوڵە سەری نەدەگرت، چەند خۆشە تاکەکانی کوردیش، وەکو مرۆڤی میللەتەکانی دیکە، کارەکانی ئاوەها بە هەرەوەزی و هاریکاری و هاوبەشی بکردبووایە، تا بەرهەمی جوان و ناوازەی لێ بێتە بەر، هەر دوا بەدوای ئەو کتێبە بە چەند رۆژێک (**دەزگای ئاراس**) کتێبی (**رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی**)شی بەهاوبەشی بۆ (**بنکەی ژین**) بڵاوکردەوە، دیارە پێشتریش (**دەزگای ئاراس**) کتێبی (**ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید**)ی وەکو یەکەم بەرهەمی چاپخانەکەیان بۆ (**بنکەی ژین**) چاپ کردبوو، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ئەوانەی لە دەرەوەو ناوەوەی عیراق و کوردستان ئەم بەرهەمانەیان بینیوە، تاوەکو ئێستا بڕوایان نەکردووە شتی وا لە (**کوردستان**) چاپ بکرێت، نەک هەر ئەوەندە دوای ئەوەی (**دەزگای ئاراس**) وەکو (**دەزگایەکی رۆژنامەنووسی**)ش دەستی بە کارەکانی کرد، حوسێن حوزنی موکریانی گوتەنی: هەموو لایەکی مەست و حەیران کرد.

ئەوەتا جگە لەوەی دەزگاکە لەماوەی ساڵی ٢٠٠٧دا زۆر پتر لە (١٠٠) کتێبی قەبارە جۆراوجۆری هێناوەتە بەرهەم و هەموو گۆڤارو رۆژنامەکانی هەولێرو دەوروبەریشی چاپ دەکات، بۆ هەردوو دەزگای (نەوشەفەق) لە کەرکووک و (زاری کرمانجی)یش لە رەواندز، کە هەر سەر بەدەزگای (ئاراس)ن، کۆمەڵێک گۆڤارو رۆژنامە چاپ دەکات. لەهەمان کاتیشدا خۆی کۆمەڵێک گۆڤارو رۆژنامەی وەکو (**بزاو**) و (**گەشبین**) و (**ماڵبات**) و (**وەرزین**) و هتد بڵاودەکاتەوە، بڕوا بکەن ئەو دێڕانەی لەسەرەوە نووسیومن وەکو (**رێکلام**) بۆ هیچ دەزگاو لایەنێک نییە، دەبێ بزانرێ من وای بۆ دەچم لە بەرهەم هێنانی کتێب و گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکە، هەر بە تەنها کۆکردنەوەی لاپەڕەو بەرگ تێگرتن نییە، بەڵکو زۆر لایەنی دیکەی هونەری دەوێت، سوپاس بۆ کاک (**بەدران ئەحمەد حەبیب**) و (**دەزگای ئاراس**) کە هەوڵی بەردەوام دەدەن بەرهەمەکانیان بەیەک رێنووس و ئاوەها بە جوانی و بێ هەڵەو کەم و کوڕی بڵاوبکەنەوە، بەراستی سەلماندیان کوردیش مل بدەنە هەر کارێک دەیگەیەننە جێی خۆی، ئەو چەند هەڵەیەی چاپیش کە کەوتۆتە نێو پێشەکییەکەی کتێبی (**رۆژنامەی کوردستان**)، ئەوە هەڵەی (**دەزگای ئاراس**) نییە، بەڵکو ئەنجامی چاککردنەوەی ئەو هەموو (**ی**)ی مراویە بوو کە من هەمووجار لە (**بنکەی ژین**) بەهاوکارانم دەڵێم: هەر دەڵێی رێنووسی سی و چلەکانی سەدەی رابردووە، وەکو هەولێریان دەڵێن: (**سەریان لەدوو قوونی یەکدی ناوە**)، بەهەرحاڵ ئومێدەوارین پرۆژە هاوبەشەکانی دیکەیش، کەوا کاریان بۆ دەکەین، ئاوەها بە ئاسانی سەربگرن.







**بەرهەمی هاوبەشی ڕۆژنامەنووسی کوردی نێوان (دەزگای ئاراس) و (بنکەی ژین)**


بزاو
BIZAW
تێکەڵکردنەوەی چارەنووس


بزاو
BIZAW
کۆچی پێچەوانەی کەرکووکییەکان


ماچی ژن و مێرد لە ڕەمەزاندا


ماڵبات
کۆنگرەی خێزان
هەڵوەشانەوەی خێزان
سنووردارکردنی وەچە
دڵی خۆش کە
خواردن لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان


12


5








ولات لەکەلێنی شاخ دا
باشوور ئامێز بۆ کچانی رۆژهەلات دەکاتەوە







باسەرە

BASERE

من دوژمنی تورکیا نیم بەڵام زمانی هەڕەشە قەبوڵ ناکەم

بە تەووری پشتگیری جینەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەکەین

وەزیری پلاندانانی عێراق: بنکاری سەرچاوەی قیزۆرە



زاری کرمانجی

بۆ جاری دووەم نەوت دابەشدەکرێت

Mon. 12 Nov 2006

دوای سونامی پێنە و سمیلان

قوربانیانی باران و لافاوی ئەم پاییزە گەیشتنە (22) کەس



گیانی وەرزشی، بنەمای دیموکراسی

ئەوروپا دژی ڕاهێنەران ڕادەپەڕێ

لیپی بۆ بەرشلۆنە و مۆرینیۆ بۆ ڤالنسیا و ریکارد و ئەنشیلۆتی بۆ ماڵەوە

ئەخولی بژاردەی عێراق

زاخۆ سەرکەوت و کەرکووکیش













هەواڵنامەی کتێب







# (الصحفي)
# له رۆژنامەوە بۆ گۆڤار...!

دوای ئەوەی (٣٢) ژمارە لە (**الصحفي**) لەشێوەی رۆژنامەو بە زمانی عەرەبی لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بڵاوکرایەوە، ئەوا هەردوو ژمارە (٣٣-٣٤)یشی لە شێوەی گۆڤارێکی مانگانەو بە چاپێکی جوان و رێکوپێک و بە ناوەڕۆکێکی پوخت و پەڕەی رەنگاورەنگی چووە ناو تۆماری مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی، بێگومان هەبوونی زمانحاڵێکی سەندیکا بەزمانی عەرەبی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لە گەیاندنی دەنگی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە جیهانی عەرەبی زمان، ستافی (**الصحفي**) لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

سەرنووسەر: فەرهاد عەونی.
جێگری سەرنووسەر: مستەفا ساڵح کەریم.
دەستەی نووسەران: خالید بەکر ئەیووب، فەخری ئەمین.
نەخشەسازی: کاوە فاروق،
تایپ: ئەردەلان حەمید.

دەستخۆشی لە دەستەی نووسەران و کارمەندانی گۆڤاری (**الصحفي**) دەکەین.

# ئیندێکسی (١٢) ژمارەی

## بەپێی ناوی تۆژەر و رۆژنامەنووسان

ئا: سەرنووسەر

هەواڵنامەی کتێب

لەم سەردەمەی ئێمەی تێداین، بواری رۆژنامەنووسیی و راگەیاندن ئەوەندە فراوان بووە، دەزگاکانی تایبەت بەم پیشەیە ئەگەر رۆژ بە رۆژ ئاسانکاری و ئامرازی نوێ نەخەنە بەردەست تۆژەرو خوێنەرانیان، ئەوا هیچ کەسێک بە بەر رانەگا ئەم هەموو بڵاوکراوانە، لە گۆڤارو رۆژنامەو ناوەرۆکەکانیان، بەسەر بکاتەوە، بۆیە دروستکردنی ئیندێکس و بیبلیۆگرافیا ئەفراندنێکی دیکەی ئەم بوارەی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسییە تا هەموو لایەک دەسەڵاتیان بەسەر ناوەرۆکی بڵاوکراوەکاندا بشکێ، لەگەڵ تەواو بوونی ئەم خوولەی گۆڤاری (رۆژنامەنووس)، ئێمە حەزمان دەکرد هاوکارێکمان رابسپێرین تا کارێکی وامان بۆ بکات، بەداخەوە ئەوانەی متمانەمان پێدەکردن وادیاربوو هەر هەموویان سەرقاڵ بوون، ناچار لەسەر داوای زۆری دڵسۆزانمان وا ئیندێکسێکی سادەمان بەناوی نووسەرو رۆژنامەنووسان بۆ هەر (١٢) ژمارەکەی (رۆژنامەنووس) ئامادە کردووە.

هەروەها بەپێی ژمارەکانی گۆڤارەکەمان دەقی سەردێڕی هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو چوار ساڵەی پێشووی سەندیکای رۆژنامەنووسانیشمان نووسیوەتەوە، ئومێدەوارین سوودی بۆ هەموو لایەک هەبێت و لێمان قەبوڵ بکەن.

**<u>ئازاد عوبێد</u>**

* دیسان (ئازادی).
- ژمارە (٤)ی ٢٢/٤/٢٠٠٥، ل (١٧٨-١٧٩).
* د سەد سالیا بوری دە رەوشا کۆڤار و رۆژنامەیێن کوردستانا باکوور و رۆژنامەڤانین ڤی هەرێمی.
(لە رێنووسی لاتینی گۆڕدراوە، بنۆڕە: لەتیف ئۆزدەمێر)
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل(١٣٤-١٧٨).
* نەجاتی عەبدوڵڵا: من گومان دەکەم لەسەر رووی زەوی نەتەوەیەک لە رووی کولتوورەوە لە کورد کلۆڵتر هەبێت/ دیدار.
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل(٢١٢=٢١٦).
* رۆژی کورد/ لێدوان.
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل (٢٢٣-٢٢٨).
* دامەزراندن و پێشخستنی کەناڵی ئاسمانی K.tv.
(لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە، بنۆڕە: حەبیب مالەڵڵا)
- ژمارە(٨)ی ٢٠٠٦، ل(٩٠-٩٤).
* (الصحفی) رۆژنامەی ئەمڕۆ و گۆڤاری سبەی
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل (٢٢٣-٢٣٠).
* داخۆ رۆژنامەی (کورد) یاخود (بانگی حەق) یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستانە.
- ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، ل (٧١-٨٧).
* کاروانی رۆژنامەگەری سریانی.
(وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بنۆڕە: ئەکەد موراد)
- ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، ل (١٣٦-١٤٤).




**<u>ئازاد عەبدولوەهاب جوندیانی</u>**

* پەیامی مام جەلال بۆ فێستیڤاڵی بەدرخان
- ژمارە (٢)ی بەهاری ٢٠٠٤، ل(١٣٦).

**<u>ئازاد عەبدولواحید</u>**

* چەند سەرەقەڵەمێک سەبارەت بە رۆژنامەگەری کوردی
- ژمارە (١٠)ی ٢٢/٤/٢٠٠٧، ل(١٥-٣٤).
* بەسەرکردنەوەی دوو رۆژنامەنووسی فەرامۆشکراو:

شێخ نوری شێخ سالح و د. شۆ.
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل(٩٠-١١٧).
* لاکردنەوە بەلای چەند چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆکەمان.
- ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، ل (٤٩-٧٠).

**ئاشنا**

* کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٥١-٧١).

**ئاکۆ محەمەد شوانی**

* هەنووکە ئێمە لەژێر دەسەلاتێکی ئاسمانیدا ئەژین هەنووکە دەسەلاتی عەقڵ حاکم نەبووە بەسەر گوتارەکان.
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل٢٥٣.

**ئامانج عەزیز کەندی**

* هەلومەرجی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل(٢٢٤-٢٢٩).

**ئەحمەد شەریفی**

* حەوتەنامەی (خۆرنشین)
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٢٥٨-٢٦٢).
* سەرنووسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان (١٢٨٢-١٣٥٨ هەتاوی)
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (١٨٠-١٨٣).
* (دایکی نیشتمان) کێ نووسی؟
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل(٢٢-٢٤).
* بانگەواز
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل(١٩٧).
* ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراق لە ئێراندا
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل(١٥٦-١٦٨).

**ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی**

* بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی ئیسلامی کوردی ١٩٩١-٢٠٠٦
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل(١٨٤-٢٠٦).

**ئەسعەد جەباری (کەرکووک)**

* ئاژانسی دەنگ و باس ناوەندێکی کارا بۆ پەخش و بلاوکردنەوە.
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل(٢٤٤-٢٥٠).

**ئەکەد موراد تەمۆ**

* ڕۆژنامەنووسیی کلدۆ- ئاشوور وەرچەرخانێکی نوێ
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل(٢٩٤-٢٩٦).
* ڕۆژنامەگەری سریانی و زمان
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل(١٢٣-١٣٠).
* دۆمەنیکان و یەکەم گۆڤاری (اکلیل الورد).
(ئەم بابەتە لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە کراوەتە کوردی. ناوەکەی لە (ڕۆژنامەنووس) بە هەڵە وەکو (باقە ورد) تۆمارکراوە)
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥ ل(٢١٠-٢١٤).
* لە یادی (٤٦) ساڵەی ماڵئاوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس یوسف مەلەکی تەلکێفی
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل(٢٢٩-٢٣٤).
* ڕۆژنامەوانی سریانی گۆڤاری (المیقف الاشوری).
(لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە لە عەرەبییەوە)
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل(١٦٠-١٦٢).
* ئاخێوەرانی زمانی سریانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و گۆڤاری (قالا سوریایا)
(ئازاد عوبێد لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی)
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل(١٥٧-١٥٩).
* کۆڕی زمانەوانیی سریانی و گۆڤاری کۆڕ.
(لەلایەن دەستەی نووسەران لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی).
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل (٢٠١-٢٠٥).
* "بین النهرین" گۆڤارێکی پرشنگداری کەلەپوری ڕۆشنبیرییە.
* (لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی).
- ل (٢٤٣-٢٤٧)
* کاروانی ڕۆژنامەگەری سریانی و دیارترین قۆناغەکانی لەپاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی ١٩٩١.
لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی، بنۆڕە: ئازاد

هەولێرنامەی کتێب

عوبێد.
- ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، ل (١٣٦-١٤٤).

**ئەنوەر حسین (م-بازگر)**
* ئیندێکسی بابەتەکانی گۆڤاری پێشەنگ/ بەشی یەکەم.
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (١١٨-١٣٢).
* بیبلیۆگرافیای بابەتەکانی گۆڤاری پێشەنگ/ بەشی دووەم (تایبەت بەدیدار)
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٩٥-١٠٩).
* بەرەو دووەمین کۆنگرەی سەندیکا.
- ژمارە (١٢)ی پاییزی ٢٠٠٧، ل (١١٩-١٢٤).

**ئەنجوومەنی سەندیکا**
* دۆسێی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٦-٥٠).

**ئەنوەری سوڵتانی (لەندەن)**
* کۆمەڵەی ژێ. کاف=کوردە گەنجەکان
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (٢٥-٢٦).
* نامەیەکی کراوە بۆ: رووناکبیرانی کورد، پەرلەمانی کوردستان، وەزیری رۆشنبیری
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (١٩٥-١٩٦).

**ئەنوەر قادر محەمەد**
* کۆمەڵەی هێڤی و گۆڤاری رۆژی کورد. (لە رووسییەوە وەرگێڕدراوە، بنۆڕە: جەلیلێ جەلیل)
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٤٧-٦١).

**ئەنوەر محەمەد تاهیر**
* گوتاری نەتەوایەتی و گۆڤارا (رۆژی کورد)دا
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٠٥-٢٠٨).

**ئیدریس عەبدوڵڵا**
* گوڵبژێرێک لە رۆژنامەگەری زانکۆی سەلاحەدین.
- ژمارە (٨)ی (٢٠٠٦)، ل (١١٠-١١٨).

**ئیسماعیل بادی**
* ناوەڕۆکی سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەڤانی و چەند تێبینی.
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٢٨٦-٢٨٧).
* ژ نڤیسڤانین (هاواری) جەمیلێ حاجۆ (١٩٠٦-١٩٩٠)
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (١٧٨-٢٠١).
* ئەرشیفێ رۆژنامەڤانی
- ژمارە (٣)ی ٢٠٠٥، ل (١٩٥-١٩٧).
* ساخکرنا (رۆژی کورد) شادکرنا گیانێ پێشەنگێن رۆژنامەڤانیا کوردییە
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل (٢٢١-٢٢٢).
* (ئەمان) و (ئەمین). (حاجی) و (مەم و زین) و خواندنەک دیتر.
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل (١٨١-١٨٣).
* (خەون)امە بجە نەهات!
- ژمارە (١٢)ی پاییزی ٢٠٠٧، ل (١٣١-١٣٥).

**ئیسماعیل تەنیا (ئەڵمانیا)**
* رۆژنامەگەری شاخ و نهێنی لە باشووری کوردستاندا.
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، (١٧٩-١٨٦).
* رۆژنامەی (سەکۆ) چۆن سەری هەڵداو چۆن لەکارکەوت؟
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٨٩-٩٦).

**ئیسماعیل شوکر (دکتۆر)**
* رۆڵی رامیاری و رۆژنتامەنووسیی: مەعروف چیاووک (١٨٨٥-١٩٥٨)
- ژمارە (٣)ی ٢٠٠٥، ل (٣١-٤١).

**ئیسماعیل عەلی**
* مێژووی رۆژنامەنووسیی و چاپەمەنی لە کەرکووکدا/ بەشی یەکەم.
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٢٩-٢٩٣).
* مێژووی رۆژنامەنووسی و چاپەمەنی لە کەرکووکدا/ بەشی دووەم.
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (١١٧-١٢٢).
* نووسەرو رۆژنامەنووسی ناوداری

تورکمانی عەتا ترزی باشی.
- ژمارە (٣)ی ٢٠٠٥، ل (١٩٨-٢٠٠).

* (بەشیر) یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی لە سەردەمی کۆماری لە کەرکووکدا.
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (١٨٨-١٩٠).

* عەتا ترزی باشی پێشەنگ لە دیدو بۆچوونی ڕۆشنبیرە تورکمانەکاندا.
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (٢٠٨-٢٠٩).

* مێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی (١٨٩٨-١٩٥٨)/ بەشی یەکەم.
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٥٦-٢٦٥).

* مێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی (بەشی دووەم).
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (١٥٥-١٥٩).

* مێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی (١٩٧١-٢٠٠٦)/ بەشی سێیەم و کۆتایی.
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل (١٦١-١٧٤).

* شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی هەوێنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بووە.
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل (١٩٢-٢٠٠).

* شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی هەوێنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بووە/ بەشی دووەم.
- ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، ل (١٦٩-١٧٦).

**بەشار کیکی**

* میقداد مەدحەت بەدرخان و هزرا مەدەنیەتێ
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (١٥١-١٥١).

**بنکەی ژین**

* بانگەواز
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٢٣١).

**بەهات حەسیب قەرەداغی**

* (جەنگی دەروونی). (جەنگی وشە)/ بەشێک لە لێکۆڵینەوەیەکی چاپ نەکراو.
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٢٧٠-٢٧٥).

**بەهادین ئەحمەد**

* کەناڵی ئاسمانی کوردسات (دامەزراندن و گەشەکردن)
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٨٣-٩٨).

* ڕەخنە لەسەر بابەتی بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەری ئیسلامی کورد.
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٩٦-١٠٧).

* هەڵمەتی ڕاگەیاندن (چەمک و گەشەکردن)
- ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ل (١٥٦-١٦٣).

**بەناز کوێستانی**

* پێگە: یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلی ژنان لە کوردستاندا.
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٢٠٢-٢١٣).

* پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسان و دەسەڵاتداران لە کوردستاندا.
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (١١٧-١٢٥).

**بەهرۆز عەلی**

* (هەواڵ) لە ڕۆژنامەی (کوردستان) (١٨٩٨-١٩٠٢)
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (١٣٢-١٥٠).

**بەیان ئەحمەد حسین**

* بکارهینانا ئەلف و بێ یا میر جەلادەت بەدرخان چارەرێیا زمانەکێ ئێکگرتییە
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (٤٠-٤٧).

**جەلیلێ جەلیل**

* کۆمەڵەی هێڤی و گۆڤاری ڕۆژی کورد.
(لە ڕووسییەوە وەرگێڕدراوە، بنۆرە: ئەنوەر قادر محەمەد)
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٤٧-٦١).

**جەوهەر کرمانج**

* وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٢٥٨-٢٦٠).

**جوتیاری حاجی تۆفیق**

* کتێبی: (ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧)/

راستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەکانی.
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (٥-٢١).
* یادێک لە محەمەدی میهری/ کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی.
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (١٤-٢١).

**جەمشید حەیدەری (دوکتۆر)**
* چەند سەرنج و تێبینییەک دەربارەی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی – نهێنی)ی نەوشێروان مستەفا ئەمین.
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (٥٩-٦٧).
* گۆڤاری (رۆناهی) لەبەر تیشکی لێکۆڵینەوەدا
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (١١١-١٢٦).




**چرۆ شەهاب**
* تاوانی بڵاوکردنەوەی تایبەتمەندێتی تاکەکان لە رۆژنامەدا
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٤٨-٥٨).

**چیایی**
* ژ ٧٤ سالان ڤە هاوار هاتیە هاوارا مە، گەلۆ ئەم هاوارا وێ ڤەچوونە.
(بنۆڕە: کۆنێ رەش، لەلاتینییەوە)
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (١٥٢-١٥٤).

**چیا یاسین محەمەدئەمین**
* بەرنامەی ژنان لە تەلەفزیۆنەکانی ناوخۆو رۆڵی لە دەرخستنی دیاردەی توندوتیژی.
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٠٩-٢١٢).

**حوسێن کاڵکان**
* وتەی سەرۆکی شارەوانی باتمان.
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٢٦٨).

**حەبیب ماڵەڵڵا**
* دامەزراندن و پێشخستنی کەناڵی ئاسمانی K.tv.
(بەعەرەبی لە گۆڤاری (نەوشەفەق) بڵاوکراوەتەوە، بنۆڕە: ئازاد عوبێد)

– ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٩٠-٩٤).

**حەمەساڵح فەرهادی**

* رۆژنامەنووسیی منداڵان دوای راپەڕین

– ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٢١٩-٢٢٣).

**حەمید بەدرخان**

* لە فێستیڤاڵی (بەدرخان)ەوە بۆ گۆڤاری رۆژنامەنووس

– ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (١٣٢).

* لە دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخانەوە بۆ گۆڤاری (رۆژنامەنووس)

– ژمارە (٤)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، لە (٣٤).

* لە دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخانەوە بۆ گۆڤاری رۆژنامەنووس

– ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (١١٠).

* سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان/ هەولێر ٢١-٢٠٠٦/٤/٢٣.

(راگەیاندن كۆتایی سێیەمین فێستیڤاڵ)

– ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٢٥٣-٢٧٦).

* لە یادی رۆژنامەنووسیی كوردی ئەمساڵدا.

– ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٢٤٨-٢٤٩).

* دیمانە لەگەڵ عەبدوڵلا زەنگەنە: هەندێ لە رۆژنامەنووسانی ئێمە بابەت دەنووسن فرێ بەسەر راستییەوە نییە!!

– ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل (١٧١-١٨٣).

**حیكمەت شبر**

* خوێندنەوەی چامە، لە یەكەم فێستیڤاڵی بەدرخان

– ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (١٤٢-١٤٣).

**خالید بەكر ئەیوب**

* سەرگوتارو گوتاری رۆژنامەوانی و گۆشە..

– ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٢٠٩-٢١٥).

* ژیاننامەی رۆژنامەنووسە شەهیدەكانی كارەساتی (١)ی شوباتی شاری هەولێر

– ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٣٠٤-٣٠٧).

* چەمكی هەواڵ و چۆنیەتی داڕشتنی.

– ژمارە (٣)ی ٢٠٠٥، ل (١٢٩-١٣٢)

* راگەیاندن و.. تامەزرۆیی ئازادی دەربڕین

– ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (٢٠١-٢٠٧).

* خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی رۆژی كورد – ١٩١٣ ئەستەمبۆل گۆڤاری جڤاتی هێڤی قوتابیانی كورد

– ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (١٩٨-٢٠٢).

* گوتار لە گوڵستانی رۆژنامەنووسیدا

– ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٢٨-٢٣١).

* فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسان (IFJ) هاوكاری و یەكگرتن لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی گلۆبالیزمدا.

– ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، ل (١٢٥-١٣٠).

**خانزاد عەلی حوسێن**

* (بارش) و ئاسۆیەكی روونی رۆشنبیری توركمان

– ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٦٦-٢٦٨).

* فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان.

– ژمارە (١٢)ی پاییزی ٢٠٠٧، ل (١٢٥-١٣٠).

**خالید گراوی**

* بیبلیۆگرافیای گۆڤاری "بۆ پێشەوە".

– ژمارە (١٢)ی پاییزی ٢٠٠٧، ل (١٦٤-١٦٨).

**خدر دوملی (دهۆك)**

* هونەرێ دیدارێن رۆژنامەڤانی و پێشڤەبردنا وی.

– ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٤٧-٢٥٢).

**دڵزار حەسەن**

* رۆژنامەو پێویستی بە ئەهلیبوون.

– ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٢١٤-٢١٨).

**دلشاد سابیر كەریم**

* گۆڤاری سیخورمە ئەزموونێکی نوێی رۆژنامەنووسیی کوردی
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٧٢-٨٣).

**دکتۆر سەپان**

* پرسی ژن لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (خەبات)دا.
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٩-٣٤).
* یەکسانی ژن و پیاو لە راگەیاندنی سوێدی دا. (نووسەرەکەی د. ئەکرەم ئێنێن، لە سویدی وەرگێڕدراوە)
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٦٩-٧٧).
* یەکسانی و بەراورد کردن لە راگەیاندنی چوار دەوڵەتی ئەوروپا. (وەرگێڕان لە سویدییەوە. نووسینی: د. ئەکرەم)
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٨٦-٩٥).




**دلێر عەونی**

* زانیاری رۆژنامەوانی یان ئەرشیفی رۆژنامەوانی/ بەشی یەکەم.
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (٢١٨-٢٢٤).
* زانیاری رۆژنامەوانی یان ئەرشیفی رۆژنامەوانی/ بەشی دووەم
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل (٢٤٠-٢٤٣).
* ئامێر و کەلوپەل و پێداویستییەکانی ئەرشیف و زانیاری رۆژنامەوانی.
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٨٧-٢٨٩).

**دلێر شاوەیس (دوکتۆر)**

* نامەیەکی کراوە
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل (٢١٩-٢٢٠).

**زادوق ئادەم**

* بیرەوەرییەکانی کاری رۆژنامەوانیم لە بەغدا
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل (١٣١-١٤١).
* بیرەوەرییەکانی رۆژنامەنووسیم لە بەغدا/ ئەلقەی دووەم
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (١٧٠-١٨٤)

**زرار سدیق تۆفیق (دوکتۆر)**
* کورتە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی جزیرەی بۆتان و هۆزی بوختی (بۆتانی) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (٧٩-٨٢).

**زرار قادر کەریم**
* پەیام و غەم و خولیای ڕۆژنامەنووسان لە گۆشەنیگای ویژداندا.
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٢٤-٢٢٧).

**زوهێر کازم عەبود**
* ڕێزلێنانم، لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق بڕوانامەیەک بوو شانازی پێوەدەکەم.
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٢٤٢).

**ژیان عەبدولغەفور ئەحمەد**
* حسێن نازم ژیان و ڕۆڵی لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی و مێژوونووسیی کوردیدا ١٨٧٣-١٩٣٢.
(لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە)
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل (١٠٢-١٢٨).

**ڕۆژنامەنووس**
* لە نێو ئەم وێنەیەدا کامەیان میقداد مەدحەت بەدرخانە؟!
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، (ناوەوەی دوا بەرگ).
* دیاریی ژمارە (ژکری الأمیر جلادت بدرخان) (١٨٩١-١٩٥١) منصور شلیگا و یوسف ملک.
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢
* سەرۆکی کوردستان: قەڵەمتان ئازادیی و زمانیشتان ئازادبێ.
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل (٣-٩).
* مرۆڤی زانا پێی خۆشە ڕەخنەی لێ بگیرێ
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٤٦).
* ئەژدەری ڕۆژنامەنووس.
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (ناوەوەی دوابەرگ).

**ڕەحیم سورخی**
* ئەرکی میدیاکان لە شەڕی دژ بە تیرۆریزمدا.
( لە فارسییەوە وەرگێڕدراوە، نووسینی: ئەنجۆگراویر چودری)
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٧٧-٨٨).
* هەواڵی ئەلیکترۆنی چۆن دەنووسرێ.
(لە فارسییەوە وەرگێڕدراوە. نووسینی: د.یونس شوکرخوا)
- ژمارە (٣)ی ٢٠٠٥، ل (١٣٣-١٣٨).

**ڕەشید فندی**
* هەلسەنگاندنا مەسەلا ئەرمەنیا د ڕۆژناما (کوردستان)دا (١٨٩٨-١٩٠٢)
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (١٣٤-١٣٧).

**ڕەفیق ساڵح ئەحمەد**
* ئیندێکسی ڕۆژنامەوانی نهێنی کوردی/ بەشی یەکەم
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٢٢٨-٢٤٠).
* ئیندێکسی ڕۆژنامەوانی نهێنی کوردی (١٩٦١-١٩٧٥)/ بەشی دووەم.
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (١٠٣-١١١).
* ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی/ بەشی دووەم.
(بەهاوبەشی لەگەڵ عەبدوڵڵا زەنگەنە)
- ژمارە (٣)ی ٢٠٠٥، ل (١٣٩-١٧٦).
* ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی/ بەشی سێیەم.
(بە هاوبەشی لەگەڵ عەبدوڵڵا زەنگەنە)
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (١٩١-٢١٢).
* مێژووی ڕۆژنامەنووسی جیهانی و عەرەبی.
- ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ل (١٨٥-)

**ڕەنج شوکری تۆفیق**
* دیدی سیاسی لە هەفتەنامەی (ئاڵای

ئازادی)دا ١٩٩٤-١٩٩٧.
(خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی)
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٦، ل (١٢٩-١٤٥).

**ڕەوان سوبحی نهێلی**

* بیبلیۆگرافیا ڕاگەهاندنێ ل دهۆکێ.
(بەهاوبەشی نووسراوە، بنۆڕە: مەحمود تاها نهێلی)
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (١١٢-١١٦).

**ڕێناس نەورۆزی (برۆکسل)**

* بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی ژنانی کوردستان
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٩٥-١٠٧).
* لاپەڕەیەکی دیکە لە ڕۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات (١٩٧٥-١٩٩١)
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (٢٣٨-١٩٩١).
* ڕۆژنامەگەری کوردی لە رووسیا و کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو ١٩٣٢-٢٠٠٣
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل (١٩-٢٧).

**سازیان تاڵیب**

* ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاپەمەنیی سەردەمی کۆمار تا ڕۆژنامەکانی (ئاشتی) و (ڕۆژهەڵات)
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦ ل (١٦٥-١٨٣).

**سالار عەبدولڕەحمان**

* هاوار ڕەخنەیا کۆڤارێن سەردەمی دکە..! محەمەد حەمۆ
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (١٧٩-١٨٦).
* بەدرخانی و سەمبولا ڤی مالباتا قادم.
(ژ پیتین لاتینی ڤەگوهاستیە. بنۆڕە: شاکر فەتحوڵڵا)
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (١٨٧-١٩١).

**ستران عەبدوڵڵا**

* پرۆگرامە ڕاستەوخۆکان تا چەند گوزارشت لە (ڕای گشتی) دەکەن؟
- ژمارە (٧)ی بەهاری ٢٠٠٦، ل (١٩١-١٩٨).

**سدیق ساڵح**

* یادگاری لاوان و دیاری لاوان
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (١٥٧-١٧٠).
* ڕۆژنامەی (کوردستان) مەهاباد (١٩٤٦)
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، ل (٦٦-٨٩).

**س. زرویی**

* ڕۆژنامەنڤیس جەعفەر شێخ مەمی گەهشتە کاروانی نەمران
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (٢٣٠).

**سمکۆ هەولێری**

* پەیڤێک دەربارەی ڕاگەیاندنی تورکمانی
- ژمارە (١٠)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٢٣٧-٢٤٢).

**سۆزان مامە**

* ڕای گشتی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن.
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٧٨-٨٢).

**سەرنووسەر**

* با (ڕۆژنامەنووس) لەخزمەتی (ڕۆژنامەنووس) دابێت!!
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل (٣-٤).
* لێی گەڕێن با بە ئازادی بیر بکاتەوە!
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (٣-٤).
* ئەگەر دەمزانی کەینێ دەمردم، خانێ گەورە خرا دەکردم..!
- ژمارە (٣)ی ٢٠٠٥، ل (٣).
* بمانبوورن..!!
- ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل (٣).
* ڕۆژنامەنووسیی کوردی ناوی گەورە. دێی وێران..!!
- ژمارە (٥)ی هاوینی ٢٠٠٥، ل (٤).
* سەختەچیاتی نێو ڕۆژنامەنووسیی کوردی..!!
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل (٣-٤).

* سڵاو لە (موزعیج)ەکانی وڵاتەکەم..!!
- ژمارە (٨)ی ٢٠٠٦، ل (٣-٥).
* (ئەوان بۆخۆیان دەژین و ئێمەش بۆ ئەوان..!!)
- ژمارە (٩)ی ٢٠٠٦، ل (١١-١٨).
* (بنکەی ژین) بۆ بووژانەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی
- ژمارە (١١)ی هاوینی ٢٠٠٧، (ناوەوەی دوابەرگ + ل ٢٦٠).
* عەبدوڵلا تەوافوقی..!
- ژمارە (١٢)ی پاییزی ٢٠٠٧، ل (٤-٦).

**سەلاح سەلیم سەیدۆک (هەولێر)**

* ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی
- ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل (٢٨٨-٢٨٩).

**سەلاح محەمەد سەلیم هروری (دوکتۆر)**

* کامەران بەدرخان (١٨٩٥-١٩٧٨) و ڕۆژناما ڕۆژانوو (١٩٤٣-١٩٤٦).
(لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە، بنۆڕە: ئەزهار بامەڕنی)
- ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٤، ل (١٦٩-١٧٧).
* زەنگەنەو ڕۆژی کورد
- ژمارە (٦)ی ٢٠٠٥، ل (٢١٨-٢٢٠).
* ڕۆلێ کامەران بەدرخان د شرۆڤەکرنا کێشا کوردیدا.
